# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١١) حوزەیرانی
٢٠١٧


**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**



**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**


**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**


**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**
**چاپخانە: سەردەم**

# لەم ژمارەیەدا

**تەوەر (سیاسەت وبانگەواز جیاکردنەوەیان تایبەتمەندێتی)**


پەیوەندیی نێوان بانگەواز و سیاسەت ........ مامۆستا عەلی باپیر ٤

جەدەلیەتی بانگەواز و سیاسەت و پرسی لێک جیاکردنەوەیان لەم قۆناغەدا ........ د. هادی عەلی ٧

جەدەلی ((دین و دەوڵەت.. دین و سیاسەت.. بانگەواز و سیاسەت.. ........ محەمەد ڕەئوف ١٤

شەڕکردن لەسەر وەهم ........ ئارام قادر ٢٤

دیدێک لە مەڕ پەیوەندی بانگەواز و سیاسەت ........ عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ٢٧

ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و بانگەواز ........ نازم عەبدوڵلا ٣٩

بانگەواز و سیاسەت دوانەی لێکدانەبڕاو ........ د. سەباح بەرزنجی ٤٦

بانگەواز و سیاسەت لە دەلاقەیەکی ترەوە ........ جەعفەر گوانی ٥٠

ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لە نێوان پەروەردە و بانگەواز و کاری سیاسیدا ........ یاسین ئەحمەد زەنگەنە ٥٥

بانگەواز و سیاسەت، لە نێوان جیاکاری (تمییز) و جیاکردنەوە (فصل)دا ........ د.ئیدریس کەریم کاریتانی ٦٠

پسپۆری نەک جیاکردنەوە ........ دانا دارا ٦٤

چەند سەرەقەڵەمێک دەبارەی ئەو مشتومڕەی کە لەسەر بانگەواز و سیاسەت هەیە... خەلیل ئیبراهیم ٦٩

بانگەواز و سیاسەت پێکەوەیی یان لێکجودایی ........ عەدنان ئەمین ٧٦

بانگەواز و سیاسەت لە تێکەڵییەوە بۆ پسپۆڕی ........ د. ڕەعد ڕەفعەت محەمەد ٨٣

ڕێکخستنی کاری ئایینی و سیاسی مەغریب وەک نمونە ........ شیروان شەمێرانی ٨٦


**بابەتی گشتی**


ئیبن خەلەکان.. لە ڕوانگەی شاکارە بەناوبانگەکەیەوە «وفيات الأعيان» ........ یاسین تەها ٩٤

جینۆسایدی کورد لە سایەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕووسیا ........ عادل سدیق ٩٩

عەقڵ و عەقڵانی بوون ........ ئیمداد تەها ١٠٧

مەلا ڕەشیدبەگی بابان ........ عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ١١٥

شوناسی ئیسلامی و دیالێکتیکی مۆدێلسازی و مۆدێلبازی ........ خالید محەمەد غەریب ١٢٠

مرۆڤبوون لە گوتاری قورئاندا ........ دسەلام ناوخۆش ١٢٢

# تەوەری ژمارە

## (جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت)

ڕەنگە تەوەری ئەم ژمارەیە زیاتر لەوانەی پێش خۆی لەسەر گۆڕەپانی کاری ئیسلامی باس و خواسی لەسەر بێت، لە کوردستانیشدا ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر دەربارەی دەوترێت و دەنوسرێت، ئەو بابەتەش پەیوەندی نێوان بانگەواز و سیاسەتە، ئەم دووانەیە لەکوێدا یەك دەگرنەوە و لەکوێدا لێکدەپچڕێن، چۆن پیکەوە بسازێن، ڕووە شەرعییەکەی چۆنە، ئەزموونی گۆڕەپانەکە چیمان پێدەڵێت، بۆ وەڵامی زیاتر لەم پرسیارانەش، کۆمەڵێك قەڵەمی قاڵبوو لە بواری بانگەواز و سیاسەتمان هەڵبژارد، که هەم خاوەن ئەزموون و هەم ڕۆشنبیر و نوسەرن، تا ئەوان بە شارەزایی و ئەزموونی خۆیان ئەم بابەتە بە شێنەیی تاوتوێ بکەن و دوا وێستگەی بڕوای شەرعی و فکری خۆیان بخەنە ڕوو، تا ئەم پرسە کۆنە نوێیە بە دروستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، واقیعییانە پیادە بکرێت.

گۆڤاری خاڵ



**مامۆستا عەلی باپیر**
**ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی**

# پەیوەندیی نێوان
# بانگەواز و سیاسەت

لەبارەی (بانگەواز و سیاسەت)و پێکەوەبوون، یان لەیەک جیابوونیانەوە، بەکورتیی و پوختیی دەڵێم:

**یەکەم**: جوانیی و ڕەونەقی ئایین و بەرنامەی کۆتایی خوا بۆ بە مرۆڤ، لە گشتگیریی و هاوسەنگییەکەیدایە، وەک خوا فەرموویەتی: **(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ....)** المائدة_٣_، واتە: ئێستاکە _حەجی ماڵئاوایی لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا_ بەرنامەکەتانم بۆ تەواوکردن... هەروەها فەرموویەتی: **(إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ...)** الإسراء_٩_، واتە: بێگومان ئەم قورئانە بەرەو ڕاستترین و چاکترین حاڵەت (لە هەموو بوارەکاندا) ڕێنمایی خەڵکی دەکات، بۆیە هەمیشە دەبێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکرێتەوە و، بە هیچ بیانوویەکەوە، ئیسلام بە پێچەوانەی سرووشتی گشتگیر و هاوسەنگانەی خۆیەوە نەخرێتە ڕوو.

**دووەم**: خوای کارزان هۆشداریی داوەتە مسوڵمانان و ئاگاداری کردوونەوە، کە گیرۆدەی دەردی کوشندەی بەش بەش کردنی ئایین نەبن، چونکە ئەوە حاڵەتی کافرە هاوبەشدانەرەکانە وەک خوای بەرز و مەزن فەرموویەتی: **(وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ، مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ)** الروم_٣١و٣٢_، واتە: لەهاوبەشدانەرەکان مەبن، ئەوانەی ئایینەکەیانیان بەش بەشکرد و، بوونە دەستە دەستە، هەر کۆمەڵە دڵخۆشە بەوە کە خۆی لەلایەتی...

**سێیەم**: هەروەها خوای زانا و شارەزا بە پێغەمبەرەکەی خۆی(د.خ) ڕاگەیاندووە کە ئەوانەی ئایینەکەیان _کە ئیسلامە_ پارچەپارچە دەکەن، سەرەنجام دەبنە دەستە و تاقمی جیاجیا و جۆراوجۆر، هیچ پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە نامێنێت: ( **إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ** ...) الأنعام _١٥٩_، واتە: بێگومان ئەوانەی ئایینەکەیان پارچەپارچە کرد و پەرتەوازە بوون، تۆ هیچ پەیوەندییت پێیانەوە نیە...

**چوارەم**: کار و پڕۆژەی ئیسلامی زۆر لەوە فراوانترە کە لە دوو موفرەدەی: بانگەواز و سیاسەت (الدعوة والسياسة)دا کورت هەڵبێ، چونکە هەرکام لە: فێرکردن، پەروەردە، فەرمانکردن بە پەسند، ڕێگریی کردن لە ناپەسند، ڕاگەیاندن، هەڤگوتن لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی ستەمکاردا، بەرگریی کردن لە ستەملێکراوان، جەنگ و فیداکاریی « کە هەرکامیان چەندان ئایەت و فەرموودەی لەبارەوە هاتوون» لە موفرەدە گرنگەکانی کار و پڕۆژەی ئیسلامیین!، هەرکامیان لە حاڵ و مەقامی خۆیدا و بە مەرجەکانی خۆی و، بەشێوازی گونجاو و شایستەی خۆی.

**پێنجەم**: بەڵام بەپێی بنچینەی: **(لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا)** البقرة_٢٨٦_، واتە: خوا جگە لەوەی لە توانا و برستی دایە لە هیچ کەس داوا ناکات.

کەسێک تواناکەی، یان هەل و مەرجەکەی، سنووردار بێ و، نەتوانێ لە هەموو ئەو بوار و مەیدانانەدا ئەسپی خۆی تاو بدات، ئەوە چەندەی پێدەکرێت، بابیکات. وەک هەر کام لە کۆمەڵی (تەبلیغ)و بزووتنەوەی (نوور)و زۆرێک لە ئەهلی تەصەووف و تەوژمی سەلەفیی، وایانکردووە.

شەشەم: هەڵبەتە ئەوەی گوترا، مەبەست پێی ئەوە نیە، کە نابێ ئەندامانی لایەنێکی ئیسلامیی لە نێوان خۆیاندا کاروچالاکییەکان دابەش بکەن، لەسەر بناغەی پسپۆریی و شارەزایی، وەک خوا فەرموویەتی: ( **قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَى شَاكِلَتِهِ)**

الإسراء_٨٤_، واتە بڵێ هەرکەس بەشێوەی خۆی و لە قەدەر خۆی کاردەکات. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تالب (خوا لێی ڕازی بێ) جوانی گوتووە: **(قيمة كلّ امريءٍ فيما يُحْسِنُه)** واتە: نرخی هەر مرۆڤێک لەوەدایە کە باشی لێدەزانێ.

**حەوتەم:** کاری سیاسیی و گۆڕانکاریی سیاسیش لە کۆمەڵگادا، پێویستە لە قەبارەی خۆی زلتر نەکرێت، کار و پڕۆژەی فراوانی ئیسلامی تێدا کورت هەڵنەهێندرێ، چونکە سەرەنجام ئەوە موفرەدە و بوارەکانی دیکەی کار و چالاکی ئیسلامیین، کە گۆڕانکاریی سیاسییان لێ دەکەوێتەوە، وەک شوێنەواری دنیایی و، وەک ئامانجی قیامەتیی و پاداشتی لای خواش، پاداشت لە قەدەر نیەتی باش و چاک ئەنجامدانی کارەکەیە.

**هەشتەم:** بێگومان ئامانج لە کۆی کار و پڕۆژەی ئیسلامیی بە تێکڕای موفرەدەکانیەوە، بەختەوەر کردنی خەڵک لە دنیادا و سەرفرازکردنیانە لە دواڕۆژدا، بەهۆی خواناسیی و خواپەرستیی و دینداریی کردنی ڕاست و دروستیانەوە، وەک خوا فەرموویەتی: **(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ )**الحج_٧٧_، واتە: ئەی بڕوادارینە! ڕکووع_ بۆ خوا_ بەرن، کڕنووش ببەن، پەروەردگارتان بپەرستن و چاکە بکەن، بەڵکو سەرفرازبن.

**نۆیەم:** بەدڵنیایی: تێکڕای موفرەدەکانی کار و پڕۆژەی ئیسلامیی، کارلێک (تفاعل)یان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، کاروچالاکی سیاسیی، هەناو و هەوێنەکەی و ڕووح و جەوهەرەکەی، بریتییە لە ئیخلاس و بۆ خوا سوڵحان، دڵسۆزیی و ڕاستیی لەگەڵ خوا و خەڵک دا، وەک پێغەمبەر) د.خ) فەرموویەتی: (الدين النصيحة، قلنا: لمن يا رسول الله؟ قال: لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم) رواة مسلم، واتە: دینداریی بریتییە لە دڵسۆزیی و بەتەنگەوەبوون، پاشان لە درێژەی فەرموودەکەدا ڕوونی دەکاتەوە کە دڵسۆزییەکە دەبێ بۆ خوا و قورئان و پێغەمبەر و بەرپرسان و خەڵک بێ بەگشتی.

**دەیەم:** لەکۆتاییدا دەڵێم: کار و پڕۆژەی ئیسلامیی کاتێک ڕەسەن(أصيل)و پڕبەپێستی واقیع دەبێ، کە هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەت بێ، بەتێگەیشتنی عەقڵێکی کراوەی ئازادی، ئازای دوور لەلاسایی کردنەوەی ئەملاولاو، کۆپی کردنەوەی ئەزموونی وڵاتان و ئەو کۆمەڵگایانەی دیکەی جیاوازەوە، هەڵبەتە پێغەمبەری خواش(د.خ) تاکە سەرمەشق و چاوساغی بێ چەندوچوونی مسوڵمانانە، لە هەموو بوارەکانی دینداریدا، وەک خوا فەرموویەتی: **(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ)** الأحزاب_٢١_، واتە: بەدڵنیایی لە پێغەمبەری خوادا باشترین سەرمەشقتان هەیە.

ئاشکراشە پێغەمبەری خوا و چوار خەلیفە ڕاشیدەکانیشی، بانگەواز و کاری سیاسیی و، سەرجەم موفرەدەکانی کار و پڕۆژەی دینداریی و ئیسلامییان، پێکەوە ئاوێتە کردبوون و، بەشێوەیەکی هاوسەنگ و ڕێک هەرکام لە بەشەکانی دینداریی یان لەجێی خۆیدا دادەنا و بەکاردەهێنا، نەک لە یەکیان دابڕن و، هەرکەسە بە باریکە ڕێیەکدا بڕوات و سەرەنجام ببنە چەند کۆمەڵ و گرووپێکی جۆراوجۆری دژ بەیەک و پێکەوە ناکۆک!



# جەدەلیەتی بانگەواز و سیاسەت و پرسی لێك جیاكردنەوەیان لەم قۆناغەدا



**د.هادی عەلی**

لەدایكبووی ١٩٥٣ هەڵەبجە، دكتۆرا لە فكریی ئیسلامیی، وەزیری پێشووتری دادی حكومەتی هەرێم چەندین بەرهەم و وتاری بڵاوكراوەی هەیە.

ئاشکرایە کە تەوژمی ئیسلامی بەگشتی لەم قۆناغە مێژووییەدا ڕووبەڕووی چەندین تەحەدیاتی فیکریی و سیاسی بۆتەوە. لەوسۆنگەیەشەوە پێویستی بەخۆنوێکردنەوە و گۆڕانکاری و داهێنانی میکانیزم و ئامرازی نوێ هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی ڕوداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا. نکۆڵی لەو ڕاستیەش ناکرێت کە جەدەلیەتی دەعوە و سیاسەت لەکاری ئیسلامیدا، گرنگترینی ئەو تەحەدیاتەیە کە مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە دەکرێت. چۆنێتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەم بوارەدا و بە دامەزراوەیی کردنی دەعوە و جیاکردنەوەی لەکاری سیاسی و ململانێی حیزبایەتی، بووەتە ئیشکالیەتێکی سەرەکی بزافە ئیسلامیە سیاسییەکان، چونکە تاڕادەیەکی زۆر مەعلوم بووە کە ئەم مۆدێلە تەقلیدییەی کاری ئیسلامی و حیزبایەتی کە هەردوو ڕەهەندی دەعەوی و سیاسی پێکەوە تێکەڵکردووە، مۆدێلێکی بەسەرچووە و پێویستی بە نوێکردنەوە و گۆڕانکارییە لە هەیکەلیەتی ڕێکخراوەیی و ستراتیژیەتی کار و ڕیزبەندی ئەولەویاتدا، بەمەبەستی گەیشتن بە فۆرم و میکانیزمی نوێ بەشێوەیەک کە پێگە و بایەخدان بە هەردوو بواری بانگەواز و کاری سیاسی بەشێوەیەکی دروست پارێزراوبن.

## پێگەی بانگەواز لەکاری ئیسلامیدا:

گومانی تێدانیە کە ئامانجی سەرەکی لە دروستبوونی بزاڤی ئیسلامی و فەلسەفەی وجود و بەردەوامبوونیشی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، بریتی بووە لە کاری بانگەواز و بانگەشە کردن بۆ ڕێگای خواناسین و زیندوکردنەوەی بەها و ڕەوشت و دروشمە ئیسلامییەکان و پەروەردەکردنی تاکی مسوڵمان و پارێزگاریکردن لە شوناسی ئیسلامی کۆمەڵگە مسوڵمانەکان. ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە وەک لە تێڕوانینی قورئانییەوە دەردەکەوێت، پێویستی بە چوارچێوەی هاوبەش و پلان و بەرنامەی هاوئاهەنگ و دوور لە پەرتەوازەیی هەیە. هەرئەوەش جەوهەری پەیامی پێغەمبەران و ئەرکی سەرەکی بانگخوازانی ڕێگای خواناسین بووە لە سەرتاسەری مێژوودا، قورئانی پیرۆز بە (اقامة الدين) وەسفی کردووە کە دەڵێت: **﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ...﴾ الشورى/ ١٣)**

لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پرۆسەی بانگەواز و بانگەوازکردن ئەرک و وەزیفەی هەموو تاکێکی مسوڵمانە لەهەر ئاست و پێگەیەکدا بێت و دەبێ بەپێی توانا و لێزانینی خۆی بەشداری لە ئەنجامدانی ئەو ئەرک و وەزیفەیەدا بکات.

لەم قۆناغە مێژووییەدا کە سەرجەم جیهانی پێدا تێدەپەڕێت و سەردەمی تەکنۆلۆژیا و کاری دامەزراوەیی و پسپۆڕێتیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، ئەرکی سەرشانی ڕێبەرانی کاری ئیسلامی و بانگخوازانە کە پرۆسەی بانگەواز و بانگەشەکردن بۆ ڕێگای خوا بەشێوەیەکی دروست و گونجاو لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەمدا ئەنجام بدەن. بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پێویستە شێواز و چوارچێوە تەقلیدییەکان تێپەڕێنن و بگوازنەوە بۆ شێواز و چوارچێوەی دامەزراوەیی هاوچەرخ و تایبەتمەند بەم بوارە گرنگە.

**بوارەکانی کاری بانگەواز: هەر لەم میانەدا کاتی ئەوە هاتووە کە پەیامی بانگەواز زیاتر چڕبکرێتەوە لەم بوارانەدا:**

١- بەرگریکردن لە میانڕەوێتی ئیسلام وەک تاکە ئاڕاستەی ڕاست و دروست، چونکە ئاشکرایە کە توندڕەوی ئیسلامی بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و دەوڵەتەکەی، چووەتە قۆناغێکی دژوار و ترسناکەوە و وێنای جوانی ئیسلام و میانڕەوێتی پەیامە ئینسانییەکەی تاڕادەیەک خستۆتە ژێر

پرسیار و گومانەوە.

٢- پێویستە گرنگی باشتر بدرێت بە لایەنی رۆحی و مەعنەوی و بەها و رەوشتە بەرزەکان کە ناوەرۆکی پەیامی پێغەمبەری ئیسلامە و پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نەوەی نوێ و ئەم سەردەمە.

٣- کاری بانگەواز لە بواری سیاسەتدا دوو ئەرکی گرنگی هەیە:

یەکەمیان/ بریتییە لە بەهێزکردنی هوشیاری سیاسی جەماوەر بەوەی کە حکومەت و کاربەدەستانی دەوڵەت نوێنەر و بریکاری میللەتن و نابێ ستەمکاریی و گەندەڵیان لێ قبوڵ بکەن.

دووەمیان/ پەروەردەکردنی کەسایەتی سیاسی کە خاوەنی بنەما و بەها باڵاکان بن و بە چاکترین شێوە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆیان لەناو دەزگاکانی حکومەتدا جێ بەجێبکەن و خۆیان بەدوربگرن لە ستەم و تێوەگلان لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی و خراپ بەکارهێنانی پۆست و دەسەڵات، هەرئەوەش دەردی کوشندەی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

## پێگەی سیاسەت لەکاری ئیسلامیدا:

ئەوەی کە پەیوەستە بەپێگەی کاری سیاسی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، مەعلومی هەموو لایەکە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئاینی ئیسلام ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنیەوە، ناوەرۆک و سرووشتێکی سیاسی هەبووە و بەدرێژایی مێژوو ئاوێتەی پرۆسەی حوکمڕانیکردن بووە. گەشەکردن و پێشکەوتن یان ڕاوەستان و دواکەوتنی حەرەکەتکردن بە ئیسلام لە گشت قۆناغەکانی مێژوودا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەستراوە بەچۆنێتی مومارەسەکردنی کاری سیاسی و حوکمڕانیکردن بەشێوازێکی دروست یان نادروست.

کەواتە کاری سیاسی بە مەرجەعیەتی ئیسلامی ئەرکێکی گرنگ و وەزیفەیەکی شەرعیە و پێویستە ئیسلامخوازان بەخەمیەوەبن و بە چاکترین شێوە پێی هەڵسن بەمەبەستی:

١- جێگیرکردنی ئەو بەها و بنەمایانەی کە ئیسلام هێناونی لە بواری حوکمڕانیکردن و دەوڵەتداریدا.

٢- لەپێناو گەڕاندنەوەی بەها و ڕەوشت بۆ مەیدانی سیاسەت.

٣- ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و زەمینەسازکردن بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی حوکمی ڕەشید.

٤- ڕێگرتن لە دیکتاتۆریەت و ئیستبدادی سیاسی.

بەجێهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوەش بەشێکن لە ئامانجە گەورەکانی ئاینی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە بواری سیاسیدا. دیارە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە بۆ ئیسلامخوازان دەبێتە واجبێکی شەرعی و تەواوکاری ئامانجەکانی کاری بانگەواز، بەڵام بەجێهێنانی ئەو ئەرک و واجبە شەرعییە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و کاریگەر لەم سەردەمەدا، لە ڕێگای حیزبی سیاسییەوە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، کە سەرکردە و کادیرەکانی لە هەڵگرانی پەیامی ئیسلامی بن.

## پرسی جیاکردنەوە و هۆکارەکانی:

چارەسەرکردنی ئەو ئیشکالیەتەی سەرەوە لە کاری ئیسلامیدا زەرورەتێکی ئەم قۆناغەیە و پێویستی بەوەیە کە لە رووی تیۆریی و پراکتیکیەوە دیدگای رۆشن و میکانیزمی شیاو و هاوسەنگی لەبارەوە بخرێتە ڕوو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

# كاری سیاسی بە مەرجەعیەتی ئیسلامی ئەركێكی گرنگ و وەزیفەیەكی شەرعیە

**یەكەم**: وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێكرد، هەركام لە كاری دەعوە و كاری سیاسی تایبەتمەندێتی وەزیفی و ڕێسا و یاسا و كادری تایبەت بەخۆی هەیە و تێكەڵكردنیان پێكەوە لە یەک دەزگا و دامەزراوەدا لە بەرژەوەندی هیچكامیان نیە، چونكە وەزیفەی دەعوە زیاتر وەزیفەیەكی ئەخلاقی و پەروەردەییە و گوتاری تایبەت بەخۆی دەخوازێت و پێویستی بە جۆرێک لە بێلایەنی و كەش و هەوای ئارام و دوور لە ململانێ و كێشمەكێشی ساحەی سیاسی هەیە.

هاوكات كاری سیاسەت و حیزبایەتی بایەخدانە بە كاروباری گشتی، لە پێگەی موعارەزەوە یان لە پێگەی دەسەڵاتەوە بێت. بێگومان گوتار و ڕێسا و یاسا و كادری تایبەت بەخۆی دەخوازێت، ئەوەش ڕاستە كە ئیسلام وەک ئاین و سەرچاوەی بەها و بنەما و و ئەخلاق پێویستە بەردەوام پاڵنەر و ئاراستەكەر و ئیلهام بەخشی گشت بوارەكانی ژیان بێت بەكایە سیاسییەكەشەوە.

**دووەم**: سروشتی بانگەواز سیفەتی نەگۆڕی بەردەوامی هەیە و لە چوارچێوەی بنەما نەگۆڕەكانی ئیسلامدایە و ئەحكامی حەڵاڵ و حەرام و (دەبێ و نابێ) ئاراستەی دەكات.

بەڵام سروشتی سیاسەت سیفەتی گۆڕانی بەردەوامی هەیە و لەچوارچێوەی مەقاصیدی ئیسلامدایە و ڕاست و هەڵە یان (دەگونجێ و ناگونجێ) و بەرژەوەندی ئاراستەی دەكات.

**سێیەم**: ئامانجی بانگەواز گەیاندنی هیدایەتە بە مرۆڤەكان و ئامرازەكانی بریتین لە مزگەوت و ئامۆژگاریی و كاروچالاكی خێرخوازی، بەڵام ئامانجی سیاسەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەركردنی دادپەروەریی و ئاوەدانكردنەوەی وڵات، ئامرازەكانیشی بریتین لە پرۆژەی سیاسیی و گوتار و هەڵوێست و هەڵبژاردنە گشتییەكان و موعارەزەی پەرلەمانی و بەشداربون لە حكومەت.

**چوارەم**: حیزبی سیاسی ئەدات و ئامرازی بانگەواز و پەروەردەی ئاینی نیە، چونكە مەنتقی سیاسەت بریتیە لە ململانێ و پێشپێشێن و زاڵبوون بەسەر نەیارەكاندا، بەڵام مەنتیقی دەعوە بریتییە لە پەخشكردنی خۆشەویستی و سازكردنی كەش و هەوای هێمن بۆ جێگیركردنی بەها و ڕەوشتە جوانەكان. بۆیە كۆكردنەوەی ئەو دوو بوارە لە یەک دەزگادا و دەزگاكەش حیزبی سیاسی بێت كارێكی نەگونجاوە.

**پێنجەم**: قورئانی پیرۆز زۆر ڕاشكاوانە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە گەورەیە دەكاتەوە كە پەیامی سەرەكی پێغەمبەران بە گشتی و پەیامی سەرەكی پێغەمبەری ئیسلام بەتایبەتی، پەیامی بانگەواز و گەیاندنی هیدایەت و هوشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و پەروەردەكردنی تاكەكانیەتی لەسەر بیروباوەڕی یەكتاپەرستی و بەها و ڕەوشتە بەرزەكان. ئەو ڕاستییە چەند جارێک لەم ئایەتە قورئانیەدا كە بەهەمان شێوە لە چەند سورەتێكدا هاتووە بە ڕۆشنی دەردەكەوێت:

**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ**

# لایەنە ئیسلامییەکان پێویستە بە کردار بیسەلمێنن کە ڕەوتێکی زیندو و گەشەکردون

**وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ. الجمعة-٢.**

**رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ البقرة-١٢٩.**

گشتگیربوونی ئیسلام و هەمەلایەنە بوونی ئەرک و وەزیفەکانی پێغەمبەر (د.خ)-مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییە لە تاکە کەسێک یان دەزگایەکدا کۆبکرێتەوە. بەڵکو دەکرێ و پێویستیشە ئەو هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتیانە دابەش بکرێت لەسەر بنەمای پسپۆڕێتی و شارەزایی و لێهاتن.

قورئانی پیرۆز خۆی جەخت لەسەر ئەو پرسە گرنگە دەکاتەوە کە پێویستە گرووپ یان کۆمەڵی تایبەتمەند لە مسوڵمانان خۆیان یەکلابکەنەوە بۆ بوارەکانی بانگەواز و پەروەردە، وەک لەم دوو ئایەتە قورئانیانەدا دەردەکەوێت:

**وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ال عمران-١٠٤** دیارە لەم ئایەتەدا زیاتر بانطەوازی طشتی مةبةستة.

**فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ.** التوبة-١٢٢ ئەم ئایەتەش لایەنی پەروەردە و پێگەیاندنی مەبەستە.

وشەی (أمه) یان (فرقه) یان (طائفة) کە لەم دوو ئایەتە قورئانییەدا هاتوون، ئاماژەیە بۆ گرووپ یان کۆمەڵ یان بە زمانی سەردەم دەستە و دامەزراوەی تایبەتمەند.

لە مێژوویی ئیسلامیدا هەردوو بواری بانگەواز و سیاسەت بە کرداری دابەش ببوون لە نێوان کاربەدەستانی دەوڵەت (الامراء)و زانایان (العلماء). دیارە کە مەرجەعیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگە و هەموو لایەک بە درێژایی مێژوو ئاینی ئیسلام بووە، هیچ مشتومڕ و جەدەلێک لەوبارەوە نەبووە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە و چەندین هۆکاری تریش، ناکرێ و گونجاو نیە دەزگا و کادری بانگەواز و پەروەردەکردنی ئاینی لەگەڵ کاری حیزبایەتی و ململانێی سیاسیدا پێکەوە کۆبکرێنەوە. ئەوەی کە ئێستا هەیە حاڵەتێکی سروشتی نییە و پێویستی بە چاکسازی و گۆڕانکارییە.

### ئەزموونەکانی لێکجیاکردنەوە:

لەم سەردەمەدا چەندین نمونە و ئەزمونی لێکجیاکردنەوەی دەعوە و سیاسەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، لەژێر کاریگەری هەلومەرجی زاتی و تایبەت بە بزاڤە ئیسلامیەکە، یان هەلومەرجی بابەتی پەیوەست بەو وڵاتەی کاری تێدا دەکات و بە شێواز و میکانیزمی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسە گرنگەدا کردووە، لێرەدا ئاماژە بە سێ لەو ئەزموون و نمونانە دەکەین:

یەکەم/ ئەزمونی کاری ئیسلامی لە تورکیا، کە خۆی لە دوو بواری تەواو لێکجیادا دەبینێتەوە، وەک دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە کۆمەڵی نوری

شێخ سەعید نورسی و گرووپەکانی سوفیگەری کە لە تورکیادا جێگە و پێگەی جەماوەری بەهێزیان هەیە و رۆڵی کاریگەریان هەیە لە پاراستنی شوناسی ئیسلامی و پابەندبوونی کۆمەڵگەی تورکی بەئیسلامەوە.

لەولاشەوە ئاکپارتی هەیە کە درێژکراوەی ئەو بزاڤە سیاسیەیە کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، لەلایەن خوالێخۆشبوو بەرێز نەجمەدین ئەربەکانەوە خەباتی سیاسی دەستپێکرد و تائێستاش درێژەی هەیە و حوکمڕانی تورکیا دەکات. گومان لەوەدا نیە کە دامەزرێنەران و هەڵسوڕێنەرانی پارتی دادو گەشەپێدان لە کایە ئیسلامیەکەوە هاتوون، بەڵام لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسی وڵاتەکەدا بەتەواوی مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن.

دووەم/ دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی لەژێر چاودێری و (وصایە)ی سەرکردایەتی بزاڤە ئیسلامیەکەدا، وەک ئەزموونی بەرەی کاری ئیسلامی- (جبهه العمل الاسلامی) لە ئوردن، یان ئەزموونی (حیزبی ئیسلامی عێراقی) یان پارتی (داد و ئازادی) کە لە میسر دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەی بەهاری عەرەبی ڕاگەیەنرا.

ئەم ئەزموونانە هیچکامیان سەرکەوتونەبوون، چونکە بەشێکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانین لە بزاڤە ئیسلامییەکە و ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمان و ئاڕاستەی سەرکردایەتی بزاڤەکەدایە و ناتوانێت بە ئازادی لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیدا کاروچالاکی خۆی ئەنجامبدات.

سێیەم/ ئەزمونی ئیسلامییەکانی مەغریبی عەرەبی کە خۆیان لە دوو دامەزراوەی لێکجیاوازدا ڕێکخستووە. هەرچی کاری بانگەوازە لە چوارچێوەی بزاڤی یەکگرتن و چاکسازی- (التوحید والاصلاح)دایە و هاوکات پارتی (داد و گەشەپێدان)یان هەیە کە بەتەواوی مومارەسەی کاری سیاسی و حیزبایەتی دەکات، بەڵام وەک دەردەکەوێت (شەراکەتێکی ستراتیژی) لە نێوان هەردووولادا هەیە و پێکەوە تەواوکاری پرۆژەی ئیسلامی خۆیانن، ئەم ئەزمونە تاڕادەیەکی باش بە ئەزمونێکی سەرکەوتوو ئەژمار دەکرێت.

## ئیسلامییەکانی کوردستان چی بکەن باشە؟

گومان لەوەدانیە کە پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت (تەحەدی)یەکی ڕاستەقینەیە ڕووی کردۆتە ئیسلامییەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا و تاڕادەیەکی باشیش بووەتە خواست و داواکاری ڕێژیەکی زۆر لە کادیر و ئەندامانی تێکڕای تەوژمە ئیسلامییەکە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە لەم بوارەدا بڕیاری بوێرانە و هەنگاوی پێویست و جددی بگرنەبەر و بیکەنە بەشێک لە ئەولەویاتی پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوانیان.

بێگومان ئەزمونی لێکجیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت لەلایەن ئیسلامییەکانی مەغریبەوە، بە بۆچوونی بەندە، باشترین ئەزمونە کە ئیسلامییەکانی کوردستان سودی لێوەربگرن. ئەوەش ڕاستە کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستیان بە قۆناغێکی گواستنەوە (مرحله انتقالیه) دەبێ کە ئامادەکاری پێویستی تێدا بکەن و ئەم دووخاڵەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

**یەکەم**/ بەشێوەیەکی مەرکەزی لەسەر ئاستی دەستەی باڵای کاری هاوبەشی نێوان سێ لایەنە ئیسلامییەکە، بەشێوەیەکی ڕەسمی و ڕاگەیەنراو تەبەنی پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت بکەن و بڕیاری پێویستی لەبارەوە وەربگرن و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە دوو یان سێ ساڵ زیاتر نەبێ بەرنامە ڕێژی تەواوی بۆ ئامادە بکەن.

**دووەم**/ هەر لە ئێستاوە دەستبکەن بەجیاکردنەوەی دەزگا و دامەزراوە حیزبییەکانی تایبەت بە بواری بانگەواز و پەروەردە و یەکلاکردنەوەی کادیرەکانی بەرپرس و تایبەتمەندی ئەم بوارە و بە دوور ڕاگرتنیان لە ململانێ و مشتومڕی کاری سیاسی و کێشمەکێشی حیزبایەتی، وەک پێشەکیەک بۆ دەربازبون لەم ئیشکالیەتەی ئێستا ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

ئەڵبەت لێرەدا جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بەوە بکەین یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دوا کۆنگرەی خۆیدا کە لە کۆتایی مانگی ئایاری/٢٠١٦دا گرێدرا، سەرەتایەکی باشی دەستپێکردووە. ئەویش بە کۆکردنەوەی دەزگا ناوەندییەکانی تایبەت بە بواری سیاسەت لە چوارچێوەی ئەنجومەنی کاری سیاسیدا. دیارە مەرجی سەرکەوتنی ئەم دەستپێکە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی جددی کاری لەسەر بکرێت وەک پێشەکیەک بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژییەی کە پێویستە درەنگ یان زوو ئەنجام بدرێت.

## لەکۆتاییدا

بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگ و ئاڵۆزە و پاراستنی سەلامەتی ڕێکارەکان و یەکڕیزی تەوژمە ئیسلامیەکە، بە پێویستی دەبینم کە جەخت لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەینەوە:

**یەکەم**: لایەنە ئیسلامییەکان پێویستە بە کردار بیسەلمێنن کە ڕەوتێکی زیندو و گەشەکردون و توانای خۆنوێکردنەوە و داهێنانی میکانیزم و شێوازی کاری نوێ و هاوچەرخیان هەیە.


**دووەم**: بزاڤێکی کراوەبن لەسەر واقیع و گۆڕانکارییەکان و مامەڵەی دروست بکەن لەگەڵ ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ئیسلام بەجێی هێشتووە بۆ گۆڕاوەکان. بەواتایەکیتر بەناوی دەستگرتن بە نەگۆڕەکانی ئیسلام و هاوسەنگی کردن لە نێوان نەگۆڕ و گۆڕاوەکان، خۆیان دووچاری دەردی کوشندەی چەقبەستن و ڕابوردوخوازی نەکەن.

**سێیەم**: لە هەموو حاڵەتێکدا پارێزگاری لە پرۆژەی ئیسلاحخوازی خۆیان بکەن و پاراستنی شوناسی ئیسلامی و سەربەخۆیی سیاسی به خاڵی جیاکەرەوە و سەروەری خۆیانی ئەژمار بکەن.



# جەدەلی

**((دین و دەوڵەت.. دین و سیاسەت.. بانگەواز و سیاسەت.. دین و حیزب.. کۆمەڵەی دینی و حیزبی سیاسی.. ئایین و دەسەڵات.. ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی تەقلیدی و سەلەفی))**

**محەمەد ڕەئوف**

لەدایکبووی ١٩٦١، هەڵەبجە.

بەکالۆریۆس لە زاستە ئیسلامییەکان.

دبلۆمی باڵا لە زانستە سیاسییەکان.

خاوەنی ژمارەیەک بڵاوکراوەیە.

ئەم دووانەیی و دوالیزمانە، نزیکەی سەدەیەکە نوخبەی ئیسلامی و عەلمانی و دەسەڵاتەکانی پێوە سەرقاڵ بووە، بە جۆرێک خەریکە دەگاتە قۆناغی کۆتایی لە هەندێک کۆمەڵگە و قۆناغی پێش کۆتایی لە هەندێک جێگا و کۆمەڵگەی دیکە...

ئەمڕۆ و لەم ساتەوەختەی ئێمەی تێدا دەژین و پاش زیاتر لە ٩٠ ساڵ و خەباتی بەردەوام و بێ وچانی سەدان بیرمەند و هەزارەها زانا و مەلا و بانگخواز و ملیۆنان ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە و پارتی ئیسلامخواز و زانستپەروەر و، هەزاران گرتن و کوشتن و زیندان و پەتی سێدارە و شەهیدکردن و دەرکردن و لادانی سیاسی و نانبڕین و مافخواردن و بێنازکردن و دوورخستنەوە لە شانۆ و کایەی ژیان و سیاسەت و دەسەڵات، ئەمڕۆ قسە و نووسین و توێژینەوە و بابەتی فیکریی و سیاسی و هەڵوێستەکان لەسەر ئەوەن، ئەو دوالیزمە و دووانەییانە چۆن ڕێکخرێنەوە و کۆتاییان پێبهێنرێت؟ و چیتر مسوڵمانان و ئیسلامییەکان سەرقاڵ نەبن بە یەکتر و بە جەدەلی ئەم دووانەیی و دوالیزمانە، نزیکەی سەدەیەکە نوخبەی ئیسلامی و عەلمانی و دەسەڵاتەکانی پێوە سەرقاڵ بووە، بە جۆرێک خەریکە دەگاتە قۆناغی کۆتایی لە هەندێک کۆمەڵگە و قۆناغی پێش کۆتایی لە هەندێک جێگا و کۆمەڵگەی دیکە...

ئەمڕۆ و لەم ساتەوەختەی ئێمەی تێدا دەژین و پاش زیاتر لە ٩٠ ساڵ و خەباتی بەردەوام و بێ وچانی سەدان بیرمەند و هەزارەها زانا و مەلا و بانگخواز و ملیۆنان ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە و پارتی ئیسلامخواز و زانستپەروەر و، هەزاران گرتن و کوشتن و زیندان و پەتی سێدارە و شەهیدکردن و دەرکردن و لادانی سیاسی و نانبڕین و مافخواردن و بێنازکردن و دوورخستنەوە لە شانۆ و کایەی ژیان و سیاسەت و دەسەڵات، ئەمڕۆ قسە و نووسین و توێژینەوە و بابەتی فیکریی و سیاسی و هەڵوێستەکان لەسەر ئەوەن، ئەو دوالیزمە و دووانەییانە چۆن ڕێکخرێنەوە و کۆتاییان پێبهێنرێت؟ و چیتر مسوڵمانان و ئیسلامییەکان سەرقاڵ نەبن بە یەکتر و بە جەدەلی نەزۆک و بێ سوودەوە..

هەندێک جار ژانی نوێبوونەوە و خۆنوێکردنەوە زۆر قورس و سەختترە لە ژانی بوون و درووستبوون، بۆ نموونە ئیسلام خۆی وەک ئاین و شەریعەت و دەسەڵاتیش لە ماوەی ٣٤ ساڵدا یەکەم ئایەت دێتە خوار و قۆناغی مەککە بە ١٠ ساڵ تەواو دەکات و پاشان قۆناغی مەدینە تێدەپەڕێنێت و سەردەمی خلیفەی یەکەم تەواو دەکات و سوپای ئیسلام دەگاتە چیاکانی زاگرۆس و لە سەردەمی خەلیفەی دووەمدا بەتەواوی کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەکەن و دەگەنە ئەودیو سنوورەکانی ئەو ئیمپراتۆرەش لە ساڵی ٢٣ی کۆچی بەرامبەر بە ٦٤٤ ی زاینی، هەروەها بەکەمتر لە هەمان مێژوو و کات لە ساڵی (١٢- ١٩ک/ ٦٣٣-٦٤٠ز) توانییان کۆتایی بهێنن بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە (ئەردەن و فەلەستین و ئیسرائیل و سوریا و لوبنان و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی ئێستا دەگرێتەوە).

بەڵام وا سەدەیەکمان تەواوکرد و ئێمە هەر لە جەدەلی دوالیزمەکان چەقمان بەستووە و هێشتا زۆربەی نوخبەی فیکریی و سیاسیی و دینی بەرچاوی ڕوون نییە چۆن لەم تەنگژە و قەیرانە چەقبەستووانە دەرچێت و بکەوێتەوە سەرپێی و بیرکردنەوە و کارکردنی بەرهەمدار لەسەر هەردوو ئاستی بانگەوازێکی بەرهەمدار بۆ ئایین و پەروەردە و پێگەیاندن و ئاستی ئیدارەی ژیانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و حوکمڕانی ڕاشید و تەندروست کە هەردووکیان بۆ ئەم سەردەمە گونجاوبن و وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی سەردەمیان پێ بێت.

قەیران و تەنگژەی فیکری و بانگخوازی ئەم ئوممەتە بە قووڵی و ڕیشەداری لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە دەسەڵات و خەلافەتی عوسمانی درێژە دەدات بە شەڕەکانی لەگەڵ ئەوروپا و

ڕۆژئاوادا و زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ دەخایەنێت و دواجار ئەوروپا بە ڕابەرایەتی بەریتانیا دوای سەدەیەک لە پشکنین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەگەنە شۆڕشی پیشەسازی و سەرەتا خەڵوزی بەردین و بوخار وەک سەرچاوەی وزە بەکاردەهێنن و لە سەدەی بیستەمیشدا کارەبا و نەوت و غاز دەبنە سەرچاوەی وزە و شۆڕشەکە دنیای ئەوروپا و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە و لەهەمانکاتدا دنیای ئیسلام سەرقاڵی قەیرانە ناوخۆییەکانە، هەندێکیان لەگەڵ خودی دەوڵەتی عوسمانی و هەندێکیشیان لەگەڵ داگیرکەر و ئیستیعمارە ئەوروپییەکان.

لێرەوە پرسیارە گەورەکان سەرهەڵدەدەن، چونکە لەلایەک کۆتایی بە دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئاینی ئەوروپا هاتووە و لە لایەکی ترەوە شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئابووریی و لە لایەکی ترەوە باسی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی و میکانیزمەکانی سەریانهەڵداوە و بازاڕیان لە ئەوروپا گەرمە، جیهانەکەی ئێمەش خنکاو و بێدەرەتانە لەناو کۆمەڵێک قەیران و تەنگژەی سیاسی و ئابووریی ناوخۆیی و پەلامار و تەماعی دەرەکیدا، ئوممەتێکی ماندو و شەکەت ٥٠ ساڵە کێشەی لەگەڵ ئاستانە و پایتەختی خەلافەت هەیە، هێشتا بێ چارەسەر و وەڵام ماوەتەوە و دەستەوسان و دەستەپاچەیە، کەچی وا جەنگی جیهانی یەکەم دەستپێیکرد و دەوڵەتی عوسمانیش لەگەڵ ئەڵمانیا کەوتە بەرەیەکەوە و دۆڕاندی و زۆر بە پەلە میراتییەکەی بەش دەکەن و جەستە ماندوو و شەکەتەکەی پارچەپارچە دەکەن و یاسا و ڕێسای خۆیانی بۆ دەهێنن یان بە زۆر دەیچەسپێنن یان بە ڕێگا و سستەمی پەروەردە و فێرکردن ژێرخانی فیکریی و معریفی دەگۆڕن..

هەموو ئەو هەنگاوانە ڕوویاندا و ئوممەت و کۆمەڵێک وڵاتی بێ ئەزموون و بێ سەروبەر لە ڕووی فیکریی و سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ گەلەکانیان دەستەویەخەی ژیان و واقیع بوونەوە، هێشتا سەرەتای ئارامی و سەقامگیری دەستی پێنەکردبوو، سەرەتای جەنگی سارد لە لایەک و کێشەی فەلەستین لە لایەکی ترەوە دەستپێیکرد و هەربەو شەکەتی و ماندوویییە جارێکی تر گەلانی ئوممەت دابەشبوونەوە بە سەر دوو جەمسەری هێزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، دابەشبوونێکی چوار ڕەهەندی، ڕەهەندی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی بوون بە دوو بەشەوە، بەشێک ئینتیمای بۆ ڕۆژهەڵات بوو(یەکێتی سۆڤیەتی جاران) و بەشەکەی دیکەی ئینتیمای بۆ ڕۆژئاوا بوو، لە هەمانکاتدا تەوژم و بزووتنەوە و حیزبە سیاسیی و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکانیش بوون بە دوو بەرەوە، بەرەیەکی ئیسلامی و بەرەیەکی عەلمانی، ئیسلامی و عەلمانییەکەش لەناو خۆیاندا بوون بە دوو بەشەوە و هەریەکەیان کاریگەری جەمسەرێکی ناوخۆیی و جیهانی لە سەربوو، سەرئەنجام ئەم جەمسەرگیریی و دابەشبوونانە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر قووڵبوونەوەی تەنگژە و قەیرانی فیکریی بەگشتی و فیکری سیاسی و ئاینی بە تایبەتی.

بەشێک لە جەنگی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکاش بریتی بوو لە توندکردنەوەی ئەو جەمسەرگیرییەی کە لەم وڵاتانەی ئێمەدا پەیڕەومان دەکرد.

تەوژمی ئیسلامی کە سەرەتا بە شێخ و زانا و کەسایەتییە ئیسلامییەکان دەستیان پێکرد و بانگەشەیان بۆ گێڕانەوەی خەلافەت و سیادەی ئوممەت دەکرد، پاش ماوەیەک کە دەسەڵاتی مۆدێرنە و حکومەتە سەربەخۆکان جێگیر بوون ئیتر شیعار و سیاسەت و بانگەشەکان گۆڕان بۆ دۆخێکی نوێ لەسەر ئاستی هەر دەوڵەت و نیشتیمانێک، لە دەرەنجامی پاشاگەردانی و سیاسەتکردنی سەقەت و دابڕان لە نێوان خەڵک و دەسەڵات و دابەشبوون بەسەر جەمسەرەکاندا و سەرهەڵدانی کوشت وبڕ و زیندان پڕکردن لە زیندانی سیاسی و پێشێل کردنی

کەرامەت و مافی مرۆڤ، هەموو ئەو سیاسەتانە گەیشتە رادەیەک کە خەڵک بە گشتی و رۆشنبیران و زانایانی ئاینی و شەرعزان بە سیاسەتکردنیان دەگووت(نیفاق و درۆ و فریودان و چاوبەست و میکافیلیەت، تا وای لێهات سیاسی لێزان بە کەسێک دەگوترا کە باش بزانێت فێڵ لە بەرامبەرەکانی بکات و خەڵک فریوبدات و گاڵتە بە خواست و داواکارییەکانیان بکات و بە وەعد و پەیمانی درۆ بیانخەڵەتێنێت).

دنیا زۆر خراپ گۆڕا و تێکچوو، سیاسەت قێزەونکرا، بانگەوازیش بۆ ئیسلام و سەروەریی و سەربەخۆیی بوو بە فەرزی( عەین) و ئەو فەرزی عەینەش بێ کەرەستە و میکانیزمەکانی سیاسەت ئاسان نەدەکرا، بۆیە دواجار ئیسلامخوازان و بانگخوازان بوون بە دوو بەشەوە و دوو تێڕوانینی جیاواز و زۆر دوور لەیەک و ئەمەش دوور نەبوو لە دەست و کاریگەریی جەمسەرگیری ناوخۆیی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ناوخۆیی و ناوچەیی.

تێڕوانینی یەکەم کە چەندین گروپی جیاوازی لێکەوتەوە وتیان و تائێستاش دەڵێن: سیاسەت قەبرستانی بانگەواز و زانستە شەرعییەکانە، بۆ دەبێت تەنها گرنگی بە زانستە شەرعییەکان بدرێت، چونکە ئەو کۆمەڵە و فلان جەماعەتە کە سیاسەتیان کردووە و بانگەوازیان تێکەڵی سیاسەت کردووە چییان کرد و چییان دەستکەوت؟ بەڵکو لەوەش زیاتر سەیرکەن بزانن گەیشتوونەتە چ حاڵەت و ئاستێک لە پەیڕەو نەکردنی ئاین و شەرع و دەستبەرداربوون لە نەگۆڕەکان، تێڕوانینی دووەمیش کە کار و بانگەواز بە شێوازی ڕێکخراو و ڕێکخراوەیی و هەندێک جاریش لەسەر شێوازی کاری حیزبی و سیاسی کاریان کردووە و چەندەها گرووپ و ناوی جیاوازیان هەیە دەڵێن: ئەوانەی دوورن لە کاری سیاسەت و کاری ڕێکخراو دەیان ساڵە کەناریان گرتووە و نزا و پاڕانەوە دەکەن بۆ (ولی أمر) و دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان، با ئایین و شەرع و یاساکانیشیان گۆڕی بێت و هەر کار و ڕەفتارێکی نەشیاویشیان کردبێت، گرنگ ئەوەیە ئەو فەرمانڕەوایانە کوفری خۆیان ڕانەگەیاندووە، ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە بەتەواوی لە شەرعیش لایدابێت لای ئەوان هەر وەلی ئەمرە، ئەگەر هەموو گەلیش هەستێت و شۆڕش بکات و نارازی بێت ئەوان بە خەڵک دەڵێن ئەوە دەرچوونە لە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و بەردەوام دەبن لەگەڵ فەرمانڕەوادا تا دەکەوێت و هەرکات فەرمانڕەوای نوێ هات دەست دەخەنە نێو دەستییەوە))

ئەم وێنەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە و بەرجەستە بووە و ڕیشەی داکوتاوە و خەڵکی بەسەردا دابەشبووە.

## سیاسەت و بانگەواز هەنگاوێک بەرەو چارەسەر

جەدەل و لەیەکتر حاڵی نەبوون و گرێ کوێرەی جوان و باش مامەڵەکردنی ئەم دوو پرسە گرنگە هێشتا هەرماوە و چارەسەر نەبووە، بەڵام سەرەتای یەکلابوونەوە و چارەسەر سەریهەڵداوە و دەستپێکردووە، بۆیە پێویستە لەسەر مشورخۆرانی ئەم پرسە بە دڵسۆزی و جورئەت و لەسەر بنەمای زانستی بێنە پێشەوە و هەنگاوی کرداری بنێن.

ئەمڕۆ و پاش ١٠٠ساڵ ئەزموونی جۆراوجۆر بەشێک لە زانایان و بیرمەندان و بانگخوازان و پسپۆڕانی سیاسەت و بانگخوازی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت (جیاکردنەوەی پیشەیی هەبێت لە نێوان بانگەواز و سیاسەتکردندا).

پێش ئەوەی ڕاو سەرنج بخەینە ڕوو هەروەها پێش ئەوەی پاساو و بەڵگە سەلمێنراوەکان بخەینە بەرچاو و دەست، پێویستە هەندێک قسە لەسەر خودی سیاسەت خۆی بکەین، پاشان پاساو و بەڵگەکان بە ئاسانتر وەرئەگیرێن و نمایش دەکرێن، لە پێشدا بانگەواز و بانگخواز و ئەرکەکانمان زانی و ئێستاش سیاسەت و سیاسەتکردن بە کورتی باس دەکەین.

هەموو شتێک بۆ ناسین و وظیفة و ماهیەتەکەی

له پێناسه‌كه‌یه‌وه ده‌ستپێده‌كات، بۆیه ئێمه‌ش له پێناسه‌وه ده‌ستپێده‌كه‌ین: ابن منظور له موسوعة لسان العرب دا ده‌ڵێت: (*والسیاسة تدبیر شؤون الدولة . فالساسة هم قادة الامم و مدبروها شؤونها العامة)، واته سیاسه‌تكردن بریتییه له ڕێكخستنی كاروباری ده‌وڵه‌ت، سیاسییه‌كانیش ئه‌وانن سه‌ركرده‌ی گه‌لانن و كاروباری خه‌ڵك ڕێكده‌خه‌ن و ده‌یبه‌ن به‌ڕێوه.

ابن القیم ده‌ڵێت: (السیاسة ماكان من الافعال، بحیث یكون الناس أقرب الى الصلاح وأبعد عن الفساد،وان لم یشرعه الرسول صلى الله علیه وسلم و لا نزل به الوحي)، واته : سیاسه‌تكردن كار و پیشه‌یه، ئه‌رك و ئامانجی ئه‌وه‌یه خه‌ڵك نزیك بێت له چاكه و به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی و دوور بێت له خراپه و گه‌نده‌ڵی، ئه‌م ئه‌رك و ئامانجه‌ش به‌چی ده‌كرێت؟ و چۆن ده‌كرێت مه‌رج نییه پێغه‌مبه‌ر(د.خ) كردبێتی یان فه‌رمووبێتی و مه‌رجیش نییه له وه‌حیدا هاتبێت.

ئه‌گه‌ر مێژوو بخوێنینه‌وه، به ڕوونی دیاره كه پێشینانی ئوممه‌تی ئیسلام هه‌ربه‌م شێوازه له ئیسلام و سیاسه‌تكردن تێگه‌شتوون، بۆیه زۆركه‌م ڕێكه‌وتووه (خه‌لیفه و ئه‌میر و سه‌ركرده و سوڵتانه‌كان موفه‌سیر، محدث یان فقیه، بانگخواز یان زانای شه‌رع بووبن، ئه‌وانه‌شیان كه له سه‌ره‌تای كار و ده‌سه‌ڵاته‌وه شاره‌زا بوون هۆكاری ئه‌وه بووه كه له خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ردا (د.خ) بوون و له ڕۆژانه‌ی وه‌حییه‌وه فێربوون.

كه‌واته به درێژایی مێژووی ١٣ سه‌ده ئه‌رك و كار و پیشه و به‌رپرسیارێتی، حاكم و ده‌سه‌ڵاتدار و سیاسه‌تمه‌دار و حوكمڕانی و كاروباری گشتی و ڕۆژانه‌ی خه‌ڵك و شه‌ڕ و ئاشتی و پاراستن و به‌ڕێوه‌بردنی وڵات، هه‌موو ئه‌مانه به‌ده‌ست كه‌سانێكی تایبه‌ت و شاره‌زا و به‌تواناوه بووه و به میزان و پێوه‌ره‌كانی (مصالح و مفاسد) به‌رژه‌وه‌ندییه‌كان و

## (بانگه‌واز و سیاسه‌ت) به درێژایی مێژوو پیشه و گۆڕه‌پان و ئه‌ركیان جیاواز بووه

دژه به‌رژه‌وه‌ندییه‌كان مامه‌ڵه‌یان كردووه.

له‌هه‌مان كاتدا (فقیه و واعظ و زانا و په‌روه‌رشیار و نووسه‌ر و بیرمه‌نده‌كان)یش هه‌ریه‌كه و سه‌رقاڵی كار و ئه‌ركی خۆی بووه و خزمه‌تی تاك و كۆمه‌ڵگه‌ی كردووه، هیچ ته‌گبیر و كوێخایه‌تییه‌كی سیاسه‌تیان نه‌كردووه مه‌گه‌ر پسپۆڕه‌كانیان له فیكری سیاسی یان فیقهی سیاسی یان هه‌ڵوێستیان بووبێت له‌كاتی زوڵم و ناعه‌داله‌تی و گه‌نده‌ڵی و شه‌ڕدا.

كه‌واته هه‌ر به‌شێوه‌یه‌كی كرداری (بانگه‌واز و سیاسه‌ت) به درێژایی مێژوو پیشه و گۆڕه‌پان و ئه‌ركیان جیاواز بووه، به‌ڵام پاش ١٣ سه‌ده و گۆڕانكاری ڕیشه‌یی له ژیانی سه‌رده‌م به‌گشتی و ئوممه‌ت به‌تایبه‌تی و هیچ سپارده و سه‌رووه‌ری و ده‌سه‌ڵاتێك نامێنێت و ئیتر تاكه‌كه‌س یان گرووپ و كۆمه‌ڵه و ئه‌حزاب تا ده‌گاته قۆناغی سه‌له‌فی و ئیسلامی سیاسی و جیهادی و سۆفی و ته‌بلیغی و ....هتد هه‌ر هه‌موو ئه‌وانه بۆماوه‌ی ١٠٠ ساڵ له یه‌ك كاتدا قسه ده‌كه‌ن له‌سه‌ر:

+ خه‌لافه‌ت و گه‌ڕانه‌وه‌ی.

+ عه‌قیده و بیروباوه‌ڕ و پاككردنه‌وه و گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ ئه‌سڵ و سه‌رچاوه‌كه‌ی.

+ خواپه‌رستی و عیباده‌ت و خواناسی.

## زۆر کەم ڕێکدەکەوێت کەسێك لە یەك کاتدا بانگخوازێکی باش و سیاسییەکی سەرکەوتوو بێت.

+ ئەخلاق و ئاکار و ڕەفتاری ئیسلامی و ئیمانی.
+ فیقه و شەرع و شەریعەت.
+گشتگیری ئیسلام و سستمەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی.
+حوکمڕانی و بەشداریکردن و نەکردن و عەدالەت و زوڵم..

ئەمانە و سەدان کەیس و پرس و باس و بابەتی فیکری و سیاسی و ئابووری و کێشەکانی دنیای سەردەم و دابەشبوونەکانی دنیا و جیهانگیری و دنیابینی نوێ هەتاوەکو قسەکردن لەسەر ئایندە و ئەگەرەکانی هەموو ئەو بابەتە ئاڵۆز و سەختانە کراون بە ئەرکی بانگخواز یان هەرکەسێک ئەندام بێت لە حیزبێکدا یان ڕێکخراوێک یان کۆمەڵەیەکی ئیسلامیدا و ناونراوە ئیسلامی شمولی و گشتگیر.

بۆیە پرۆژەی ئیسلامی لە جێگای خۆی ڕاوح دەکات و بەتەواوی چەقیبەستووە لە نێوان پێشبینییەکان و وێناکردنێکی هەڵە لەگەل واقیعێکی دەستەویەخەی ژیان و داواکارییەکانی ژیان و بەرژەوەندییەکانی خەڵک و پرسیارە گەورەکان.

ڕاو بۆچوونی هەندێک بیرمەند و سەرکردە و بانگخواز و خوێندەواری بەتوانا لەم بابەت و بوارەدا دەخەینە ڕوو:-

- ئەکادیمی و مامۆستای ئەخلاقی سیاسی و بەراوردی ئاینەکان لە زانکۆی قطر د.محمد مختار الشنقيطي دەڵێت : (منطق الدعوة هو الاكتساب، و منطق السياسة هو المغالبة، فغاية الدعوة كسب الحصم، و غاية السياسة غلبة الخصم، و جمع بين المنطقين يضر كلا منهما..) قسەکەی ڕوون و لۆژیکییە، دەڵێت: لۆژیک و مەبەستی بانگەواز دەستخستن و دڵڕاگرتن و ڕاکێشانی خەڵکە بەرەو پەیامەکەت، بەڵام لۆژیک و مەبەستی سیاسەت لەگەڵ بەرامبەر یان نەیار یان دوژمن یان ڕکابەر بریتییە لە لێدان و خستن و پەکخستن و لێبردنەوە... کۆکردنەوەی ئەو دوو لۆژیکە زەرەر لە هەردووکیان دەدات).

ئەگەر بە وردی و چاو و عەقڵی بەخۆداچوونەوە سەیری ئەو قسانەی شنقیطي بکەین دەبینین لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئێمەی ئیسلامی بە لۆژیکی بانگەواز سیاسەتمان کردووە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان، بۆیە هەمیشە وەک موسلیح نەک وەک ئیسڵاحی و ڕکابەر دەرکەوتووین.

- د.فهمي هويدي، بیرمەند و ڕۆشنبیری وڵاتی میسردەڵێت: (بات لغرض على المعنيين التمييز بين الانشطة الدعوية والسياسية و مختلف المناحي الحياتية الاخرى) هەروەها دەڵێت: (ان العمل السياسي بطبيعته يخوض غمار صراعات باهضة التكاليف، فلماذا يغرض على الدعوي تحمل السياسي و تداعيات ممارساته و مواقفه ؟)

مەبەستەکەی ڕوونە دەڵێت: پێویستە لەسەر کاربەدەست و مشورخۆرانی ئەم کار و ئەرکە، کە چالاکی بانگەواز و سیاسەت و بوارەکانی دیکەی ژیانیش لەیەکتر جیاکەنەوە و، پاساوەکەشی ئەوەیە کە کاروچالاکی سیاسی بە سروشتی خۆی دەچێتە نێو قوڵایی ململانێکان و باجی گەورە دەدات، باشە بۆچی فەرز بکرێت لەسەر بانگخواز و بانگەواز هەمان باج بدات و باجی بەردەوامی هەڵوێست و بەرنامەی سیاسەت و سیاسییەکان بدات؟

- مامۆستا أحمد الجعلي، سەرکردە و نوسەر و توێژەر لە کۆمەڵەی برایانی میسری، دەڵێت:

پاش ئەوەی بابەتی جیاکردنەوەی کاری بانگەواز لە سیاسەت و کاری سیاسی زۆر گەرم بوو لەنێو خودی کۆمەڵەی برایاندا منیش ئەم بابەتەم نووسی، بابەتەکەی لەژێر ناونیشانی (الدعوي والسياسي... الاشكالية و الحل) کەلە ٢٠١٧/٤/١٢ بڵاوکراوەتەوە، بەڕوونی توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە، کە خۆی نووسیویەتی (التمييز بين الدعوي و السياسي ... ضرورة أم انحراف ؟) بابەتەکەی لەکۆتاییدا بەپێی ئەو وردەکارییەی دەیکات دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە (جیاکردنەوەی کاروچالاکی لەسەر بنەمای پسپۆڕییە)، چونکە سیاسەت گۆڕەپان و میکانیزم و تەکتیک و هاوپەیمانێتی و ئیجتهادات و یاریکردن و مناوەراتی زۆری تێدەکەوێت کە لە گۆڕەپانی بانگەوازدا ئەو شتانە نابێ و ناکرێت و نابێت بکرێت، جگە لەوەش سیاسەت دەبێت حیزب و ڕێکخراوی بۆ دروست بکەیت و دەبێت دەرگاش کراوە بێت بۆ خەڵکی (قیبطی) یش کە ئاینیان جیاوازە لە ئیسلام...

بابەتەکەی مامۆستا أحمد الجعلي لە چوار بەش پێکدێت:-

١. پێناسەی بانگەواز و سیاسەت لە پرۆژەی ئیسلامیدا.

٢. ناوچەکانی تێکەڵبوون و لەیەک نزیکبوونی بانگەواز و سیاسەت.

٣. بانگەواز و سیاسەت و بانگەشەکانی وازهێنان یان جیاکردنەوە واتە(ئەوانەی خاوەنی پرۆژەی ئیسلامیین واز لە کاری سیاسی بهێنن) یان (کاری سیاسی لە کاری بانگەواز جیا بکەنەوە) پاساوی هەردووکیانی نووسیوە و حەوت پاساو و بەڵگە ی بۆ کاری سیاسی سەربەخۆ هێناوەتەوە..

٤. حاڵەتی میسر بەتایبەت و گەڕان بەدوای چارەسەردا.

لەکۆتاییدا پێنج مەرج وەک سیماکانی کاری پسپۆڕی سیاسی دادەنێت و بە قسە و بەڵگە و توێژینەوەکەیدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە جیاکردنەوەی هەردووکیان لەسەر بنەمای پسپۆڕی بەڵگە نەویستە و ڕوودەدات و دێتەکایەوە.

- د.عبدالكريم البكار، زانای شەرعزان و بیرمەند و مامۆستای زانکۆ دەڵێت: ((الخلط بين الممارستين يجعل كلا منهما عبدا على الاخرى، و من النادر أن يكون للشخص الواحد فتوحات روحية و سياسية في آن واحد))

مەبەستی لەوەیە کە تێکەڵکردنی کاری بانگەواز و سیاسەت و کۆکردنەوەی لە کەسێک و لە کارێک و ڕێکخراوێکدا وادەکات کە هەردووکیان بار و قورسایی دەبن بەسەر یەکترەوە و زۆر کەمیش ڕێکدەکەوێت کەسێک لە یەک کاتدا بانگخوازێکی باش و سیاسییەکی سەرکەوتوو بێت.

شایەنی باسە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دا لە ئەستەنبوڵ ئەم بابەتەمان شەن و کەو کرد، پێکەوە و بەهەموو قەناعەتێکەوە گووتی: جیاکردنەوەکە نابێت تەکتیکی بێت، و نابێت یەک مەرجەعی سەرکردایەتییان هەبێت، هەروەها نابێت لەسەرەوە جیای کەنەوە و لەژێرەوە گرێدرا بن، چونکە هەموو ئەوانە ئەزموونکران لە سودان و ئەردەن و جێگای دیکەش و سەرکەوتوو نەبوون، چونکە دواجار سەرکردایەتی لایەکیان زاڵ و دەستڕۆشتوو دەبێت و ڕیسەکە دەبێتەوە بە خوری، بەڵکو دەبێت بانگەواز بگەڕێتەوە دۆخە ساف و بێگەردەکەی و سیاسییەکانیش دەستکراوە بن بۆ گەمەی سیاسی.

- بیرمەند و نووسەری گەورەی وڵاتی مەغریب مرحوم فريد الانصاری، پاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کتێبێکی نووسیوە لەسەر ئەم بابەتە و دەیەوێت چارەسەری هەڵایسانی سیاسی بکات، بە ناوی (البيان الدعوي و ظاهرة التضخم السياسي) و دەیەوێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕۆحی بانگەواز و گۆڕەپانەکەی گەرموگوڕ کاتەوە و هاوسەنگییەک دروست ببێتەوە لە نێوان کاری بانگەواز و سیاسەتدا.

- نوسەری مەغریبی كمال ناجي القطوي:

(ان السياسة التمييز بين الدعوي و السياسي ستدفع بالطاقات الاسلامية و الدعوية الى خطوط الانتاج الخلفية، التي تبني المجتمع على أسس الأخلاق و قيم الدين، ومعاني الأيمان، و حينها نكون قد أنجزنا الجزء الأكبر من المهمة الاصلاحية، و يأتي دور السياسي الموهوب المتفرغ، المليء بالقيم، الراسخ في الوعي لأناوش المشاريع الأخرى مستندا الى أرضية صالحة، و شعب يغلب الموازين الوطنية، و المصالح الحقيقية على موازين المصلحة الآنية الضيقة)*

ئەم نوسەرە هەوڵیداوە لە بابەتێکی شیکاریدا بگاتە دەرەنجامێکی ڕوون و قسە و هەڵوێست و فتوای زانایانی کۆن و نوێی کۆکردووەتەوە، گەیشتووەتە ئەم دەرئەنجامەی کە دەڵێت: (سیاسەتی جیاکردنەوەی کاری بانگەواز و سیاسەت وادەکات کە وزە و توانا ئیسلامی و بانگخوازییەکان بگەڕێنەوە بۆ هێڵە بەرهەمهێنەکانی پشتەوە کە کار لەسەر بونیادنانەوەی کۆمەڵگە دەکەن لەسەر بنەمای ڕەوشت و بەهاکانی ئاینداریی و مانا جوانەکانی ئیمان، ئەوکاتە بەشە گرنگەکەی کار تەواو دەبێت و سەرەی سیاسییە لێزان و بەتوانا و پەروەردەکراوەکان دێت..).

- مروان المعشر: بابەتێکی شیکاری نووسیوە لەسەر دوا هەڵوێست و بڕیاری بزووتنەوەی ڕاپەڕینی تونسی بە ناونیشانی (فصل الدعوي عن السياسي ضرورة وطنية) واتە جیاکردنەوەی کاری بانگەواز لە کاری سیاسی پێداویستییەکی نیشتیمانییە...

پێش ئەوەی بڕواتە ناو بابەتە شیکارییەکەیەوە دەڵێت: (ينبغي فصل النشاط الدعوي عن السياسي من أجل بناء دولة المواطنة الحاضنة للتنوع و المساواة)، واباشە کاروچالاکی بانگەواز لە سیاسی جیاکرێتەوە لەپێناو بنیادنانی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون کە دەتوانێت ژینگە و باوەش بێت بۆ فرەڕەنگی و یەکسانی).

ئەم قسە و بۆچوونە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەتی مەدەنی دەوڵەتی هاووڵاتییە و نابێتە دەوڵەت و دەسەڵاتی هیچ ئایدۆلۆژیایەک، بانگەواز و ئاینیش کاتێک دەبنە موڵکی کۆمەڵگا گەشە دەکات و سوودی بۆ خۆیان و بۆ هەمووان و بۆ نیشتیمانیشە.

مروان المعشر لە درێژەی شیکارەکەیدا کە پشتگیری لە شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی دەکات، دەڵێت: (ان النشاط الدعوي لا يستوي مع العمل السياسي، لأن مرجعيتي الناشطين مختلفان تماما، و لأن المواطن العادي بات ينظر الى قدرة الحزب- أي حزب - على تلبية حاجاته اليومية، و رفع مستوى معيشته،فيما المشورة الدينية يستطيع الحصول عليها هذا المواطن من أماكن أخرى لا دخل للسياسة بها...

هذا ليس خروجا عن الدين بالطبع، حسب ما يريد بعض المتشددين أن يصوروا لنا قرار ((النهضة)) و الشيخ راشد الغنوشي، و انما اعتراف بالتخصص، ففي حين يمكن لمن يريد العمل في السياسة أن يعتمد المباديء الدينية كأطار فكري قيمي، تبقى للعمل السياسي قواعد دنيوية لا يمكن حشر الدين فيها، اذا طالما أن ليس هناك دولة دينية في الاسلام وطالما أن ليس هناك اكراه في الدين فان من الطبيعي و المنطقي أن تترك النشاطات الدعوية لفضاء يختلف تماما عن الفضاء السياسي الذي يخضع لتوافقات بين مكونات المجتمع الأخرى كافة..) .

شیکار و بۆچوون و پارێزەریکردنی لە بزووتنەوەی ڕاپەڕین و شێخ ڕاشید بە شێوازی خاڵبەندی دەخەینە ڕوو:-

- ئەم هەنگا و و بڕیارەی بزووتنەوەی نەهزە و ڕاشید غەنوشی لە ئاین دەرچوون نییە، وەک هەندێک توندڕەو وێنای دەکەن، بەڵکو باسی پسپۆڕی و تایبەتمەندی هەردوو لایەنی جیای بانگەواز و سیاسەتە.
- ئەوەی کە دەیەوێت کاری سیاسیش بکات دەتوانێت پشت ببەستێت بە پرەنسیپی ئاینی وەک چوارچێوەی فیکری و بەهاکان، بەڵام کاری سیاسی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دنیایی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێت ئاینی تێوە بگلێنی.

• مادەم دەوڵەتی ئاینی لە ئیسلامدا نییە، ئیتر سروشتی و مەنتیقییە كە بانگەواز لە فەزای ئازادی خۆیدا كار بكات، كە زۆر جیاوازە لە فەزای كاری سیاسەت و ڕۆژانەی سیاسەت كە ملكەچە بۆ ڕێكەوتن و ڕێكخستنی كاروبار و پەیوەندییەكان لە نێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگە...

• شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی، زانا و بیرمەند و سەركردەی دێرینی ڕەوتی بانگەوازی ئیسلامی لەسەر قوتابخانەی (ئیخوان موسلیمین) و دامەزرێنەری حیزبی نەهزەی تونسی سەر بە ڕەوت و ڕێبازی ئیسلامی سیاسی و خاوەنی یەكەم كتێب و یەكەم تێز لەسەر (الحريات العامة في الاسلام) كەلە نەوەدەكانی سەدەی پێشوودا نووسیی و بڵاویكردەوە، فیكرێكی سیاسی نوێی هێنایە كایەوە، ئەم شێخ و سەركردەیە پاش ٥٠ ساڵ لە هەموو مەیدانە دەعەویی و سیاسییەكانی كاروچالاكی و بەرخۆدانەكانی ناو تونس و چالاكی سیاسی و فیكریی و ڕۆشنبیری لە دەرەوە بەتایبەت لە بەریتانیا و فەرەنسا، بواری فیكری سیاسی و ئیسلامناسی زیاتر گەشەی كرد و هەردوو فیقهی بانگەواز و فیقهی واقیعی بەتەواوی لا ڕوون بوویەوە و تێگەیشت كە تەنها چارەسەر بریتییە لە كاركردن بە پسپۆڕی و تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان بانگەواز و ئەرك و ڕۆڵ و گۆڕەپانی بەجیا و حیزب و سیاسەت و دەوڵەتداری بەجیا و دواجار هەردووكیان لە پێگەی سەربەخۆی خۆیانەوە خزمەت بە مرۆڤ و كۆمەڵگە بكەن و ڕۆڵی بەرچاو و سەربەخۆیان هەبێت لە گەشە و ئارامی و جێگیریی وڵاتدا...

دەقی لێدوانی شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە ٢٠١٦/٥/٢٣ دا دەڵێت: (نحن نؤكد أن النهضة حزب سياسي، ديمقراطي و مدني له مرجعية قيم حضارية مسلمة و حداثية. نحو نتجه نحو حزب يختص فقط بالأنشطة السياسية..سنخرج من الاسلام السياسي لندخل في الديمقراطية المسلمة. نحن مسلمون ديمقراطيون و لا نعرف أنفسنا بأننا من الاسلام السياسي...نريد أن يكون النشاط الديني مستقلا تماما عن النشاط السياسي. وأن هذا أمر جيد للسياسيين لأنهم لن يكون مستقلا متهمين بتوظيف الدين لغايات سياسية. و جيد أيضا للدين حتى لا يكون رهين السياسة و موظفا قبل السياسيين)*

ئەم لێدوانە زۆر ڕۆشن و ڕاشكاوە و تائێستا لە وڵاتی عەرەبیدا هیچ سەركردە و حیزبێك نە بەوجۆرە گوزارشتی كردووە و نەتوانیویەتی بیكاتە پەیام و پرۆژەی حیزب و بزووتنەوەكەی، قسەكانی ئەگەر پۆلێن بكەین و وەك یەك پاكێج بیخوێنینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیبینین:

• دووپاتی دەكەینەوە كە (نهضة) حیزبێكی سیاسی دیموكراتی مەدەنییە و مەرجەعیەتەكەی بریتییە لە بەها ژیارییە مسوڵمان و مۆدێرنەكان.

• هەنگاو هەڵدەگرین بەرەو حیزبێك كە تەنها چالاكی سیاسی بكات.

• لە ئیسلامی سیاسی دەردەچین بۆئەوەی برۆینە ناو دیموكراتییەكی مسوڵمانەوە.

• ئێمە مسوڵمانێكی دیموكراتین و خۆمان بە ئیسلامی سیاسی ناناسێنین.

• دەمانەوێت چالاكی ئاینی بەتەواوی سەربەخۆ بێت لە چالاكی سیاسی و ئەوەش بە قازانجی هەردوو لا تەواو دەبێت.

ئەم هەنگاوەی حیزبی نەهزەی تونسی و شیخ ڕاشید و د.عبدالفتاح مۆرۆ و هاوكارەكانیان، دنیای كاری ئیسلامی و بانگەواز و سەركردەكان و ڕەوتە ئیسلامییە میانڕەوەكانی كرد بە دوو بەشەوە، بەشێك پشتگیر و هاوكار و بەشێكیش پەسەندی ناكەن و دەڵێن ئەوە جیاكردنەوەی دینە لە دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرهەموویان سەرقاڵی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەن و سەرەنجام بە شێوەیەكی ڕێژەیی و نزیك و دوور هەر بەلای ئەم بۆچوونە تازەدا دەشكێتەوە، چونكە پێشتر برایانی ئەردەن حیزبی (جبهة العمل الاسلامي)یان

دروستکرد بەڵام خاڵی لاوازی ئەوە بوو کە لەژێر چاودێری مەرجەعیەتی ئیخوان و بانگەوازدا بوو بۆیە شکستی هێنا، هەروەها لە میسر و سودان و چەند جێگایەکی دیکەش هەمان چارەنووسی هەبوو، بۆیە دەبێت مەرجەعیەتی سەربەخۆ بێت.

لە کۆتاییدا وەک دەرئەنجامگیرییەک قسە و بابەتەکان پوخت دەکەینەوە و ئاماژە گرنگەکان دووپات دەکەینەوە و دەیخەینە بەر دیدی خوێنەر:-

- ئەم پرسی بانگەواز و سیاسەتە، ئەوە نییە کە لە ئایندا باسی سیاسەت نییە و دین و ژین لە یەک جیا بکرێتەوە، بەڵکو باسی پسپۆریی و تایبەتمەندی و ئەرکی تایبەتە.
- سیاسی کار دەکات بۆ راهاتن و خۆ گونجاندن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگە لە رووی بەرژەوەندییەکان و بەرێوەبردنی کاروباری گشتییەوە کە هەموو خەڵک و رۆژانەی خەڵک و وڵات و ئایندە دەگرێتەوە.
- بانگخواز کاردەکات بۆ راهاتن و خۆگونجاندن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگە لە رووی فیکری گشتی و پەروەردە کردن لەسەر بیروباوەڕ و رەفتار جوان و رەوشت بەرزیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی لە رێگای پرنسیپ و بەها ئیسلامییەکانەوە.
- سیاسی لە گۆرەپانی مانۆڕ و تەکتیک و ستراتیژ و هاوپەیمانێتی و ململانێ و یاری دیموکراتی و مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکان بەبردنەوە و دۆڕاندن دەکات و هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی لەناو ریزەکانی و چالاکییەکانیدا کۆدەبێتەوە و جێگایان دەبێتەوە.
- بانگخواز گۆرەپانی کاری زیاتر دڵەکانە و بواری فیکری گشتییە کار لەسەر نەگۆڕەکان و بنەماکان و پرەنسیپەکان دەکات و مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکان بە پێوەرەکانی هیدایەت و (بلاغ و تبليغ وبلاغى مبين) و خەیر و چاکە و فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە حەرام و خراپە و بەرەو بەهەشت رۆیشتن دەکات و لەبری ململانێ و کێبڕکێ لەسەر خێر و چاکە و خواناسی و خواپەرستی دەکات، وەزیفە و پیشەیان خۆ پاککردنەوە و خەڵک ئاگادارکردنەوە و جوان باسکردنی ئیمان و ئیسلام و ئەخلاقە و ئەوەش پرۆسە و ئەرکێکە پەیوەندی بەکات و جێگا و بارودۆخ و شەو و رۆژەوە نییە و تا دوا رۆژی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەردەوامە.

## سەرچاوەکان


١/ الدعوي وللسياسي، الاشكالية والحل. أحمد الجعلي ٢٠١٧/٤/١٢. Http://wmdat.blogspot.com

٢/ التمييز بين الدعوي والسياسي .....قراءة في المفهوم. Www.asssakina.com

٣/ التمييز بين الدعوي والسياسي ..خطوة نحو التخصص. كمال ناجي القطوي Islam online. ٢٥يولو ٢٠١٦

٤/ فصل الدعوي عن السياسي ضرورة وطنية. مروان المعشر، car engine-mec.org الغد. حزيران ٢٠١٦/١٥ مقال تحليلي

٥/ الغنوشي وفصل الدين عن السياسة. عبدالرحمن الراشد. جريدة الشرق الاوسط ١٢ابريل ٢٠١٧

٦/ مفهوم العمل الساسي ومشروعيته. عقيل بن محمد بن زيد المقطري. ٣ ابريل ٢٠١٢،،www.islamtoday.net/bohooth/

٧/ الفصل بين الدعوي والسياسي. lda2at.com. ٢٠١٧/١٢/٤

٨/ فصل الدعوي عن السياسي ...ماهي مبرراته وتداعياته؟ فهمي هويدي. الديار www.addiyar.com. ٢٠١٧/١٢/٤



# شەڕکردن لەسەر وەهم



**ئارام قادر**

ئارام قادر لە دایکبووی ١٩٦٥، هەڵەبجە.
ماستەر لە زانستی سیاسی دا. زیاتر لە (٢٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی جیاکردنەوە یان یەکخستن و کۆکردنەوەی کاروباری بانگەواز و پەروەردە و کاروباری سیاسی بووەتە بابەتیکی گرنگی گفتوگۆی ئەمڕۆی ڕابوونی ئیسلامی لە کوردستان، هەڵگرانی هەردوو بیربۆچون بەردەوام لە ململانێیەکی توندان و دەیانەویت بەڵگە بۆ بۆچونەکانی خۆیان بهێننەوە و زۆرجاریش تۆمەت و پرۆپاگەندە بۆ ئەو کەس و گرووپانە دروست دەکریت کە هەڵگری ئەو بۆچونەن کە دەیانەوێت جارێکی تر پەیوەندی نێوان کاروباری سیاسیی و بانگەواز و پەروەردە بەشێوازیکی تر ڕێک بخرێتەوە، لە هەمووی سەرنجڕاکیشتر و جێگەی تێرامان ئەوەیە ڕای هەندێک لە دەستەبژێر و زانایانی ڕەوتی ئیسلامییە کە ئەم بابەتە یان بە بیدعە ناودەبەن یان وەک ڕوکنێکی دین سەیر دەکەن یان وادەزانن هەر لە بنەڕەتدا وابووە و ئەم بانگەشەیە بە پیلان و بەرنامەی جولەکە و ماسۆنیەت دەزانن!! لەکاتێکدا گەر وردببینەوە و بە هێمنی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکەین دەبینین ئەم شەڕە شەڕێکە لەسەر وەهم و هیچ کات پێویستی بە گفتوگۆ و ململانێ نیە، چونکە:

– –پێش ٩٠ ساڵ شتیک نەبووە بە ناوی حیزبی ئیسلامی لە جیهاندا، چونکە ئیمپراتۆریەتێک حوکمی زۆرینەی جیهانی دەکرد بەناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

–لە زۆریک لە جیهانی ئیسلامیدا تائێستاش شتێک نیە بەناوی حیزبی ئیسلامی بۆ نمونە سعودیە، قەتەر، عومان، تورکیا، مالیزیا–و بەحرەین و کاری بانگەواز و پەروەردەش نەوەستاوە و بگرە لە هەندێک لەو وڵاتانە زۆر بە هێزتر و بەرفراوانترە، چونکە کاری بانگەواز و پەروەردە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراوی مەدەنیدایە.

لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی لە پاش کودەتای حیزبی بەعسی ساڵی ١٩٦٨ تاکۆتایی ساڵی حەفتاکان شتیک نەبووە بەناوی حیزبی ئیسلامی، بەڵام ڕەوتی بانگەواز و پەروەردە و زانستی ئیسلامی نەوەستاوە و بەردەوام کاری لەسەر کراوە بەپێی بۆ لوان و گونجاوی بارودۆخەکان.

–لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا و ڕووسیا قەوارەیەک نیە بەناوی حیزبی ئیسلامییەوە، بەڵام ڕەوتی بانگەواز و کاروباری پەروەردە و خزمەتکردن بە ئیسلام بە شێوازە جیاجیاکان بەردەوامە و کاریگەریشی دروستکردووە.

کەواتە ئەم بابەتە بریتییە لە میکانیزمی خزمەت بە ئیسلام و شێوە و شێوازی ئەو خزمەتە، هەروەها پەیوەستە بە بارودۆخ و بۆلوان و گونجاوی هەڵگرانی ڕەوتی ئیسلامی پێناسەکردنی یان گفتوگۆ لەسەرئەوەی کە بەشێکە لە بیروباوەڕ یان ڕوکنیکی بنەڕەتی ئاینی ئیسلامییە، شەڕکردنە لەسەر وەهم و ژیانە لە بازنەیەکی داخراودا!!!

–کارکردن بە هەرشێوە و شێوازێک بۆ خزمەتکردن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام مافی هەموو تاک و گرووپ و دەستەیەکە و کەسیش بۆی نیە ئەو مافە زەوت بکات جا بە ناوی ئاینەوە قسە بکات یان بەناوی پێگەی مێژوویی یان پلە و ناونیشانی زانستییەوە بێت، دەرەنجامیش پیشانی دەدات کام ڕێباز و ڕێچکە سودمەندە بۆ کاروباری ئیسلامی و بۆ کۆمەڵگا، گرنگ کارکردن و جوڵە و بەردەوامییە نەک ژیان لە وەهم و گەڕان بە شوێن سەرابێکدا کە بوونی نیە، کە ئەویش ساغکردنەوەی ئەم بابەتە و کردنی بە بەشێک لە پێوەرەکانی ئیمان!!

لەکۆتایی حەفتاکان و ناوەڕاستی هەشتاکاندا چەند حیزبێکی ئیسلامی لە باشووری کوردستان پێکهاتن و هاتنە مەیدانی خزمەتکردن، لەکاتێکدا ئەوە مانای وانیە هەموو هەڵگرانی بیری ئیسلامی لە کوردستان لەوکاتەدا هاتبنە نێو ئەو ڕێکخستن و حیزبانە، بەڵکو گرووپ و بەشێک لەو خەڵکە باوەڕەی وابووە کە کارکردن لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخستنیکی سیاسیدا ئەرک و پێویستی

ئەو قۆناغەیە، ئەمەش پەیوەست بوو بە بارودۆخی سیاسیی و ئاستی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری ئەو قۆناغە، بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە شێوە و شێوازی کاری ئیسلامی بکرێتە بەشێک لە ئاین و عەقیدە و پێوەرسازی پێوەبکرێت، چونکە نە لە کوردستان و نە لە جیهانی ئیسلامیدا و نە ئێستا و نە لە ڕابردوو هەموو مسوڵمانان ئەو بڕوایەیان نیە و هەریەکە بەشێوە و شێوازی جیاواز کار دەکەن، ئازادی ڕادەربڕین و مافی خزمەتکردن بە ئیسلام و شێوە و شێوازی بەرگریکردن لە ئیسلام والآیە بۆ هەموو کەس و گرووپێک و کەس بۆی نیە قۆرخی بکات و فەرزی شێوە و شێوازیکی دیاریکراو دەستنیشان بکات، هەریەک لەو گرووپانە با بەلۆجیک و واقیع و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی ڕێباز و ڕێچکەی خۆیان بسەلمێنن و کاری لەسەر بکەن، دەرئەنجامیش سەلمێنەری ئەوەیە کامیان زیاتر خزمەتی بە ئیسلام و کۆمەڵگا کردووە.

لە ڕابردوودا بڕوامان وابووە کە دەبێت بانگەواز و پەروەردە لە چوارچێوەی ڕێکخستن و حزبێکدا ئەنجامبدرێت، ئەو تێڕوانینەش پەیوەسەت بووە بە ئاستی ڕۆشنبیریی و هوشیاری خۆمان و کۆمەڵگا و تیگەیەشتنمان لە خودی ئیسلام، ئێستا و کۆتایی حەفتاکان دوو قۆناغی زۆر لێکجیاوازن و پاسا و هەبووە لەوکاتەدا بۆچی هەڵگری ئەو تێڕوانینە بووین، بەڵام مەرج نیە لەسەر هەمان تێز و بیروبۆچون بەردەوام بین، چونکە کاتێک هەڵسەنگاندنی ڕابردوو دەکەین و لێکۆڵینەوە لە کاروچالاکییەکانمان دەکەین جیاوازییەکی زۆر دەبینین لە نێوان خەبات و ماندوبوون و بە خەرجدانی کات و تواناکان لەگەڵ دەرئەنجامەکاندا، کەسێکی تر و گروپێکی تر بە جیاواز ئەو هەڵسنگاندن و لێکۆڵینەوەیە دەکات، ئەمەش دەبێ بە سروشتی دابنرێت و ناکرێت ببێتە پێوەر بۆ دەرچوون و دەرنەچوون لە بازنەی فراوانی ئیسلام.



# دیدێك لە مەڕ پەیوەندی بانگەواز و سیاسەت




**عومەر ئیسماعیل رەحیم**

لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

## پێشەکی:

پرسی پەیوەندی بانگەواز و سیاسەت ئەمڕۆ یەکێکە لە پرسە گەرمەکانی گۆڕەپانی فیکر و سیاسەت لە جیهانی ئیسلامی بە کوردستانیشەوە، لەسەر ئاستی ناوەندە ڕوناکبیریی و سیاسیی و حزبیی و دامەزاوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە، لەلایەن ئیسلامی و عەلمانییەوە، بێگومان تەمەنی ئەو جەدەلە کورت نییە و لانیکەم لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە ئەو پرسە هاتۆتە ناو گفتوگۆ فیکریی و تەنزیرییەکانی پارتە سیاسی و کۆمەڵە و گرووپە ئیسلامییەکان، بەڵام لەم چەند ساڵانەی دواییدا، بە تایبەتی تر دوای شکست پێهێنانی ئیسلامییەکان لە دوای بەهاری عەرەبی گەرمتر بوو.

زۆرێک لە بیرمەند و بڕیاربەدەستەکانی ناو بزاڤی ئیسلامی و هێزە و لایەنە پێکهێنەرەکانی، تێز و شێوازی جۆراوجۆریان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی ئەو دوو کایە (بانگەواز و سیاسەت) خستۆتە ڕوو، پرسی دەعوە و سیاسەت پرسێکە زۆری لە بارەوە وتراوە و نوسراوە، بۆچوونی جوراوجۆر خراوەتە ڕوو، هەریەک لەو بۆچوون و تێزانەش هەوڵی سەلماندنی بە هەندێ بەڵگەی هەڵێنجراو لە واقع و بەڵگەی شەرعی و ئوسوڵی داوە و دەدات، پشت بە ئەزموونی ئەوانی تر دەبەستێت، یا ناچاربوون و خواستی خۆگونجاندن و ڕێکردن لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژ و گۆڕانکارییەکان کراوە و دەکرێت بە پاساو، وەک جۆری لە تەجدید و پێشخستنی کار و شێوازەکانی کاری ئیسلامی دەخرێتە ڕوو.

ئێمەش لە پێگەی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و پەرۆشی خۆمان لە بەرامبەر بزاڤێک کە زیاد لە ٣٥ ساڵی تەمەنمان لە خزمەتکردنیدا بە ڕێکردووە، وەک قوربانیمان لە پێناویدا داوە، لە هەمانکات کەسایەتی خۆشمان لەناو ڕیزەکانی ئەو بزاڤە و بەرنامە پەروەردەیی و ڕێنماییەکانی دورستکردووە و ڕەنگرێژکردووە، خۆشمان لە بەرامبەریدا بە قەرزار دەزانین، لە هەر پاشکەوتن و شکستێکیدا وەک خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین خەفەتیشی بۆ دەخۆین، بۆیە هەرچی بە باشی بزانین بۆ خزمەتکردنی و گوڕپێدانەوەی و پێشخستنی دەبێت بیڵێین و بینوسین و بیگەیەنین.

سەرەتا پێش ئەوە بە درێژی بچینە ناو قوڵایی و ناوەرۆکی بابەتەکە، وەک پێشەکی بە پێویستی دەزانین چەند ڕاستییەک بخەینە ڕوو: هەرچەند لەوانەیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەشدا دووبارە بچینەوە بەسەریاندا.

یەکەم، ڕیشەی ئەو پرسە: لە کوێوە هاتووە لە چ سەرچاوەیەکەوە سەریهەڵداوە، ئاخۆ بێ مەرام و مەبەست تەشەنەی کردووە. بێگومان ئەو پرسە تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە پرسی ڕۆڵی ئایین لە ئاراستە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە گشتی، پەیوەندی ئایین و سیاسەت بەتایبەتی و جیاکردنەوەیان لە یەکتری، دیارە سەلمێنراوە کە ئەو پرسە سەرەتا لە کۆمەڵگە مەسیحییەکان و بە تایبەتیش لە ئەورووپا لە ئەنجامی ئەو ململانێ توندەی نێوان کەنیسە و دامەزراوە ئاینییەکان و دەسەڵاتی سەردەمی (ئیمپراتور) لەسەر قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی لە لایەک، هەروەها لە نێوان پاپا و کەنیسە لەگەڵ زانایان لەسەر قۆرخکردنی حەقیقەت لەلایەکی تر سەریهەڵداوە، لەلای ئێمەش ئەو ناوچەیەی پێی دەوترێت جیهانی ئیسلامی دەرەنجامی ئیحتیکاک و بەریەککەوتن بوو لە گەڵ فەلسەفە و ژیاری خۆرئاوا، کە لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئیسلامی چەند تەوژم و ئاراستەیەک سەریانهەڵدا و لە ڕێگەی ئەوانەوە گوازرایەوە بۆ جیهانی ئیسلامی.

دووەم، لە ئەگەری جیانەکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت، نابێت ئەو تێگەیشتنە دروست بێت کە ئایین و دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی تەنفیزی تێکەڵ دەکرێت و ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتی ئایینی ـسیوکراتیـ، کە دیارە ئەمە

خراپ تێگەیشتنە لە ئایینی ئیسلام و تەنانەت چەمکی سیوکراتیەتیش.

سێیەم، زاڵکردنی دیدی لێکجیانەکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت ترس و سڵەمینەوەیەک لای خەڵک دروست دەکات لە ئەگەری هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەوانەی ئەو دیدەیان هەیە دەستبخەنە ژیانی تایبەتی تاک تاکی کۆمەڵگە، وەک جارجار هەندێک گرووپی توندئاژۆ و پەرگیر سەرهەڵدەدەن و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەراپای کۆمەڵگە دەدەن و دەست دەخنە ناو تایبەتمەندییەکانی تاکی هاوڵاتیانەوە.

چوارەم، کە باس لە نا دروستی لێکدابڕینی بانگەواز و سیاسەت دەکەرێت، دیارە مەبەست لە بانگەواز گوتاری وەعزی و وتاری هەینی – لەگەڵ گەورەیی و بایەخیان– نییە، مەبەست ئەوە نییە واعیز و وتاربێژ بێن کاری سیاسی بکەن، بەڵکو دەبێت ئەوانەی خۆیان بۆ ئەم کایەیە تەرخان دەکەن دەبێت زۆر دووربن لە سیاسەت و ململانێی پوست و بەرژەوەندی...هتد، ئەوەش نە لەبەرئەوەی حەرامە لێیان، بەڵکو زیاتر بۆ پاراستنی ئەو پێگە و کەسایەتییەیە کە بۆی دروست بووە، کاریگەری خۆی هەربمێنێت و ناشیرن و دزێو نەکرێت بەوەی کە بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندی خۆی بووە و نەشکەوێتە ناو ئاڵۆزی و شەڕە سیاسییەکانەوە.

پێنجەم، ئەو بیرۆکەیەی دەمەوێت لە میانەی ئەو نوسینەم دەری ببڕم، نابێتە ڕێگر لە بەردەم بوونی گرووپ و کۆمەڵەی جیاجیا کە بازنەی ئەرک و کاریان سنووردارە بە تەنها گۆشەیەک لە گۆشەکان، لایەنێکی پەروەردەیی یا زانستی و فیکرییەوە، ئەوەشی لێوەرناگیرێت کە ئایینی بەش بەش کردووە و لێکتری دابڕیوە، مادام لە ڕووی فیکری تەنزیری بۆ ئەو جیاکردنەوەیە نەکردبێت، سەرەنجام بە کۆ وێنەی ئایین دەدەن، تەنانەت تەجدیدی ئیسلامیش وەک بیرمەندی هیندستانی وەحیدەدین خان دەڵێت: دەکرێت تەجدیدی بەش بەشمان هەبێت، وەک ئەوەی زانایەک تەجدید لە گۆشەیەک، بوارێک، حوکمێکی ئیسلامی بکات، کارێکی زۆر ئاساییە.

شەشەم، ئایینی ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە، هەر جۆرە دابڕانێک لە نێوان ئایین و سیاسەت، بانگەواز و سیاسەت، زەرەر بەو گشتگیرە دەگەیەنێت و ئەو تێگەیشتنە عەیبدار دەکات، بەڵکو هەندێ لە بیرمەند و توێژەران وا دەبینن کە هەموو جۆرە جیاکردنەوە و دابڕانێکی ئۆرگانی نێوان ئەو لق و بەشانەی ئایین تیرێکە و ئاراستەی خودی عەقیدە و باوەڕی مسوڵمان دەکرێت. هەڵبەت جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر پۆلێنکردن و ڕیزبەندی لق و بەشەکان لە نێوان زانا و بیرمەند و بانگخوازەکان کارێکی شەرعی و ئاساییە و پەیوەستە بە هەلومەرج و جۆری تێگەیشتن.

### سەرەتا دەبێت چەمکەکان پێناسە بکەین:

لە سەرەتاوە دەبێت چەمکەکان پێناسە و شیبکەینەوە و لێیان تێبگەین ئەنجا دەتوانین قسە لەسەر پەیوەندی و بەستنەوە و لێکدابڕین بکەین و دروست دەزانین باسی چی دەکەین، چونکە دیارە لە ئەنجامی بوونی تێگەیشتنی جیا جیاوە، بۆچونی جیا جیا بۆ ئەو پەیوەندییە دروست دەبێت.

شاراوە نییە هەندێ جار جیاوازی تێڕوانین و تەنزیر کردن بۆ پەیوەندی نێوان چەند پرسێک، یا چەند چەمکێکی فیکری و کارلێک کردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە تێروانین بۆ خودی چەمکەکان و ناساندنیان، لێرەوە تا لەگەڵ ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵمان لێک تێبگەین و زەمینەی هاوبەش بدۆزینەوە تا قسەی لەبارەوە بکەین، دەبێت هەریەکەمان بە ڕوونی دەریببڕین ئێمە لە دەلاقەی چ فەلسەفە و قوتابخانەیەکەوە، لە سایەی چ مەرجەعیەتێکەوە سەیری هەریەک لە ئایین و سیاسەت، بانگەواز و سیاسەت، تەنانەت بەها باڵاو و بەرژەوەندییە گشتییەکان، جیهانبینیمان بۆ ژیانی دنیا و دوارۆژ دەکەین و چۆنیان پێناسە

دەکەین، ئەوسا دێینە سەر پەیوەندییان و ئەو کارلێکەی هەریەک لەسەر ئەویتر بەجێیدێڵێت. تەنزیر و شرۆڤەکە بەوە کۆتایی نایەت ئاماژە بە پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵوگۆڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، قبوڵ و قبوڵنەکردنی یەکێک لەو دیدگایانە لای نەیار و بەرامبەرەکانمان بکەین، بڵێین بەوشێوە جیهان قبوڵمان ناکات، دیارە کە نە تەئصیل کردنی چەمکەکان، نە تیۆریزەکردنی فۆرم و چوارچێوەکان، نە دیاریکردنی ئامراز لەژێر کاریگەریی و هەژموونی واقعێک کە فەلسەفە و جیهانبینیەکی جیاواز بەرهەمی هێناوە و جەبری سیاسیەوە نابێت، جیهانبینی تایبەت و مەرجەعیەتی خۆمان هەیە و دەبێت لە سایەیدا لە شتەکان تێبگەین و پێناسەیان بکەین.

بانگەواز: بریتییە لە گەیاندن و بیرخستنەوە و قەناعەت پێکردن بە پرنسیپ و پێداویستییەکانی ئایینی ئیسلام، لە عەقیدە و شەریعەت و قیەم و بەها باڵاکان، ئەحکام عیبادەتی و مامەڵەییەکانی... هتد، ئەوەش بە مەبەستی گۆڕانکارییەک لە بەها و رەفتارە باوەکان و گۆڕینەوەیان بەو بەها و رەفتار و... کە ئیسلام هێناویەتی، کەواتە بانگەواز کارکردنە بۆ راستکردنەوەی ئەو خەلەل و کەم و کوڕیانەی لە فیترە و سروشتی مرۆڤەکان و بونیادی فیکرییان و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کۆمەڵگەکان دروست بووە، ئەوەش گرەوی لەسەر دەکات لاوازی بونیادی واقیعە بەو ئیعتیبارەی لادانە لە راستە شەقام و ئیستقامەت، (وادع الی ربک انک علی هدی مستقیم).

بێگومان ئەو گۆڕانکارییەی دەبێت ئیسلامییەکان –جا پارتی سیاسی بێت، یا کۆمەڵە و گرووپ، یا هەر تەنها ناوەندی فیکری بێت_ کاری لەسەر بکەن زیاتر و فراونتر و قوڵترە لە تەنها رەهەندی سیاسیی و چاکسازی لە کایە سیاسیی و فەرمانڕەواییەکەدا، کەواتە تەنها ئەرکی پارتێکی سیاسی ئیسلامی، مادام بە مەرجەعییەتی ئیسلامی ئیش دەکات بە

## بانگەواز: بریتییە لە گەیاندن و بیرخستنەوە و قەناعەت پێکردن بە پرنسیپ و پێداویستییەکانی ئایینی ئیسلام

تەنها کورت نابێتەوە لە ئەرکی پارتێکی سیاسی بە تێگەیشتنە باوەکەی ئێستا و ئەو پێناسەیەی کە فیکر و فەلسەفەی خۆرئاوا بۆ پارتی سیاسی دەیکات.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەو زەحمەتی و ئاڵۆزیانەی دێنە بەردەم ئەو رێکردنەی بانگەواز، دیارە هەموو ئامراز و رێوشوێنێکی رەوا و مەدەنی و ئاشتیانە دەگرێتەبەر لەسەر ئاستی گوتار، یا ئامرازەکانی تەئسیر و کارتێکردن بۆ تاک و بۆ جەماوەر، کە لە شێوازەکانی مەوعیزە و ئامۆژگاری، یا پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، یا سیاسی و رۆشنبیرییەکان و پەروەردەیی شکڵ دەگرێت، وەک هەر بانگەوازێکی تری پەیوەست بە ئایینەکان و ئایدیۆلۆژیا و ئایینزایەکی تر لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەم جیهانە.

سیاسەت: بریتییە لە هونەری رێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەک بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکان تەحقیق بکات لە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی تاک، کە لە ئاسایشی جەستەییەوە لە دابینکردنی خۆراک و سەلامەتی لاشەوە دەستپێدەکات، هەڵدەکشێت بەرەو خواست و پێداویستییەکانی ئاسایشی کۆمەڵگە لە رێکخستنی پەیوەندییەکان و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و بەرجەستەکردنی دادگەری، تا دەگاتە ئاسایشی شوناس و بەهاکانی وەڵامدەرەوەی پرسیارە وجودییەکان و ئینتما، کەواتە سیاسەتیش بە نۆرەی

# سیاسەت: بریتییە لە هونەری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەك بەرژەوەندییە باڵاکان تەحقیق بکات

خۆی خەبات بۆ گۆڕانکاری دەکات، لە ئاسۆی گشتی دروستکردنی واقیعێکی نوێ کە کۆمەڵگە تێیدا دەستی بگات بە زۆرترین ڕێژەی بەرژەوەندییە گشتییەکان کە خزمەت بە ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆ بکات.

### ڕیشەی بیرۆکەی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت:

بێگومان هەر کێشەیەکی فیکریی و فەلسەفی و تیۆری سەرەتایەکی هەیە، ڕیشە و فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تایبەت بە خۆی هەیە، پرسی دابڕین و جیاکردنەوەی تەواوی بانگەواز و سیاسەت، یا بوونی پەیوەندی و کارلێکی بانگەواز و سیاسەتیش وەک هەر پرسێکی تر سەرەتا و ڕیشە و فاکتەری تایبەت بە خۆی هەیە، پەیدابوونی ژینگەیەکی کلتووریی و فیکری بۆتە مایەی سەرهەڵدانی.

وەک لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە ئەورووپا ئەو ململانێیەی لە نێوان دەسەڵاتی دنیایی بە نوێنەرایەتی پادشا و ئیمپراتۆرەکان و دەسەڵاتی ئایینی بە نوێنەرایەتی کەنیسە و پاپاکان لەسەر قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کونترۆڵکردنی کۆمەڵگە لە لایەک، هەروەها لە نێوان کەنیسە و پیاوانی ئایینی و زاناکان لە سەر قۆرخکردنی حەقیقەت لە لایەکی تر دروست بوو، سەرەنجام بە گۆشەگیرکردنی کەنیسە و دابڕینی لە هەموو کایەکانی ژیان جگە لە مومارەسە کردنی سرووتە ئاینییەکان ئەویش لە نێوان چوار دیواری کەنیسە و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و بڕیاری سیاسی لە لایەن دەسەڵاتی دنیاییەوە، و ئازادکردنی زانایان لە مەیدانی توێژینەوە و داهێنانی زانستی کۆتایی هات، ئایین بوو بە تەنها پەیوەندییەکی ڕوحی لە نێوان خودا و بەندە، یەکلایی کردنەوەی تەواوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە بۆ دەسەڵاتی دنیایی، ئەمە لە ئەورووپا، بەڵام گواستنەوەی ئەو حاڵەتە وەک خۆی کە دیارە پاساو و ڕیشەی فەلسەفی خۆی هەبووە لە ئەورووپا، بۆ ناو دنیای ئیسلام کە ئەو پاساو و ڕیشە فەلسەفیانەی نەبووە هەڵەیەکی گەورەیە، وەک د.حامد ڕەبیع، کە پسپۆڕ و مامۆستای فیکر و فەلسەفەی سیاسی بوو لە چەندین زانکۆدا دەڵێت: لەڕاستیدا نزیکی و پێکەوەلکانی ژیانی ئایینی و ژیانی مەدەنی لەسەر ئاستی تاک پرسێک نییە بتوانرێت فەرامۆش و پشتگوێ بخرێت، تاکی مرۆڤ یەک حەقیقەتە و لەناویدا هەموو پێدراوە ئایینی و مەدەنییەکان، سیاسی و نا سیاسییەکان، واتایی و ناواتاییەکان دەتوێنەوە، یەک لاشەیە، یەک عەقڵە، چۆن دەتوانرێت پارچە بکرێن و لێکجیابکرێتەوە؟ ئایینیش خۆی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بوونی واتایی و واقیعی فیکری مرۆڤ، دەی کەوابێت سروشتییە لەسەر ئاستی ڕەهەندی فیکری هەموو ڕەگەزە میسالی و نمونەییەکانی بوونی مرۆڤ چ ئایینی چ ئەخلاقی دەست لەملانی یەکتر بن، لەڕاستیدا دابڕین و جوداکردنەوەی فیکری ئەو ڕەهەند و ڕەگەزانە دەرەنجامی پێشوازی کردنە لە توراسی خۆرئاوا، بەبێ دەرککردنی حەقیقەتی ئەو توراسە، مێژووی ئەورووپا ڕێکخستنێکی کەنەسی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبوو کە:

١- هەڵگری سروشتێکی ڕێکخراوەیی بوو.

٢- خاوەنی سروشتێکی دواکەوتوو، ڕێگر لە بەردەم هەر پێشکەوتنێکی زانستی.

٣- سروشتی وابوو دژایەتی کردنی بزاڤە نەتەوەییەکانی دەکرد.

ئیتر ئاساییە شۆڕشی فەڕەنسی بە ناوی ڕوبەڕووبوونەوەی کەنیسە هەڵگیرسێت. بەڵام بێگومان واقیعی دنیای ئیسلامی و پێدراوەکانی زۆر جیاوازە و جیاوازیش بووە، ئایینی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک ڕێکخستنی کەهەنوتی ناناسێت ئەمە یەک، دوو ئایینی ئیسلام خۆی ئامراز و پاڵنەری پێشکەوتن بووە، سێ هەر خۆی نەوەک دژ نەبووە بە شۆڕشە نەتەوەییەکان، بەڵکو خۆی هەڵگیرسێنەر بووە. (مسقبل الاسلام السیاسی، ص١٠)

## وێناکانی پەیوەندی دوو لایەنەی بانگەواز و سیاسەت:

بە کورتی دەتوانین ئەو تێز و وێنانەی تائێستا لایەنە ئیسلامییەکان مامەڵەی دەکەن لە سێ ئاستی جیاواز پۆلێن بکەین:

یەکەم: ئاوێتەکردنی بانگەواز و سیاسەت، وەک یەک شت سەیر بکرێن، هیچ سنورێک لە نێوان مومارەسەی ئەرکە سیاسییەکان و پەرستش و پرسە ئایینیە تایبەتەکان نەمێنێت، هەر ئەو کەسەی لە ناو جەرگەی شەڕە سیاسییە گەرمەکانی وەک ململانێی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندن و دورستکردنی بڕیارە سیاسییە تایبەتەکان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە و...هتد، هەرئەوەش بێت فەتوای ئایینی دەربکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە پسپۆرییەتێک، دەبێت فەتوای ئایینی و گوتاری حەڕام و حەڵاڵ تێکەڵ بە هەموو کایە و جومگەکانی ژیان بکرێت، هیچ مەودایەک بۆ گوتاری خراپ و باش، خراپ و خراپتر، باش و باشتر، یا بەرژەوەندی و تەحقیقی مەرام و مەبەستەکان نەهێڵدرێتەوە، کردەی سیاسی وەک کردەیەکی رۆحی سەیر بکرێت.

هەموو کایەکانی ژیان بە چاویلکەی ئایینی بە مەعنا تایبەتەکەیەوە بخوێنرێتەوە، من ئەو جۆرە پەیوەندییە ناو دەنێم ئاوێتەکردنی _التماهی_ سیاسەت بە بانگەواز و تواندنەوەیان لەناو یەکتری.

دووەم: دابڕینی هەردوو کایەکە، نەهێشتنی هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیان، ئەم ئاستە دەتوانین بڵێین ڕێک پێچەوانەی ئاستی یەکەمە، بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ جومگەیەکدا بەیەک ناگەن و هیچ جۆرە کاریگەرییەکی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر یەک بەجێناهێڵن، من ئەو ئاستە ناودەنێم دابڕین و جیاکردنەوەیەکی (الانقطاع)- تیۆری و دامەزراوەیی لە نێوانیان.

سێیەم: جیاکاری(تمییز)- بریتییە لە دابەشکردنی ئەرک و کارەکان بەسەر کەس و دامەزراوەکان بە پێی پسپۆری، بەڵام لە بازنەی یەک قەوارەی ڕێکخراوەییدا، کە دواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

حەقیقەتی پەیوەندییەکە:

بزاڤە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە وەک بەشێکی دانەبڕاوی بانگەواز لە سیاسەتیان ڕوانیوە، وایان داناوە سیاسەت پێویستییەکی بانگەوازە، کە نابێت بانگخوازان دەستبەرداری ببن، یا فەرامۆشی بکەن، چونکە یارمەتیدەر و پێکهێنەرێکی بەهێزی سەرکەوتنەکان و گەیشتنە بە ئامانجەکان، مایەی باڵادەست کردنی پرۆژەی ئیسلامییە لە سەر هەموو ئاستەکانیدا، ئەو بۆچوونەشیان بە چەندین بەڵگەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی قورئان و فەرمودە تەصیل کردبوو.

هۆشداریش لە ئەگەری گەورەبوون و ئابڵۆقەدانی سیاسەت بۆ بەشەکانی تر و لەسەر حیسابی ئەوان لای ئەو بزاڤە ئیسلامیانە هەر لە سەرەتاوە ئامادە بووە، وەک لە نوسینی پێشەنگەکانی ئەو بزاڤە ئیسلامییە بەگشتی، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە بە میانڕەو ناسراوە و دەردەکەوێت، هەربۆیەش هەردەم پێداگرییان کردووە لە ووردبینی لەو پانتاییە سروشتییەی کە دەبێت سیاسەت پڕی بکاتەوە لە کۆی قەبارە گشتییەکەی بانگەواز، هەروەها لە ناوەوەی نەسەقی گشتی ئایینیش، ئەو پانتاییەی سیاسەتیش کورت و درێژ، فراوان و بەرتەسک دەبێتەوە بەپێی هەلومەرج و ئەولەویاتی قۆناغەکان،

بەڵام هەرگیز نابێت وەک ئەختەبوت رێگەی پێبدرێت هەموو لق و پێکهاتەکانی تری ئایین و بانگەواز داپۆشێت و بیانخوات، هەموویان لەناوخۆیدا بتوێنێتەوە و وابکات بانگەواز سیاسەت بێت و سیاسەتیش بانگەواز بێت.

ئەگەر لۆجیکی سیاسەت لە تەحقیقکردنی بەرژەوەندییە ژیانی و بژێوییەکانی خەڵک کورت بکرێتەوە، خۆ دیارە هەرگیز ئەمە ناکرێت و رووناداوت بە دابراوی لە بوونی دیدگا و جیهانبینییەک کە چەمکی چاک و خراپ و بەرژەوەندی و دژەکەی دیاری بکات و بیانخاتە ناو چوارچێوەیەکی روون و دیار و پێناسەکراو بەپێی مەرجەعیەتێکی روون و راشکاو، دوور لە هەر هەژموون و زۆرلێکردنێکی واقیع و ئارەزووە مرۆییەکانی خودی مرۆڤ.

لێرەوە بانگەواز رۆڵی دیار و کاریگەر دەگێرێت لە ئامادەکردنی کۆمەڵگە و پۆلێن و رێکخستنی ستراتیژیەتی بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتەکان، واتە بانگەواز لە رێرەوی قەناعەت پێهێنانی خۆیدا دەتوانێت رایەکی گشتی دروست بکات سەبارەت بە رێسا و ئاراستە و هەڵوێست بۆ سروشتی کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی و چەشنی ژیانکردن و چاوەروانییەکانی تاک و کۆمەڵەکان.

لەکاتێکدا رۆڵی سیاسەت لە چواردەوری وەبەرهێنان و کەڵکوەرگرتن لەم حاڵەتە و لە ئیجتهادکردن لە سەروکاری سەپاندنی مەرجە بابەتییەکان بەشێوەیەک وەڵامدەرەوەی ئەو رێسایانە بێت خۆی دەبینێتەوە. جا لەبەر ئەمە بەوپێیە بێت پەکخستنی بانگەواز، یا لاوازکردنی، یا دواخستنی بایەخ پێدانی پێویست بۆ خاتری فراوان کردنی بازنەی کردەی سیاسی رووت ئەشێت ببێتە هەرەشەیەکی جددی لە سەر بانگەواز و خودی سیاسەتیش بەیەکەوە.

بوونی لقەکانی تری بانگەواز رێگە لە دروستبوونی ئەو حاڵەتە دەگرن، و پارێزبەندییەکی قییەمی ئایینی دروست دەکەن و رێگە نادەن بە قەبەبوونی سیاسەت، رێگەی پێنادەن بە تێکدانی هاوسەنگی و بوونی بە هەرەشە بەسەر لق و کایەکانی تر و خودی سیاسەت خۆشیەوە، لەکاتێکدا سیاسەت وەک لقێکی بانگەواز ئەرکی تەحقیقکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە سایەی ئەو بەهایانە دەگرێتە ئەستۆ، ئەمەش دوو ئاستی کارکردنی لێدەکەوێتەوە، یەکەم گشتگیر و نەگۆر، دووەم جوزئی و گۆراو هەر ئەم راستییەشە لە رواڵەتدا جۆرێک لە جیاکاریی و تایبەتمەندی دەداتە لۆجیکی(منطق) بانگەواز و سیاسەت، یا دەبن بە تەواوکاری یەکتری لە پێگەی ئەوە کە سیاسەت بەشێکە لە پرسی بانگەواز.

لە هەڵە کوشندە و گەورە و بڵاوەکان ئەوەیە بانگەواز هەمان رێچکەی مومارەسەی سیاسەت بگرێتە بەر و لقەکانی تری فەرامۆش بکات، کێشەکە ئەو کاتە هێشتا گەورەتر دەبێت کە مەرجەکانی سیاسەتکردن بەرامبەر دەکرێن لەگەڵ پێداویستی و خواستەکانی بانگەواز، ئەمەش دەبێتە هۆی فەرامۆش و کەمتەرخەمییەکی تەدریجی لە بنەما و پایەکان و سەمتی ئەخلاقی و گوتاردا، بەر لە داروخانی یەکجاریی و بازدانێکی جۆری وا کە ئامراز و هۆکارەکان مەرام و ئامانجەکان هەڵلوشن، خودی مرۆڤ ـ بکەری سیاسی و بانگخواز- لێرەدا رۆڵی گرنگ دەبینێت لە راگرتنی هاوسەنگی پێویست یا کەوتنە خوارەوە بۆ ناهاوسەنگیەکی مەترسیدار.

فاکتەرەکانی ئاڵۆزکردنی پەیوەندی ئایین و سیاسەت:

یەکێک لەو کێشانەی رووبەرووی فیکری سیاسی ئیسلامییەکان دەبێتەوە تائێستا نەشتوانراوە چارەسەری ریشەیی بکرێت پرسی پێناسە و ئەرکی حیزبە لە دیدگای ئایینی ئیسلامی و چوارچێوەی فیکری ئیسلامی، ئەوەی کە ئێستا هەیە و کاری پێدەکرێت بەرهەمی مۆدێرنەی ئەوروپایە، دەشزانین کە کاریگەرترین و دیارترین پایە و رەگەزی فەلسەفی مۆدێرنە دابرین و دوورخستنەوەی ئایینە لە کایە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت سیاسەت،

بۆیە دەوترێت حیزب ئامراز و داینگەی چەسپاندنی فەزائلی ئەخلاقی نییە، جێگەی گەشەکردن و پەروەردە و بەرهەمهێنانی رۆحانیەت و ئاینداری نییە، حیزب هەڵگری پرۆژەی سیاسیی و چاکسازیی و گۆڕانکارییە لە کایە گشتییەکان، دەی لە فیکر و فەلسەفەی ئسلامی وەک قورئانی پیرۆز دایڕشتووە ئەم دوو ڕەهەندە، واتە پەروەردە و پێگەیاندنی تاکی ساڵح و چاکسازی لە کایە گشتییەکان لێکدابڕاو نین، یەکەمیان بناغەی دووەمیانە.

بەهۆی ئەو کێشە فیکریی و تەنزیریەوە لەکاتی هەر شکستێکدا کە دێتە ڕێگەی ئیسلامییەکان، ناگەڕێین بە دوای فاکتەرە حەقیقیەکان و هۆکارەکە دەگەڕێینەوە بۆ تێکەڵکردنی بانگەواز و سیاسەت، لەکاتێکدا ئەو کارەکتەرە ئیسلامیانەی زۆرترین جەماوەریان هەبووە تا ئێستا بە ایبەتی لە کوردستان ئەوانەن لە کایەی بانگەوازەکە چالاک بوون.

وای دەبینم ئەوانەی تا ئێستا ویستویانە تەنزیر لەو بوارە بکەن، یان-لەگەڵ ڕێزمدا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڤایرۆسی عەلمانییەت لێداوون و زۆر بە سادەیی دەڵێن: ئایین و پرەنسیپەکانی بەو پاکی و خاوێنیەوە بوار و مەیدانەکەی بانگەوازە، سیاسەت بەو جەنجاڵی و فروفێڵەوە بوار و مەیدانی حیزبە، نابێت تێکەڵ بکرێن. هەندێکیشی دیدگا و بۆچوونێکی ڕوونی بۆ پرسەکە نییە، ناتوانێت گوتارێکی ڕاشکاوی هەبێت و بەردەوام لە دوودڵی و ڕاڕایدا دەژی، نەیتوانیوە خۆی یەکلایی بکاتەوە لە نێوان حیزبی بوون و کۆمەڵە، هەندێکی تریش وەک ئەوەی پێویست نەکات خۆی زەحمەت نەداوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە لە دیدگای ئیسلامی، ئایا حیزب چییە؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حیزبێک کە بە مەرجەعییەتی ئیسلامی کار بکات چین دەبێت چۆن بێت؟ ئەرکی حیزب و میکانیزمەکانی کارکردنی چین؟ بەداخەوە تائێستا وەک ئاماژەم کرد ئەوەی بەرهەمهاتووە و نوسراوە و وتراوە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی عەلمانییە جیاوازییەکی نییە.

## ئایینی ئیسلام بە هیچ شێوەیەك ڕێکخستنی کەهەنوتی ناناسێت

بۆیە یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی کە دەبێت بیرمەند و مونەزیرە سیاسییە ئیسلامیەکان کاری لەسەر بکەن پێناسەکردنەوە و دیاریکردنی خەسڵەت و ڕۆڵ و ئەرکی حیزبە لە دیدگای ئیسلامەوە.

ئەو ڕاستییەی لە سەرەوە باسم کرد فاکتەری بنەڕەتی ئاڵۆزبوون و ئاڵوزکردنی پەیوەندی سیاسەت و بانگەوازە، ئەشێت فاکتەری تر هەبن، بەڵام بە لای منەوە لاوەکین، وەک: سروشتی ئەو سەقافە ئایینییەی باڵادەستە لە کۆمەڵگە، سیاقی مێژوویی، سروشت و تایبەتمەندی کۆمەڵگە، تێگەیشتن لە سیاسەت و ئەو پێناسەیەی بۆی کراوە.

دیدگای من بۆ پەیوەندی بانگەواز و سیاسەت:

لەڕاستیدا قسەکردن لە سەر جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت بەو پێناسانەی کە ئێمە کردمان وەک ئەوە دوو شتی جیاواز دوو موهیمەی جیاواز دوو پرسی جیاواز دوو دنیای جیاواز بن شتێکی نا لۆجیکییە، چونکە ئەم جۆرە بەراورد و لێکدابڕینە لە نێوان دوو شتی تەریبدا دەبێت، دوو شت کە ئەرک و بازنەی کاریان یەک شت بێت و تەواوکاری یەک نەبن، بەڵکو ئەلتەرناتیڤ بن، وەک دوو دەسەڵات، دوو سوپا...هتد، بەڵام وەک ئەوەی خرایە ڕوو دوانەیی بانگەواز و سیاسەت بەم شێوە نییە، بەڵکو لە نێوانیاندا تەواوکاری و عموم و خصوص هەیە، بۆیە ناکرێت بانگەشەی ئەوە بکەین لایەنێک

# سرووشتی ئیسلام وەك ئایین ڕێگە دەگرێت لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت

کە سیاسەت دەکات نابێت بانگەواز بکات، ئەگەر سیاسەت دەکات، ئەی مەگەر پرۆسەی قەناعەت پێکردنی ئەوانی تر بە پرۆژە و دیدگا سیاسیی و پەیامەکانی ناوی چی لێدەنرێت، یا ئەوەی بانگەواز دەکات بانگەواز بۆ چ مەرجەعیەتێک و فیکرێک و سیاسەتێک دەکات، کەواتە بەم تێگەیشتنە پێکەوەبوونی سیاسەت و بانگەواز پێویستە و ناکرێت نەبێت، ناگونجێت دان بە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، بە دوایدا بانگەواز لە سیاسەت لە هیچ کۆمەڵگەیکدا بکەین، چونکە ئایین لای تاکی مونتەمی تەنانەت ئەگەر مسوڵمانیش نەبێت، پابەند بێت بە ئایینەوە یا نەبێت، ئامادەیی هەیە لە نەست و ئەو کلتوورەی کە لەسەری پەروەردە بووە، هەروەها ئایین ـجا هەر ئاینێک بێتـ ڕشتە و مەنزومەیەک لە بەهای باڵا و پێوەری دەخاتە ڕوو بۆ کۆمەڵگە، و بە دیاریکردنی چەند مەرام و ئامانجێکی بەرز دەیەوێت ژیانی مرۆڤەکانی پێ ڕەنگرێژ بکات.

هەروەها کاروانی شارستانییەتیشی پێ ئاڕاستە بکات، وەک دادگەری، برایەتی، یەکسانی، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ، ڕاشکاوی و شەفافییەت، ئەوەش ئایین چاوەڕییەتی ڕەنگدانەوەی ئەو بەها باڵا و پرنسیپە پێوەریانەیە لە سەر پەیوەندییە دنیاییەکانی مرۆڤەکان و ژیان و کردەی سیاسیانەوە، کەواتە ئایین لە ناو سیاسەتیش وەک بەها و پێوەر و ئامانج، وەک گیان و بزوێنەر و پاڵنەر، وەک تەوەر و هێزی کۆکەرەوە بۆ گەل و نەتەوە ئامادەیە، بەڵام دەکرێت و دەشبێت وەک مومارەسە سیاسەت لە دەزگا و دامەزراوەی سەربەخۆ ئەنجامبدرێت دور لە هەر دەسەڵاتێکی ئایینی کەهەنوتی. دابەشکردنی ئەرک و سەربەخۆیی دەزگا و دامەزراوەکانی هەردوو کایەکە ئەویش پێویستە و دەبێت جەختی لێ بکرێتەوە، گوتاری سیاسی زمانی ژمارەی پەرلەمانتار و کورسی و پرۆژە و هەڵوێستی سیاسی و ئابوورییە، هەرچی بانگەوازە گوتاری چەسپاندنی مەرجەعیەتی ئیسلامییە لە کۆمەڵگە بەگشتی و کایەی سیاسی بە تایبەتی.

ئەو ڕاستییەی گومانی لێناکرێت و لای هەموو شارەزایەک بە ئیسلام ڕوونە سرووشتی ئیسلام وەک ئایین ڕێگە دەگرێت لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، چونکە حەقیقەت و گەوهەری ئیسلام حەقیقەتێکی کوللیە، تێیدا ژیار لەگەڵ ڕەفتاردا یەکدەگرێت و تێکەڵ دەبن، ڕەهەندی ئایینی ئاوێزانی بوونی سیاسی دەبێت و یەک جۆر ئەخلاقیات کۆنترۆڵیان دەکات. بەڵام هەموو ئەم ڕاستیانە ڕێگە لە دروستی و توانای جیاکاری ئەکادیمی، یا وەزیفی و ئیجرائی ڕەهەندی سیاسی و ڕەهەندی نا سیاسی ناگرن، بەڵکو واقیعی ئەمڕۆ ئەو جیاکارییە پێویست دەکات. بۆ زیاتر خوێندنەوەی ئەو بیرۆکەیە بڕوانە(مستقبل الاسلام السیاسی، ص٤٦).

وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لە ئەگەری هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامییەکانیش –بەتایبەت ئەو تەوژمەی بە میانڕە و ناسراوە و تێگەیشتنی دروستی هەیە بۆ ئیسلام و ڕۆڵی ئایین لە ژیانی مرۆڤدا ئەو دیدگایە نابێتە جێگەی ترسی دروستبوونی دەسەڵاتێکی سیۆکراتی و ئایینی بە مانا تەسکەکەی، ئەمامان ڕوونکردەوە .

لە واقیعدا تێکەڵکردنی دەزگایی سستمی مومارەسەی سیاسی و فەرمانڕەوایی لەگەڵ سستمی مامەڵەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تاک

شتێکی نامۆیە بە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و لە شوێنێکی ترەوە هاتووەتە ناو نەریت و ومارەسەی ئیسلامی. شەرعناسەکان و لەسەروو هەمووشیانەوە چوار پێشەواکە هەرگیز ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە لە پرسێک لەو پرسانەی پەیوەستن بە دەسەڵاتی حوکمڕانییەوە – ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت مامەڵەی سیاسی فەتوا دەربکەن، پرۆسەی پێکبەستنەوەی هەڵوێستە فیکریی و ئایدیۆلۆژییەکان بە سستەمە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە کۆمەڵگە پێنەگەیشتووەکان نەبێت سەرهەڵنادات. (المدخل لدراسة التراث الاسلامي ، ص٢٣٦)

پێشینەیەکی درەوشاوەی جیاکاری (تمييز) ئەکادیمی و ئیجرائی لە توراس و ئەزموونی مسوڵمانان وەک زانا و بیرمەند و سیاسییەکان خستویانەتە ڕوو:

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە برگەی پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، دەڵێین لەڕاستیدا جیاکاری لە سەر هەردوو ئاستی ئەکادیمی و ئیجرائیدا لە نێوان پرسە ئایینی و دنیاییەکان، پرنسیپە نەگۆڕ و گۆڕاوەکان، سیاسی و ئاینییەکان بە مانا تەسکەکەیەوە، یا بە دەربڕینێکی تر ئەو پرس و بابەتانەی پەیوەستن بە کردەی سیاسی و فەرمانڕەوایی و ئەوانەی پەیوەستن بە ڕەهەندە فیکریی و تیۆرییەکان لە مێژوو و ژیاری ئیسلامی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی باو، کەوا دەزانرێت تێکەڵکردنێک تا حەددی سیۆکراتییەت لە ئارارادا هەیە. ئەم ڕاستییە شتێکی زانراو و دانپێدانراوە لە لایەن زانایانی ئوسوڵ و شەرعناسەکان، تەنانەت لە هەندێ فەرمووده و ڕەفتاری پێغەمبەر(د.خ) ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت، لە دیارترین ئەو بەڵگانەش ئەمانە:

یەک، زۆربەی زانایان هاوڕان لەسەر پۆلێنکردن و دابەشکردنی ڕەفتار و کردەوەکانی پێغەمبەر بۆ:

١- هەندێ ڕەفتار کە وەک مرۆڤێک خاوەن سروشت و تایبەتمەندییەکی جیاواز ڕەفتاری کردووە.

٢- لە پێگەی پێغەمبەرایەتی گەیەنەری ئەحکامەکانی عەقیدە و شەریعەت بە بەندەکان.

٣- وەک موفتی کە پشتی بەستووە بە هەلومەرج و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەی پرسیاری کردووە.

٤- وەک قازی و دادوەر کە پشتی بەستووە بە بەهێزی بەڵگەی کەسە ناکۆکەکان.

٥- وەک کەسێک لە پێگەی ئەو ئەزمونەی لە ژیاندا کۆیکردۆتەوە.

٦- لە پێگەی پیاوی دەوڵەت و بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایی...هتد، لێرەوە جیاکارییەکی تەواویان کردووە کە کام لەو ڕەفتارانە دەبێت پێیەوە پاندبین و کامەیان جێگەی پابەندی نییە، لەو زانایانەی بەدرێژی لەو بابەتە دواون لە پێشینان ئیمامی قەرافی لە کتێبی «الفروق»دا و لە هاوچەرخیش شێخی مەقاصدین د.ئەحمەد ڕەیسونی لە کتێبی «مقاصد المقاصد»دا.

دوو، جیاکاری لە نێوان چەمک و شتە دنیاییەکان و ئایینیەکان شتێکی بەرچاو و دیارە لە نوسینە زانستی و فیکرییەکانی توراس و ئەزموونی مسوڵماناندا، لە ناوەڕۆکی زۆر لە کتێبە ئوسوڵییەکان باس لە ئەحکامی دیینی و ئەحکامی دنیایی کراوە، باس لە بەرژەوەندییە دنیایی و بەرژەوەندییە ئایینیەکان کراوە، ئەگەر تەنانەت بەشێوەیەکی سەرپێیش سەردانێکی «الموافقات» شاتبی و «قواعد الاحكام فی مصالح الانام» هەر کتێبێکی تری ئوسوڵی بکەیت ئەم جیاکارییە ئەکادیمییە بەتەواوی هەست پێدەکەیت لە نێوان چەمکە جیاجیا دنیایی و ئایینیەکان، تەنانەت ماوەردی کە بیرمەندێکی سیاسی و لە هەمانکات زانایەکی ئوسوڵی بووە، لە ڕووی کردەیش سیاسەتمەدار و پیاوی دیپلۆماسیەتی سەردەمی خۆی بووە، کتێبێکی نایابی نوسیوە بەناوی «ادب الدنيا والدين» کە بە لای منەوە ئەم کتێبە دەچێتە کایەی کۆمەڵناسی سیاسی.

لە پێشەوەش ئاماژەمان کردووە بە هەڵوێستی

شەرعناسەکان کە سەرقافڵە بوون لە ڕەهەندی ئەکادیمی و بانگخوازیدا، چۆن ڕێگەیان بە خۆیان نەداوە دەست بخەنە ناو کاروباری دامەزراوەی سیاسی و لەبری ئەوان فەتوا بدەن و بڕیار دروست بکەن.

چەند هێڵێکی گشتی پێشنیارکرا بۆ وێنا و بەرجەستەکردنی ئەو فۆرمەی کە لەم دیدگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە خرایە ڕوو:

دەبێت حیزب لە پێگەی گشتگیری ئایینی ئیسلام مومارەسەی کاری خۆی بکات، ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە، ئەو گشتگیریەش لە هەمەلایەنی کارەکانی ڕەنگبداتەوە، بانگەوازی تاک، گشتی، کاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەندیکایی، ڕوناکبیری، و هزری،...هتد فراوانی و جۆراوجۆری بوارەکان بەقەدەر فراوانی و گشتگیری ئیسلام بێت، بە تێبینی ئەم چەند خاڵە:

١- بیری نەچێت کە کۆمەڵگە مسوڵمانە و ئەشێت لادان و کەم و کوڕی هەبێت، بەڵام لە ئیسلام دەرنەچووە. بە گوزارشتێکی تر بانگەواز بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو بۆ گێڕانەوەی مەرجەعیەتی ئیسلامیە بۆ کۆمەڵگە.

٢- خۆی وەک ئەلتەرناتیڤ و بەدیلی هەمووان دانەنێت، بەڵکو ئەویش ئەزمونێکە لە ئەزمونەکان و دەستکەوتێک دەخاتە سەر دەسکەوتەکانی تری کۆمەڵگە.

٣- هەموو ئەو ڕەهەندانە بە هاوسەنگ و بەبێ زاڵکردنی لایەک لە سەر لایەکەی تر و لە میانەی دەزگا و دامەزراوەی تایبەت و کەسانی پسپۆڕەوە بەڕێوە بچێت.

٤- لە ڕەهەندە سیاسیەکەیەوە وەک هەر هێزێکی تری سیاسی دەچێتە کێبەرکێ و پرۆژەی بەدیل پێشکەش دەکات و هەوڵی گەیشتە دەسەڵاتی سیاسی دەدات، بەڵام ڕەهەندەکانی تر خۆی وەک ئەزمونێک و تەواوکار بۆ دەستکەوتە نیشتمانییەکانی تر تەرح دەکات.

٥- سیمای ئیسلامی بوونی لە بە مەرجەع کردنی ئیسلام ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەش دەخوازێت لە ڕێگەی دامەزراوەی پسپۆڕەوە هەوڵی تەنزیر و تەئصیل کردنی چەمک و مەفاهیمەکان بکات و تەنها کاوێژ نەکات و چەمک و مەفاهیمە خۆرئاواییەکان بگوازێتەوە.

٦- دابەشکردنی ئەرک و کارەکان بەم شێوەیە بێت، کاری سیاسی بە تەواوی بسپێردرێت بە ئەنجومەن یان مەکتەب و دامەزراوەیەکی سیاسی تایبەت، کارە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆمەڵە و گرووپەکان، کاری وتاری ئایینی و ئامۆژگاریی و هۆشیاری ئایینی بۆ زانا و بانگخوازە پسپۆڕەکان، کاری پیشەیی لە ڕێگەی سەندیکا و ڕێکخراوەکانەوە، کاری فیکریی و ڕوناکبیری لە ڕێگەی سەنتەر و ناوەندی تایبەتەوە..

بەڵام دەبێت هەموو ئەمانە لەم چوار خاڵە یەکبگرنەوە: ١- مەرجەعیەتی فیکری هەموویان ئیسلامە. ٢- مەرجعیەتی گشتی کاریان حیزبە، بەڵام لە ڕووی ئۆرگانی و ڕێکخستنی کاریانەوە سەربەخۆ و ئازادن. ٣-تەواوکاری یەکترن لە پرۆژە ئیسلامییەکەیان کە بریتییە لە بەشداری هەموویان لە ئیقامەی ئایین، لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازن. ٤-بۆ ئاگا لەیەک بوون و هەماهەنگی و ڕێگەگرتن لە هەر ئەگەرێکی نەویستراو کۆنفرانسی ساڵانە لە نێوان هەموویان هەبێت، ئەو کۆنفرانسە ڕاسپاردەی دەبێت بەڵام لە پلانی گشتیدا هیچێک لەو ڕەهەندانەی کار ئیلزام ناکات، هەریەکەی سەرکردایەتی و کارگێریی تایبەت بە خۆی دەبێت.

٧- بە هیچ شێوەیەک نابێت لە مومارەسەی سیاسیدا ڕەمز و هێما و دروشمە ئایینیەکان بەکاربهێنرێن، ئەو ڕەمزە ئایینیانەی کە شەعبییەتیان لە ڕێگەی گوتاری وەعزی و هۆشیاری ئایینیەوە پەیدا کردووە نابێت بێنە کایە سیاسی و ململانێکانی هەڵبژاردنەوە، لە ئەگەری ئەوە یەکێک حەزی کرد بێتە ئەو بوارە دەبێت بواری وەعز و ئیرشاد بە

جێبهێڵێت.

٨- پێگەی ڕەمز و کەسایەتییەکان، ڕەمزە ئایینی و کومەڵایەتییەکان نابێت بە زمانی حیزبی و لایەنداری قسە بکەن، ئەبێت مولکی گشتی بن و نوێنەرایەتی لایەن نەکەن، بەڵام ڕەمز و کەسایەتییە حزبی و سیاسییەکان نوێنەرایەتی حیزب دەکەن و لە بوارە گشتییەکان موزاحەمەتی ئەوانی تر ناکەن.

**کۆتایی**

لە کۆتاییدا جەخت لەو چەند خاڵە بە پێویست دەزانم:


یەک: هەر پێشنیارێک، تێزێکی فیکری، دەکرێت، تا تاقینەکرێتەوە و ئەنجامەکانی بابەتیانە و زانستیانە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکرێت، وەک پێویست ئاستی دەرکەوتوویی و شکستی دەرناکەوێت، دواتریش هەر وەک ئەزمونێک دەمێنێتەوە، ناکرێت لە سەرەتاوە بانگەشەی ئەوە بکرێت ئەم فیکرە کە لەوانەیە هێشتا لای خاوەنەکەی وەک پێویست نەخەملێبێت بانگەشەی ئەوەی بۆ بکرێت عەسای سیحرییە و ڕزگارمان دەکات لەو قەیرانە فیکرییە، بۆیە لێرەدا تەنها دەڵێم ئەوە بۆچوونی منە و وا ئەزانم فۆرمێک لەو ئەو فۆرمانە بێت لە میانەیدا بتوانرێت ئایینی ئیسلام وەک ئاینێکی گشتگیر تێیدا دنیا بە دوارۆژ، کایە واتاییەکان بە کایە ماددییەکان، سیاسەت بە ئەخلاق... هتد گرێبدرێت.

دوو: تیۆریزەکردن و پێداگری لەسەر فۆرمی هاوتەریبکردنی بانگەواز و سیاسەت لەناو یەک قەوارەی حیزبیدا، هەرگیز ڕێگر نەبووە و نابێت لە بەردەم نوێبونەوە و گەشەکردنی فیکریی و کرانەوە بە ڕووی ئەوانی تردا، یا سەودا نەکردن و ئیستیعاب نەکردنی گۆڕانکارییە سەردەمییەکان، پەرەپێدانی گوتاری سیاسی و ئایینی، گۆڕینی شێوازی مامەڵە و سوودوەرگرتن لە تەواوی ئامرازە سەردەمییەکان، خستنە گەڕوو کەڵکوەرگرتن لە تەواوی ووزە و لێهاتن و کەفائەتە جۆراوجۆرەکان، بەردەوامیدان بە خەباتی سیاسی و مەدەنی هاوتەریب لەگەڵ بانگخوازی لە پێناو چەسپاندنی بەها باڵاو پیوەرە ئایینەکان و بە مەرجەعکردنی ئیسلام بۆ کۆمەڵگە لە لایەک و گەشەدان و پەرەپێدانی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی مرۆڤ و پاراستنی شکۆ و کەرامەتی و مافە نەتەوەییەکانیش کە ئەمانە لەڕاستیدا هەمووی لق و پۆپی خودی ئایینی ئیسلامن.

سێیەم: جەختدەکەمەوە کە مەبەست لە بانگەواز تەنها گوتاری وەعزی و ئامۆژگاری ئەو توێژە نییە کە بە بانگخواز ناسراون، بەڵکو بانگەواز تەواوی ئەو پرۆسە دەگرێتەوە کە کاردەکات بۆ گواستنەوەی بەها باڵاو پێوەرە ئیسلامییەکان و چەسپاندنی مەرجەعیەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی تاکی هاوڵاتی لەسەر پابەندبوون بەو بەها باڵا و ئەخلاق و فەزائیلانە کە ئایینی ئیسلام داوایان دەکات، گێڕانەوەی پێوەرە ئەخلاقییەکان بۆ ناو کایە گشتیەکانیش لەوانە سیاسەت و پەیوەندییە سیاسەکان...هتد.

چوارەم: ئەو دیدەش لە پەیوەندی بانگەواز بە سیاسەت ڕێگر نییە لە بەردەم دروستکردنی پارتی سیاسی لەسەر بنچینە و پرۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانی، بە واتایەکی تر بە لۆجیکی حەرام و حەڵاڵ مامەڵەی دروستکردنی حیزب ناکرێت، ئەوە ڕەفتار و پرۆژانەکانن دەکەونە بەر نەشتەری تەقییم و هەڵسەنگاندن، نەوەک فۆرم و ئامرازەکان بە تەنها. جیاوازییەکەیان لەوە خۆی دەبینێتەوە کە ئەو پارتەی بانگەشەی ئەوە دەکات هەڵگری خەسڵەت و مەرجەعیەتی ئیسلامییە، بە مەرجەعیەتی ئیسلامی و لەپێناو شکۆدارکردنی ئیسلام کاردەکات، وادەزانم دەبێت بەو گشتگیرییە بمێنێتەوە، هاوتەریب لەسەر ئاستی بانگەوازی تاک و کایە گشتیەکەش لەوانە سیاسەت کار بکات.

# ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و بانگەواز





**نازم عەبدوڵڵا**

لەدایکبووی ١٩٦٣.

ماستەر لە فیکری ئیسلامیی.

چەند بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە.

پێکەوە گرێدانی بانگەواز و سیاسەت پرۆسەیەکی دوو جەمسەرییە، تەنها پەیوەندی بە خودی لایەنە ئیسلامییەکانەوە نیە، بەڵکو شانبەشانی ئەوان خەڵکە گشتیەکەش ئەبێ ڕایان هەبێت و بزانین بە کردار و زمانی حاڵ ئەوان هاوڕان، ئیستیعابی پێکەوە گرێدانی ئەو دوو بابەتە هەستیارە دەکەن؟ بۆیە دەبێت ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی بابەتیانە بۆی بڕوانرێت و مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵدا بکرێت، ئێمەش هەوڵ دەدەین لە دوو تەوەرەدا سەرەنجەکانی خۆمان بخەینە ڕوو:

### تەوەری یەکەم: بانگەوازکردن لە قاڵبی پارتێکی سیاسیدا:

١. بانگەواز لەسەر کۆمەڵێک بنەمای نەگۆڕی وەک: یەکتاپەرستی، شوێنکەوتنی پێغەمبەرو(د.خ)، ڕاستگۆیی، ئەمینی، دەستپاکی، پاکردنەوەی دڵ ودەروون بنیاتنراوە. ئەو کەسانەش کە بانگەواز دەکەن بەو ئاکارە بەرزانە دەناسرێن، سیاسەتیش پێناسەی وایە لەسەر کۆمەڵێک لە هەڵکشان و داکشان و گۆڕانکاری جۆربەجۆر دامەزراوە، تائێستاش لە مەیدانی سیاسەتکردندا، وەک پێویست نەتوانراوە سازان لە نێوان گۆڕاو و نەگۆڕە شەرعیەکاندا بکرێت، بانگخوازەکان وا ناسراون کە کاریان پارێزگاری کردنە لە نەگۆڕە شەرعیەکان، کە هەرواشە، بۆیە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینین ئەو بانگخوازانەی کەوتونەتە نێو دنیای سیاسەتەوە مەگەر بە دەگمەن خەڵکی تێبینی بۆ دروست بووبێت لەسەریان، ئەو خۆشەویستی و پێگە بەرزەی پێشتر هەیانبووە لەناو خەڵکیدا بەبێ ئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت، زۆر جار کەوتۆتە مەترسیەوە، یان لەدەستیانداوە، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەم و کورتیەک لەو شێوە کارکردنەدا هەیە، دەبێت چارەسەر بکرێت، کە بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە هەندێک ڕواڵەتدا ئیسلامەتی و دینداری دەبینن، وەکو پێویست هوشیارییەکی قوڵیان لە دینداریدا نییە، بۆ نمونە ئەگەر هەڵەی بانگخوازێک سەنتیمیترێک بێت لە پێش چاویان دەبێت بە کیلۆمیترێک، کە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا تەنها پێغەمبەران(سەلامی خوایان لەسەر بێت) بێ هەڵەن، لەهەمان کاتدا دەبێ بانگخوازان لەو هەڵە و کەم وکورتیانە بەدووربن کە بۆ خەڵکە گشتییەکە ئاساییە بیکەن.

٢. جیهانی ئیسلامی بە هۆی دەسەڵات و سستەمی گەندەڵ و دوور لە دادگەرییەوە، بەدەست چەندین کێشەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنێ، قەیران لە دوای قەیران بەڕێ دەکات، لایەنە ئیسلامیەکانیش بەهۆی ئەوەی لە دوای ڕووداو و پێشهاتەکانەوەن، زۆر سستن لە ئیستیعاب کردنی گۆڕانکارییەکاندا، بوون بە ڕێژەیەکی کەمی ناو جەماوەر، بەوهۆیەشەوە لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی دەنگەکانیان زۆر کەمە و توانای ململانێی سیاسی و کێبڕکێی پارتەکانی تریان نیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کاروباری وڵات لای ئەوان نیە، لە پەراوێزی بڕیارە سیاسییەکاندان، هەروەها چارەسەری کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، قەیرانە دروستکراوەکان لای ئەمان نیە، ئەم واقیعەش ئەیانخاتە بەردەم دوو ئەگەر کە یەک لە یەک تاڵترن! ئەگەری یەکەم: ئەگەر بەشداری لە حکومەت و دەسەڵاتدا بکەن، بەبێ ئەوەی چارەسەرێکیان بەدەست بێت ئەبن بە خاوەنی هەموو ئەو ستەم و زۆرداریی و گەندەڵی و نادادپەروەرییەی دەسەڵات ئەنجامیان دەدات، ئەوکاتە دەکەونە ژێر پرسیارگەلێکی خەڵک بەگشتی و جەماوەرەکەی خۆیان بەتایبەتی، کە ئەوانیش جگە لە هەندێک پاساو هێنانەوە، هیچ وەڵامێکی ڕازیکەریان پێ نیە، لە ئەنجامدا جەماوەرەکەیان

بێزار دەبن، ئەو کاتە ڕوودەکەنە دەرگای ئەو پارتانەی چارەسەریکیان لەلا شک دەبەن، یان دروشمەکانیان بەهێز و سەرنجڕاکێش ترن، بۆیە لەم ئەگەرەیاندا سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون بەدیناکرێت.

ئەگەری دووەم، ئەگەر بەشداری لە دەسەڵات و حکومەتدا نەکەن، ئەگەرچی بەرپرسیار نابن لە کەم وکورتیەکانی دەسەڵات، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەندامان و جەماوەرەکەیان بێ خزمەت و بێناز دەکەون، هەندێک جار ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی کارابن لەوانەیە کێشەی ئەمنی و بێنان و ئاوکردنی ئەندامان و کادێرەکانیشیان بۆ دروست بکرێت، ئەوکاتە ئەکەونە بەرفشاری داواکاری ئەندامان و جەماوەرەکەیان، جارێکی تر مقۆمقۆ دەکەوێتە ناو دەوروبەر و جەماوەرەکەیان.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا کۆمەڵێک پرسیار لەسەر ئەو واقیعە سیاسی و ئیدارییەی پەیدا بووە، بەشێکی ڕووبەڕووی پارتە ئیسلامییەکان بەگشتی و بانگخوازان بەتایبەتی دەبێتەوە، کە یەکناگرنەوە لەگەڵ پەیامی بانگخوازاندا، جارێکی تر جگەلەوەی توشی ئیحراجییەکی زۆر دەبن، پێگەکەشیان وەک بانگخوازێک دەکەوێتە مەترسییەوە. خاڵێکی تر کە لە هەردوو خاڵی پێشوو مەترسیدارترن لەسەر شێوازی ئێستای بەشێکی بەرچاوی بزاڤە ئیسلامییەکان، ئەوەیە جیهانی ئیسلامی، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی جوگرافی، ئابووری، بەهێزی هەیە، هەروڵاتێک باڵادەست بێت تیایدا ئەوە باڵادەستە بەسەر زۆربەی جیهاندا، کە ئەمەش زلهێزەکانی دنیای پەلکێش کردووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوانیش دژ بە هەر هێزێکن گومانیان هەبێت لە بوونی ئەوان، بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ تەوژمی ئیسلامی پلان و بەرنامەی بۆی هەبێت، حسابی پێویستی بۆ بکات، بەشێوەیەک لە گوتار و پەیوەندییەکانیاندا، خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ سەردەمی خۆیان بکەن و مەترسی لەسەر بەرانبەرەکانیان برەوێنێنەوە.

٣. خەڵکی بە گشتی ئیسلامییان قبوڵە، شانازیش بە هەر پارت و کۆمەڵێکەوە دەکەن بانگەشەی دینداری و جێبەجێکردنی بنەما و مەبەستە شەرعییەکان بکات، پیادەکرنی دەستپاکی و دادگەری مەبەستی بێت، بەڵام کاتێک پارتێکی ئیسلامی لەگەڵ چەند پارتێکی عەلمانی و چەپدا ئەچنە ململانێی هەڵبژاردنەکانەوە، لایەنە ئیسلامییەکە لە بەرانبەر پارتە چەپ و عەلمانییەکاندا کەمترین دەنگی جەماوەر بەدەستدەهێنن، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە ئەو خەڵکە ئیسلام و ئیسلامەتی لایەنە ئیسلامیەکانیان قبوڵ نیە؟ یان حەزیان لێناکەن؟

بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەمان پێ ئەڵێت بەهۆی ئەوەی لایەنە ئیسلامییەکان لە یەک کاتدا سیاسەت و بانگەواز دەکەن، ئەو قەناعەتەیان لەلا دروستبووە، وا بە زمانی حاڵ بەخۆیان بڵێن ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلامن، لەکاتێکدا خەڵک و جەماوەر ئەوانی قبوڵ نیە، وەک ئەوە وایە ئیسلامییان قبوڵ نەبێت، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی ئەوان ئامۆژگارییان دەکەن بەشێکی زۆریان لەکاتی دەنگداندا دەنگ بە پارتە چەپ و عەلمانیەکان دەدەن، کە ئەمەش وادەکات بانگخوازەکان لە خۆیان بکەونە گومان و گلەیی لە خۆیان بکەن، کە وەک پێویست نەیانتوانیوە پەیامەکەیان بگەیەنن و خەڵکی حاڵی بکەن!! ئەوکاتە ناچار دەبن پێداچونەوە بە گوتاری بانگخوازانەکەیاندا بکەن و سەرلەنوێ لە وانە و ئامۆژگاری و بانگەوازکردندا لە پایەکانی ئیمان و عەقیدە و وەلائو بەرائەوە دەست پێبکەنەوە، بۆئەوەی عەقیدە و دینداری خەڵکە

مسوڵمانەکە دامەزرا و بێت، جارێکی تر بەسەر لایەنە ئیسلامیەکاندا، لایەنە عەلمانی و چەپەکان هەڵنەبژێرن!!

بەڵام ئەگەر وردببینەوە ئەمە تاکە هۆکار ی دەنگ نەهێنانیان نیە. دەبێ بگەڕێین بەدوای نهێنیەکەیدا بۆچی لەکاتێکدا خەڵکی دەزانن لایەنە ئیسلامییەکان، ئەمین، دەستپاک و سەر ڕاستن، بەڵام لەکاتی دەنگداندا لەبری ئەوەی دەنگیان پێ بدەن، پارتەکانی تر هەڵ دەبژێرن و دەنگیان پێ دەدەن!؟ لە وەڵامدا ئەوەی بەواقیعی ئەیبینین ئەوەیە لایەنە ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک هەلومەرجی خودی و بابەتیدا دەسورێنەوە، کە هۆکاری لاوازی پێگەی جەماوەری و سیاسییانە، ڕێگرە لەوەی جێگەی ئومێدی جەماوەر بن، بۆیە خەڵکیش متمانە بە لایەنێک ناکەن نەتوانێت دنیایان بۆ خۆش بکات. پێشەنگی چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکانیان بێت، ئەم هۆکارانەش وایانکردووە، دەنگدەر، قەناعەتی وابێت، ئەوان لە بواری حوکمڕانی و سیاسەتدا، گۆڕانکارییان پێناکرێت، بۆیە بەشیاوی ئەو مەیدانەیان نازانن و ئامادەنین لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی خۆیانیان پێ بدەن.

هۆکارێکی تریش ئەوەیە: بەهۆی پێناسەی ئیسلامەتیەکەیانەوە، بەرانبەرەکانیان ئەو بڕوایەیان لەلای خەڵکی دروستکردووە، لایەنە ئیسلامییەکان خەڵکانێکی ناواقیعی و توندڕەون لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە دەستیان، دنیا دەبێت بە دوژمنتان و وڵات بەرەو کەناری شەڕی ناوخۆ و قات وقڕی و لەدەستدانی ئاسایش دەڕوات، بۆیە ئەوە هۆکارێکی ترە بۆ دەنگ نەهێنانیان و مانەوەیان لە چوارچێوەیەکی داخراودا.

ئەبێ لەبری زەقکردنەوەی هەندێک دروشم و ڕواڵەت، لایەنە ئیسلامییەکان ستراتیژیان

## بەخۆداچونەوە و گۆڕانکاری ئەرکێکی هەمیشەیی لایەنە ئیسلامییەکانە

وابناسێنن، پارتێکن لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە کار دەکەن، بۆ خزمەتکردنی خەڵک و نەهێشتنی گەندەڵی، بەرپاکردنی ئاسایش، چەسپاندنی دادگەری، پەیوەندی دیپلۆماسییان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گەل و وڵات و لەناوبردنی گەندەڵی سیاسیی و ئابووری بنیات دەنێن، دەبێت بڕوا بە جەماوەر بهێنن ئەوان هێزێکی ڕێزلێگیراون لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزە سیاسییەکاندا، هەروەها دەبێت خەڵکی بڕوایان وابێت، تەوژمی ئیسلامی هێزێکە ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتیی و بنەما یاسایی و دەستورییەکان دەکات، ئامانجیان خزمەتکردنی خەڵک و دابینکردنی ئاسایشە لە وڵاتدا، لەو چوارچێوەیەدا لە یەک ئاست بەرانبەر بە خەڵک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕادەوەستن.

بۆیە لێرەوە ئەوە دەڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان گوتاری سیاسی، لەگەڵ گوتاری بانگخوازیدا، لە گوتاری بانگخوازیدا، وەک لە خاڵی یەکدا ئاماژەمان پێدا، دەبێت بە ڕاشکاوانە تەرکیز بخرێتە سەر بابەتە ئیمانی و ئەخلاقی و کێشە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام گوتاری سیاسی دەبێت هەندێکی تەنها ئاماژە بێت، بە واقیعی سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی، زۆرجار لەکوللیاتدا بێت وخۆبپارێزرێت لە چوونە

## لە مەیدانی سیاسەتکردندا، وەك پێویست نەتوانراوە سازان لە نێوان گۆڕاو و نەگۆڕە شەرعیەکاندا بکرێت

نێو هەندێک وردەکاریی و بابەتە خیلافییەکانەوە، پەنجە بخرێتە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی بابەتە سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها دەبێت ڕاستییەک هەیە هەمووومان دانی پێدا بنێین، کە پارتی سیاسی پێداویستییەکی تاکتیکی و ستراتیژی کۆمەڵگایە، هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ پارتی سیاسی نابێت، هەرچەند بەهۆی قەیرانی سیاسی، ئابووریی و کۆمەڵایەتی ستەم و زۆری دەسەڵاتی خۆسەپێنەوە چەندین پارت و بزوتنەوە و ڕێکخراوی نامۆ لەنێو گەل و وڵاتدا سەریان هەڵداوە، بەڵام کاتێک گەل هوشیار بۆوە، ئەو کاتە ئەو کەسایەتی و پارت و ڕێکخراوانە هەڵدەبژێرن، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگایەکی مسوڵمانن، لە سیاسەت و دەوڵەتداریشدا لە چڵە پۆپەدان، **(فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ) الرعد ١٧.**

٤. لەکاتێکدا ئێمە بانگەشە بۆ ڕێکخستنەوەی سیاسەت و بانگەواز دەکەین دوو مەبەستمان هەیە: یەکەم، سەربەخۆبوونی بانگەواز، بەجۆرێک لە یەک ئاستدا بەرانبەر هەموو توێژەکانی جەماوەر بوەستێت، هەروەها بەشێوەیەکی ڕەسمی و واقیعی سەر بە هیچ پارت و ڕێکخراوێک نەبێت. دووەم، کارکردنە لە چوارچێوەی پسپۆڕی، هەرکەس و دامەزراوەیەک لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خۆیاندا کار بکەن، چیتر ئەزمونی حیزبی شمولی دوبارە نەبێتەوە.

بەڵام لێرەدا دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر ئەوەی نابێ دام و دەزگا ئیسلامییەکان و بانگخوازان و مامۆستایانی ئاینی و واعیزەکان، وەک سستەمی کەهەنوتی و پیاوانی ئاینی مەسیحی لە پەراوێزی دەسەڵاتدا بن، دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان چییان پێخۆش بوو بیکەن، گوێ بۆ دامەزراوە و دام و دەزگا ئاینییەکان نەگرن! دام و دەزگا ئاینییەکان، هەر ئەوەندەیان لەسەر بێت قسە بکەن و بڕۆن، لە هەموو ئیمتیاز و دەسکەوتەکانی حکومەت بێبەش بن، کە ئەم جۆرە تێڕوانینە لەناوبردنی دام و دەزگا و دامەزراوە ئیسلامییەکانە، سوکایەتی کردنیشە بە ئیسلام و مسوڵمانان، بەتایبەت لە وڵاتێکدا زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانەکەی مسوڵمان بن!! بەڵکو ئەوەی ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین بەهێزکردنی پێگە ئاینییەکەیە، کەوا خەڵکی بەگشتی و پارت و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی وا تەماشای بانگخوازان و کەسایەتییە ئاینیی و دامەزراوە ئاینییەکان نەکەن، سەر بە لایەنێکی سیاسی دیاریکراون، کارو چالاکییەکانیان لە بەرژەوەندی ئەوان تەواو دەبێت، ئەوکاتە ئەوان باجی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان بدەن، بەوهۆیەوە وەک ناحەزێکی خۆیان تەماشایان بکەن، بەشێوەیەکی هەستیارییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە ئەو دامەزراوەیە پێگەیەکی بەهێزی هەبێت و قسە ڕۆیشتوو بن و کەسایەتی ماددی و مەعنەویان پارێزراو بێت، لە هەموو بابەتە سیاسییە چارەنووس سازەکان و کێشە ئابووریی و کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکاندا گوێیان لێ بگیرێت، تەنانەت دام و دەزگا ئاینییەکان لەم قاڵبەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا

هەیە دەربهێنرێت، بەشێوەیەک دابڕێژرێتەوە دامەزراوەیەکی باڵای لێ پێکبهێنرێت کە جێگەی متمانەی زانایانی ئاینی ئیسلامی و بانگخوازان و هەموو توێژە ئاینییەکان بن، هەیمەنەی ماددی و مەعنەوی هەبێت، وەک مەرجیعێکی باڵا تەماشا بکرێت.

**تەوەری دووەم:**

**مەرجی بوون بە پارتێکی ئیسلامی**

بوون بە پارتی ئیسلامی تەنها دروشم نیە، بەڵکو پێش هەر دروشمێک کردارە، بۆیە هەر لایەن و پارتێک کاتێک ئەبێت بە پارتێکی ئیسلامی، دەبێ بەرێژەیەکی بەرچاو لە ڕووی ئاکار، هەڵسوکەوت، چەسپانی دادگەری نێوخۆیی، لادانی ستەم، ڕیشە کێشکردنی گەندەڵی، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، کارکردن وەک یەک تیم، نەهێشتنی خۆپەرستی و بەرژەوەندی شەخسی، ڕەنگدانەوەی برایەتی، بوونی بەزەیی بەرانبەر بەیەکتر تێیدا ڕەنگبداتەوە، ئەوکاتە دەبێت بە پارتێکی ئیسلامی، خوای باڵادەست مەرجی ڕاوەستاویی و دامەزراوی و یاخی نەبوونی داناوە بۆ سەرکەوتن، وەک ئەفەرموێت: **(فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْا ۚ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ )** هود:١١٢.

بەڵام کاتێک پارتێکی ئیسلامی لە ئاکار، هەڵسوکەوت، پابەند بوون بە یاسا و ڕیساکانەوە، هەروەک دەوروبەری وابێت، لەهەمانکاتدا لە ناو سستەمی حوکمڕانیشدا نەبێت، ئەگەر بشبێت توانای گۆڕانکاری نەبێت، تەنها بە بوونی هەندێک ڕواڵەتی، وەک پاشخان و باکگراوندی ئیسلامی و بوونی کۆمەڵێک ڕەمزی ئاینی، گرێدانی بانگەواز و سیاسەت پێکەوە، بوونی پاشگری ئیسلامی، نابێت بە پارتێکی ئیسلامی، هەروەک ئیمامی ماوەردی دوو مەرجی داناوە بۆئەوەی دەسەڵات ئیسلامی بێت، ئەوانیش پارێزگاری کردن لە ئاین، بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک بەشێوەیەکی حەکیمانە، (الاحكام السلطانية، ل:٣/١). هەروەها ئیبن خەلدونیش دەڵێت: دەسەڵاتی ئیسلامی بریتییە لە پابەندکردنی خەڵکی بە ناوەڕۆک و مەبەستە شەرعیەکانەوە لەو شتانەی بەرژەوەندی دنیاو دواڕۆژی خەڵکی تێدایە، (مقدمه ابن خلدون، ١/ ٩٧). بۆیە لە سیاسەتی شەرعیدا جیاوازی هەیە لە نێوان خەلیفە و پادشادا، جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب لە دەوروبەرەکەی پرسی ئەرێ من خەلیفەم یان پاشام؟ ئەوانیش گووتیان: تۆ دادگەریت و بەخشین و نەبەخشینت لە جێگەی خۆیدایە، بۆیە تۆ خەلیفەیت، نەک پاشا. (الطبقات الكبرى، ابن سعد,٣٠٧/٣)

بۆیە شارەزایانی بواری سیاسەتی شەرعی ئەو دەسەڵاتدار و سوڵتانانەی دوای خیلافەی ڕاشیدینیان بە مەلیک و پاشا پێناسە کردووە، نەک خەلیفە،(مقدمه ابن خلدون، ١/ ٩٦)، چونکە پاشایەتی بەشێک لە لادان، ستەم، دەستبەسەرداگرتنی کورسی دەسەڵات و زۆرەملێی تێدایە، (سەرچاوەی پێشوو: ١/ ٩٦). مەبەستی ئێمەش ئەوە نیە زیاتر لە توانای خۆیان چاوەڕوانی لە پارتە ئیسلامییەکان بکەین، داوایان لێ بکەین وەک خەلیفەکانی ڕاشیدین بن، بەڵام دەبێت ئەوانیش خۆیان یەکلا بکەنەوە، ئەگەر پارتێکی سیاسین و دەیانەوێت لە ڕێگەی دەسەڵات و ململانێی سیاسییەوە کار و بەرنامە و پرۆژەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن، ئەوە ئەوان پارتی سیاسین، پێویستە ڕایبگەیەنن کەوا ئێمە پارتێکی سیاسین ئەمانەوێت بە باکگراوندێکی ئیسلامی سستەمێکی دادگەری بهێنینە کایەوە و پرۆژەشمان پێیە بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی، نەهێشتنی ستەم و زۆر، دەبینە چەترێکیش بۆ هەموو کەس و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

کە بیەوێت خزمەت بە گەل و وڵات بکات، لە یەک ئاستدا بەرانبەر بە هەموو چین و توێژەکانی جەماوەر ڕادەوەستین. ئەوکاتە دەبێت خۆیان بەدور بگرن لە خۆخەریککردن بە هەندێک بابەتەوە کە ئەرکی ئەوان نیە، پارتە سیاسییەکان ئەرکی خۆیان بزانن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە مامۆستایانی ئاینیشەوە ئەرکی خۆیان بزانن، ئەرک و دەسەڵاتەکان تێکەڵ بەیەک نەکرێن.


هەروەها هەندێک لە ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز، ڕایان وایە حوکمی ئیسلام جێبەجێ ناکرێت بەسەر ئەوانەی باوەڕیان پێی نیە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە قورئانییەی کە دەفەرموێت: **(فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ)** المائدة: ٤٢. ( تەفسیری تەبەری، ٣٣٠/١٠)، کە مەبەستی لە غەیری مسوڵمانە. لە دوو کاتدا سنووری شەرعی جێبەجێ دەکرێت، کاتێک زۆرینەی خەڵکی باوەڕیان پێی هەبێت و مسوڵمان بن، یان کاتێک غەیری مسوڵمان لەسەر ڕێکەوتنێک ڕازی بن بە جێبەجێکردنی حوکمی ئیسلامی بەسەریاندا، وەک لە پەیماننامەی مەدینەدا لە نێوان پێغەمبەر(د.خ) و خاوەن ئاینەکانی تردا هاتووە، (فقة السيرة، د. محمد سعيد رمەزان بوتی، چاپی ٧، ل: ١٦٠).

کاتێک ئەوانەی لە جەنگی تەبوک دواکەوتبوون هاتن بۆ لای پێغەمبەر (د.خ) بەهانەیان هێنایەوە ئەوانەی دووڕوو بوون لەڕاستیدا ئیماندار نەبوون، پێغەمبەر عوزری لە هەموویان قبوڵ کرد، بەڵام عوزری لە سێ هاوەڵەکەی قبوڵ نەکرد، سزایدان، چونکە ئەو سێ کەسە باوەڕداربوون: **(وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لَا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ )** التوبة: ١١٨.

لادانی مونکەر و هەندێک بابەت کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت، کەوا لایەنە ئیسلامییەکان بڕوایان وایە لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نیە، لایەنە ئاینییە ڕەسمییە سەربەخۆکان داوای لادانی بکەن، باشتر جێگەی خۆی دەگرێت، لەوەی پارتە ئیسلامییەکان خۆیان بکەن بە خاوەنی و داوای گۆڕانکاری یان لادانیان بکەن. وەک ئاماژەمان پێکرد داوای هەر گۆڕانکارییەک کە پارتێکی سیاسی بیکات، بەرانبەرەکانیان وا بە ئاسانی ملیان بۆ نادەن، چونکە بڕوایان وایە ئەوان موزایەدەی ئاینیی وسیاسییان بەسەرەوە دەکەن، جێبەجێکردنی ئەو داوایانەیان خزمەت بە پرۆسەی سیاسی ئەو لایەنانە دەکات، وەک چەندجار بینیومانە ئەو بابەتانەی لایەنە ئیسلامییەکان پێیان ناشەرعی بووە و داوای لادانیان کردووە، نەک هەر نەگۆڕاوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر پێداگیری لەسەر مانەوەیان کراوە. بەڵام هەر ئەو داوایە ئەگەر دەزگایەکی ئاینیی سەربەخۆ بیکردایە لەوانە بوو بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە. بۆیە بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکاری ئەرکێکی هەمیشەیی لایەنە ئیسلامییەکانە، بۆئەوەی هەڵەکانی ڕابوردو دوبارە نەکرێنەوە و سوود لە ئەزموونی باشی ئەو پارت و ڕێکخراوانەش ببینرێت کە لە هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی لەو گۆڕانکاریانەدا کە کردویانە، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

# بانگەواز و سیاسەت
# دوانەی لێکدانەبڕاو

دوانەی بانگەواز و سیاسەت لەم ڕۆژانەدا بوونەتە باس و خواسی زۆر ناوەندی هزریی و هەرلایەک دەیەوێ بەجۆرێک ئەویتر بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، قسە لەسەر ئەوەیە لە ڕیزکردنی ئەولەویاتدا کامیان لە پێشترن؟ بانگەواز یا سیاسەت؟ لە پەیامی ئیسلامیدا کامیان گرنگترە؟ بانگکردنی خەڵک بۆ پابەندبوون بە ئاییینی خودا؟ یان سیاسەتکردن واتە بەڕیوەبردنی کاروباری خەڵک لە ڕێی دەسەڵاتەوە؟



**نووسینی : د.سەباح بەرزنجی**

لە دایکبووی ١٩٦٨ شارەزوور. دکتۆرای فیقهو بنەماکانی یاسا. پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە. خاوەنی ١٤ کتێبی چاپکراو و دەیان توێژینەوەیە. مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی. سەرۆکی سەنتەری زەهاوی.

بابەتەکە لە عەینی سادەییدا ئاڵۆزە، سادەییەکەی لەوەدایە تا ئەندازەیەک سنوور و پێناسەی (بانگەواز) و (سیاسەت) دیار و بەرجەستەیە و کافییە بتوانین سنوورێک لە نێوان پێناسەی بانگەواز و پێناسەی سیاسەت، یا باشتر بڵێین جیاوازیی نێوان بانگخواز و سیاسەتمەدار دیاری بکەین. بانگخواز بە سرووشت کەسێکە هەڵگری خەمی هیدایەتدانی خەڵکە، خەمی لاڕێبوون و گومڕابوونی خەڵکیەتی، بە هەموو شێوەیەک بیر لە ڕاستکردنەوەی چەمک و بەهاکان دەکاتەوە، خەڵک بانگێشت دەکات بۆ بەرزڕاگرتنی بەها بڕوایی و ئاکارییەکان.

بەڵام سیاسەتوان ئەو کەسەیە کە سەرقاڵی دەسەڵاتی سیاسییە، یا دەسەڵاتی بەدەستە یان ململانێی دەسەڵات دەکات. کاری بانگخواز پەروەردە بارهێنانی ڕۆحی و فیکرییە، بەڵام سیاسەتکار کاری بە ئاڕاستەکردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە هەیە.

ئەم دوو کاراکتەرە جیاوازە لەکوێدا بەیەک دەگەن و لەکوێدا جیا دەبنەوە؟ ئایا دەکرێت کەسێک گرووپێک حیزبێک لە یەک کاتدا هەم کاری بانگخوازیی بکات هەم کاری سیاسەت؟

بانگخواز دەتوانێت سیاسەت بکات، واتە هیچ ڕێگریکی یاسایی و شەرعی نییە بۆئەوەی کەسێکی بانگخواز بەشێک بێت لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی وڵات، بەڵام دەبێت لەکاتی مومارەسەی دەسەڵاتدا ئاگاداری ئەوە بێت کە ئەرکی بانگەوازەکەی جیایە لە ئەرکی دەسەڵاتەکەی واتە نابێت کارەکانی تێکەڵ بکات، هەرچەند کۆبوونەوەی ئەم دوو سروشتە لە کەسێکدا لە حیزبێکدا و پابەندبوون بە سنوور و سرووشتیانەوە کارێکی ئیجگار ئەستەم و دژوارە. لە مێژووشدا نموونەی زیندوومان هەیە بۆ کەسایەتیی سیاسەتمەدار و بانگخوازی سەرکەوتوو وەک خەلیفە ڕێناسەکان، کە لەیەک کاتدا بانگخواز و فەرمانڕەواش بوون. بانگخوازیی لەم هەلومەرجەدا تەماهییەکی تەواوی هەیە لە گەڵ سیاسەتکردن و یەکتری تەواو دەکەن، عومەری کوری خەتتاب دەسەڵاتەکەی تەوزیف دەکات بۆ پەرچڤەکردنی بنەماکانی بیرو بڕواکەی و گەیشتن بە ئامانجەکانی و تیایشیدا سەرکەوتوو بووە، چونکە نە لە بانگخوازییەکەی بەتەمای بەرژەوەندیی تاکەکەسی بووە و نە لە سیاستەکەشیدا خودی خۆی مەبەست و ئامانج بووە، ئەو تەنانەت سیاسەتەکەشی بە ئیمتیدادی بانگخوازییەکەی زانیبوە، واتە سیاسەتەکەی لەژێر شوعاعی بانگەوازەکەیدا بووە، بەهەمان شێوە خەلیفەکانی دوای ئەو کاری خیلافەتیان وەک ئەرکێکی دەعەویی ڕەچاوکردووە.

لە فیقهی سیاسیی ئیسلامدا ئیمامی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کەلە هەمان کاری کارگێڕیی و سیاسەتمەدارییدا کەسێکی شارەزا و پسپۆڕە لە شەریعەتدا، چونکە ڕێکبوونەوەی سستمی سیاسیی هەمیشە پێویستی بە دینداریی و زانایی داعییان و هێز و توانای میران و فەرمانڕەوایان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بینیومانە کە بانگخوازان لە سیاسییەکان جیابوونەتەوە و کاریان، سیما و ڕەفتاریان، بەتەواوی لەیەک جودا بووە، بانگخواز لە مینبەر و میحرابی مزگەوت و سەکۆی مەدرەسەکانەوە خەریکی وەعز و ئیرشاد و ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر بووە، لەولاشەوە میری دەسەڵاتدار خەریکی کارەکانی وڵات و سوپا و ئیدارە و سەروەت و سامان بووە، خەڵکی هێناوەتە ژێربار و حوکمی کردوون و بانگخوازانیش بەشێک بوون لە ڕەعییەت و موحاسەبەی کردوون ئەگەر قسەیەکیان کردبێ پێچەوانەی سیاسەت و میزاجی حوکمدار و فەرماندار. واتە بەشێوەیەکی کردەیی دەزگای دەسەڵات و دەزگای بانگەواز لێکجودابوون.

سیاسەت بەمانا گشتییەکەی تەدبیر و پلان و بەڕێکردن و بەداواداچوونە کە بێگومان هیچ بانگەوازێک ناتوانێت بەبێ تەدبیر و پلان و

بەدواداچوون هەبێ و بەردەوام و سەرکەوتوو بێ، تەنانەت بەبێ پشتگیریی دەسەڵاتیش ناتوانێت کار لە سەر تاکەکان بکات واتە بانگەواز لە چوارچێوەی دەزگایەک و لەژێر قەڵەمڕەوایی فیکرێکی سیاسی و سیاسەتێکی دیاریکراودا ڕەنگ و بۆ دەگرێت و بۆی هەیە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵ دابنێت. بەڵام سیاسەت بە مانا تایبەتییەکەی کە بریتییە لە دەزگا فەرمییەکانی میریی پەروەردەکردن و بارهێنانی خەڵک لەسەر بەرنامە ئاینییەکان بە حوکمی مامەڵە کردن لەگەڵ تاک و کۆمەڵ وەک ڕووبەری هاوبەشی کارکردن، کاری بانگەواز دەکەوێتە نێوان دوو جەمسەری ناهەماهەنگ، لەلایەکەوە دەسەڵاتێک سنوور و کۆت و بەندی بۆ دادەنێت و دەیخاتە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریی، لەلایەکی ترەوە موقتەزای دین و ویستی بیر و بڕواکە دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی ئاینیی کە فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە بکات هەرچەندە بەپێچەوانەی مەیلی دەسەڵاتدار بێت، لە ساتەوەختێکی وەهادا سیاسەتمەدار و بانگخواز تێکدەگیرێن و جاروباریش پێگەیان دەگۆڕنەوە، بانگخوازەکە وەک سیاسییەک مامەڵە دەکات و سیاسییەکەش دەبێت بانگخواز و جۆرێک لە دینداریی بە فەرمی دەناسێنێت.

بانگخواز بە ڕوانگەی بانگخوازییەکەی بڕوای بە سنورە یاسایی و دەستورریەکان لاواز دەبێ و سیاسەتمەدار ئەو سنورانە بە پێویست و بەشێک لە ئاین ناوزەد دەکات. هەم بانگخوازەکە دەیەوێ سیاسەت بەلای خۆیدا ڕابکێشێت هەم سیاسەتمەدار دەیەوێت بانگخوازیی بەشێک بێ لە دەسەڵات و شناسێکی فەرمی هەبێت.

لێرەدا تێکگیران دروست دەبێ و درێژ دەبێتەوە بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە جیاوازەکان. بە بڕوای من پێویستە پێش هەموو شتێک پێناسەمان بۆ بانگەواز و سیاسەت ڕێکبخەین ئەوسا لە پێگە و پەیوەندیی نێوانیان قسە بکەین.

سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین لە ڕوانگەی سیاسییەوە هیچ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت خاڵی بێت لەبارو سروشتی سیاسی، هەربۆیە دەسەڵاتدار هەرگیز لێ ناگەڕێت بانگخوازەکان بە کەیفی خۆیان ئاڕاستەی خەڵک و تەشکیلی هۆشیارییان بکەن.

دیسانەوە پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانین کە لە ڕوانگەی بانگخوازییەوە، ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی خزمەتکاریان لانی کەم هاوکاری پرۆژەی بانگەواز نەبێت، ئەگینا ئەو دەسەڵاتە فاقیدی شەرعییەتی ئاینییە. کەواتە بەم پێودانگە بێت مادام ئەم دوانەیە پێکەوەن و پێکەوە کار لەسەر تاک و کۆمەڵ دەکەن دەبێ بگەنە ڕێگاچارەی میانە کە تا ئەندازەیەک مەعقوولیەتی تێدایە بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆمان کە کۆمەڵگایەکی کراوە و فرە بیر و فرە بڕوایە، کە پێویستە دەزگاکانی دەوڵەت لە بەرامبەر دەزگای ئاینیی و بانگخوازیدا هەڵوێستی ئاسانکارییان هەبێت نەک سەپاندن و سنور بۆ دانان، جگەلەوەی دەزگای ئاینی و بانگخوازی خاوەنی تایبەتمەندیی و پێگەی دیاریکراو بێ و هەماهەنگ بێ لەگەڵ کۆی فەلسەفەی حوکمرانی وڵات، بەهەمان ئەندازە کە پێویستە دەزگاکانی دەوڵەتیش هەماهەنگ بن لەگەڵ ئایین و بیروبڕوای مەزهەبی ناو خەڵک و بە هیچ جۆرێک دژایەتی گەوهەری ئاینداریی و بەها ئاینییەکانی خەڵک نەکات.

کە دێینە سەر کایەی دەسەڵات و نەریتی حیزبایەتی ئەمانیش پێویستە وێڕای هەڵگرتنی بەها و بایەخە ئاینییەکان وەک پابەندبوون بە شوناسی مەزهەبیی و ئاینی خەڵک، بۆ خۆیان کاری حیزبایەتی تێکەڵی بانگەوازی ئاینی و مەزهەبیی نەکەن، چونکە کاری سیاسیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و دنیایی خەڵکە و ناگونجێت دەستوەردەنە ڕۆحانییەت و کرۆکی ناوەوەی مرۆڤەکان. بەڵام ئەمە بەومانایە نا کە بۆ خۆیان ئینتیمایان بۆ ئایین و مەزهەبی خەڵکەکە نەبێت، لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندیی و ئینتیمایە پێویستە کاری دینداریی لە سەرووی کاری حیزبایەتی و سیاسەتەوە بێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا

نەبێتە کۆمەڵگایەکی دژبەیەک و ناتەبا و دەرگیری ململانێی مەزهەبیی و ئاینیی.

کاری بانگخواز پێشنیاری دنیایەکی پاک و بێخەوشە بۆ ئەندێشە و هزری خەڵکانی دیندار و هەوڵدانە بۆ دیندارکردنی کەسانی دوور لە دین، بەڵام کاری سیاسیی و حیزبی بریتییە لە بەرێکردن و بەرێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەبێ رەچاوکردنی رادەی پابەندبوونی ئەوان بە بەها و بایەخە ئاینییەکان.

دینداریی وەک بنەما بەشێکە لە شوناسی دەستەجەمعیی خەڵک، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێت لەناو خەڵکدا کەسی بێ ئیمان هەبێت، ئەم بڕیارە هیچ پاساوێکی نییە، لانی کەم بۆ ئاینی ئیسلام کە ئازادیی ئاینیی داوە بە هەموو کەسێک، زۆر سرووشتییە لەناو کۆمەڵگای مسوڵماندا کەسی بێ بڕوا و تەنانەت مونافیق و تاوتاو بوونیان هەبێت، دەزگاکانی سیاسەت تەنها بۆیان هەیە پارێزگاریی لە رۆحی دەستەجەمعی و شوناسی ئەو خەڵکە بکەن، بەڵام بۆیان نییە ئەمنییەت و کەرامەتی تاکەکان بخەنە مەترسییەوە با ئەو تاکانەش لە خۆیاندا کەسانی بێ بڕوابن. دەزگای ئاینیی و بانگخوازەکان دەبێ بە حیکمەت و کارایی و عەقڵانیەت و زانست، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کەشوهەوای دینداریی سازگار بکەن بۆئەوەی بتوانن قەناعەتی فیکریی و بڕوایی خەڵک بە بنەماکانی دینەکەیان زیاتر و بەهێزتر بکەن.

ئەمە ئەو حیکمەتەیە کە قورئان کردوویەتی بە میکانیزمی بانگەواز:(ادع الی سبیل ربک بالحکمە.... هتد)، کە تەنها جەخت لەسەر میکانیزمی دانایی و بیرخستنەوەی جوان و جەدەلی رێکوپێک دەکات و هەرگیز باس لەوە ناکات کە بیر و بڕوا و قەناعەت بە زۆر بسەپێنرێت بەسەر خەڵکیدا.

لە هەرێمی کوردستان هەست بەوە دەکەین کە دەسەڵاتی سیاسی نیسبەت بە ئینتیمای ئیسلامەتی خەڵک هیچ هەستیاریی و بەرپرسیارێتییەکی نییە، وەک ئەوەی بەرچاو دەکەوێت، جۆرێک لە دوورکەوتنەوەی مەنهەجی هەیە لە بەهاو بایەخەکانی ئاینی ئیسلام کە ئاینیی زۆرینەی گەلی کوردستانە، لە بەرامبەردا رێخۆشکردنێکی بی مانا و بێ پاساو و تەنانەت بێتام و ناشیگەرانە بۆ بیر و هزرە دژ و ناتەبا و گرووپە لادەرەکان هەیە، ئەم حاڵەتە وایکردووە بانگخوازەکان هیچ حەماسێکیان بۆ دەسەڵاتداری خۆماڵی نەمێنێت و دژە جەمسەرییەکی ترسناک دروست ببێ جگە لە بەدحاڵیبوون و لێکترازانی سیاسیی، لێرەدا ئەرکی سەرشانی بانگخوازان و سیاسییەکانە هەڵویستەیەک بکەن و بەخۆدابێنەوە بزانن، گرێ کوێرە و گرفت لە کوێدایە؟ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ژیرانە و میانە، ئەگەرنا سەرەنجام یەکێکیان سەری ئەوی تریان دەخوات و کایەکەش جگە لە دۆڕاندنی زۆر وزە و توانا و ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

ئاینی کۆمەڵگا شتێک نییە مامەڵەی سیاسی پێوە بکرێت، ئەو مامەڵەیە هە کەسێک بیکات و بەهەر ناو و دروشمێکەوە بیکات دەستکاری کردنی پیرۆزییەکانی میللەتە و ئەنجامەکەی بە زییانی هەموو لایەک تەواو دەبێت.

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و بانگخوازەکان پێویستە بگەنە تەفاهومێکی وا کە هەردوولایان پارێزگاری لە شوناسی ئەم گەلە بکەن و کارەکانیان و ئەرکەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە دابەشبکەن، سیاسییەکان پارێزگاری لە بوونی سیاسیی و قەوارەی سیاسیی و دامەزراوە فەرمییەکانی بکەن و رۆژ لە دوای رۆژ بیر لە پێشخستنی ژیانی سیاسی و موشارەکەی سیاسی خەڵک بکەنەوە، بەبێ دەستوەردان لە بیروبڕوا و پیرۆزییەکانی خەڵک. بانگخوازانیش دەربەستی پاراستنی بەهاو پیرۆزییەکان و ئایین و مەزهەب و ئاکارە رەسەنەکان بن. ئەگەرنا نە حیزبی سیاسی دەگات بە ئامانجەکانی و نە بانگخوازەکانیش ئەرک و فرمانی راستەقینەی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

# بانگەواز و سیاسەت

## لە دەلاقەیەکی ترەوە




**جەعفەر گوانی**

لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٠) دەڤەری سۆران.
هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە ئیسلامییەکان.
ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامییە.
نۆ بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی چاپ بووە.

بەهاری عەرەبی قۆناغێکی لەناکاو و دووگیان بە کۆمەڵێک چەمک و ڕێبازی تازەوە بوو، دنیای عەرەبی لەمێژ بوو بەدەست سەرما و سۆڵەی زستانی گەندەڵی و قۆرخکارییەوە دەیناڵاند، برینەکان جگە لە بێدەنگی دەرمانێکی دیکەیان نەبوو، وەلێ هەڵاتنی خۆری نەورۆزی ئازادی لە بەهاری عەرەبیدا، جارێکیتر ئومێدی داوە بەر بێهیواکان، ئەمەش وایکرد خەڵک پتر بە ئاراستەی کەس و فیکری شۆڕشگێڕانەوە بچن، ئەوانەی تابووتی تاغوتیان سەرەوژێر کرد و، بتی سەر ملی بە کۆیلەکراوەکانیان شکاند، نەخاسمە پشتی چەندین ساڵ تاقیکردنەوەی هەموو ڕێچکە و ڕێگاکانی چەپ و ڕاستەکان هێشتا هیواکان زیاتر هەڵدەوەرین، دیاریشە داینەمۆی سەرەکی بەهاری عەرەبی پارت و فیکری ئیسلامی بوون، بەتایبەت ئەوانەی باکگراوندی ئیخوان موسلیمینیان هەبوو، تا زۆر جاران بە (بەهاری ئیسلامی) ناوزەد دەکرا، هەروەژی هاڕەی بارانی بەهارەکە زۆرێک لە چەپ و عەلمانییەکان و بانگەشەکارانی دیموکراسیەتی ئەوەندە قەڵس کردبوون، بە ڕۆژی ڕووناک بێ شەرم و سڵەمینەوە بە شان و باڵی دیکتاتۆر و خوێنڕێژانیان هەڵدەدا، حەزیان دەکرد خەڵک لەژێر پۆستاڵی دیکتاتۆریەت بچەمێتەوە، لەناو دۆزەخی گەندەڵی بسووژن، لە شنەبای ئازادی بێبەش بن، بەس مۆمی ئایدۆلۆژیای ئەوان لە بەردەم تیشکی خۆری ڕۆژانی درێژی بەهارەوە ون نەبێت، دەرەنجام بە گەلەکۆمەکی و زبارەیەکی یەکدەستە پایزێکی تاڵ و پڕ ژانیان هێنا و گەڵاکانیان هەڵوەراند، خەڵکیان ناچارکرد خۆزگە بە ڕۆژانی ژێردەستەیی بخوازێت. ئەم گەلەکۆمەکییە تەنها بە ئاراستەی لادانی حوکمرانی تازە نەبوو، بەڵکو هێرشێکی هەمەگیر بوو بۆ بەدێوکردنی خودی فیکرەکە، بۆئەوەی ئاوەکە لە سەرچاوەکەوە وشک یان شێلو بکەن.

دوای ئەم قۆناغە کە هێشتاش کۆتایی پێنەهاتووە، بۆ دەربازبوون لەم دۆخە دژوارە باس و خواسی جیاکردنەوەی دەعوە و سیاسەت گەرمتر بوو، دانیشتن و کۆبوونەوەکان تەژین لەو چیرۆک و گووتانە، من وایدەبینم پێویستە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، دوور لە لێکدانەوەی دەمارگیریی و تیڕوانینی بەرژەوەندیانە شرۆڤە بۆ بابەتەکە بکرێت، چونکە ئەگەر دەست و بردێک نەکرێت و بەتەمابین ئەم هاوینە بە بەرگی زستان بەڕێ بکەین، ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ لاشەمان دەسووتێ و بەرگەی ئەو گەرما سەختە ناگرێت، تا ئێستاش بەداخەوە ئەم شەڕی دەستەویەخەیە سەرەداوی سەرکەوتنی بە ڕوونی دیارنین، بە پێچەوانەوە لێکەوتەکان بە ئاراستەی شەڕێکی قورسترن، بەتایبەتی دوای داعش و درەنگکەوتنی هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی هەندێک ڕەوتی ئیسلامی و لاوازی ڕاگەیاندنی ئیسلامی، خەریکە تەوژمی یاخیبوون بە بەرگێکی ترەوە دێتە پێش، کە شەڕ لەگەڵ خودی ئیمان و باوەڕ دەکات، پتر بە ئاراستەی دارنینی پیرۆزی و وەلاوەنانی خواناسینەوە پەلکێش دەکرێت.

ئا لێرەدا زەروورەتی قۆناغەکە جوانتر بەدیار دەکەوێت، بۆئەوەی کەرتی بانگەوازی کردن زیاتر بەرگێکی ئەکادیمی ورد وەرگرێت و، نەگلێتە ناو مەیدانی بەرتەسک (هەندێکجار) و چڵێسی سیاسەت، بۆئەوەی پرۆسەی پێگەیاندن و گەشەپێدانەکە نەبێتە قوربانی سیاسەتێک کە پتر لەژێر کاریگەری گوتاری ڕۆژ و ململانێی شکاندندایە. ئەوەش بە هیچ شێوەیەک مانای قەتیسکردنی ئیسلام لە بانگەواز و بانگەواز نییە، چونکە ئیسلام ئایینێکی شمولی

گشتگیرە، تەواوی پانتاییەکانی ژیانی بە ئاماژە بۆ کردن یان درێژدادڕی (الإجمال أو التفصيل) باس کردووە، بۆیە ئەگەر قەوڵ وابێت دابەشکردنی دەعوە و سیاسەت هەمان شیکاری دین و سیاسەت بێت، ئەوا عەینی ڕێچکە و ڕێبازی عەلمانییەتی ئێستایە، کاتێک هەوڵەکانیان بۆ دوورخستنەوەی ئایینە لە کایەکانی ژیان و، هێشتنەوەیتی لە چوارچێوەی چەند سرووت و دروووشمێک لە کون و قوژبنی مزگەوت و هیچی تر نا، دەستبردن بۆ کارێکی وەها بێجگە لە خۆبەدەستەوەدانی فیکری ئیسلامی و دروشمەکانی (ئیسلام چارەسەرە)، (ئیسلام ژیانە) شتێکی دیکە بەولاوە نییە، کەواتە جیاکردنەوەی دەعوە و سیاسەت تەنیا دابەشکردنی ئەرک و ڕۆڵە، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە قسەی زۆرتر لەسەر پسپۆڕی چڕ و ورد دەکرێت، بەپێچەوانەوە تێکەڵکردنی پسپۆڕییەکان و دووربوون لە وردبینی، هەم کەسەکە و هەمیش هەوڵەکان دەکوژێت.

ئەو بیرۆکەیەش دەبێ وەکو پێداویستی و حاجەتێکی ئانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ سەیر بکرێت، نەک دەرەنجامی هەستکردن بە شکست و لاوازی بێت، هەردەم مرۆڤە دووربین و وردبیرەکان بە دوای ڕێگەچارە و میکانیزمی تازە دەگەڕێن بۆ پێشخستنی پرۆژەکانیان و چاکسازی و نوێبوونەوە بە بەشێکی بەردەوامی پرۆسەکەیان دەزانن.

ئەم پرۆسەیەش تازە و هەنووکە نییە تا خەڵکێک لێی بترسێت، قسە لەوە دەکرێت کە ئیمام حەسەن بەننای ڕابەر و دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین لە کۆتایی چلەکان قسە و باسی زۆری لەو بارەوە کردووە و، لەگەڵ چەندین کەسی شارەزا شەن و کەوی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام وادیارە هێشتا قۆناغەکە نەگەیی بووە، هەروەک دەکرێت پرۆژە دوورودرێژەکەی مامۆستا سەعیدی نورسی و

> **تێکەڵکردنی پسپۆڕییەکان و دووربوون لە وردبینی، هەم کەسەکە و هەمیش هەوڵەکان دەکوژێت.**

ئیمام محەمەد عەبدە بە جۆرێک لەم ڕێچکەیە دابندرێت، سەرەنجامیش وەک دەعوە و وەک سیاسەت بە قازانج هاتوتەوە، هەروا لە مالیزیاش هەوڵی جددی هەن.

جارێ بە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ئێستا چاک دەردەکەوێت، کە ئەم تێکەڵییە زیانی لە قانزانجی پتر بووە بۆ بازنەی دەعوە و مەیدانی سیاسەتیش، لەوەدا دەعوە زیاتر وەک کەرەستەی پەرینەوەی لێهاتووە بۆ پلە و پۆستی سیاسی، ئەم کارەش عەلمانییەکان بەر لە ئیسلامییەکان پەنایان بۆ بردووە، لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کۆمەڵێک مێزەری سپی و مشتێک دەنگی دەعوە و بانگەواز دەخەنە مەیدانی ململانێکان و دەنگیان پێ خڕ دەکەنەوە، دواجاریش کە دەرچوو حەز بکەن یان نا، دەعوەکەیان دەبێتە قوربانی، هیچ نەبێت تەنها لە بازنەیەکی بچووکی سیاسی دەخولێتەوە، لەولاوەش کەلێنێکی سیاسی دروست دەبێت، چونکە لەوانەیە کەسی زۆر شارەزا لەبەر کەم ناسراوی چانسی دەرچوونی نەبێت، یان بە دەنگی ئەویدی دەردەچێت، بەمەش خەڵکی پسپۆڕ کەم دەبنەوە.

سیاسەت لە ڕۆژگاری ئێستادا جیاوازە لەو سیاسەتەی لە ئیسلامەوە قسەی لێ دەکرێت،

## ئەو بانگخوازەی دەچێتە ناو پڕۆژەیەکی سیاسییەوە بە خەوشی سیاسەتەکەیەوە لەکەدار دەبێت

ئەگەر سیاسەت لە فیکری ئیسلامی بریتی بێت لە حوکمڕانییەکی دادگەرانە و ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی خەڵک، لە دنیای ئەمڕۆدا بریتییە لە ڕۆحی زاڵبوون و بردنەوە، بریتییە لە شکاندنی ئەویدی، هەرچەندە چاک بێت جوانییەکانی نابێنێت، ئەسڵەن دەبێ ڕاگەیاندنەکە هەوڵ بدات چۆن جوانیەکانی بەرامبەریش ناشیرین بکات، ئەمەش لەگەڵ پەیامی بانگەواز نایەتەوە، کە قەت ئامانجی شکاندن نییە، بەڵکو بەیداغی ئەو هیدایەتە و تەواو.

ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوەشی سەلماندووە کاتێک بانگخواز دەکەوێتە ژێرباری سیاسەت، ئەوە یەکسەر پەیامی مزگەوتەکەشی لە ڕەوتێکی تایبەتییەوە بچووک دەکاتەوە، بەمەش بەر لە هەموو شتێک مەودای بانگەوازەکەی بەرتەسک دەکاتەوە و، مزگەوتەکەشی مۆرکێکی تایبەتی وەردەگرێت و، دەرفەتی سوودگەیاندن ناداتە هەموو کەس. ئەوە لەکاتێکدا ئەو بانگخوازە ئەگەر نەچێتە ناو دنیای تەسکی سیاسەت دەکرێت پڕۆژەی مەزنتری هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی دزێوکردنی دینداری مسوڵمانان.

هەموو ئەوانەش کە ئەسپی خۆیان لەم مەیدانە تاوداوە هەست بەو نەقس و کەم و کورتییەی خۆیان دەکەن، بۆیە وێڕای ئەوەی چوونەتە ناو بازاڕێکی تازەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناتوانن دەستبەرداری دەعوە و بانگەوازەکەیان ببن.


لەلایەکی دیکەوە، ئەو بانگخوازەی دەچێتە ناو پڕۆژەیەکی سیاسییەوە بە هەموو خەوشەکانی سیاسەتەکەیەوە لەکەدار دەبێت، هەموو حزبێک هەوڵی شکاندنی ئەوی دی دەدات، کاتێک کەتنێک دروست دەبێت، ئیدی بانگەوازی بانگخوازەکەش دەکەوێتە کەندەڵانی سیاسەتەوە، ئەمەش قەت بە قازانج بۆ بانگەوازەکە ناشکێتەوە.

هەندێک جار حزبێک دەکەوێتە دۆخێکی سیاسی تایبەتییەوە، لەناو دنیای هاوپەیمانی یاری دەکات، بابای بانگخواز ناچارە بچێتە ئەو بارەوە، لەوەشدا تووشی حاڵەتی ناهاوسەنگ دەبێت، بۆ نموونە بانگخواز ناچار دەبێت بەرگری لە هاوپەیمانەکەی بکات هەرچەندە نا دادگەریش بێت، هەروا دژی ئەوی تر بوەستێتەوە یان هیچ نەبێت بێدەنگ بێت هەرچەند هەقیش بێت، هەرچەندە ئێمە خەیاڵی و میسالی بیرکەینەوە، بەڵام ململانێ سیاسییەکانی ساڵانی ڕابردووی کوردستان ئەم هەقیقەتەی سەلماند.


ئەگەر تەماشای خودی کاری بانگخوازیش بکەین، دەبینین بەهۆی زیاد قوڵبوونەوەی لە حیزبایەتی، بانگخوازەکە لە دەعوەکەی بێبەش دەبێت، بگرە ساناتر جۆرەها تۆمەتی بۆ دروست دەکرێت، یان تەفسیرات و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ قسەکانی دەکرێت.

پوختەی قسە: زۆر جار کە قسە لە جیاکردنەوەی دەعوە و سیاسەت دەکرێت، بەرگریکارێکی سەرسەختی تێکەڵکردنی دوو باڵەکە بووم، بەڵام بۆ قۆناغی ئێستا کە ئەرکی بانگخوازی لە ڕۆژگارێکی سەخت دایە و، پێویستی بە هەوڵ و هیممەتی زیاتر و دەستەجەمعی هەیە، وای دەبینم زانایان و بانگخوازان کاری جدی لەسەر ڕۆحی

دەعوە بکەن، لە ڕزگارکردنی ئیمان و، بەرەنگاربوونەوەی ڕۆحی ڕق و کەراهیەت و، کارکردن بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکی دادگەر و گەڕانەوە بۆ باوەشی خێزانێکی ئارام و، بەرزکردنی دنیای ڕۆحی لاوان و، هەستکردن بە هێمنی و ئارامی، کارکردن بۆ پەروەردەیەکی تەندروست و دادگەری کۆمەڵایەتی و، بڵاوکردنەوەی گیانی خوێندنەوە و بەدواداچوون، بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و جورئەت لە خستنەرووی پرسیار و، دروستکردنی گروپگەلی ماریفی جیاواز، چۆنیەتی پێکەوەگرێدانی زانستو دینداری، ڕۆشنبیری تێکەڵبوون لەگەڵ دنیای مۆدێرنە و پاراستنی گیانی ڕەسەنایەتی، ئەمانە و چەندانی تر ئەرکی ڕۆژگاری ئەمڕۆی بانگخوازین، لەبری کاری سیاسی، باشترین ڕێگە کارکردنە لە ڕێگەی مزگەوت و ڕاگەیاندن و دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. دەرەنجام نەوەیەکی وشیار و خێزانێکی بەختەوەر دروست دەبێت، لەبری بانگخوازێکی سیاسی تێکەڵ، سەدان و هەزاران وشیار و بێدار و دەستپاک دروست دەبن. دەکرێت ئەمەش لە قۆناغێکی دیکە بەرواژی ببێتەوە. خۆ ئەگەر وەک ئێستا بڕوات، کە خەریکە سیاسەت پانتاییە هەرە زۆرەکەی گوتاری مەلاکان و بانگخوازانی گرتووە و، وەک دیارە هێندەی سیاسەت و ململانێکانی گرنگن، هێندە بەلای هەڕەشە جددییەکانی ئەمڕۆ ناچنەوە، لە بابەتی ئیمان و ماریفەت و پەروەردە و ڕێگرتن لە هەڕەشەکانی ئیلحاد و ماددە هۆشبەرەکان و مەترسی لە دەستدانی ناسنامە، ئەوا دەرەنجام کەس گوێیان بۆ ناگرێت و هیچ ڕۆڵێکیان نامێنێت، هەروەک فیکری ئیسلامی و بیریارانی ئیسلامیش دەخاتە دواوە، چونکە سەربازگە فیکرییەکە چۆڵ کراوە لەگەڵ ئەو هەموو گومانە کۆن و نوێیانەی لە دەرەنجامی کرانەوە بە ڕووی دنیای دەرەوە و، جیهانی ئینتەرنێت و سەتەلایت و، هەروەها ئەو گومانانەی هەڵقولاوی کرداری ڕێکخراو و کەسە توندئاژۆکان بوون، بەتایبەتی بوونی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و پوکانەوەی بەهاری عەرەبی کەشەکەی لەبارتر کردووە.



# ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لە نێوان پەروەردە و بانگەواز و کاری سیاسیدا



**یاسین ئەحمەد زەنگەنە**

ماستەر لە یاسای گشتی. سەرنووسەری گۆڤاری برەو کە تایبەتە بە پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی نزیکەی (١٥) کتێب و نامیلکەی چاپکراوی هەیە

# بزاڤە ئیسلامییەکان لە قۆناغی پێداچونەوە و گۆڕانکاریدان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ.

پرسی پەیوەندی نێوان پرۆسەی پەروەردە و بانگەواز و کاری سیاسی لە ئەزمونی بزاڤە ئیسلامیەکاندا گرنگی و سەنگی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەردەوام مشتومڕ و هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە لەسەر چەند شێوازێک گیرساوەتەوە لە وانە:

١- بژاردەی تێکەڵکردن و یەکخستنی تەواو لە نێوان بانگەواز و کاری سیاسیدا هەروەک بزاڤی ئیسلامی لە جەزائیر و چەند حیزب و لایەنێکی تر پەیڕەوییان لێکردووە.

٢- بژاردەی باڵادەستی بزاڤی بانگەواز لەسەر کاری سیاسی هەروەک لە ئەزمونی ئیسلامییەکانی ئوردن و میسردا ڕەنگیداوەتەوە.

٣- بژاردەی باڵادەستی حیزبی سیاسی لەسەر بزاڤی بانگەواز هەروەک لە ئەزمونی وڵاتی سوداندا بە زەقی دیارە.

٤- جیاکردنەوە لە نێوان کاری بانگەواز و کاری سیاسی لە شانشینی مەغریب پەیڕەو دەکرێت و ( حرکە التوحید والاصلاح) کاری پەروەردە و بانگەواز دەکات.

- بەردەوام لەنێو بازنەی بزاڤە ئیسلامییەکان مشتومڕ و گفتوگۆی نێوخۆیی قوڵ لە ئارادایە لە چوارچێوەی تێپەڕاندنی سروشتی کاری گشتگیر و پێداچونەوە بە پەیوەندی نێوان بانگەواز و کاری سیاسیدا، چونکە بەڕای بیرمەندان و شارەزایان و چاودێران یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی چەقبەستوویی کار و پرۆژەی ئیسلامی، ئەم تێکەڵ و پێکەڵیەیە وایکردووە چەندین دەیەیە گەشەی پێویست نەکات و لە بازنەیەکی بچوکدا بخولێنەوە.

- هەر لەم سۆنگەوە بزوتنەوەی (نهضة) لە تونس لە کۆنگرەی نیشتیمانی خۆیدا لە مانگی ئایاری ٢٠١٦ ڕایگەیاند کە وەک حزبێکی سیاسی تونسی کاروچالاکی ئەنجام دەدات.

چالاکی بانگەوازیش بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان جێدەهێڵن بەم بڕیارەی لۆجیکی بزاڤی گشتگیری بەجێهێشت، کە پێشتر لە سایەی ڕژێمی عەلمانی دیکتاتۆری پێشوودا بانگەشەی بۆ دەکرد.

- ئەمڕۆ ئەم پرسە لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکانی میسر، لیبیا، کوێت و چەندین وڵاتی تردا گفتوگۆی قوڵی لەسەر دەکرێت، ئاستی گفتوگۆکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە.

ئەم پێداچونانەوە دەکرێت وا وێنای بکەین کە ئەم بزاڤانە تەماشای ئاوێنەیان کردووە و ڕوخساری خۆیان بینیوەتەوە کەوا قۆناغ و تەمەن و سەردەم و ڕووداوەکان چی بە لاشە و فیکر و بەرنامە و ئەزمون و قەبارەیانیان کردووە، ناشکرێت چیتر لەسەر هەمان ڕیتم بەردەوامبن دەخوازێت بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکاری ئەنجام بدەن. بەواتایەکی تر دەکرێت بڵێین بزاڤە ئیسلامییەکان پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغی تێپەڕاندنی کاتی دامەزراندنیان کە بە قۆناغی گشتگیری ناوزەند دەکرێت.

- ئەم پێداچونانەوە سەرکەوتوو دەبێت گەر لە ژینگەیەکی تەندروست و سروشتیدا ئەنجام بدرێت و لۆجیکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و تەئصیلی فیکریی و خوێندنەوەی زانستی و بابەتی بۆ بکرێت، وەک پێداویستییەکی قۆناغ و سەردەمەکە تەماشا بکرێت. لە سەر بنەمای ڕەخنە

## پرسی جیاکردنەوەی کاری پەروەردە و بانگەواز لە کاری سیاسی پرسێکی سانا نیە بە بڕیارێك جێبەجێ بکرێت.

و ڕەخنە لە خۆگرتن و پێداچوونەوەی جەوهەری و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانی ڕابردوو بێت، نەک وەک وەڵامدانەوەی فشارە جیاوازەکان و خۆگونجاندن تەماشا بکرێت.

ئەمە دەخوازێت ئەم گۆڕانکاریانە پلان و بەرنامەڕێژی باشی بۆ بکرێت تا جێکەوتە و شوێنەواری خراپ بەجێنەهێڵێت.

– بزاڤە ئیسلامییەکان لە قۆناغی پێداچونەوە و گۆڕانکاریدان بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ لەژێر ناونیشانی (پسپۆڕی) لە بواری سیاسەت و بانگەوازدا دوای ئەوەی ئەم بزاڤانە پێشتر بزاڤی گشتگیربوون و کاری سیاسی و بانگەوازیان تێهەڵکێش کردووە.

– لە میانەی دیدو بۆچونی هەندێک لە بزاڤە ئیسلامییەکان دەردەکەوێت کە ئەوان بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکەن بۆئەوەی پرسی بانگەواز و سیاسەت لێکجیابکەنەوە، بەڵام جیاکردنەوەی لە ڕووی کردارییەوە کات و پلان و بەرنامە ڕێژی دەوێت. ئەو ئاڕاستەیەی زۆرێک لە بزاڤە ئیسلامییەکان گرتویانەتەبەر سەبارەت بە جیاکردنەوەی کاری بانگەواز لە کاری سیاسی، هەندێک ڕوکەشانە بە گەڕانەوە بۆ عەلمانیەت وێنای دەکەن و هەندێکیش وەک پێداویستی قۆناغەکە لێی دەڕوانن. لێرەدا چۆن وێنا دەکرێت گرنگ نیە، بەڵکو دارشتنی تیۆرێک بۆ مومارەسەکردن لە ژیانی واقیعیدا گرنگە، جگەلەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە چەمکی عەلمانی ئایدۆلۆژی نیە لە دوورو نزیکەوە، بەڵکو پەیوەندی بە بواری پسپۆڕی و شارەزایی و لێهاتوویی و ئارەزوومەندی و دابەشکردنی ڕۆڵەوە هەیە.

– گەیشتنی هەر بزاڤێکی ئیسلامی بەو دیدو تێڕوانینەی کەوا پێویستە ئەوانەی کاری سیاسی دەکەن و ئەزمون و شارەزای ئەو بوارەن با لە چوارچێوەی حیزبی سیاسیدا کاروچالاکی بکەن و ئەوانەشی دەیانەوێت کاری پەروەردە و بانگەواز بکەن با دامودەزگای پەروەدە و بانگەواز دامەزرێنن، هەردولا سەربەخۆبن لە ڕووی ئاڕاستە و شێوازی کارەوە، بەم هەنگاوەش خزمەتێکی باش بەکۆی حاڵەتە ئیسلامییەکە دەکەن هەریەکە و لە مینبەری خۆیەوە.

– حیزبە ئیسلامییەکان بە گەرمی چونەتە نێو گەمەی سیاسیی و کاری جەماوەریی و بەرگری کردن لە نیشتیمان و دژایەتی کردنی گەندەڵی و پاوانخوازی، هەموو ئەمانە دەخوازێت کەوا خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسی کردەیی واقعی بن، لە میانەیەوە کێبرکێ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تردا بکەن و چارەسەریان پێ بێت بۆ کێشەکانی خەڵکی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەوە، ببن بە حیزبی پرۆژە و خزمەتگوزاری و لەم قاوغەی ئێستایان بێنە دەرەوە، وتاریان بۆ کۆی خەڵکی بێت نەک چین و توێژێکی دیاریکراو، خۆیان بە خاوەنی خەون و خواستەکانی خەڵک بزانن، چونکە ئەم وڵاتانە لە سایەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا ڕووبەڕووی قەیران و داڕوخان و کارەسات و وێرانی بونەتەوە.

– لەڕاستیدا پرسی جیاکردنەوەی کاری پەروەردە و بانگەواز لە کاری سیاسی پرسێکی سانا نیە بە بڕیارێک جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پلان و بەرنامەڕێژی وردی دەوێت لە هەموو بوارەکاندا

بە پلەی یەکەم ئاستێکی بەرزی هوشیاری بە زەرورەتی جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە تا هیچ یەکەیان لەژێر هەژموون و فشاری ئەوی تریاندا نەبێت و نەبێتە قوربانی و هەریەکەیان بە سەربەخۆیی لە ڕووی ئیداریی و یاسایی و ڕێکخراوەییدا کار و پرۆژە و چالاکی خۆی ئەنجام بدات. هەردوو لایەنەکەش لە دەرئەنجامدا خزمەت بە کۆمەڵگا دەکەن هەریەکە و لە بواری تایبەتی خۆیدا.

خاڵە ئەرێنییەکانی پرۆسەی ڕێکخستنەوە و جیاکردنەوەی کاری پەروەردە و بانگەواز لە کاری سیاسی زۆرن، لەوانە:

١- پرۆسەی پەروەردە و بانگەواز خزمەت بەلایەنی بیروباوەڕ و ڕەوشت و بەهاو ئاکارە بەرز و جوانەکان دەکات و پرۆسەی سیاسیش خزمەت بەژیان و گوزەران و ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان دەکات.

٢- پرۆسەی بانگەواز بە ئاراستەیەکی سروشتی خۆیدا دەڕوات بێئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ملکەچی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و فشارە جۆراوجۆرەکان بێت.

٣- کاری سیاسی بە سروشتی خۆی هەورازو نشێوو گۆڕانکاری زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت بەپێی هەلومەرج و بارودۆخەکان، بەڵام پرسی پەروەردە و بانگەواز و پێگەیاندن جۆرێک لە ئارامی جێگیری تێدایە.

٤- بانگەواز کردن بەدیدی سیاسی و لەژێر هەژمونی کاری سیاسییدا دەستەمۆ دەبێت و بە سروشتی گەشە ناکات، لە هەمانکاتیشدا سیاسەت کردن بەدید و خوێندنەوەی بانگخواز و پەروەردە سەرکەوتوو نابێت.

٥- ئەزموونی ڕابردوو سەلماندوویەتی تێکەڵکردنی کاری پەروەردە و بانگەواز و کاری سیاسی لە چوارچێوەی بازنەیەکدا زیان بە کۆی پرۆسەکە دەگات، لەلایەکەوە سروشتی کاری سیاسی باڵادەستی و پاوانکردنی تێدایە لایەنی پەروەردە و بانگەواز لە سایەیدا دەبێتە پاشکۆ و گەشەی پێویست ناکات.

لەکۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئەم پرسە لە هەرێمی کوردستانیشدا گفتوگۆی جدی لەسەر بکرێت، لایەنە ئیسلامییەکان و ڕێکخراو و زانایان و بانگخوازان و ڕۆشنبیران و کەسایەتی.... هتد، بە وردی تاوتوێی بکەن لە ژینگە و کەشوهەوایەکی دۆستانە و لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەدین و ژینی گەلەکەمان. بە بڕیار و بۆچوونی پێش وەخت و هەستیارانە نەچنە نێو بابەتێکی چارەنووسسازی واوە.

هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی ئەو گۆڕانکاریی و جموجۆڵانە ئەمڕۆ یا سبەی کاریگەری خۆی دروست دەکات، با دوای ڕووداوەکان هەنگاو نەنێین و نەبینە پاشکۆ و لە کاروان جێنەمێنین.

# تەوەری داهاتوو

## خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە بۆ کەلەپوور، زیان و دەرئەنجامەکانی

گۆڤاری خاڵ بابەتی (خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە بۆ کەلەپوور، زیان و دەرئەنجامەکانی) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١. تا چەند کاریگەری ئایدۆلۆجیا بەدی دەکرێت لە خوێندنەوە بۆ بەرهەمە کلتووریی و کەلەپوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی؟

٢. زیانەکانی خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیا لەسەر پاشخانە کلتووریی و کەلەپوورییەکان چین؟

٣. ئایا خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە ڕۆڵی بینیوە لە فەرمۆشکردنی بەشێک لە کەلەپووری کوردی؟

٤. سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە بۆ کەلەپووری کوردی؟

٥. تا چەند خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە ڕۆڵی هەبووە و هەیە لە شێواندنی بەشێک لە ڕاستییە مێژووییەکان؟

٦. ئایا خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە ڕۆڵی بینیوە لە لێکترازانی نەریتی کوردەواریی و ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکان؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٧/٧/١٠) بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.
- داواکارین لە نوسەرانی خۆشەویست لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا وێنەیەکی گونجاوی خۆیان و پرۆفایلی خۆیانی لەگەڵدا بنێرن.

# بانگەواز و سیاسەت، لە نێوان جیاکاری (تمییز) و جیاکردنەوە (فصل)دا




**د.ئیدریس کەریم کاریتانی**

لەدایکبووی ١٩٧٢، هەولێر.
هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا.
بەڕێوەبەری گ شتی دەزگای ڕووناکی.

دوای ئەوەی هەوڵ و ئەزمونە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامی نەگەیشتنە ئامانج و ئەوەی مەبەست بوو بۆ گەیشتن بە جڵەوی دەسەڵات تاڕادەیەک شکستی هێنا، ئەو حاڵەتە بووبە مایەی ئەوەی سەرجەم حیزبە ئیسلامییەکان بەخۆدا بچنەوە و موراجەعە دەستپێ بکەن، بزانن هۆکاری شکست خواردنەکان چی بوون، هەریەک بە جۆریک پێداچونەوەی کرد لە بوارەکانی فیکر و سیاسەت و بانگەواز و پاشگری ئیسلامی و قۆناغی مەکی و مەدەنی و فیکری جیهادی و جۆرەها تیبینی تر!!! یەکێک لەم خاڵانە هەنگاونانە بۆ جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت، واتە پێیانوایە تیکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ بانگەواز هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی کاری ئیسلامی، ئەم بیرۆکەیە تازە لە کوردستان تەشەنە دەکات و باس و خواسی گەرمە( )، لەم نوسینەدا بە وردی هەندێک لایەنی ئەم بابەتە دەخەینە ڕوو:

**ئیسلام دینیکی گشتکیرە:**

بێگومان ئیسلام دینێکی گشتگیرە و هیچ بەشێکی ژیانی فەرامۆش نەکردووە، سێکوچکەی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و خودا و خۆت و کومەڵگای بەوردی شیکردۆتەوە و تەواوی ئاداب و ئەحکامەکانی بەکۆی مەرجەکانەوە دیاریکردووە، تێروانینی بۆ مرۆڤ و ژیان و بونەوەر بە وردی داڕشتووە، بێگومان سیاسەت و بانگەوازیش دوو چەمک و جومگەی سەرەکی هەموو فیکرە و ئاین و ئایدیایەکن، ناکرێت مەرج و تایبەتمەندیی و شیکاری وردی لەسەر نەکرابێت، بانگەواز ئاینە و سیاسەتیش ئاینە.

سەردەمەکان جیاوازن بۆ ئیدارەدانی دەوڵەتداری و سیاسەت کردن:

پێش ئەوەی قسە لەسەر جیاوازی ئیدارەدان بکەین پێویستمان بە پێناسەیەکی کورت و پوختی سیاسەت و بانگەواز هەیە.

سیاسەت: واتە هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مروڤ( ). لەلای ئیبن عەقیل سیاسەت زۆر بەرفراوانتر و گشتگیر تر باسکراوە دەفەرموێت: ((هەموو هەڵسوکەوتێکی دەسەڵاتی سیاسییە کە خەڵک نزیک بکاتەوە لە چاکسازی و دوریان بخاتەوە لە خراپەکاری، با لە شەریعەتیش نەهاتبێ، بەڵام بە مەرجی ئەوەی دژ و پێچەوانەی شەریعەت نەبێت( ).

بەڕیوەبردنی گومەڵگا، سەروکار کردن و ئیدارەدان و پاراستن و ڕیکخستنی ژیان و گوزەرانی و کاروباری سیاسیی و دیپلوماسی و پەیوەندییەکان و جەنگ و ئاشتی و پەروەردە و فێرکردن و بەڕێوەبردنی سەرجەم کایە و جومگەکانی وڵات هەمووی هونەری بەڕێوەبردنە.

دەعوە (بانگخوازی): ئیبن تەیمییە دعوەی وا پیناسە کردوە دەفەرمویت: (بانگخوازی بو لای خودا بانگخوازیە بو ئیمان هینان بە خوداو بەوەی پیغەمبەران پیی هاتوون، وە بەراست دانان و بروا هینان بە پیغەمبەران و بەوەی لەلای خودا هیناویانە، وە گیرایەلی کردنی ئەم فەرمانانەیە کە کردویانە، ئەمەشیان شایەدی هینان و بەرپاکردنی نویژو ئەدا کردنی زەکات و ڕوژوی ڕەمەزان و حەجی مالی خوداو، بانگەوازیە بو ئیمان هینان بە خوداو بە مەلائیکەت و کتیبە ئاسمانیەکان و پیغەمبەران و قەزاو قەدەر و زیندو بونەوە دوای مردن( ).

بێگومان دەعوە کاری هەرە سەرەکی و گرنکی پیغەمبەران و خولەفای ڕاشیدین و زاناو بانگخوازانە، باشترین کردەوەیە دوای ئیمان هینان، (ومن احسن قولا ممن دعا الی الله وعمل

صالحا وقال اننی من المسلمین) دیاریکردنی ڕاست و ناراست، خیرو شەر، حەلال و حەرام، حەق و باتل، ڕوناکی و تاریکی، چاکەو خراپە بەکاری دەعوە جیادەکریتەوە.

دوای ئەم دوو پیناسەیە بومان دەر دەکەوی سیاسەت و دەعوە سەرچاوەیان یەکە کەشەریعەتە، بەلام جی بەجی کردنیان یەکجار جیاوازە و لە سەر دەمیکەوە بو سەردەمیک، لە شوینیکەوە بو شوینیکی تر گورانکاری بەسەر دادیت. لەئیستادا دونیا بوتە جیهانگیری خەلک لەبازنەی زانیاری لوکالی گوازراوەتەوە بو زانیاری جیهانی، پانتایی فیر بونی زور فراوان بوە لە جیاتی یەک سەرچاوەی فیر بوون بەهەزاران سەرچاوەی بە یەک کلیک لەلا دەست دەکەویت لەدییەک بیت یان لەناو شار.

کەواتە شیوازی سیاسەت کردن و هونەری بەریوەبردن زور گورانگاری بەسەر داهاتوە و زەمەن و لوژیک و واقیع لیت قەبول ناکات بەم زانیاریە کرچ و کاڵە بییتە مەیدان و سیاسەتی وڵات بەرێوە ببەی، هەروەک بەهەمان شێوە بانگخوازی پێویستی بەزانیاری ورد و زانستی و واقعیی هەیە، ئەگەر نا شورشی زانیاری ڕوژانە هەزاران بابەتت بەشیوەیەکی زانستی و شیکاری لی هەلدەوەشینتەوە، بەلام لەکوتاییدا مەبەست لە سیاسەت و دەعوە خزمەت کردنە بە دین و ژینی خەلک ئەمە مەبەستی سەرەکیە!!! نەک شێوازی ئیدارە دان و چۆنیەتی بانگەوازی کردن بەمەرجێک ڕیگاگان ناشەرعی نەبن. بی گومان ئیستا لەهەموو کات زیاتر ئیدارەدانی وڵات و دەعوەش پیویستی بە وردەکاری زور هەیە تا بتوانی بەجوانترین شیوە پیگەینی.

**جیاوازی نیوان سیاسەت و دەعوە:**

ئەم بابەتە تا ڕاددیەک ئالوزە ئەگەر زور بەوردی شیکاری بو نەکریت توشی دەیان کلەیی و ڕەخنە دەبینەوە بەتایبەتی ئەوانەی زور ناخوینتەوەو لە دونیایی میژودا دەژین یان لەچوارچیوەی کتابی فقهی دەرناچن، بو بەر چاو ڕونی پیویستمان بە جیاکاریەکی بەراورد کاری هەیە لە نیوان سیاسەت و دەعوە بەخال دەیخەینە ڕوو:

١- سیاسەت کەمترین دەقی لەسەرە لەقورئان و سونەت = دەعوە زورترین دەقی لەسەرە.

٢- سیاسەت هونەری ئیدارەدانە و ئیجتاهادی مروڤەکانە = دەعوە کەمتر مەجالی ئیجتیهادی تیدایە.

٣- سیاسەت کارکردن و چوارچیوەی فراوانە = دەعوە چوارچیوەکەی تارادییەک دیاریکراوە.

٤- سیاسەت پەرژەوەندی گشتی ولات دەپاریزیت = دەعوە گرنکی بە کاری بانگخوازی و خواناسی دەدات.

٥- سیاسەت زورترین هەلکشان و داکشانی توش دەبیت بو جارەسەر کردنی ئیجتهادی کەسەکانی پیویستە = دەعوە زور ترین دەقی لەبەر دەستە لەکاتی هەلکشان و داکشانەکان جارەسەری ئاسانە.

٦- سیاسەت لەسەردەم و شوین و کاتەکاندا گورانکاری زوری بەسەر دادیت تا ئیدارەی ولات بکات= دەعوە زور جیاوازی نیە .

٧- سیاسەت شیوازی گەیشتن بەئامانجی چەندان ڕیگای فراوان و جیاوازی لەپیشە وەک ئەوەی خەلیفە بەریزەکان بەجیاوازی کردیان= دعوە قوناغەکانی لەچەند هەنگاویک تیناپەری.

٨- سیاسەت پەیوەندی بە ولاتانی دراو سی و نیو دەولەتی هەیە= دەعوە وابەستەی ناوخویە زیاتر.

٩- سیاسەت کار لە سەر سود و قازانجی نیشتمان و ولات دەکات= دەعوە باس لە حەلال و حەرام و موژدە دان و ترساندن دەکات.

١٠- سیاسەت بەناوی خوداو قورئان و سوننە هونەری بەریوەبردن ناکات= دەعوە هەمووی پیک هاتوە لە قورئان و سونە و بەلگەی شەرعی.

دیارە کومەلیک خالی تر ماون بەلام لە بەر دریژ بونەوە باسی ناکەین.

**ئایا سیاسەت لە دعوە جیا دەکریتەوە یان نا؟**

دیارە لەگەل فراوان بونی کاری سیاسەت و دەعوە، تیپەر بونی ژیان و زەمەن دونیا بەرەو ئاراستەی پسپوری (التخصص) دەروات هەرچەندە من وەک خوم ڕام وایە پسپوری لەسەر دەمی پیغەمبەر (د.خ) بناغەی داناو صحابە بەپی پسپوری کاریان دەکرد بەنمونە زانستی قوران : ( عبدالله ی کوری عباس وعبدالله کوری مسعود. استشارە: ابوبکرو عمر، ئەمانەت: ابو عبیدەو جاودیری: قیس کوری سعد. زانیاری سری: معیقب الدوسی . وتەپیژ: سابت بن قیس. ترجمە: زید بن سابت. حەلال و حەرام: معاز . قەزاوەت: علی . ڕاگەیاندن: بیلال . پەیوەندی دەرەوە: جعفر، سەربازی: لەگەل چەندان پسپوری تر. لیردا بومان دەردەکەوی فەرقیکی زور هەیە لەنیوان جیاکاری (تمییز) لەنیوان سیاسەت و دەعوە لەگەڵ جیاکردنەوە (فصل) لەنیوان سیاسەت و دەعوە، هەر کاتی بلیین دەبیت جیاکاری بکریت لەنیوان سیاسەت و دەعوە بو سەر کەوتنی پروسەی سیاسی و جوان ئیدارە دانی ولات و تیکەل نەکردنی بەکاری دەعوە ئەمەیان هیچ تیک گیرانیک نیە لەگەل شەریعەت چونکە لەسەر ئەساسی پسپوریەو پیویستی ئیستای بەریوە بردنی هونەری سیاسەتە، وە دەعوەش دەپاریزی لەهەمو لەکەیەکی ناتەندروست بو بانگخوازو بانگەوازی، دعوەش بەم شیوازە زورتر دەتونی کاریگەری خوی دابنی و زیاتر بەنیو چین و تویژەکان دا بلا و بیتەوە. ئەگەر مەبەستمان ئەوە بی سیاسەت و دەعوە لیک جیابکەینەوە واتە (فصل ) بەمانای نەبونی دەعوە لە دەولەتداری، یان دەعوە زیادەو گومەلگا پیویستی پی نیە، یان دەعوە بوتە بار گرانی نایەلی سیاسەت سەر کەوی و دەولەتداری بکات، بیگومان ئەمەیان هیچ جیاوازیەکی نیە لەگە ڵ جیاکردنەوە ی دین لە ژین، یان دین لە دەولەت. بەم پیوەرە بە پیی سیستەمی موسەساتی دامەزراوەی، بە هەم ئاهەنگی لەنیوان سیاسەت و دەعوە بە کاری تەواوکاری و پسپوری تایبەت، دەکری باشترین نمونە پیشکەش بە هونەری بەریوەبردن و دەعوە بکریت بەبی ئەوەی هیچ تیک گیرانیکیش لەگەل شەریعەت ڕو بدات، کەواتە جیاوازیەکی زور هەیە لەنیوان جیاکاری (تمییز) لەنیوان سیاسەت و دەعوە لەگەل جیاکردنەوە (فصل) ئەمرو ڕیکخراوی مەدەنی و پیشەییەکانیش گشتیان لەسەر ئەساسی پسپوری جیاکاریان تیدا کراوە وەک سەندیگای پزیشکی و ئەندازیاری و ماموستایان و تەواوی پیشەوەریەکانی تر لەسەر ئەساسی جیاکاری ڕیکخراون دەکری لەئیستادا سیاسەت و دەعوەش لەسەر ئەساسی جیاکاری و پسپوری ڕیکبخریت باشترین هەڵبژاردەیە.



# پسپۆڕی نەك جیاكردنەوە



**مافناس: دانا دارا حسەین**

لەدایکبووی ١٩٧٨ سلێمانی. بەکالۆریۆس لە یاسا
ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکایەتی پەرلەمان و
ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور.

**پێشەکی**

پرسی بەخۆداچوونەوە و شیکاری ئەو ئیشکالانەی لەناو گوتاری ئیسلامیدا بونیان هەیە بابەتێکی زیندوو و هەنووکەییە، لەگەڵیدا ناونیشانێک زۆر باسی لێوە دەکرێت کە بریتییە لە جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی بانگەواز و سیاسەت لە یەکتری، کە پوختەی ئەم هەوڵە بریتییە لە جوداکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لە ڕووەکانی کرداریی و ڕێکخستن و پسپۆرییەوە نەک لەسەر بنەمای زانستی و یاخود بیروباوەڕەوە.

چونکە هەرگیز مسوڵمان نابێت باوەڕی وابێت کە ئاینی ئیسلام پەیوەندی بە سیاسەتەوە نیە، بەڵکو دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە کەسانێک هەیە یەکلابوونەتەوە بۆ چەند پرسێکی سیاسی وەک: (بەشداری هەڵبژاردنەکان، سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیسلامییەکان، چوونە ناو ململانێی سیاسی... هتد)، کەسانێک هەن تەرخانن یاخود ئەسپی خۆیان تاودەدەن لە بواری بانگەواز و خزمەتکردن لەم کایەیەدا.

کەواتە دەتوانین لەمەوە بڵێین کە پسپۆڕی لایەنی ئەرک و وەزیفە دەگرێتەوە کە هەریەک لە خودی کەسە سیاسییەکان بە باگراوەندی ئایینی ئەنجامی دەدەن لە بەرامبەر کەسی بانگخوازدا کە بانگەواز بۆ چەمکەکانی ئیسلام دەکات و لە هەمان کاتدا پشتیوانی پرۆژە سیاسیەکەش دەکات.

ئەم بابەتە لەوێوە سەریهەڵدا کە ئیسلامیەکان پیادەی چەمکێکی نوێیان کرد لەکاری ئیسلامیدا لە دیوە سیاسیەکەیەوە و هەندێک لەم بزووتنەوانە گەیشتنە دەسەڵات وێنەی وڵاتەکانی( کویێت، تونس، مەغریب، تورکیا، میصر...).

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بزووتنەوانە ڕووبەڕووی ئەزمونێکی نوێ بوونەوە لە هەڵبژارنی فۆرمێکی نوێی دەوڵەتداری کە مەدەنیەت و هاوڵاتیبوون و پاراستنی سەردەمی فرەیی لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەو پرسیارە جدییەی کە ئایا ئیسلامییەکان چۆن و لە کوێوە دەست بە پرۆسەی بەخۆداچوونەوە بە چەمکە فیکرییەکاندا دەکەنەوە.

ئەمانە وایان کرد کە پرسێکی ئاوا بە قوڵی خۆی نمایش بکات و چەند دەنگێکی دیار بانگەوازی بۆ بکەن لە پارتی ئیسلامی و کەسایەتیەکان، بە نمونەی بزووتنەوەیەکی دیاری نێو ژیانی سیاسی وەک (حركة النهضة) لە تونسدا کە بەشێوەیەکی فەرمی ئەم بڕیارەی داو هەردوو چەمکەکەی لە یەکدی جوداکردەوە.

***پاڵنەرە سەرەکیەکانی ئەم پرۆسەیە:**

١-ئیسلامییەکان شێواز و کاریان پێویستی زۆری بە پێداچوونەوە هەیە، کە لە ناویدا ئەم پرسە بە قوڵی قسەی لەسەر بکرێت.

٢- خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ پیادەکردنی ئەم چەمکانە وادەکات بڵێین خودی ئیسلام و سەرچاوەکانی قورئان و سوننەت موقەدەسن، بەڵام پێکهاتە و دابەشکردنی ئیش وکارەکان موقەدەس نین، بەڵکو دەچنە خانەی گۆڕاوەکانەوە (المتغيرات)و قسەکردن لەبارەیانەوە کارێکی گرنگە.

٣- دەرکەوتنی چەندین کەسایەتی وەک سەرکردە کە قسە لە هەردوو بواری سیاسەت و وردەکارییەکانی و بانگەواز و ڕەهەندەکانی دەکەن، کە لە بنچینەدا یان بە نەزانی یاخود تۆخکردنەوەی چەمکی لە هەموو شتێک دەزانم وایکرد ئەم باوەڕە بچەسپێت لەلای دەستەبژێری ئیسلامییەکان.

٤- کاری سیاسی ڕووی لەوەدیهێنانی گۆڕاوەکانە، کە بەپێی کات و ڕۆژگار و شوێن گۆڕانی بەسەر دادێت، بەڵام کاری بانگەواز وەک واجبێکی عەینی ئەرکی هەموو مسوڵمانێکە وەک پێغەمبەرمان(د.خ) فەرمویەتی (بلغوا عني ولو آية)، کەواتە کاری بانگەواز ئیشکردنە لە بواری نەگۆڕەکاندا(ثوابت).

٥- ئەم چەند ساڵەی دوایی دەریخست کە وەزیفەی سەرەکی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بریتییە

له (بانگەواز لەلایەک و پەروەردە و گۆڕانکاری سیاسی بەمەنهەجیەتی خۆیان لە لایەکی دیکەوە)، لە بەرامبەردا ئەرکی ژمارەیەک دامەزراوە و کەسایەتی تر بریتییە لە( پرسە ئابوورییەکان، توێژینەوەی فیکری، کاری خێرخوازی...).

***گۆڕاو و نەگۆڕەکان لەکاری ئیسلامیدا چین؟**

بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی کاری ئیسلامی و بانگەواز بەتایبەت و ڕۆحیەتی ئەو بەها باڵایانەی کە ئێمە وەک مسوڵمانێک باوەڕمان بەزیندووکردنەوە هەیە پێویستە لەسەر هەردوو چەمکی گۆڕاو و نەگۆڕەکان بوەستین، لەگەڵ فراوانی بوارەکەدا، بەڵام پوختەکەی ئەمانەی خوارەوەن:

١- سەرچاوەکانی ئیسلام و پێوە پابەندبوونیان و جێبەجێ کردنیان بەپێی توانا نەگۆڕە، بەڵام ئیجتهاد و دابەزاندنی ژێرانەی ئەم دەقانە بۆ واقیع کارێکی گۆڕاوە.

٢- ئەوەی پێی دەتوترێت (أدلة الاحكام) نەگۆڕە، بەڵام پابەندی فیقهیی وفیکریی بە مەزهەبێک یاخود ڕای زانایەکەوە لە بواری گۆڕاوەکانە.

٣- پرۆژەی ئیسلامی کە لە هەناوی دەقە پیرۆزەکانەوە سەرچاوەی گرتووە نەگۆڕە، بەڵام ڕێگاکانی وەدیهێنانی و فرەیی لە قوتابخانە و پەیکەرەکانیدا گۆڕاوە.

٤- دەوڵەتی خاوەن دەستوورێکی مەدەنی و چەترێک کە هەموان کۆ بکاتەوە نەگۆڕە، بەڵام بەشداری هەڵبژاردن یاخود کابینەی حکومەتی کارێکی گۆڕاوە.

٥- رووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستکاری ستەم کارێکی نەگۆڕە، بەڵام ڕیزبەندی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و دیاریکردنی شێوازەکانی گۆڕاوە.

٦- وەزیفەی بنیاتنان و پەروەردەکردن لەسەر نەگۆڕەکانی ئیسلام کارێکی نەگۆڕە، بەڵام شێوازەکانی بانگەواز و قۆناغ بەندی لە پەروەردەدا کارێکی گۆڕاوە.

***پاساوەکانی پسپۆری نەک جوداکردنەوە:**

ئایینی ئیسلام هانی هەر مسوڵمانێک دەدات کە بانگەواز بکات بۆ لای خوای گەورە بە ئەندازەی ئەوەی کە دەیزانێت، هەروەها پەیڕەوی لە پرانسیپی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بەپێی توانا وا لە کەسایەتی مسوڵمان دەکات کە جۆرێک لە بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆی بۆ بڵاوکردنەوەی چاکە و پاراستنی کۆمەڵگا لە لادان و تاوان.

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە لەسەرمان پێویست دەکات کە گشتگیری لە تێگەیشتندا پێویستە، بەڵام لە مامەڵە و پیادەکردندا قورس و ئەستەمە، بەڵکو پێویست دەکات لەسەرمان کە باوەڕی تەواومان بەوە هەبێت کە پرسی پسپۆڕی لە یەکێک لە بوارەکان نەک پچڕاندن پەیڕەو بکەین، کە دیارترینی ئەو پاساوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- بواری سیاسەت بوارێکی جیاوازە لە بانگەواز و، سروشتی هەریەکەیان لەوی دیکەیان جودایە.

بواری سیاسەت گۆڕاوە و ناوەندی جیاوازیی و پێکهاتن و هاوپەیمانیەتی و سازان و سازشە، سیاسەت پێویستی بە مونااوەراتە یاخود ئەوەی پێی دەوترێت دیپلۆماسیەت، بەڵام بواری بانگەواز بوارێکی گرنگە و گەیاندنی پەیامی حەقی خوای میهرەبانە کە ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت وەک پێشڕەوێک(قدوە) سەیر دەکرێت.

٢- کارێکی قورسە کە بنەما ئیمانییەکان و بەرژەوەندی و پرۆژە کەسییەکان لێک جیابکەینەوە، تەنانەت بەڕادەیەک ئەم پرسە لێکدراوەتەوە کە ئەوانەی دژی پرۆژەی ئیسلامین ئەم تێکەڵاوکردنە بە قۆستنەوەی ئایین بۆ بەرژەوەندی کەسی و حزبی لێکدەدەنەوە.

٣- کە پسپۆڕییەکان جیادەکەینەوە ئەوا ئێمە پرۆسەی بانگەوازەکە دەپارێزین لە هەڵە و ناتەواوی سیاسییەکان.

٤- پرۆسەکە ئارامکردنەوەی نەیارەکانی تێدایە، بەشێوەیەک کەمترین بەریەککەوتن و پلانی

ژەهراوی دژ بە ئیسلامییەکان دروست دەبێت.

٥- کەڵک و سودەکانی پسپۆڕی زۆرن لەوانە:

أ-کۆنەکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی کەسێک یاخود چەند کەسێک.

ب- خۆتەرخان کردن بۆ پرسێک و بوارێکی دیاریکراو و قوڵبوونەوە تیایدا.

ج- بەرهەمی زۆرتر دەدات بە دەستەوە.

د- ئەزموونەکان کۆدەکاتەوە و کەڵەکەیان دەکات.

ه- بانگەواز لە پرۆسەیەکی دووبارە دەردەکات بۆ کارێکی دامەزراوەیی و ئەفراندنی تیادا دەکات.

٦- پیاوی هەردوو بوارەکە زۆر بە کەمی سەرکەتوو دەبێت، بەڵکو دواتر دەبێتە کوردی لە هەردوو جەژن بوو، نەسیاسییەکی کارامە و سەرکەتوو دەبن و نە بانگخوازێکی لە دڵا شیرین دروست دەبێت.

٧- پاراستنی کەسێتی بانگەوازکار لەخۆ خزاندنە نێو بوارێک کە سوود بە خۆشگوزەرانی دەگەیەنێت، بەڵام زیان بەکاری بانگەواز و سیاسەتەکەش دەگات.

*مەترسیەکانی جیاکردنەوە بە بێ پسپۆڕی:

١-جیاکردنەوە لەیەکتری و پچڕاندنی پەیوەندی نیوان بانگەواز و سیاسەت زیانێکی زۆر بە جەستەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەگەیەنێت و خاڵییان دەکاتەوە لە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانیان، لەکاتێکدا ئەوان بۆیە لەلای جەماوەر هەڵبژاردەن، چونکە هەڵگرانی پەیامەکانیان کەسانی ئیماندار و شەفافن.

٢- هەردوو شاباڵی بانگەواز و کاری سیاسی پێکەوە بە هاوشانی لەگەڵ کاری خێرخوازیی و پەروەردە و جەماوەریدا پێکهێنەری کاری ئیسلامین، ناکرێت پچڕاندن لەنێوانیاندا ڕوو بدات .

٣- دەکرێت سەرکردەیەک یان کەسایەتیەک یاخود دەستەیەک یان ڕێکخراوێک لە یەکێک لە بوارەکانی بانگەواز یاخود سیاسەتدا پسپۆڕی بکات و تیایدا شارەزا بێت و ئەزموونەکانی کەڵەکە بن، بەڵام ناکرێت هەریەکێکیان وەک دوو حیزبی جیاواز و دو دنیابینی ناتەریب کار بکەن و ئەنجامەکەی بەبەریەک کەوتنی سەلبی کۆتایی بێت.

٤- جیاکردنەوە سەردەکێشێت بۆ بە عەلمانی کردنی کاری ئیسلامییەکان و خاڵیبوونەوە لە ناوەڕۆک و چونە ڕیزی هێزە سیاسییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا مسوڵمانەکان کە هێزی عەلمانین و هیچ بەهایەکی ئایینی و سیاسی نایان وەستێنێت.

٥- کایەی سیاسی بەبێ ڕۆح و دنیاویستانەیە، ئەگەر بە بەها ئیمانییەکان و مەبەستە دوورەکانی ڕەزامەندی خودا و بردنەوەی دوارۆژی لەگەڵدا نەبێت، زوو هەڵگرانی ئەم پەیامانە ماندوو دەبن و کۆڵ دەدەن.

٦- خۆ ئەگەر جیاکردنەوەش بکرێت هەر عەلمانییەکان لە پرۆسەکە ڕازی نابن، چونکە سیاسەتمەدارانی بوارەکە هەمیشە بە باگراوەندێکی ئایینییەوە سیاسەت دەکەن بە مەرجی ئەوەی بەتەواوەتی خۆیان لەگەڵ ڕابردوویاندا نەپچڕێنن.

٧- ئەگەرەکانی جیابوونەوە و دەستەگەری هەمیشە لە کایە سیاسیەکاندا ڕوودەدات، ئەگەری هەیە بەهۆی جیابوونەوە و پچڕاندنەوە کەسەکان تەفسیر و لێکدانەوەی نارەوا بۆ پرسە ئاینییەکان بکەن.

٨- چەمکەکانی پێداچوونەوە و چاکسازی لە فیکری ئایینی و ڕەوتی کار لەنێو ئیسلامیەکاندا و سەرکەوتنی کەسی شیاو بۆ بواری خۆی لە ئەنجامی پسپۆڕیەت ، بەڵام جیابوونەوە و پچڕاندن ئەم پرۆسەیە ناکامڵ دەکات و ناگاتە ئەنجام.

پوختە

١- وەستان لەسەر ئەم پرسە نوێیەی کە ئیسلامییەکان لەبارەیەوە کەوتوونەتە گفتوگۆ لەم دواییانەدا دەری دەخات کە کۆی ئەم بابەتانە دەرژێتە خانەی بەخۆداچوونەوە و خۆرێکخستنەوەوە. ئەمەش وادەکات هەریەکە و لە یەکێک لە بوارەکانی کاری ئیسلامیدا(پسپۆڕی) پەیدا بکات وە هەرخۆشی ئەو بوارە پیادە بکات.

٢- ئەم بابەتە بەتەواوی ڕووی لە ئیسلامییەکانە،

لەلایەک بەهۆی ئەوەی کە خەمی بانگەواز لە پێشینەی کارەکانی ئەوانە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەم پرسە لە کێڵگەیەکدا جێبەجێ دەکرێت کە زیاتر ئیسلامییەکان دەگرێتەوە.

٣- بەشێوەی کرداری ئەوە دەردەکەوێت کە پاش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و سەرنەکەوتنی زۆریان و کودەتا بەسەر ئیخواندا لە وڵاتی میسر ئەم پرۆسەیە خۆی نمایش کرد، کە دیوی ڕاستەقینەی پرۆسەکە بریتییە لە پسپۆری نەک پچڕاندن.

٤- ئەم بزووتنەوە نوییە لەکاری ئیسلامیدا کە هەندێک ناوی دەنێن سیکۆلاریزمی کاری ئیسلامی، بەهیچ شێوەیەک ئەم ناونیشانە بەسەر خودی کارەکەدا ناسەپێت و گرنگ ناو نیە بە ئەندازەی گرنگی چۆنیەتی پیادەکردنی.

٥- وەرچەرخانی هێزە ئیسلامییەکان و کرانەوەیان بە ڕووی چەمکە سەردەمیەکاندا وەک دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسیەت و پێکەوەژیانی زیاتر، کە بزووتنەوەی نەهزەی تونس و دادوگەشەپێدانی مەغریب و دادوگەشەپێدانی تورکیا سەرمەشقی بوون، دەخوازێت کە ئیسلامییەکانی تریش سوودی زۆری لێ ببینن بەڵام نابێت کۆپی بکەن.

٦- پرۆژەی ئیسلامی لە ئێستادا و لە پانتایی جیهاندا لە بەرامبەری کۆمەڵێک ئەگەر و مەترسی و تەحەدیاتدایە، دەبێت ئیسلامخوازان و خەمخۆرانی ئەم بوارە چاک پەیامەکان بخوێننەوە و خۆیان بۆ گۆڕانکاری ئامادە بکەن.

٧- عەلمانیەت بە تەواوی خراپە، بەڵام مەدەنیەت و دابەشکردنی پسپۆری بەتەواوەتی لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا دێتەوە.

٨- پرسیارەکانی سەردەم وەڵامی ئەم ڕۆژگارەیان پێویستە، بانگەوازێک کە لە هەموو کات و ڕۆژگارێکدا لە خزمەت وەک یەک بەردەوامە، دەبێت لە ڕۆحی بەرژەوەندی دونیایی جیا بێت، بەڵام دەبێت دەستکاریی و پێداچوونەوەکە هەستیاری دروست نەکات و هەموو لایەک بەم ئەرکە هەستن، تا بەسەرکەوتوویی و شەرعیانە پرۆسەکە ئەنجام بدرێت.

٩- ئەرکی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەی پسپۆرییە لە ئەستۆی سەرکردە ئیسلامیی و کەسایەتیە فیکرییەکانی ئەم بوارەیە بەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز و لێزانیەک تێکەڵ بە جورئەتی بڕیاردان.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان


- کتێب:

١- د. صلاح الصاوي: الثوابت و المتغيرات في مسيرة العمل الاسلامي المعاصر ، ١٩٩٨.

٢- ا.د. عبدالكريم بكار : الصحوة الاسلامية، صحوة من اجل الصحوة ، دار السلام، ٢٠١١.

٣- الدكتور محسن عبدالحميد: المشروع الاسلامي المعاصر امام التحديات، التفسير للنشر والاعلان.

٤- د. البشير عصام المراكشي: العلمنة من الداخل، مركز تفكر للبحوث و الدراسات، ٢٠١٦.

٥- محمد غسان الجبان: مراجعات في الفكر و العمل الدعوي، دار العصماء، ٢٠١٤.


### سەرچاوەی ئەلیکترۆنی


1-http://ida2at.com/islam-secularization-new-phase-or /adaptation-to-reality- محمد كريم بوخصاص: علمنة الإسلاميين: طور جديد أم تكيف مع الواقع.

٢- ww.assakina.com/news التمييز بين الدعوي والسياسي....قراءة في المفهوم


٣- د. عصام العريان: المطالبة بفصل ((الدعوى)) عن ((السياسي )) تهدف الى اضعاف نفوذ و تاثير الحركات الاسلامية.

٤- محمد سليم هاشم شوبكي: سياسات حركة النهظة و اثرها على التحول الديمقراطي في تونس ٢٠١٠-٢٠١٥.

٥- com/story.https://arabi٢١ «فصل الدعوي عن السياسي».. ما هي مبرراته وتداعياته؟

٦- http://www.noonpost.org/content الإسلاميون وفصل الحزبي عن الدعوي، عصام تليمةداعية و باحث إسلامي وأحد علماء الأزهر.

# چەند سەرەقەڵەمێك
# دەربارەی ئەو مشتومڕەی کە
# لەسەر بانگەواز و سیاسەت هەیە



**خەلیل ئیبراهیم محەمەد**

لەدایکبووی ١٩٦٦، دهۆک. ماجستێر لە فیکری ئیسلامی. دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی

گۆڕەپانی فیکریی و سیاسی لای ئیسلامییەکان، بە تاک و بە کۆ و جگە لەوان و ئەوانەشی کە گرنگیی دەدەن بە بارودۆخی ئیسلامییەکان، بەتایبەت ئەوانەی ناودەبرێن بە (ئیسلامی سیاسیی)، گفتوگۆی فراوان و وتووێژی گەرم و مشتومڕێکی زۆر بەخۆوە دەبینێت، دەربارەی پەیوەندی لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا، و پێویستی گرێدان و کۆکردنەوەیان پێکەوە، یان جیاکردنەوە و دابڕاندنی ئەم دوو بوارە لە یەک، یاخود جیاکردنەوە و دابڕینی ئەرکەکان لە نێوان ئەم دوو کارەدا هەریەکەیان لە دەستپێکە فیکریی و تاقیکردنەوە کردەییەکانیاندا، و خوێندنەوەی واقیعی بانگخوازیی و داخوازییەکانی، هەروەها واقیعی سیاسی و پێویستییەکانی، لەسەر ئاستە جیاوازە خودی و بابەتییەکان، یان ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

قسەکردن لەسەر جیاکردنەوەی بواری بانگەواز و بواری سیاسەت لە یەکتری، و لابردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، شتێکی نوێ نییە، بەڵکو شتێکی کۆنە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئیمام حەسەن بەننا، بۆچوونی خۆی خستە ڕوو لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک سەرنجیدا بۆ پێویستبوونی لێکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەو دوو بوارە لە یەکتریی.

لەو دەمەدا کۆمەڵەی برایانی موسڵمان یەکلابوویەوە بۆ کاری بانگەوازی بە لایەنەکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، حەسەن بەننا بیری کردووە لە ساتێکی مێژووییدا لە ساڵی ١٩٤٦ پێشنیازی کرد بۆ مەکتەبی ئیرشادی ئیخوان و بیرۆکەی چوونی ئیخوانی بۆ ناو یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان لە میسر خستەڕوو، کە (حیزبی نیشتمانی)یشی پاڵاوت، کە مستەفا کامیل دایمەزراند، دوای ئەویش فەتحی ڕزوان بووە سەرۆک و پاشان نورەدین تەڕاف.

ئەوەی پشتیوانی لە ئەم قسەیە دەکات، وەڵامدانەوەی فەرید عەبدولخالقە، کاتێک لە کەناڵی ئاسمانی (الجزيرة) لە ساڵی ٢٠١٢دا پرسیاریان لێکرد، ئەگەر ئێستا حەسەن بەننا زیندوو بێت (پەیامی چی بۆ کۆمەڵەکەی و بۆ محەمەد مورسیی دەنارد؟ ناوبراو وتی: پێیان دەڵێت: ئەی برایان، بەشێکی بانگەوازتان هەیە لەگەڵ بەشێکی سیاسیی، پێویستە لەسەرتان کە جیایان بکەنەوە، هەموو ئاسانکارانییەک کراوە بۆئەوەی بۆی دروستکراوە، هەموو لایەنەکان کەسانی پسپۆڕ پێی هەڵدەستن، پێویستە هەریەک لەم دوو لایەنە بەتەواوی سەربەخۆ بن).

ئەوەی کە وادەکات دۆسیەی جیاکردنەوەی نێوان بانگەواز و سیاسەت لە لایەن بزووتنەوە ئیسلامییە هاوسەنگەکانەوە بخرێتە بەرباس، ئەوانەی بەلای وەسەتیەت و هاوسەنگیدا دەڕۆن، ئەوەیە کە وەک پرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەی خودی و پێداچوونەوەی فیکریی و هەڵسەنگاندنی ڕێبازی کۆمەڵە ئیسلامییەکانە بەچاوی وەستان لەسەر هەڵەکان، و دیاریکردنی ئەو شوێنانەی لاوازن و کەموکوڕییان هەیە، هەروەها دیاریکردنی لایەنی کەموکوڕیی بەمەبەستی ڕاستکردنەوە و ڕێککردنەوەی کارەکان کە نیشانەی ئەوەیە لەسەر پێگەیشتنی فیکریی و گەشەکردنی سیاسیی، و زانینی داخوازی کاری شارستانی و سەردەمیانە بە هەردوو باڵی بانگەوازی و سیاسیی، لەم ساتە مێژووییەی ئێستادا.

پێش ئەوەی بچینە ناو کرۆکی باسەکەمان، بە پێویستی دەزانم وەک دووپاتکردنەوەیەک، ئەم چەند ڕاستییە بخەمە پێش چاو:

یەکەم: ئیسلام بەوە ناسراوە کە ئاینێکی گشتگیرە و بۆ هەموو بەشەکانی ژیان دەشێت و

فراوانە و، هەموو ڕووەکانی دەگرێتەوە و، هەموو کاروبارەکانی مرۆڤی ڕێکخستووە، لە دنیا و لە دواڕۆیشدا.

دووەم: سیاسەت بەشێکە لە ئایین، و بەشێکە لە بەشەکانی، هۆی لاوازیی ئایین و لەدەستدانی، بریتییە لە نەمانی دەسەڵاتە سیاسییەکەی، ئەوەی واگومان ببات کە دین ناچێتە ناو سیاسەتەوە بە هەڵە تێگەیشتووە، یان سیاسەت یەکێک نییە لە باسەکانی، ئیمامی غەزالی دەڵێت: (شەریعەت ئەسڵە و مەلیکیش پاسەوانە، ئەوەی ئەسڵێکی نەبێ ڕووخاوە، ئەوەشی پاسەوانی نەبێ، فەوتاوە).

سێیەم: ئەوەی لەنێو نێوەندە ئیسلامییەکەدا بووەتە جێی باس و خواس، بابەتی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەتە لەیەکتریی، لە تێڕوانینی عەلمانییەتەوە و لە سیاقی مێژوویی ڕۆژئاواوە نەبووە، کە دین تەدەخول نەکات لە سیاسەتدا، و دوورخستنەوەی لە کاروباری گشتییدا، و دەرکردنی لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی، چونکە سیاقە مێژووییەکە جیاوازە، تاقیکردنەوەی ئیسلامییە خاوەن تایبەتمەندەکان، بە تەواوی جیاوازە، لەبارەی ئەوەی کە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەتەوە.

چوارەم: ئەو بۆچوونەی لەبارەی قووڵبوونەوەی کاری بانگەوازی لە ڕکابەرییە سیاسیەکان و چوونە ناو ململانێ حزبیەکان و شەڕی هەڵبژاردنەکانەوە، کارێکە زیان بە بانگەواز و چالاکییەکانی و کەسە دیارەکانی دەگەیێنێت، هەروەک بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ ڕاستگۆیی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا مەترسییەکانی هەڵدەگرێت، کە دامەزراوە ئاینییەکانە و دەزگاکانی خێرکردنی شەرعی و ڕێنموونی و ڕێنمایی لە کۆمەڵگەدا بە ئامانج دەگرێت، ئەم کارەش ئەوە دەخوازێت کە بانگەواز و زانا شەرعزانەکان دوور بکەونەوە لە کاری حیزبایەتی و شەڕی هەڵبژاردنەکان، بۆئەوەی پارێزگاری بکەن لە ڕێچکەی خزمەتکردن بە ئایین و بانگەوازکردن بۆ لای خوا، هەروەها لەدەستنەدانی هێزی کار لە بواری فێرکاری ئایین و دەزگا ئاینیی و فێرکارییە گشتییەکان لە مزگەوتەکان و پەیمانگاکانی خوێندنە شەرعییەکان.

پێنجەم: مومارەسەکردنی کاری سیاسی و کاری حیزبی، پێویست ناکات بەدووربێت لە مەرجەعیەتی ئیسلام و لە بەها و مەبەست و ئامانجەکانی، چونکە حیزبەکان کیانێکی سەربەخۆ نین لە مەرجەعیەتە فیکرییەکان، لەبەرئەوەی هەموو حیزبێک لە بەرنامە سیاسییەکەیدا شێوەی هەڵسوکەوت و فیکری ئایدۆلۆژی دەرخستووە، هەردەرچوونێک لە مەرجەعیەتی ئیسلام دەبێتە هۆی ڕووخانی دەروونی و خۆونکردن لە ڕووگە و بۆچووندا.

شەشەم: هەموو سەرکەوتن و بەدەستهێنان و داهێنانێک، بەرهەمی پسپۆڕیی و خۆیەکلاکردنەوەیە لە بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیریدا، لە مەیدانەکانی چاکسازیی و هەستناوەدا، لەبەرئەوە دەبینین کە ئیسلام ئاستی گەورەیی پسپۆڕیی بەرز دەنرخێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵمان دەنێت، و یاسایەکی بەهێزی بۆ داناوە بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: **(فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ)** [التوبة : ١٢٢]، واتە: دەی بۆچی لە هەر هۆز و دەستەیەک کەسانێک نەچوون بۆ خوێندن تا شارەزا بن لە ئایین و تێبگەن و فێرببن و گەلەکەشیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن کاتێک کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە و خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن. هەروەها فەرموودەی: **(فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا)** [الفرقان : ٥٩] واتە: پرسیار لە زاتێک بکە کە بە هەموو شت

زانا و ئاگایە. هەروەک دەفەرموێت: (**وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ**) [فاطر : ١٤]، واتە: بێگومان کەس نییە وەک خوا ئاگا و زانا بێت و هەواڵی ڕاست و دروست بگەیەنێت.

کەواتە هەموو بوارەکان پیاوی خۆی دەوێت، لە خاوەن خیبرە و توانایی و پسپۆڕیی، هەربۆیە کاتێک یەکێک لە زانایانی فەرموودە، توانایی ئیمام ئەبوحەنیفەی بینی لە زیرەکی و هەڵهێنجان لە فەرموودەدا، وتەیەکی دەربارەی وتووە کە ڕێز لە پسپۆڕییەکان دەگرێت و دانی پێدادەنێت و لێشی تێپەڕ ناکات، کە دەڵێت: (ئێمە دەرمانخانەکانین و ئێوەش پزیشکەکان)، واتە ئێمە لە فەرموودەدا(حديث) وەک دەرمانخانەین کە دەرمانی تێدایە و ئێوەش وەک پزیشکن کە نەخۆشییەکان دیاری دەکەن و دەرمانی بۆ دادەنێین.

کەواتە جیانەکردنەوەی گشتگیرێتی ئیسلام لە بیروبۆچووندا وەک ئایین و وەحی، و لە نێوان دابەزاندنی لەسەر واقیع و بەجێهێنانی لە گۆڕەپاندا، لە دیارترین هۆکارەکانی لاوازییە لە جێبەجێکردندا، و لە بەرەوپێشچوونی بەدەستهاتووەکان و سەرکەوتوویی لە چاکسازییدا.

حەوتەم: بانگەوازکردن وادەخوازێت کە جیاکاریی بکرێت لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا، و تێکەڵنەکردنیان لە چوارچێوەیەکدا لەلایەن ئەوانەی کە خاوەنی بۆچوونی بانگەوازن و زیاتر لەوەی ئەوانەی کە خاوەنی بۆچوونی سیاسیین، بۆ چارەسەرکردن، بێ ئەوەی بانگەواز بچێتە ناو مەیدانی شەڕی سیاسەتەوە، یان زاڵبوونی لایەنی سیاسیی بەسەر لایەنی بانگەوازدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەسپێکەی پێشەوە، مەبەست لە جیاکردنەوە لە نێوان ئەو دوو بوارەدا، بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەرکەکان لە ڕووی پسپۆڕیی و یەکلابوونەوە و شایان بوونەوە،

## بانگەوازکردن وادەخوازێت کە جیاکاریی بکرێت لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا

ئەوەش جیاکردنەوەیەکی پراکتیکی ڕێکخستنی ئیداری سەربەخۆیە بەپێی زانستی تەواو لەسەر جیاکردنەوەی مەیدانی بانگەواز بە ئەدەبیات و ئادابەکانی، بە گوتارەکان و بەرنامەکانی، بە کەسایەتییە دیارەکانی و هۆکارەکانی، لە مەیدانی سیاسەت و ڕاکێشەرەکانی، ململانێکانی و بنەماکانی کارکردن تیایدا.

بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ پێشەنگی ئەم بیرۆکەیە و دامەزرێنەرەکەی لە زۆر لە وتەکانی، کە ئەویش بیریاریی ئیسلامی ڕاشید غەننووشییە، سەرۆکی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی توونسی، کە بۆ ئاژانسی ئەنازۆڵ دوواوە، دەڵێت: (ئێمە قسە ناکەین لەسەر پەیوەندیی فەلسەفی لە نێوان هەردوو بەشی سیاسەت و بانگەواز لەناو بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیدا، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە کە ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە، موسڵمانیش هەموو چالاکییەکی لەژێر چەتری بیروباوەڕەکەیدا ئەنجام دەدات، کەواتە جیاکردنەوە نییە لە نێوان عەقڵ و دڵی مسوڵماندا، لە نێوان دنیا و دواڕۆژدا)، هەروەها دەڵێت: (ئێمە بەکارهێنانی وشەی جیاکاریی و پسپۆڕیی ئەجوڵێنین لە جیاتی وشەی جیاکردنەوە (لە نێوان هەردوو بەشی سیاسەت و بانگەواز) کە لە فەلسەفەکانی ترەوە

**غەزالی دەڵێت: (شەریعەت ئەسڵە و مەلیکیش پاسەوانە، ئەوەی ئەسڵێکی نەبێ ڕووخاوە، ئەوەشی پاسەوانی نەبێ، فەوتاوە).**

بۆمان هاتووە، و لە سەرچاوەی ترەوە کە پەیوەستە بە بابەتە فەلسەفییەکان دەربارەی پەیوەندی ئایین بە سیاسەتەوە، ئێمە لەبارەی جیاکاری و پسپۆڕییەوە قسە دەکەین). هەروەها دەڵێت: (ئێمە لەبارەی مەرجەعیەتی ئیسلامەوە قسە دەکەین، ئێمە سیاسەتێکمان ناوێت کە گۆشەگیر بێ لە بەها ئاینییەکان، بەڵکو سیاسەتێکمان دەوێت بە هۆکار و بەها ئیسلامییەکان و مەبەستە شەرعییەکان).

کەواتە مەبەست ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی دروست بکرێت، سەرچاوە بگرێت لە مەرجەعیەتی ئیسلام و بەهاکانی و مەبەستەکانی، چالاکییە سیاسییەکانی ئەنجامبدات، و هەستێت بە ڕۆڵەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەپێی داخوازییەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ڕەچاوکردنی بنچینەکانی یارییەکە تیایدا، بەشێوەیەکی پیشەگەرییانە، کاروباری بانگەواز وازلێبهێنێت بۆ بانگخوازان و دەستە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی تر کە تایبەتمەندن بەم بوارە، حیزبیش دەچێتە ناو شەڕی سیاسییەوە، بە گۆڕانکاریی و فشارەکانیەوە، ئەوانەش دەکات بە جەمسەر کە ڕازین بە بەرنامە سیاسییەکەی و ئامانجە گشتییەکانی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی فیکریی، یان ئایینی، یان مەزهەبی.

ئەمەش وا دەکات کە بانگەواز و دەزگاکانی بە دووربن لە تەحەمولکردنی لێکەوتەی شکستە سیاسییەکان و لەناوبردنەکانی، یان دەستکەوتەکان و بەدەستهاتووەکانی. حیزب بەتەنها خۆی تەحەمولی بەرپرسیارێتی هەڵوێستەکان و هاوپەیمانێتییەکانی دەکات، ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەیدات، هەروەها ئەوەشی بەدەستی دێنێت لە ڕێگای ئۆپۆزسیۆن بوون یان بەشدارییکردنی لە حکومەتدا. هەر لەبارەی ئەم جیاکردنەوەیەوە، دانانی هەریەکە لە سیاسەت و بانگەوازە، لە چوارچێوەی خۆیدا، لەو سیاقەدا کە شایانێتی و لەگەڵیدا ڕێکە لە بەرنامە و پەیڕەو و گووتار و ئامانجەکانیدا... من وای دەبینم ئەم جیاکارییە خزمەت بە بانگەواز و دەزگاکانی دەکات، ڕۆڵی ئاین بەهێز دەکات و ئامادەبوونیشی زیاتر قووڵ دەکاتەوە لەناو کۆمەڵگادا، وادەکات کە بانگەواز ڕزگاری ببێت لە کۆت و بەندی سیاسەت و ڕقلێبوونی و دووری دەخاتەوە لە دژایەتیی و لەقاڵبدان و تەحجیمکردنی بۆ مەبەستی سیاسیی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە. لە کۆتاییدا بانگەواز بە ئازادی دەمێنێتەوە و لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا چالاک دەبێت وەک پێویستییەک.

### تایبەتمەندییەکانی هەریەک لە بانگەواز و سیاسەت

گرنگترین جیاکارییە دیارەکان لە نێوان هەریەکە لە بانگەواز و سیاسەتدا، لە پەیڕەو و گوتار و هۆکارەکان و ئالیەتەکاندایە، بۆ هەموو گۆڕەپانێک، زمان و وتەی خۆی هەیە، ئالیات و ئامانجی خۆی هەیە، هەروەها پیاو و لێهاتوویی خۆی دەوێت.

کەواتە بانگەواز سەرچاوە دەگرێت لە حەقایقی وەحی و بەڵگە ئاشکراو دیارەکانی، بە زانست و زانیاریی، بە پەروەردە و خۆپاکژکردنەوە، بەبڵاوکردنەوە و دروستکردنەوە، خوای گەورە

دەفەرموێت: **(هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِين)** [الجمعة:٢] واتە: هەر ئەو زاتەیە لەناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان ڕەوانە کرد، ئایەتەکانی قورئانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە و دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواوییەکی ئاشکرادا گیریان خواردووە. ئیبن قەییم مانای بانگەوازی بۆ لای خوا کورتکردووەتەوە لە وتەیەکی پاراو و بێژەیەکی پتەودا، دەڵێت: (پێغەمبەران لە سەرەتایان تا کۆتایان، بە بانگەوازکردن بۆ لای خوا نێردراون، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگایەی دەگات بەو مەبەستە و ڕۆشنکردنەوەی حاڵی بانگکراوان دوای ئەوەی پێی دەگەن...) (بڕوانە: مدارج السالکین ج٣، ص٣٤٨ـ ٣٤٩ بکە)، کەواتە کرۆکی بانگەواز بریتییە لە پەیامە قورئانییەکە و گەیاندنی و بانگکردنی خەڵکی بۆی و پەروەردەکردنیانە لەسەری، بانگەوازیش بناغەکەی وەحییە و پایە سەرەکیەکەیەتی.

بەڵام سیاسەت، بریتییە لە سەرقاڵبوون بە کاروباری ڕۆژانەوە، ئیشوکارە ناوخۆییەکان، بەدواداچوونی گۆڕانکارییەکان و بەرەوپێشچوونەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، زانینی ڕۆڵی خۆت و شوێنەکەت و هەڵوێستت تیایدا، بەلەبەرچاوگرتنی بەرژوەندیی و بەئامانجگرتنی بۆ چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشخستنی وڵات لە ڕێی بەرنامە و پرۆژەکانەوە، هەروەها لە ڕێگای بەشدارییکردن لە دەسەڵات و ئامرازەگانی گەیشتن پێی، یان ئۆپۆزسیۆن بوون و کاریگەربوون بە ڕای گشتی و دروستکردنی بڕیار.

کەواتە بانگەواز گشتگیرترە لە سیاسەت، ئەو تەرخانکراو و نموونەییە و دامەزراوە لە سروشتیدا، لەهەمانکاتدا سیاسەت گۆڕاوە و باری ئێستا و واقیع دەگرێتەوە، شتێکی تاقیکراوەشە لە جێبەجێکردنیدا، تیکەڵکردنیشیان زیان بە هەردوولایان دەگەیەنێت، بەوەی کە چالاکی و کاریگەری هەردوو گۆڕەپانەکە ناهێڵێت. دەربارەی جیاکردنەوەی ئاخاوتنی ئەم دوو بوارە، محەمەد موختار شەنقیطی دەڵێت: (ئاخاوتنی بانگەواز بریتییە لە بەدەستهێنان و ئاخاوتنی سیاسەتیش بریتییە لە سەرکەوتن بەسەر بەرامبەردا، ئامانجی بانگەوازیش بەدەستهێنانی بەرامبەرە، و ئامانجی سیاسەت سەرکەوتنە بەسەر بەرامبەردا، کۆکردنەوە لە نێوان ئەم دوو ئاخاوتنەشدا، زیان بە هەردوولایان دەگەیەنێت، کۆت و بەندکردنی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ئێستاش پێویستی بە چارەسەری داخراو هەیە، لەنێویشیاندا جیاکردنەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە)، ئەمەش هاوشێوەی جیاکردنەوەی کارە خێرخوازییەکانە لە کاری سیاسەت لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، پاشان جیاکردنەوەکە ئازادی زیاتر بە بزووتنەوەکە دەبەخشێت، و زیاتر دەردەکەوێت لە هەردوو بواری سیاسەت و بانگەوازدا، وە هەریەک لەوانە والێ دەکات کە ئازادبن لە دەست قورسایی و بارگرانی ئەویتر) (پێگەی الاخباری عربی٢٤).

هەروەک فەهمی هوەیدی ئاماژە دەکات کە (بۆچی چیتر دەمجکردنی ئەم دوو بابەتە شتێکی خوازراو نییە لە لای وڵاتە گەورەکان، و گونجاو نییە بخرێتە ناو تایەکەوە، بە پێویستیش زانینی لە یەکتر جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە)، دووپاتیشی دەکاتەوە کە

کاری سیاسی بە گۆڕاوەکانی و ململانێیەکانییەوە زریانی بەهێز دێنێت بەسەر یاریزانەکانیدا. کاتێک بانگەواز سەربەخۆ و جیابوو لە سیاسەت، ئەوە پارێزگاری لە بوونی خۆی کردووە و ڕزگاری بووە لەو زریانە هەڵەشەیە.

ئەمە لەسەر ئاستی تیۆری و تێڕوانینی هەندێک لە بیریاران، بەڵام لەسەر ئاستی تاقیکرانەوەی وەستاو، ئەوا ئێمە پێویستمان بە توێژینەوەی قوڵتر و هەڵسەنگاندنی بابەتییانە هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی بەریەککەوتنەکان و بارودۆخ و ژینگەی هەریەک لە ئەزمونەکان، هەریەکەیان بەپێی خۆی، ئەزمونی سەربەخۆ و تایبەتمەندی خۆی بەشێوەیەکی تەواو هەیە، وەک ئەزمونی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا.

ئەزمونی دروستکردنی باڵی سیاسی بۆ ئەو کۆمەڵەیەی کە ملکەچە بۆی، وەک ئەزمونی ئیخوان لە ئوردن و میسر و یەمەن و عێراق... هەروەک نموونەیەکی تر، ئەزمونی حزبی دادوگەشەپێدانی مەغریبییە، کە بزووتنەوەکە بڕیاریدا (بزووتنەوەی تەوحید و چاکسازیی) هاوتەریب لەگەڵ هێڵی بانگخوازییدا بڕوات، کە حیزبی دادوگەشەپێدان لەسەر هێڵی سیاسیی بڕوات بەبێ دەستوەردان یان تێکەڵکردن، لەگەڵ مانەوەشی لەسەر مەرجەعیەتی ڕاوێژکاری، هەروەها ئەزمونی تر هەیە کە کاری بانگخوازیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆکردووەتەوە، وەک یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و موجتەمەعی ئاشتی جەزائیری.

ئێمە لە کوردستان پێویستمان بە توێژینەوەی قووڵتر و پێداچوونەوەی ڕیشەیی هەیە، دیاریکردنی حاڵەتی ئیسلامی لە کوردستان، و خوێندنەوەی بارودۆخ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە گۆڕەپانەکە بەخۆیەوە دەیبینێ، و ئەو کێشمەکێشانەی کە هەیە تیایدا، هەروەها بڕینەوەی بەرژەوەندیی و ململانێی پرۆژەکان کە ناوچەکە ململانێی لەگەڵ دەکات بۆ گەیشتن بە شێوەیەکی نموونەیی بۆ کردنەوەی پەیوەندی بانگەواز بە سیاسەتەوە، کە بگونجێت لەگەڵ کوردستان و ئەو حاڵەتەی کە تیایدا هەیە.

لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا گفتوگۆ و وتووێژ هەیە دەربارەی جیاکردنەوەی دۆسیەی سیاسەت لە بانگەواز، و بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو هەیە لەسەر ئاستی کردەیی، هەرچەندە خاویش بێت، لە بەرژەوەندیی جیاکردنەوە لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا لە ڕووی پسپۆڕیی و هەیکەلی تەنزیمی و ئیداری بۆ ئەوە، لە کۆنگرەی حەوتەمی ئەو حیزبەشدا بڕیاردرا لەسەر جیاکردنەوەی لەناو چوارچێوەی حیزبدا، بۆیە سێ ئەنجوومەن پێکهێنرا، ئەنجوومەنێک بۆ کاروباری سیاسەت و جەماوەریی، ئەنجوومەنێک بۆ بانگەوازی گشتی، ئەویتریشیان بۆ ڕێکخستن و پەروەردە و کاروباری ناوخۆی حیزب، ئەم دابەشکردنە بە پێشەکییەک دادەنرێت و پێشدەستییەکە بۆ جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت بە تەواوی لە یەکتری لە داهاتوودا.

# بانگەواز و سیاسەت
## پێکەوەیی یان لێکجودایی



**عەدنان ئەمین**
- لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١
- خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە مێژوودا
- خاوەن چەندین نوسین و توێژینەوەیە

## پێشەكی

لە بنەڕەتدا دەستەواژەی (بانگەواز و سیاسەت) دوو چەمكی لەیەكجودان كە لە ئێستادا بەشێوەیەك لێك نزیكن- لە ڕووی پراكتیكییەوە كە هەندێك پێیانوایە جودا نین و تەواوكەری یەكن. بەتایبەت پارت و بزاڤە ئیسلامییەكان، لە سەرەتای دەركەوتنیانەوە سیاسەتیان بە پایەیەكی سەرەكی ئایین زانیوە. لە پاڵ ئەوەی كە سیاسەت پاڵپشتێكی گەورە دەبێت بۆ پرۆژەی ئیسلامی و فراوانكردنی سنوری بانگەوازیان. لەلایەكی دیكەوە هەندێك پێیانوایە كە ئەو چەمكانە تەواو لێكجودان، كەسێكی بانگخواز ناكرێت لە یەك كاتدا سیاسیەكی پۆست و پایە ویست بێت، بیەوێت وەك كەسایەتیەكی ڕۆحی دەركەوێت و سۆزی خەڵكی بقۆزێتەوە بۆ بەهێزكردنی باڵانسی سیاسی. بۆیە لە ڕوانگەی ئەم دوو ڕاوبۆچونەوە هەوڵمانداوە لەو دوو دەستەواژە بكۆڵینەوە و لە كۆتایشدا ئەنجامگیری بكەین كە داخۆ پێویستییەكانی بەردەم موتوربەكردنی ئەم دوو دەستەواژە چیە و لە هەمان كاتیشدا دەرئەنجامی چۆن دەشكێتەوە.

سەرەتای توێژینەوەكە بە ناساندنی هەردوو چەمكەكە دەستپێدەكات و دواتر ڕونكردنەوەی ئەوەی كە ئایا تا چەند ئەم دوو دەستەواژەیە لێك نزیك یان دورن، دواتر لە بەشی كۆتایشدا ئەنجامگیری توێژینەوەكە.

### بەشی یەكەم : بانگەواز و سیاسەت:

#### باسی یەكەم/ بانگەواز و شێواز و پێویستییەكانی:

بانگەواز: بریتییە لە پرۆسەی بە ئاگاهێنانەوە و بیرخستنەوە و باوەڕپێهێنانی جەماوەر، بە ئاماژەكانی ئاینی ئیسلام. لە بابەتی باوەڕ و شەریعەت و كاروباری ڕۆژانە. هەوڵدان بۆ گۆڕانكاری لەو بیروبۆچونە چەسپاوەكانی كۆمەڵگە بەرامبەر بەو بیروبۆچونەی كە ڕێنماییەكانی ئیسلام ئاماژەی پێدەدات. بەو شێوەیەش گرنگیدانە بە ڕاستكردنەوەی بیروباوەڕی خەڵك و گەڕاندنەوەی فیترەت بۆ مرۆڤەكان و، چاككردنی هەڵسوكەوتی تاك و كۆمەڵ. هەر ڕێگریەكیش لە بەردەم ئەم بانگەوازەدا دروست ببێت، وەك ئەوە وایە كە ڕێگە بە ڕاستی(حق) گیرابێت وەك هاتووە « وادع الی سبیل ربک انک لعلی صراط مستقیم(١)».

شێوازی بانگەواز: شێوەی ئەم بانگەوازەش بە شێوەیەك دەبێت كە تەواو هەوڵبدرێت نەرم و نیانی بەكاربهێنرێت، لەژێر ڕۆشنایی ئایەتی» ادع الی سبیل ربک بالحكمه والموعظه الحسنه (٢)». ئەم پرۆسەیە بە چەندین شێوەیە كە زۆر هۆكار و ڕێگە بەكاردەهێنرێت، سود لە ڕێگەی وتاردان وەردەگیرێت بۆ كاركردنە سەر تاك و كۆمەڵ. شێوەی جیاوازی ئامۆژگاری سیاسیی و ئاینیی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی بەكاردەهێنرێت، كە زیاتر لە بانگەواز و بانگەشەی بزوتنەوە ئایدۆلۆژییەكان دەچێت(٣). ئەو كەسەی كە پێی دەوترێت بانگخواز وا پێویستە كە خودی خۆی پێشبخات و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەكات لە خۆیدا بوونی هەبێت «**أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ**(٤)». هەروەها چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتێكی ماددی نەبێت لە بەرامبەردا «**مَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى**(٥)» واتە(هەرچی پاداشت و كرێیەكم داواكردووە هەر بۆخۆتان، من پاداشتم تەنها لەسەر خوایە). و « **مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ**(٦)». واتە(من هیچ پاداشت و خەڵاتێكم لە ئێوە ناوێت، من لەو كەسانەش نیم كە شت هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بكەم). بەپێی ئەم دەقانە كەسی بانگخواز پێویست وایە كە هیچ مەبەستێك لەبەرچاو نەگرێت لە پاڵ كاری بانگەوازیەكەیدا.

پێویستی بانگەواز: بانگەواز درێژە پێدانی پەیامی پێغەمبەری ئیسلام محەمەدە(د.خ)، كە بە مژدەدان و ترساندن فەرمانی پێكراوە كە كاری

بانگەوازی ئەنجامبدات و کۆمەڵگەکەی خۆی هۆشیار بکاتەوە. لە ڕێگای کاری بانگەوازدا تەنگ و چەڵەمەی زۆر دروست دەبێت، بەڵام لە کۆتایدا پێویستە کەسی بانگخواز لەسەر کار و بەرنامەکەی سور بێت و کۆڵنەدات، هەڵگری ئومێد بێت لە ناخیدا، لەو باوەڕەدا بێت کە سەرکەوتوو دەبێت لە پەیامەکەیدا، چونکە پێغەمبەران کە کاریان بانگخوازی بووە توشی گیروگرفت و ئازار بوون(٧). لە بیروباوەڕی مسوڵماناندا هەر تاکێک لەسەری پێویستە کە بانگخواز بێت، وەک فەرمانی پێغەمبەر کە دەفەرموێت، **بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَة(٨)**، واتە(لە منەوە هەواڵ بگەیەنن بە خەڵک ئەگەر بە ئایەتێکیش بێت). هەروەها « **كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ(٩)**». و « **قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ(١٠)**» بانگخواز گەیەنەری ئەو پەیامەیە کە پێغەمبەران پێی هەستاون.

محەمەد سەعید ڕەمەزان بوتی لە کتێبی (فقة السيرة)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:» پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی باوەڕدار کە بانگخواز بێت، بۆئەوەی کاری بانگخوازی لە سنووری هەندێک کەسدا قەتیس نەبێت، پیاوانی ئاین دروست نەبن لەناو ئیسلامدا کە تەنها ئەوان بۆیان هەبێت بە کاروباری ئاینەوە سەرقاڵ بن»(١١).

لەم ڕوانگەشەوە زانیمان کە بانگخوازی و کاری بانگخواز پاڵپشتی ئاینی هەیە و پشت ئەستورە بە چەندین دەق لە قورئان و فەرمودەدا.

باسی دووەم/ سیاسەت و سیاسەتی شەرعی:

سیاسەت: بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردن و، چۆنیەتی پەیداکردنی زۆرترین بەرژەوەندی بۆ هاوڵاتیان. پاراستنی مافەکانیان و دیاریکردنی ئەرکەکانیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان. پێویستییەکانی تاک بەپێی پلە و ئاستەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت(١٢)،

**ئەبوجەعفەری مەنصور چەندین جار پێشنیاری پۆستی سیاسی و قەزایی بۆ ئەبو حەنیفە کردووە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە.**

بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا وردبونەوەیە لە دەستەواژەی سیاسەت لە چوارچێوەی ئایندا (سياسة الشرعية).

سیاسەتی شەرعی (سياسة الشرعية): تێڕوانینی جیاواز هەیە لەوبارەیەوە، چونکە هیچ دەستەواژەیەک لە قورئان و فەرمودەدا نیە بەناوی سیاسەت. ئەوەی هەیە فەرمودەیەکە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی:( إن بني إسرائيل كانت تسوسهم الأنبياء) واتە: بەنی ئیسرائیل زۆرکات پەیامبەران کاروباریان بۆ بەڕێوەدەبردن. لێرەدا مەبەست لێی بەڕێوەبردن و کارئاسانیە. (ئیبن حەجەر) دەڵێت:» ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە کە یەکێک سەرپەرشتی بکات و بەرەو چاکەی ببات و مافی ستەملێکراو بگەڕێنێتەوە و دەستی ستەمکار بگرێت(١٤).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەی هەیە تەنها بریتییە لە تێگەیشتنی زانایانی مسوڵمان بۆ دەقەکان و هەڵێنجانی ئەو دەستەواژەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە چوارچێوەی ئاماژە شەعیەکاندا(١٥).

د.یوسف قەرزاوی کە یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی (ئیخوان) لەبارەی سیاسەتی شەرعییەوە دەڵێت» سیاسەتی شەرعی ئەو سیاسەتەیە کە پابەندە بە سیاسەت و فەرمانەکانی شەرع و

**له ئاینی ئیسلامدا کاری سیاسی زانایانی ئاینی ئەنجامیان نەداوە و خۆیان لێ بەدور گرتووە.**

ئاماژەکانی. کەواتە هەموو سیاسەتێک ناتوانین بە سیاسەتی شەرعی هەژماری بکەین، چونکە زۆرێک لە سیاسەتەکان دژ بە شەرع دەوەستنەوە(١٣)».

حیزبی ئیسلامی زۆر جەخت لە سیاسەتی شەرعی و دامەزراندنی حیزبی سیاسی دەکاتەوە، بەڵام لەولاشەوە هەندێک گرووپ لەنێو مسوڵماناندا باوەڕیان وایە کە خودی سیاسەت و کاری سیاسی لەلایەن مسوڵمانانەوە لەڕاستیدا بریتییە لە بەلاڕێدا بردنی مەبەستی سەرەکی ئاینی ئیسلام و دورکەوتنەوە لەو شتەی کە پێی دەوترێت (قورئان و فەرمودە). ناکرێت لە شوێنێکدا کە زۆرینە مسوڵمانە و دەسەڵاتدارێکی مسوڵمان فەرمانڕەوایە، حیزبی ئیسلامی دروست بکرێت بۆ زیاتر پارچە کردنی یەکریزی مسوڵمانان(١٦).

سیاسەتی شەرعی بە مانا ئیسلامییەکەی ئەگەر بمانەوێت لێرەدا روونی بکەینەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە توێژینەوەیەکی جیا و سەربەخۆ دەبێت. لەکاتێکدا بەڕێوەبردن و کاری سیاسی لە ئێستادا بەشێوەیەکی سەردەمیانەیە. خۆی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاری پەرلەمانی و سستەمی دیموکراسی دەبینێتەوە، حیزب و لایەنە- ئیسلامییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو دۆخەدا خۆیان گونجاندووە و بەشداری ئەو پرۆسەیە دەبن. هەرچەندە لە بانگەشەکانیاندا باس لە سیاسەتی شەرعی دەکەن، بەو مانایەی کە سیاسەت بریتی بێت لە بەڕێوەبردنی وڵات و لە چوارچێوەی شەرع و ڕێنماییەکانی شەرع و یاسای ئیسلامدا بێت.

**بەشی دووەم:**

**پەیوەندی نێوان بانگەواز و سیاسەت:**

وەک لە پێشتردا باسکرا بانگەواز و کاری بانگخوازی بریتییە لەو ئەرکەی کە وەک پیرۆزییەکی ئایینی و لە هەمانکاتیشدا وەک فەرمانێک تەماشا دەکرێت، کەسی بانگخواز پشت ئەستورە بە چەندین دەقی قورئان و فەرمودە و وتەی زانایان. سیاسەتیش بە مانا سەرەکیەکەی هونەری بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی کۆمەڵگەیە و بەدەستەوەگرتنی حوکمە، بەڵام ئاخۆ ئەم دوو چەمکە چەندە لێک نزیکن و تەواوکەری یەکن.

**باسی یەکەم/ گەشتێک بە کاری سیاسی و بانگەوازی ئاینیدا:**

لەبارەی تێکەڵکردنی کاری بانگەواز بە کاری سیاسی، ئەگەر بۆ مێژووی مسوڵمانان بگەڕێینەوە و تەماشای ئەو مێژووە بکەین، دەبینین هیچ هەوڵێک لەلایەن زانایانی وەک (ئەبو حەنیفە، ئیمامی مالیک، شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) و بانگخوازانی ئیسلامیەوە نابینرێت بۆ تێکەڵبونیان بە کاروباری سیاسی، بەشێوەیەک ویستبێتیان دەقەکان وەک خواستی سیاسی یان پاڵپشتی دەسەڵاتداری سیاسی بەکاربهێنن، بەڵکو زۆرجاریش بونەتە قوربانی پابەندنەبونیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی یان پاڵپشتی نەکردنی. دەقێک هاتووە کە: **«الفقهاءُ أمناءُ الرُّسُلِ ما لمْ يدخُلوا فِي الدُّنْيا ويتّبعوا السلطانَ؛ فإذا فَعَلوا ذلكَ فاحْذَروهُم (١٧)»**. بەو مانایەی کە زانایان تێکەڵ بە کاروباری دنیا و دەسەڵات نابن، ئەگەر تێکەڵبوون، خۆتانیان لێ بپارێزن. ئەبوجەعفەری مەنصور چەندین جار پێشنیاری پۆستی سیاسی و قەزایی بۆ ئەبو حەنیفە

کردووە، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە و ئامادە نەبووە ئەو پۆستانە وەربگرێت. تاوەکو ئەبو جەعفەری مەنصور زیندانی کردووە و ئەشکەنجەیداوە، بەڵام هەر ڕەتیکردۆتەوە تاوەکو لەژیاندا بوو. بەڵام پاش ئەو قازی ئەبی یوسف قبوڵی کرد و کتێبی (الخراج) ی بۆ هارونە ڕەشید نووسی و یەکەم کەس بوو کە تێکەڵ بە کاری سیاسی بوو(١٨). بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپاوە کە ئاین تەواو دەستی بەسەر سیاسەت و سستەمی سیاسیدا گرتبوو. دەسەڵاتدارانی لەکار لادەدا و تەنها گوتاری کاریگەر، گوتاری پیاوانی ئاینی بوو. بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا کاری سیاسی زانایانی ئاینی ئەنجامیان نەداوە و خۆیان لێ بەدور گرتووە. لە سەردەمێک لە سەردەمەکانیشدا ئەگەر زانایان و سۆفیەکان جۆریک لە سەنتەر بووبن ئەوە بۆ بوونی بۆشایی سیاسی و پێویستی ئەو سەردەمە گەڕاوەتەوە.

## پێویستییەکانی کاری سیاسی و بانگەواز پێکەوە:

شاینی باسە کاری بانگخوازی یەکێکە لە پێویستییەکان و ئەرکی سەرشانی هەموو باوەڕدارێکە. چونکە وەک دەوترێت:" حەق بەرگی ناحەقی بەسەردا دراوە و، گەندەڵی بەرگی چاکسازی گرتووە جوانکاری بۆ کراوە. بۆیە هەرکەس لای خۆیەوە بەرپرسیارە لە وشیارکردنەوەی دەوروبەری"(١٩).

حیزبی ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە کاری سیاسی بە لایەنێکی گرنگ لە لایەنەکانی ئاین داناوە. پێویستییەکیشە لە پێویستییەکانی کاری بانگخوازی کە هەرگیز ناکرێت ڕۆڵی بە کەم تەماشا بکرێت. لە هەمان کاتدا کاری سیاسی هاوکارێکی سەرەکییە بۆ بەجێگەیاندنی پرۆژەی ئیسلامی. بۆیە لە هەرشتێک پێویستتر تێکەڵکردنی ئەم دوو چەمکەیە و بەکارهێنانی بانگەوازە لەلایەن حیزبی ئیسلامیەوە تاوەکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە زۆرترین لایەنگر و هاوسۆز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. سەرئەنجام بتوانێت لە ڕێگەی دەنگدان و زۆرینەوە پایە و پۆستە گرنگە سیاسییەکان وەدەست بخات و، ئەوەی پێی دەوترێت (پرۆژەی ئیسلامی) جێبەجێی بکات(٢٠). کەسی بانگخواز کاری سیاسی بە پەرستش دەزانێت بە ڕەوشتی بەرز و کاری ئەخلاقی. لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتەی کە دەهێنرێتەدی، پەرستشی خودا تیایدا دەگاتە دوا پلە و پەیامی خودا بە هەموو لایەکدا دەگات بەبێ جیاوازی(٢١). هەربۆیە زۆرکات ئەندامێک لەناو حیزبێکی سیاسیی ئیسلامیدا، کەسێکی بانگخوازە و لەهەمان کاتیشدا سیاسیەکی بەتوانایە!.

باسی دووەم/ لێکەوتەکانی بەردەم تێکەڵکردنی بانگەواز بە کاری سیاسی:

د.عەبدولفەتاح ئیدریس کە مامۆستایەکی زانکۆی (ئەزهەر)ە، پێیوایە کە :»زانایان و بانگخوازان شوێنکەوتەی پەیامی پێغەمبەرانن کە لە بەرامبەر بانگەوازیان چاوەڕێی (دینار و درهەم) یێک نین. هەروەها ناکرێت بانگخواز خۆی لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسیدا ببینێتەوە و، بەناوی ئاینەوە بانگەواز بۆ پارتەکە بکات و پیرۆزی بدات بە پەیام و هەڵوێستی پارتێکی سیاسی(٢٢)«.

زۆرێک لە پارتە ئیسلامییەکان بە کوردستانیشەوە لە پاڵ کاری سیاسیدا، کاری بانگەوازیش دەکەن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە. ئەمەش بەگوێرەی قسەی سەرکردەیەکی ئیسلامی تونسی (راشد غەنوشی) کە بە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی ڕاگەیاندبوو:»خراپ شکانەوەیە بۆ پارتە ئیسلامییەکان و دەچێتە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئاین بۆ مەرامی حیزبی و سیاسی«(٢٣). هەروەها بەشێک لەو پارتە ئیسلامیانەش بەدور دەبن لەو تۆمەتەی کە ئاینیان کردۆتە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن و برینی پلەی سیاسی و، قۆستنەوەی هەست و سۆزی خەڵک و ئاڕاستەکردنیان بە سۆزی ئاینی.

ئەمە وایکرد کە پارتی (نەهزە)ی تونسی کە پارتێکی ئیسلامییە لە دوا کۆنگرەی خۆیدا بڕیاری ئەوە بدات کە دەبینە پارتێکی سیاسی و دوردەکەوینەوە لە بانگەواز و کاری ئیسلامی، بەڵام وەک پارتێکی سیاسی باکگراوند ئیسلامی دەمێنینەوە و، بەشداری کایەی سیاسی دەبین(٢٤).

بۆیە لە هەرشتێک زیاتر و پێویستتر ئەوەیە کە کەسی بانگخواز خۆ بپارێزێت لە گۆڕەپانی کاری حیزبی و سیاسی بۆ پاراستنی ئاینەکەی. ئەم دوو چەمکە پێویستی سەردەم و تێگەیشتنی کۆمەڵگە وادەخوازێت کە لەیەک جودابن.

**دەرئەنجام**

*بانگەواز و سیاسەت دوو چەمکی لەیەک جودان، بەڵام لە ئێستادا بەشێوەیەک تێکەڵ بەیەک کراون کە وەک چەمکێک دەردەکەون. بۆ سەرخستنی کاری بانگەوازی دەسەڵاتی سیاسی پێویستییەکی حەتمیە لەلای حیزبە ئیسلامییەکان. بەڵام بەلای کۆمەڵێکی دیکەوە تێکەڵکردنی بانگەواز و کاری سیاسیی، تەنها بەکارهێنانی ئاینە بۆ مەبەست و پایە و پۆستی سیاسی.

*بانگەواز و بانگخوازی پاڵپشتە بە کۆمەڵێک دەقی ئاینی لە قورئان و فەرمودە و وتەی زانایان، کە هەر تاکێک لە چوارچێوەی خۆیدا بەرپرسە و فرمان پێکراوە بە گەیاندنی پەیامی ئاین و بانگەوازی ئاینی، بەڵام لەگەڵ جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەو کارە کە بریتییە لە ئارام لەسەر گرتن و چاوەڕوان نەبوونی پاداشتی دنیایی.

*سیاسەت واتە هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و چاکسازیکردن و بەرەو باشە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە. ئەم سیاسەتەش پێویستە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بنەمای بەهێز و چەسپاودا بێت، ئەو بنەما چەسپاوەش شەریعەتە. بۆیە پێی دەوترێت سیاسەتی شەرعی(السياسة الشرعية)، بەڵام لە ئێستادا سیاسەت مانایەکی نوێی وەرگرتووە کە بریتییە لە دەنگدان و کاری پەرلەمانی و سستەمی دیموکراسی، حیزبە ئیسلامیەکانیش بەشداری ئەم پرۆسەیە دەبن.

*بانگەواز و سیاسەت دوو چەمکن کە تەواو لێک جودان، خۆ ئەگەر تەماشای مێژووی مسوڵمانان بکەین ئەوە دژایەتی زۆر دەبینین لە نێوان ئەوانەی پێیان دەوترێت چینی سیاسی و دەسەڵاتدار و، چینی ئاینی و بانگخوازی ڕاستەقینە. زۆرجار قۆستنەوەی دەقە پیرۆزەکانی ئاین لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان لەلایەن حیزبێکی ئیسلامیەوە، خراپ بەسەر ئەو حیزبەدا دەشکێتەوە و ناتوانێت نیەتی باشەی بە تەواوی بگەیەنێت، ئەمەش وای لە پارتی (نەهزە) ی ئیسلامی کردووە کە کاری سیاسی و بانگەواز لەیەک جودا بکاتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- سورة الحج: اية ٦٧.
٢- سورة النحل: اية ١٢٥.
٣- محمد الجوري: الدعوة والسياسة.. محاذير الوصل ومخاطر الفصل (٢٠١٦/٠١/١٦). http://www.huffpostarabi.com/mohamed-elgory/-_3635_b_8997136.html
٤- سورة البقرة: اية ٤٤.
٥- سورة سبأ: اية ٤٧.
٦- سورة ص:اية ٨٦.
٧- طلال مشعل: ما هو الدعوة ؟. (٢٧ نوفمبر ٢٠١٤) موقع (موضوع):
http://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%87%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B9%D9%88%D8%A9
٨- البخاري: صحيح البخاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر،ط١، دار طوق الحمامة، (١٤٢٢هـ)، ج٤/ص١٧٠. رقم الحديث(٣٤٦١).
٩- سورة ال عمران: اية ١١٠.
١٠- سورة يوسف: اية ١٠٨.
١١- د.محمد سعيد رمضان البوطي: فقة السيرة النبوية، ط١، دار الفكر ، دمشق،(١٩٩١م)، ص ١٢١-١٢٢.
١٢- ماهو علم السياسة: مركز المستقبل للدراسات الستراتيجية: http://mcsr.net/news٢٥
١٣- ابن حجر العسقلاني: فتح الباري: تحقيق: عبد العزيز بن عبد الله بن باز، دار المعرفة - بيروت، (١٣٧٩هـ)، ج٦/ص٤٩٧.
١٤- محمد بن شاكر الشريف: السياسة الشرعية تعريف وتأصيل. (صيد الفوائد):
١- http://www.saaid.net/Doat/alsharef/٦.htm
١٥- د. القرضاوي: السياسة الشرعية في ضوء نصوص الشريعة و مقاصدها، مكتبة وهبة ، القاهرة .ص٢٧.
١٦- د.سعد بن عبدالله الحميد. د.خالد بن عبدالرحمن الجرسي: اقوال العلماء في اقامة حزب سياسي في الاسلام. ٢٠١١/٩/١٩. المجلس العلمي الوكة: http://majles.alukah.net/t٨٩١٧٠/
١٧- ابن قاضي: كنز العمال في سنن الاقوال و الافعال،تحقيق:بكري حياتي، ط:٥، مؤسسة الرسالة، ١٤٠١هـ/١٩٨١م، ج١٠/ص١٨٣.
١٨- محمد ابو زهرة: ابو حنيفة، حياته و عصروه و اراؤه الفقهية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩١، ص٤٥. عمر ابو فضل: أبو يوسف تلميذ أبي حنيفة وأول قاضي قضاة في الدولة الإسلامية. الأحد ٢٠ سبتمبر ٢٠٠٩. (الاتحاد): http://www.alittihad.ae/details.php?id=٣٠٤٦٨&y=٢٠٠٩
١٩- ضرورة الدعوة إلى الله: (٢٠٠٥/٣/٦) (موقع اسلام ويب): http://articles.islamweb.net/media/index.php?page=article&lang=A&id=81972
٢٠- http://www.huffpostarabi.com/mohamed-elgory/-_3635_b_8997136.html
٢١- عبدالعزيز كحيل: المسلم بين الدعوة و السياسة، ٢٠١٣/١٢/١٠، إسلام اون لاين: http://islamonline.net/6057
٢٢- هند مصطفى عبد: العلماء بين الدعوة والسياسة استقلال الدعاة عن الأحزاب ضرورة، جمادي الاولى ١٤٣٥ هـ / ١٥ مارس ٢٠١٤،
(الاهرام): http://www.ahram.org.eg/News/11123/41/269034/
٢٣- عبدالرحمن الراشد:الغنوشي و فصل الدين عن السياسة، ٢٣/مايو/٢٠١٦. (الشرق الاوسط): http://aawsat.com/home/article/646971/
٢٤- محمد قواص: الغنوشي وزوال مبرر الإسلام السياسي، الثلاثاء، ٢٠١٦/٥/٣١، (الحياة): http://www.alhayat.com/Opinion/Writers/15838715/



# بانگەواز و سیاسەت
## لە تێکەڵییەوە بۆ پسپۆڕی



**د.ڕەعد ڕەفعەت محەمەد**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەدین
خاوەنی ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی و وتارە
لەسەر حکومەت و پەرلەمان.

پێش هەرشتێک پێویستە سیاسەت و سیاسیی و بانگەواز و بانگخواز پێناسە بکەین،

پێناسەی بانگەواز «الدعوه»: بانگەواز پێناسەی جیاواز کراوە بە جیاوازی ڕوانگە و ئامانج و شێواز و تێگەیشتن بۆ ئیسلام و واقع، گرنگترینیان:

١- گەیاندن و فێرکردن و جێبەجێکردنی ئیسلامە. (المدخل إلى علم الدعوة، محمد البنانوي:١٧)

٢- هاندانە بۆ کاری چاکە و دورکەوتنەوە لە خراپە و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و شوێنکەوتنی حەق و قێزەونکردن و دورکەوتنەوە لە باتڵ. (مرشد الدعاة، محمد نمر الخطيب: ٢٤)

٣- بانگکردنی هەموو خەڵکی لە هەر کات و شوێنێکدا، بۆ پەیڕەوەکردنی شوێنپێی پێغەمبەر (د.خ) لە ڕووی قسە و کردەوە و ئاکاردا، ئەم بانگکردنەش ئەنجام دەدرێت لەلایەن کەسی لێهاتووەوە. (الدعوة إلى الله في سورة إبراهيم الخليل، محمد بن سيدي بن الحبيب: ٢٧)

٤- هونەری ناسینی شێوازە گونجاوەکانە بۆ ڕاکێشانی نامسوڵمانەکانە بۆ ئیسلام یان ئاینەکەیان پێ دەپارێزێت. (الدعوة والإنسان، عبدالله يوسف الشاذلي: ٣٩)

دەتوانین لە پێناسەکانی سەرەوە پێناسەی بانگخواز «الداعي» هەڵێنجێنین و بڵێین: بانگخواز ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی گشت لایەنەکانی بانگەواز یان بەشێکی.

لە پێناسەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە:

١- هەر خودی بانگەواز پێویستی بە جیاکردنەوەی پسپۆرییەکانیەتی وەک گەیاندن، ڕاگەیاندن، پەروەردەو فێردن... هتد.

٢- بانگەواز پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە سیاسەت و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە؛ چونکە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە کۆڵەکەیەکی گەورەی ئیسلامە بە هەردوو بەشی بانگەواز و سیاسەتە شەرعییەکەی.

٣- هەر کەس و هەموو کەسێک ناکرێت ببێت بە بانگخواز، بەڵکو دەبێ کەسی لێهاتوو بن بۆ ئەم ئەرکە.

بەڵام سیاسەت لە ڕووی زمانەوانی عەرەبیەوە بریتییە لە «بەڕێوەبردن» و لە ڕووی ئیستلاحیشەوە بریتییە لە: «زانستی بەڕژەوەندی کۆمەڵە بەشداربووەکانی مەدەنیەت» (علم السياسة، د.حسن صعب: ١٩)، یان: «زاستی حوکمڕانی وڵاتە، یان زانینی بنەماکانی پێکهێنانی حکومەتەکانە کە پەیوەندییەکانی دیاری دەکات لەگەڵ هاوڵاتیان و وڵاتانی دیکەی تر» (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

هەربۆیە «سیاسی» ئەو کەسەیە بەشدارە لە کارتێکردن لە جەماوەر لە ڕێگای کاریگەری لە بڕیاری سیاسی یان کەسی کاریگەرە لەسەر شێوازی حوکمڕانی کۆمەڵگە لە ڕێگای تێگەیشتنی دەسەڵاتی سیاسی و میکانیزمی کۆمەڵگە.

**لە ڕوانگەی پێناسەکانی سیاسەت بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەت:**

١- پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و هاووڵاتییە.

٢- دەوڵەت و دەوڵەتدارییە بە هەموو بوارەکانییەوە.

٣- تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکانی پرۆسەی سیاسییە، بەمەش تێگەیشتنە لە گۆڕەپانی سیاسی بۆئەوەی ببێتە پێشەکیەکی گرنگی بڕیاری سیاسی.

٤- کردنەوەی ئاسۆی عەقڵی سیاسییە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان بەشێوازێکی دانایانە و تێگەیشتنێکی واقعیانە.

٥- توانای بەجێگەیاندنی ئامانجەکانە بە کەمترین کات و ماندووبوون و باشترین ئەنجام.

لەدوای پێناسەکردنی چەمکەکانی بانگەواز و سیاسەت پێویستە جیاکردنەوەی بانگەواز لە

سیاسەت لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:
یەکەم: هەرچەند ئیسلام خۆی گشتگیرە «شمولی» بۆ ژیان و هەرئەوەش کرۆکی بانگەوازی ئیسلامییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ((قل إن صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين))، بەڵام ئەم گشتگیرییە دەکرێ دابەش بکرێت بەسەر پسپۆری و بواری جیاجیادا لە ڕێگای ڕێکخراو و دامەزراوەی پسپۆڕی جیاواز بەتایبەت بانگخوازی، چونکە گشتگیری ئایین مانای گشتگیری حیزب و ڕێکخراو ناگەیەنێت. بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە ئێستا کوردستان زیاتر پێویستی بە چاکسازی سیاسیی و ئابووریی و کارگێڕی هەیە، هەروەها بەگوێرەی یاسا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ساڵی ٢٠١٣ وە ئازادی تۆمارکردن و کارکردن و چالاکییان زیاتر بۆ ڕەخساوە و کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ئیسلامی ئەکتیڤ لەو بوارە کار دەکەن.
دووەم: پێویستە بگوترێت کە جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت بیرۆکەیەکی زۆر نوێ نیە، بەڵکو لەلایەن ئیسلامییەکانی وڵاتانی: تونس، مەغریب، ئوردن، سودان و تورکیا...هتد باسکراوە و گفتوگۆی جددی لەسەر کراوە و هەندێکیان لە ئێستادا وەک تونس لەژێر ئەزموندایە. گرنگی و هۆیەکان و پاڵنەرەکانی جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت لەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:
١- کاری سیاسی کێبڕکێ و سەرکەوتنە بەسەر بەرامبەرە سیاسیەکەدا، لەکاتێکدا کاری بانگەواز بەدەستهێنانی دڵ و عەقڵی بەرامبەرەکەیە، هەرکاتێک ئەم دوو کارە تێکەڵ بەیەکتر بکرێت ئەوا زیان بە هەردووکیان دەگەیەنێت.
٢- زۆرجار بانگخوازان کە دێنە ناو کایەی سیاسی بێبەشن لە زانستەکانی سیاسەت و ئەزمونی مامەڵەی حیزبی و سیاسیی و پرۆژەی بەڕێوەبردنی وڵات. هەربۆیە هەوڵدەدەن ئەم دەستکورتیە بە وتاری ئاگرین و هێنانی دەقی شەرعی بۆ ناو بابەتە سیاسیەکان پڕبکەنەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە زۆر بە ڕوونی شکستی سیاسی زۆرێک لە بانگخوازان بەدی دەکرێت کاتێک دەچنە ناو کایە سیاسییەکانی پەرلەمان و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت. بێگومان ئەگەر هاتوو بانگخوازان هەستابان بەکاری بانگخوازی سەرکەوتوتر دەبوون و تووشی ئەم شکستە سیاسیانەش نەدەبوون، کە دەرەنجامەکەی بە شکستی ئیسلامییەکان کۆتایی دێت.
سێیەم: دەتوانین بڵێین پوختەی بیرۆکەکە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی بەرنامە و پرۆژەی سیاسی و خزمەتگوزاریی و ئابووریی و چاکسازیکردن لەناو دامەزراوەکانی هەرێم، لەهەمان کاتدا بوار و سێکتەرەکانی تری ژیان و کاری بانگەوازی ئازاد و سەربەخۆ دەکەن بۆ بانگخوازان و ڕێکخراوەکانی بانگخوازیی و خێرخوازی بۆئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە.
چوارەم: لەکۆتاییدا گرنگ ئەوەیە کوردستان ئەزمونی هیچ وڵاتێک کۆپی نەکاتەوە، بەڵکو هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە بدات بە لەسەرخۆیی و قۆناغبەندی و ڕەچاوکردنی توانا مرۆیی و ماددییەکانی خودی ئیسلامییەکان و گونجاندنی لەگەڵ حاڵەتی ئیسلامی و ژینگەی سیاسی کوردستان.

# ڕێکخستنی
# کاری ئایینی و سیاسی
## مەغریب وەك نمونە




**شیروان شەمێرانی**

بەکالۆریۆس لە فکری ئیسلامی. نووسەر و توێژەر
بەڕێوەبەری کۆڕبەندی جیهانی میانڕەویی کوردستان.
خاوەنی ٤ کتێبی چاپکراوە.

## پێشەکی

**ئەم بابەتە ئەوەندەی پێویست بێت باس لە نمونەیەکی کاری ئیسلامی دەکات لە وڵاتی مەغریب، کە ئێستا بەسەرکەوتووترین ئەزمون دەبینرێت لە شێوازی رێکخستنی کاری ئیسلامیدا بە رەچاورکردنی گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچونی عەقڵ ئەوەندەی ئێستە لەبەرچاو بێت، هەروەها بەگوێرەی پێوەرە نویێ و نوێگەرایەتیەکانیش، لە چوارچێوەی (حەرەکەی یەکتاپەرستی و چاکسازی و پارتی دادوگەشپێدان) دا...**

### ئایینی و سیاسی نەك دەعەوی و سیاسی

بەتێگەیشتنی ئێمە دەستەواژەی دەعەوی و سیاسی هەروەک ئێستا باوە نابەجێ و کورتە بۆ ناونیشانی هەوڵەکانی دارشتنەوەی فۆرمی کاری ئیسلامی، چونکە سیاسەت نەک تەنها بەشێکە لە ئیسلام بەواتا گشتگیرەکەی، بەڵکو سیاسەتکردن ئامێرێکی بانگەوازکردنە بۆ ئیسلام، بە میکانیزمی تایبەت لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی کۆمەڵگادا، بەڵام سیاسەت دەستوەرنادات پەروەردەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەروەک چۆن خۆی بەدوردەگرێت لە بابەتە شەرعییە فیقهییە روتەکان، بەڵکو بەکاری حیزبی و حکومەتەوە سەرقاڵە، ئەگەرچی جوان بەرێوەبردنی حکومەت بۆ خۆی بەرجەستەکردنی بەهاکانی ئیسلامە و بانگەوازە بە کردەوە نەک بە دەنگ و گوفتار. بۆیە لەبری (دەعەوی و سیاسی) بوترێت (ئایینی و سیاسی) یان ( حیزبی و ئایینی و پەروەردەیی).

### ئەزمونی مەغریبی

چەندە کات بە خوێندنەوەی ئەم ئەزمونە بدرێت شایستەیەتی و بۆ هەرسکردنی وەستانێکی درێژی پێویستە، ئەزمونی کاری ئیسلامی لە مەغریب پێش ئەوەی وەک بیرۆکەیەک دابرێژرێت، دروستکردن حیزبێکی سیاسیی بۆ راپەراندنی کاروباری گشتی ژیان لە روانگەی ئیسلامەوە لە واقیعدا و بەهۆی سروشتی سستمی سیاسی وڵاتەوە دەستی بەکار کرد، بەشێوەیەکی کردەیی هەریەکە لە (دادوگەشەپێدان) و (تەوحیدوئیسڵاح) لە مەیدانی تایبەتدا رۆڵی خۆیانیان دەبینی، بەتێپەراندنی کات وردە وردە بواری تیۆری روونتر دەبوویەوە، لێکۆڵینەوە رۆشنبیرییەکان لەلایەن سەرکردە دامەزرێنەرەکانەوە پێشکەش دەکرا، کۆنگرە گشتییەکان وەک هەلێک و وێستگەیەکی وەرچەرخان ئەو بابەتانەی تاوتوێ دەکرد، چ کۆنگرەکانی حەرەکە یان حیزب.

ئێستا پاش روونبوونەوە و پێگەیشتنی ویستراو و ئامانجەکان، تیۆریی جیاوازی لە بوارەکانی کاری ئیسلامیدا شێوەی تەواوی خۆیی وەرگرتووە، تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کە زەمان و زەمینە هەمیشە کاریگەری خۆیانیان دەبێت لەسەر نوێکردنەوە و دەستکاریکردن بۆ شێوازێکی جوانتر، ئەزمونی مەغریب سنوری وڵاتی بەزاند، بووە بە جومگەیەکی ناوازەی نوێبوونەوە لە فیکر و کاری سیاسی لە ئاست

جیهانی ئیسلامیدا، تەنها وەستان لەسەر ئەم ئەزمونە بەس نییە، بەڵکو پێویست بەخوێندنەوەی مێژووی بانگەوازی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەکات، لاپەڕە لاپەڕە، تاکە بزاڤێکی ئیسلامی کە بۆ یەک ساڵیش بێت نەوەستاوە و توشی چەقبەستن نەبووە، لە هەردوو مەیدانی ئیجتهادی فیکریی و گەشەپێدانی نەخشەکێشان لە واقیعدا بزاڤی ئیسلامی مەغریبییە، کۆمەڵێک بەرهەمی تازە و ناوازەی پێشکەش بە فیکری ئیسلامی کردووە، فیکری ئیسلامی بە ئیجتهادی زیندوو دەوڵەمەند کرد.

هەردوو پێکهاتەی دادوگەشەپێدان لە خەباتی سیاسی و تەوحید و ئیسلاح لە خەباتی ئاینیدا بەردەوام پێشکەوتن بە خۆیانەوە دەبینن، هەستی دینداری و خواناسی لەناو گەلی مەغریبیدا بەرزتردەبێتەوە، لە هەڵبژاردنەکانیشدا رێژەی دەنگەکان لە سەرەتای بڕیاری بەشداریکردنی لە ململانێی سیاسیدا لە ساڵی ١٩٩٤ وە تائێستا هەمیشە لەزیادبووندایە، تا وێستگەی گەیشتن بە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ و سەرۆکایەتی کردنی حکومەت لەلایەن ئەمینداری گشتی پارتی دادوگەشەپێدان(عەبدولئیلاە بنکیران)ەوە.

### سەربەخۆیی و هاوبەشی

ئەدەبیاتی حەرەکەتی تەوحید و ئیسڵاح و پارتی دادوگەشەپێدان لە وەسفکردنی پەیوەندی نێوانیاندا دەڵێن (دوو دەزگای سەربەخۆ بە شەراکەتێکی ستراتیژی) واتە دوو کیانی ئازاد لەکاردا، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتدا و بەرامبەر بە یاساش، هەیکەلیان چوون یەک نییە، یەک پارچە نین، یەک جەستە نین بەواتا ماددییەکەی، بەڵام ئامانجی کۆتاییان یەکە، بۆ کۆمەڵە مەبەستێکی هاوبەش کاردەکەن، بێ تێکەڵبوونی بارەگا یان رێکخستن، حیزب ئامێری سیاسی حەرەکە نییە و حەرەکەش باڵی پەروەردەیی (یان وەک باوە دەعەوی) حیزب نییە، بەڵکو جیان بەواتای جیاکاریی و فرەیی رێکخستن و سەربەخۆیی لە گشت پێداویستی و راپەڕاندنی سیاسەت بۆ حیزب و پەروەردە و پێگەیاندن بۆ حەرەکە. یەکەکانی کار کە ئینتیمایان بۆ هەمان پرۆژە هەیە سەربەخۆن و چۆنییەتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان جیاوازە.

سەربەخۆیی لە رێکخستن، هەڵوێستگرتن، بڕیارداندا، محەمەد حەمداوی سەرۆکی ئێستای تەوحید و ئیسڵاح دەڵێت(١): (لە رێگای میدیاکانەوە هەواڵی هاوپەیمانێتی دادوگەشەپێدانم بیست لەگەڵ حیزبەکانی تردا بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە بەتەواوی سەرکردایەتی حیزب ئازادن، کە دەچن بۆ کۆبوونەوەکان دەڕۆن و بڕیاری کەسی خۆیانیان پێیە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرکردایەتی حەرکە).

- شەراکەت لە بنەما گشتییە فیکرییەکاندا، دینداری و بەرجەستەکردنی لە ژیاندا، ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەت و ژیان.

-جیاوازی لە وەڵامدانەوەی گرفت و پێشهاتەکان، لە گوتار و زمانی قسەکردن، (یەکتاپەرستی و چاکسازی) بە زمانێکی ئاینیانەی کۆمەڵایەتی ئاخاوتن دەکات. حیزب بە زمانێکی سیاسیانە خۆی لە قەیرانەکانی حکومەت و کۆمەڵگا دەدات، بە زمانی بەرژەوەندیخواز رەخنەی بنیادنەری خۆی ئاراستەی رووداوەکان دەکات. بۆ نمونە: بەشێک لە چاکسازی کە لەناو مەودای کاری حکومەتدایە و پەیوەندی بە راگەیاندنەوە هەیە، بریتییە لە بڵاوکردنەوە و رەواجدان بە یاری بەخت (یانسیب)، وەزیری راگەیاندن کە ئەندامی دادوگەشەپێدانە کاتێک بڕیاری قەدەغەکردنی ریکلامکردنیدا بۆ ئەو

یاریە لەلایەن هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، نەیگووت ئەم جۆرە یارییانە حەرامە لە شەرعی ئیسلامیدا، بەڵکو گووتی ئەو ڕیکلامانە دەبێتە هۆیەک بۆ لادانی منداڵانی نەوجەوانان و ئەوانەی لە خوار تەمەنی یاساییەوەن کە پاراستنیان ئەرکی دەوڵەتە لەهەر شتێک دەبێت بە مایەی چاندنی خەسڵەتی خراپ لە عەقڵ و دەروونیاندا و ترسە بۆ داهاتوویان، هەروەک چۆن هەندێک کەناڵی نێودەوڵەتی وەک (بی بی سی) بەریتانی ڕیکلام لایان قەدەغەیە بۆ یاری بەخت.

-- جیاوازی حیزب و حەرەکە لە مەودای کاردا، ئەگەرچی شوێنی کاری هەردولا کۆمەڵگای مەغریبیە، بەڵام لە جۆری شوێنەکەدا جیاوازن.

حەرەکەتی یەکتاپەرستی و چاکسازی لە ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگادا کار دەکات، واتە بەرجەستەکردنی ئاین لە ژیانی تاکدا بە باوەڕێکی ڕاست و دروست بەخوا و بەجێهانانی پەرستشەکان و پابەندبوون بە بەها ڕەوشتییە ئیسلامییەکانەوە بەو شێوەیەی لە سورەتی (عەسر)دا هاتووەوە.

لە ئاستی خێزاندا وەک کۆنترین فۆرمی کۆبوونەوە و هاوکاریکردن لە مێژوودا، هەر لە ژنهێنان و شوکردنەوە و گەیاندنی سۆز و خۆشەویستی ناو تاکەکانی خێزان، ڕێزگرتن لە دایک و باوک، ئافرەت لە ئاستی خێزاندا گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێت وەک هەوێنی دروستکردنی نەوەی ئیماندار، پاراستنی لە گشت ئەو هێرشانەی دەکرێتەسەری بۆ لادانی لە بنەماکانی ئیسلام و باش تێگەیاندنی لە ئەرک و مافەکانی خۆی، هەروەها گرنگیدان بە منال و پیداویستییەکانی لە پەروەردە و فێرکردن و پاراستنی لە هۆکارە هەڵدێربەرەکان لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا.

لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەشی سێیەمی ئیسلام قسە لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکات وەک کۆمەڵ نەک وەک تاک، یان خێزان، ئەگەر کۆبوونەوە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی بێت ئەوە بەشێک لە کاری حەرەکە بریتییە لە بەرجەستەکردنی ئەو خەسڵەتانەی تایبەتمەندی کۆمەڵگای ئیسلامین، چونکە مرۆڤ لە دەشتێکی ڕووت و وشکدا ژیان بەسەر نابات، بەڵکو لەناو دەزگای جۆراوجۆردا لە فەرمانگە و زانکۆ و قوتابخانە و شەقام و مزگەوت و بازاڕدا دەژی، بۆیە ئەو بنەما ئیسلامیانەی کە حاکمن بەسەر جوڵەی مسوڵمانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو دەورووبەرەدا، وەک کەشوهەوایەکی سازگار زاڵ دەبێت بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە خواناسی و بەرزڕاگرتنی بەها بەرزەکان و یاسا پاراستن و ڕێگرتن لە تاوان و ناپاکی و بە حەڵاڵ کردنی شتە پاکەکان و حەرام ڕاگرتنی گەندەڵی و لادان، کۆمەڵگایەک مافی تاکەکان تیایدا پارێزراوە.

بەرجەستکردنی ئیسلام لە ئاستی دەوڵەتدا، بە ئامادەکردنی تاکی چاک و لەخواترس بۆ کارکردن لە دەزگاکاندا و بەجێهێنانی بنەما ئاینییەکان لە ئاست دەستور و یاسای کاری دەزگاکاندا.

هەروەها لە ئاستهی ئوممەی ئیسلامیدا و بەشداریکردن لە گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامی بۆ سەرجەم گەلانی سەر زەوی. بەشداریکردن لە بنیاتنانی شارستانییەتێکی مرۆیی چاو و دڵ ڕووناک، سەرخستنی کێشەی مسوڵمانانە لە جیهاندا.

بواری کارکردنی تەوحید و ئیسڵاح بۆ دەستخستنی ئەم ئامانجانەی سەرەوە، بریتین لە:(٢)

١ـ بانگەوازی تاکەکەسی، لە ڕێگای ئامۆژگاری کردن و نوسین و وتوێژ لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، بیرخستنەوە و فەرمان کردن بە چاکە و نەهیکردن

لە خراپە، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و کاسێت.

٢- بانگەوازی گشتی، ئەوەی کە کۆمەڵێک پێی هەڵدەستێت، یان کەسێک بەڵام ئاڕاستەی کۆمەڵ دەکرێت، لە ڕێگای وانەی گشتی و کۆڕبەندی و ئاهەنگ و سەیران و سەردان و ئامۆژگاری کردن لە بازاڕ و پرسە و... هتد.

٣- کاری ڕۆشنبیری فیکری، ئەمیش بە دوو شێوە:

یەکەم، گەیاندنی بیروباوەڕی ئیسلامی، بنەمای فیکریی و سستەم و بەهاکانی ئیسلام.

دووەم: پاراستنی کۆمەڵگا لە هەر داگیرکردنێکی فیکری ڕەوشتی کە کۆمەڵگاکانمان دەکات بە قوربانی.

٤- کاری زانستی و فێرکردن.

٥- بواری پەروەردەکردن و پێگەیاندن.

٦- خێرخوازی.

٧- سەندیکایی.

٨- ڕاگەیاندن.

٩- ئابووری .

دەمەوێت بڵێم کە بزاڤی یەکتاپەرستی و چاکسازی لە کاری سیاسی بەدوور نییە، بەڵام نەک بە مومارەسەی میکانیزمی حیزبی، بەڵکو لە ڕێگای فەراهەمهێنانی کەشوهەوایەکی سازگار و دروستکردنی تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست بۆ مومارەسەرکردنی سیاسەت، بەرجەستەکردنی بنەما سیاسییە ئیسلامییەکان وەک ئەرکێکی ئیسلامی، وەک میکانیزم و کاری ڕۆژانە ئەوە زیاتر کاری پارتی دادوگەشەپێدانە، چونکە کاری بزاڤی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی لە سیاسەتکردندا تەسک نابێتەوە.

مەودای کاری دادوگەشەپێدانیش بریتییە لە کاروباری گشتی ژیان، لە بازنەکانی حکومەت و دەوڵەت، پارلەمان و فەرمانگەکان، بوارەکانی

**حیزب بە زمانێکی سیاسیانە خۆی لە قەیرانەکانی حکومەت و کۆمەڵگا دەدات**

ئابووریی و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان و بەدواداچوون بۆ ستەم و ستەمکاریی و دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسی و چەسپاندنی ئازادییەکان و دادپەروەری و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و حکومەت و گرێدانی هاوپەیمانی حیزبی و سیاسی، ئەمانە و چەندینی تر بە زمانێکی سیاسیانەی بەرژەوەندیخواز لە چوارچێوەی یاسادا، تەماشاکردنی مەرجەعییەتی ئیسلامی دەوڵەت وەک بەشێک لە کاروباری گشتی و شوناسی نەتەوەیی.

### جیاوازی پسپۆڕی کەرتکردن نییە

زۆر کەس وادەزانن کاتێک باس لە دابەشکردنێکی پسپۆڕیانەی کار دەکرێت، واتە هەستین بە کەرتکردنێکی ستونی ئەندامان و بارەگاکان، لە گشت ئاستەکاندا، وەک جەستەیەک دێتە خەیاڵیان و مشارێک بگرێت بەدەستەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بیکەیت بە دوو پارچەوە، ئەوە بەهەڵە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی ساکاری چەمکێکی زۆر هەستیاری فیقهی کاری ئیسلامییە. دابەشکردن یان بەگەڕخستنی پسپۆڕیانەی تواناکان، ئامادەسازی عەقڵی و دەروونی و مەیدانی واقیعی دەوێت، تەنها بەنییەت لێهێنان و بوونی ئیرادە نابێت. بۆئەوەی هەوڵەکان لەم

# بەشێوەیەکی کردەیی (دادوگەشەپێدان) و (تەوحیدوئیسلاح) لە مەیدانی تایبەتدا رۆڵی خۆیانیان دەبینی

بوارەدا بەرهەمی خۆیان پێشکەش بکەن، پێویستی بە ئامادەکاری دەروونی و تێگەیاندنی زانستی و فیکری دەبێت، پاشان بەگوێرەی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری ئەندامان بەتایبەت ئەوانەی کە لە ئاڕاستەی حیزبدا کاریگەرن هەنگاوی کردەیی بۆ دەنرێت.

ئەگەر هەر بزاڤی ئیسلامی مەغریب وەک نمونە بهێنینەوە، دەبینین هەر لە ناوەڕاستی ساڵەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، کاتێک بە واقیع بڕیاری ئاڕاستەکردنی کاری ئیسلامیان بەوشێوەیەدا، تا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٣ ساڵ هێشتا هەندێک کەسایەتی بنەڕەتی لە سەرکردایەتی حەرەکەی تەوحیدوئیسلاح و لە حیزبی دادوگەشەپێدانیشدا بوونیان هەیە، هەر لە سەرەتاوە واتە لە ساڵی١٩٩٨وە زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوولا هاوبەش بوون، وردە وردە یەکلادەبوونەوە، بەڵام ئەمەش هێشتا بەتەواوی نەبووە، لە ئاستی ئەندامانیشدا هیچ سنورێک نییە بۆئەوەی لە یەک کاتدا ئەندام بێت لەحەرەکە و حیزبیشدا.

لە مانگی نیسانی ٢٠١٢ بە تەلەفون لەگەڵ نوسەر و لێکۆڵەری لاو بیلال تەلیدی قسەم کرد، بەتایبەت لەمەڕ ئەم دوانەییە لە ئەندامێتیدا، ئەو وتی کاتێک دەبێت بە ئەندام و فۆرمی ئەندامێتی حیزب پڕدەکەیتەوە لێت ناپرسێت تۆ ئەندامی لە حەرکەدا یان نا؟، چونکە ئەوە بەشێکە لە ئازادی، بۆت هەیە لە یەک کاتدا ئەندامی حیزبیش و حەرەکەش بیت، هەروەها لە حەرەکەدا دەکرێت ئەندامی حزب بیت و دەشکرێت ئەندام نەبیت، بەواتایەکی تر، ئاستی ژمارەی کۆی ئەندامانی حیزب و حەرەکە یەک نین، تەواو لە یەک دابڕوایش نین، تەلیدی وتی: ئێستا من ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی پارتی دادوگەشەپێدانم، لە هەمانکاتدا ئەندامی حەرەکەی تەوحیدوئیسلاحیشم، ئەسڵیش وایە کە بەرپرسی نوسینگەکانی پارێزگاکانی حیزب ئەندامی تەوحیدوئیسلاح بن تا هاوسەنگی و هێڵی سروشتی مەرجەعیەتی ئیسلامی حیزب بپارێزن، تەنها ئەوەندە هەیە کە کەسی یەکەمی حەرەکە نابێت ئەندامی حیزب بێت، هەروەها کەسی یەکەمی حیزب نابێت ئەندامی حەرەکە بێت، ئەویش بۆ پاراستنی بڕیاری هەردوولا لە کاریگەری پێکهاتەکەی تر، بۆ نمونە:

ئێستا سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان (عەبدولئیلاه بینکیرانە)، لە کۆنگرەی گشتی شەشی حیزبدا وەک ئەمینداری گشتی هەڵبژێررا، پێشتر ئەندامی نوسینگەی جێبەجێکردنی حەرەکەی تەوحیدوئیسلاحیش بوو، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی یەکەمی حیزب دەست لەکارکێشانەوەی خۆیی لە حەرەکە پێشکەشکرد. هەروەها سەرۆکی ئێستای حەرەکە (ئەندازیار محەممەد حەمداوی) یە، پێش وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی حەرەکە ئەندامی ئەمیندارێتی حیزب بوو، بەڵام دوای ئەوە ڕاستەوخۆ دەست لەکارکێشانەوەی لە حیزب پێشکەش کرد.

پاش زیاتر لە ١٥ ساڵ بە هەردوو لایانەوە یەک ڕۆژنامەیان هەبوو بەناوی (تەجدید)، زیاتر لەلایەن حەرەکەوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام لە ناوەندی ڕۆشنبیری و جەماوەریدا وەک ڕۆژنامەی حیزب ناسرا بوو، چەند جار لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی مەغریبیدا کە ناوی ڕۆژنامەی تەجدیدم دەهێنا، بێ بیرکردنەوە دەیانگووت ڕۆژنامەکەی پارتی دادوگەشەپێدان؟

لە پاش بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لە ٢٠١١، بۆ ڕۆژی دوایی کاتژمێر ١٠ی بەیانی، نووسینگەی جێبەجێکردنی تەوحیدوئیسلاح کۆبوونەوەیان هەبوو، ئەمینداری گشتی حیزب بەشداری کۆبوونەوەکەی کرد بەبێ هیچ ئیحراجییەک، هەروەها پاش بوونی بە سەرۆک وەزیران، بینکیران لە گردبوونەوەیەکی گشتی پەروەردەیی لاوانی حەرەکەدا لە ٢٠١٢/٣/٣ بەشداری کرد و وتاری بۆ دان، ئاگاداریکردنەوە کە ئەم وڵاتە پێویستی بە بانگخواز هەیە تا زیاتر لە خوای نزیک بکاتەوە. .لەولاشەوە لە بەرواری ٢٠١٢/٣/١٥ سەرکردایەتی تەوحیدوئیسلاح لەگەڵ بلۆکی دادوگەشەپێدان لە پەرلەمان لە بارەگای سەرەکی لە شاری (ڕیبات)ی پایتەخت کۆبوونەوەیەکیان گرێدا بۆ تاوتوێکردنی کاروباری وڵات و زیاتر هەماهەنگی کردن. ئەمە شێوازێکی هاوکاری و تەواوکارییە لەکاردا. دەبێت بەمشێوەیەش لێی تێبگەین لەگەڵ دانپیانان بەوەی کە ئەزموون کۆپی ناکرێت، بەڵکو تەنها سودی لێوەردەگیرێت. هەروەها لە پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ کە دادوگەشەپێدان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و لەلایەن مەلیکەوە تەکلیف کرا بۆ پێکهێنانی حکومەت..

بێ گومان بوونی دەوڵەت و مامەڵەکردنی یاسایی حکومەت لەگەڵ پارت و کۆی کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵاتدا هۆکارێکی سەرەکی بەڕێوەچوونێکی هێمنیانەی کارە، ئەو بوونەی یاسا داویەتی بە هەموو لایەک زامنی سەرجەم مافەکانیان دەکات لە بەشداریکردنی سیاسەت و حکومەتدا، پابەندبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ئەگەرچی بە ئارەزووی هێزی دەسەڵاتداری یەکەم یان دەزگای پاشایەتیش نەبێت، زەمینەیەکی سازگاری دروستکردووە بۆ جوڵان، هەروەک لە تورکیاش ئەم حاڵەتە سەرنج دەدرێت، نەریتی دیموکراتیەت بووە بە باو لای هەمووان. بەڵام ئەمەش نابێتە پاساو بۆ دەستەوسان وەستان.

**سەرچاوەکان**

١ – في العلاقة بين الجماعة والحزب، ل٢٤.
٢ – ميثاق حركة التوحيد والاصلاح، ل٥٥-٦٣.

# بابەتی گشتیی





# ئیبن خەلەکان..
# لە ڕوانگەی شاکارە بەناوبانگەکەیەوە
# «وفيات الأعيان»



**یاسین تەها**

توێژەرو ڕۆژنامەنووسە. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی بابەتە کەلتورییی و هەنوکەییەکان دەنوسێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە ئاین و ئاینزاکانی کوردستان.

کەس نییە بەدوای زانیاری مێژووییدا بگەڕێت لە سەدە ناوەنجییەکانی ئیسلام و ناچار نەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئیبن خەلەکانی ئەربیلی (٦٨١ ک/١٢٨٢ز مردووە)، چونکە کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی ناوبراو خاوەن باشترین و بەپێزترین بیبلۆگرافیای ناسینی کەسایەتییەکان و ژیاننامەی ناوداران و مێژووی گشتییە لە سەردەمی خۆی و بەرهەمەکەشی لەناو لێکۆڵەراندا بە وردی و دروستی ناوبانگی رۆشتووە(١). ئەم بەرهەمەی ئیبن خەلەکان جگەلەوەی لە رووی ئەمانەتەوە وردە، بەناوبانگترینیشە لە بواری خۆی تا سەردەمی ئێستا(٢). خاڵێکی تر کە هێز و سەنگی پێ بەخشیوە ئەوەیە زۆربەی ئەو بەرهەمە مێژووییانەی لە سەردەمی ئیبن خەلەکاندا نوسراون فەوتاون و نەماونەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بیبلۆگرافیاکەی ئیبن خەلەکان نەک بۆ ژیننامەی کەسایەتییەکان بەڵکو بۆ مێژووی گشتیش ببێتە سەرچاوە(٣).

بایەخی شاکارەکەی ئیبن خەلەکان زیاتر لە پێشەکییەکەیدا دەردەکەوێت(٤)، لەوێدا نوسەر دەڵێت: هەر لەدێر زەمانەوە خولیای کۆکردنەوەی هەواڵ و باس و بابەتی هەڵکەوتووان کەوتۆتە مێشکی لەگەڵ حەزی تۆمارکردنی مێژووی لەدایکبوون و مردنیان، ئەمەش بووەتە هاندەرێک بۆئەوەی ئەو کتێبانە بخوێنێتەوە کە لەم بوارەدا لەبەردەستیدابوون، نەک هەرئەوە بەڵکو لە زاری مێژوونووسان خۆیانەوە کۆمەڵێک زانیاریی کۆکردۆتەوە کە لە سەرچاوەکانیتردا نین و تایبەتن بە شاکارەکەی ئیبن خەلەکان(٥).

**ئیبن خەلەکان کێیە؟**

ناوی تەواوی عەباس ئەحمەد خەلەکانە و نازناوی شەمسەدینە(٦). لە شاری هەولێر لەدایکبووە و بە ڕەچەڵەک هەندێکجار دەدرێتە پاڵ بەرمەکییەکان(٧)، بەڵام مێژوونووسانی وەک سەفەدی و شاکر کەتبی و کۆمەڵێکی تر لێکۆڵەر دەڵێن لە کوردانی هەکارییە(٨). سەربارێ ئەم ناکۆکییانەش کۆدەنگی هەیە لەسەر ئەوەی نازناوی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ باپیری سێیەمی کە خەلەکانە و بە قسەی عەبدولڕەحیمی ئەسنەویش (٧٧٢ ک/١٣٧٠ز مردووە) خەلەکان ناوی گوندێکی دەوروبەری هەولێر بووە(٩).

ئیبن خەلەکان لە مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (٦٠٨ک/ ١٢١٢ز) لە هەولێر لە پەنا قوتابخانەی موزەفەرییە و لە ئامێزی قەڵا لەدایکبووە و لە ساڵی (٦٨١ک/ ١٢٨٢ز)یش کۆچی دوایی کردووە(١٠).

باوکی ئیبن خەلەکان کە ناوی شەهابەدین محەمەدە کەسێکی شەرعزان بووە، سەردەمێک لە قوتابخانەی نیزامییەی بەغدا وەک موعید کاریکردووە، دواتر چووەتە موسڵ و چواردە ساڵ لەو شارە ماوەتەوە، پاشان هاتۆتە هەولێر و بووەتە جێگە متمانەی سوڵتان موزەفەرەدین کەوکەبەری فەرمانڕەوای شارەکە (١١٨١_١٢٣٢ ز) (١١). پێدەچێت ئەم مەنزڵ بە مەنزڵە تایبەتمەندی خێزانی ئیبن خەلەکان بێت، چونکە ناوبراو لە باوکی زیاتر گەشتی کردووە و هەولێر و موسڵ و حەلەب و دیمەشق و قاهیرەی تەی کردووە(١٢)، بەڵام ئەوە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە پێگەشتن و پەروەردەبوونی لە هەولێر بووە، باوکیشی ڕۆڵی گەورەی دیوە لە گەیاندنی بە پایە و بە دەستخستنی مۆڵەتە زانستییەکانی ئەو سەردەمە(١٣). وادەریش

دەکەوێت پەیوەندی باشی باوکی لەگەڵ سوڵتان موزەفەرەدینی سوڵتانی هەولێر یەکێکی تر بووە لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و هەڵکەوتنی، چونکە لە باسی ژیاننامەی ناوبراودا ئیبن خەلەکان دەڵێت: خۆی ماف و چاکەی بەسەرمانەوە هەیە و باو باپیرانیشی چاکە و مافیان بەسەر باوباپیرانمانەوە هەیە(١٤).

**ژیانی زانستی و وەزیفی ئیبن خەلەکان:**

بەرلەوەی بارگە بگوازێتەوە بۆ موسڵ و حەلەب، ئیبن خەلەکان لە هەولێر لەسەر دەستی باوکی شەرعزانی خوێندووە، لەسەر دەستی ئین شەدادی مێژوونوسی تایبەتی سەلاحەدینیش ئاشنای رێزمانی عەرەبی بووە. جگە لەم دوانەش بەرلەوەی گەشتی دیمەشق بکات شێخ شەرەفەدین ئەحمەد بن موسی بن مەنعەی هەولێری (٦٠٠ ک/١٢٠٣ز مردووە) و کۆمەڵێکی تر زانا وانەیان بە ئیبن خەلەکان وتووە(١٥)، دواتر لە قاهیرەی پایتەختی میسر بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەکاری وانەبێژی سەرقاڵ بووە(١٦). پێش گەیشتنیشی بە تەمەنی (٢٩) ساڵان کراوەتە گەورەی دادوەرەکانی دیمەشق (٦٥٩/١٢٦١م) (١٧)، لە دوو ساڵی کۆتایی ژیانیشدا ئیبن خەلەکان خۆی یەکلایی کردەوە بۆ وانەبێژی و وازی لە دادگەری هێناوە(١٨). لە (٢٦ رەجەبی ٦٨١ک/ ٢ تشرینی دووەمی ١٢٨٢ز) کۆچی دوایی کرد و لە چیای قاسیونی دیمەشق لە گۆڕستانی غەریبان ئەسپەردە کراوە و تا کۆچی دواییشی کرد لەسەر ئاینزای شافیعی سوننە بووە(١٩). زۆرکەس شایەتی چاکەیان بۆ ئیبن خەلەکان داوە چ وەک بەهرەمەندێک و چ وەک کەسێکی ئایندار و نوسەر و ورد لە تۆمارکردنی مێژوو(٢٠). سەرباری ئەو هەموو بوارەشی کە ئیشی تیاکردووە تەنها کتێبی «وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان « لەوەوە بەجێماوە.

**چاپ و وەرگێڕانەکانی «وفيات الأعيان»:**

ئیبن خەلەکان لە قاهیرە و لە تەمەنی (٤٦) ساڵیدا دەستی بە نوسینی شاکارەکەی کردووە، بەڵام بەهۆی دەستبەکاربوونی لە دادگای دیمەشق وەک گەورەی دادوەرانی شارەکە ناچاربووە دابێڕێت لە نووسین و دواتر گەڕاوەتەوە سەری و دروست لە ساڵی ٦٧٢ک /١٢٧٣ز «وفيات الأعيان»ی تەواو کردووە، وێنەیەکی ئەم بەرهەمەش بە دەستنووس تائێستا لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە(٢١)، بە قسەی رۆژهەڵاتناس (فرانس روزنپال)یش یەکێک لە دەستنووسەکانی ئەم کتێبە بە خەتی ئیبن خەلەکان خۆیەتی و لە دووتوێی پێنج بەرگدا نوسراوەتەوە و روزنپال خۆی ئەم نوسخەی دیوە(٢٢).

شاکارەکەی ئیبن خەلەکان «وفيات الأعيان» بە چەند زمانێک و چەند چاپێک بڵاوکراوەتەوە. لە ئەڵمانیا رۆژهەڵاتناس فستنفلد (فردیناند) دەوروبەری ساڵی ١٨٣٥ز چاپێکی بڵاوکردۆتەوە، بەهەمانشێوەی ئەویش رۆژهەڵاتی فەرەنسی (دە سیلین) چاپێکی بڵاوکردۆتەوە و ساغیکردۆتەوە، جگە لەوانەش چاپێکی میسری هەیە لە چاپخانەکانی بۆلاق لە نێوان ساڵانی ١٢٧٥ ــ ١٢٩٩ز، لە تارانیش ساڵی ١٨٦٧ز چاپکراوە، هەر لەم ساڵەشدا لە ئەستەمبوڵ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی، لەلای خۆشییەوە رۆژهەڵاتناس (دە سیلین) لە دووتوێی چوار بەرگدا وەریگێڕاوەتە سەر فارسی و لە شارەکانی پاریس و لەندەن بڵاویکردۆتەوە(١٨٤٣ ــ ١٨٧١ز) (٢٣).

**میتۆدی ئیبن خەلەکان لەنووسینی «وفيات الأعيان»:**

ئیبن خەلەکان سەرەتا بەنیاز بووە «وفيات الأعيان» لەسەر ساڵی مردنی کەسانی ناودار بنوسێتەوە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوتووە ئەمە ئەستەمە و قورسە، ناچار بەپێی پیت ژیاننامەی ناودارانی رێکخستووە بەجۆرێک هەرکەس

یەکەم پیتی ناوەکەی هەمزە بێت پێشیی خستووە دواتر ئەوەی دووەم پیتی ناوەکەی ئەم پیتەیە یان نزیکە لێوەی، ئەمەش لەپێناو ئاسانکاری بۆ خوێنەر، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لایەنێکی خراپیشی هەبووە ئەویش تێکدانی ڕیزبەندی زەمەنی ژیانی کەسانی ناودارە(٢٤).

ئیبن خەلەکان ژیاننامەی هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) یان شوێنکەوتەکانیان (تابعین) یان خەلیفەکانی تۆمار نەکردووە تەنها کۆمەڵێکی کەم نەبێت کە خەڵک پێویستی زۆری پێیانە. هەروەها ژیاننامەکانی شاکارەکەی پەیوەست نییە بە توێژێکی دیاریکراو، بەڵکو هەمەجۆر و هەمەچەشنە و لە نوسینەوەی ژیاننامەکاندا کورت بڕی کردووە و تاپێی کرابێت هەوڵیداوە ساڵی لەدایکبوون و مردنیان ساغ بکاتەوە لەگەڵ ڕەچەڵەک و نەسەبیان، جگەلەوەش بەکورتی باسی لایەنە باشەکانی ناودارانی کردووە لەگەڵ هەرشتێکی تایبەت کە هەیانە وەک شیعر یان نامە یان هەڵوێستێکی دیار.

لە پێشەکی «وفيات الأعيان»دا ئیبن خەلەکان ڕونیکردۆتەوە کە نایەوێت ژیاننامەی خەلیفەکان تۆمار بکات، ئەوانە نەبێت کە ساڵی وەفاتیان دەزانرێت. خۆ بواردنیشی لە نوسینەوەی ژیاننامەیان لەبەرئەوە نەبووە کە شتی دەست نەکەوتووە، بەڵکو بەهۆی میتۆدی نوسینەوەی کتێبەکەی بووە و نەیویستوە چاو لە بەرهەمەکانی تر بکات و دووبارەیان بکاتەوە(٢٥).

کۆمەڵێک زانیاری بێ وێنە و بێ پێشینە هەن لە «وفيات الأعيان»دا دەربارەی دوا ڕۆژەکانی حوکمڕانی فاتمییەکانی میسر، لەگەڵ سەردەمی حوکمڕانی سەلاحەدینی ئەیوبی و ژیاننامەی ئەم ناودارە و ئەسەدەدین شێرکۆی مامی(٢٦).

خاڵی بەهێزی «وفيات الأعيان» لەوەدایە بە بەراورد بە کتێبە هاوشێوەکانی کە نوسەرەکەی گرنگی زۆریداوە بە سەلماندنی ساڵی لەدایکبوون و وەفاتی ناوداران بەجۆرێک ئەگەر ساڵی مردنی ناودارێکی دەست نەکەوتبێت ئەوا ژیاننامەکەی هەڵگرتووە و پۆزشی بۆ خوێنەر هێناوەتەوە و زۆرجار دەڵێت ژیاننامەی فلان کەسم نەنووسی لەبەرئەوەی ساڵی وەفاتەکەیم نەدەزانی(٢٧)، ئەمەش بۆ زانایانی فەرموودەناسی زۆر زۆر گرنگە تا لە ڕێی ساڵەکانی وەفاتی ناودارانەوە سەنەدی ڕاوییەکانی فەرموودە ساغ بکەنەوە و پەیوەندی ڕاوییەکان بەیەکترەوە بزانن و سەنەدی بچڕاو (منقطع) لە سەنەدی پێکەوە گرێدراو (متصل) جیا بکەنەوە، هەر بەهۆی ئەمەشەوە گەلێک کەس ئاشکرا کراون کە فەرموودەیان هەڵبەستووە و بەڵگەیان نەبووە کە لە دەمی پێش خۆیان بیستبێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


(١) جب: علم التأريخ، ترجمة لجنة الترجمة لدائرة المعارف الإسلامية (ابراهيم خورشيد وآخرون)، دار الكتاب اللبناني، بيروت،ص ١٠٠ ؛ رجب محمود بخيت: اعلام المؤرخين، مكتبة جزيرة الورد، القاهرة، ص ٢٤٠

(٢) شاكر مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون العرب، دار العلم للملايين، بيروت، ط ٣ سنة ١٩٨٧، ج١، ص٤٣٠.

(٣) يسري عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين المسلمين، حتى القرن الثاني عشر الهجري، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٧٨.

(٤) علي ابراهيم حسن: استخدام المصادر وطرق البحث في التاريخ الاسلامي العام وفي التاريخ المصري الوسيط، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ط٣، ١٩٨٠، ص ١٥٦.

(٥) ابن خلكان: وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق احسان عباس، بيروت،ج١، ص ١٩_٢١.

(٦) تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، المؤسسة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٦٣، ج٧، ص ٣٥٣.

(٧) ابن خلكان: وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان،ج١، ص٥ ؛ يسري عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين المسلمين، ص ١٢٠

(٨) الصفدي: الوافي بالوفيات، تحقيق، احسان عباس، بيروت، ١٩٦٩، ج٧، ص ٣١٣ ؛ الكتبي، فوات الوفيات، تحقيق، إحسان عباس، دار صادر، بيروت، ج١، ص ١١٣.

(٩) الأسنوي: طبقات الشافعية، تحقيق، عبدالله احمد الجبوري، مطبعة الارشاد، بغداد، ج١، ص ٤٩٥.

(١٠) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص ٣٤٤ ؛ فرانز روزنثال: علم التاريخ عند المسلمين، ترجمة صالح أحمد العلي، مؤسسة الرسالة، بيروت الطبعة الثانية، ١٩٨٣ ، ص ٧٦٤

(١١) عبدالقادر أحمد طليمات، مظفرالدين كوكبري، المؤسسة المصرية العامة للتأليف، القاهرة، ١٩٦٣، ص ١٥ ـ ٥٥.

(١٢) ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج٧، ص ٢٧_٣٦ (دراسة المحقق).

(١٣) ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج٧، ص ٢٣ _ ٢٤.

(١٤) ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج٤، ص ١١٥_١٢٠.

(١٥) فراز روزنثال: عام التاريخ عند المسلمين، ص ٧٦٤ ؛ شكيب راشد آل فتاح: مجدالدين بن الأثير (دراسة نصية)، بحث منشور في مجلة الدراسات الموصلية، العدد ٣٣، رجب ١٤٣٢ هـ/ حزيران ٢٠١١.

(١٦) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج١، ص ١٢٣؛ ج٣، ص ١٩٥_١٩٦ ، ج٤، ص ١٠ ؛ عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين ص ١٢٠ ـ ١٢١.

(١٧) عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين ص ١٢٠.

(١٨) عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين، ص ١٢٠.

(١٩) علي أبراهيم حسن: استخدام المصادر وطرق البحث في التاريخ الاسلامي، ص ١٥٦.

(٢٠) علم التاريخ عند المسلمين ص ٧٦٤.

(٢١) عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين المسلمين، ص٧٧.

(٢٢) فرانز روزنثال: علم التاريخ عند المسلمين ص ٧٦٤ ؛ عبدالرحمن البدوي: موسوعة المستشرقين ص ٣٩٩.

(٢٣) عبدالغني عبدالله: معجم المؤرخين المسلمين ص ٧٧.

(٢٤) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج١، ص١٩_٢١.

(٢٥) وفيات الأعيان، ج١، ص ١٩_٢١.

(٢٦) علي ابراهيم حسن: استخدام المصادر ص ١٥٦.

(٢٧) رجب محمود البخيت: أعلام المؤرخين مكتبة جزيرة الورد، مصر، ص ٢٤١.



# جینۆسایدی کورد
## لە سایەی حکومەتە
## یەك لەدوای یەکەکانی ڕووسیادا




**عادل سدیق علی**

لەدایکبووی ١٩٨٤ هەڵەبجە ، ماستەر لە مێژووی
هاوچەرخ. سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە.
چەند وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوبووەتەوە.

## بارودۆخی کوردانی ڕووسیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی

تەواوی سەرچاوە مێژووییەکانی بەتایبەت سەدەو نیوێک و سەدەی ڕابردوو، باس لەوە دەکەن کە کورد لە هەرێمی قەفقاس ژیاوە، واتە پێش ئەوەی هەرێمەکە لەلایەن ڕووسەکانەوە داگیربکرێت و، سنوورەکانی سێ ئیمپراتۆریی عوسمانی و ڕووسیا و پاشایەتی ئێران دیاری بکرێن. بە داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ڕووسیاوە، کە تێکشکانی پاشایەتی ئێران و پاشان عوسمانی لە ئەنجامی زۆر شەڕی خوێناویدا لە سەردەم و قۆناغی جیاجیادا لێکەوتەوە، بەشێکی کوردستان خرایە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا( ڕووسیا بە درێژایی سەدەی نۆزدە، دوو شەڕی گەورەی لەگەڵ ئێراندا واتە(١٨٠٤-١٨١٣)و چوار شەڕی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ١٨٠٥-١٨١٣، ١٨٣٨-١٨٣٩، ١٨٥٣-١٨٥٦، ١٨٧٧-١٨٧٨ کردووە). لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا کە زۆرجار پارچەیەکی کوردستان دەبووە گۆڕەپانی شەڕە دڕندانە و کاولکارەکانیان، گەل کوردیش توشی زیانێکی هەمەلایەنەی بەتایبەتی گیانیو ئابووری بووەو، ناوچە کوردنشینەکان لەئاکامی شەڕەکانیاندا و بەپێی پەیمانەکانیان، چەندینجار دەست بە دەست کراون، دواین جار، بەپێی پەیمانی (بریست لیتۆفیسک)، قارس و ئەردەهان لەلایەن بەلشەفییەکانەوە، بەبێ ڕەزامەندی و پرسکردن بە دانیشتوانیان کە زۆربەیان کوردبوون، درانەوە بۆ کەمالیەکان.

شەڕەماڵوێرانکەرەکانی ڕووسیا و عوسمانی و ئێرانی پاشایەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بگرە لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانیشەوە زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر خاکی کوردستان ڕوویانداوە. کورد زیانێکی یەکجار زۆری گیانی و ماڵی لێکەوتووە چەند جارێک سنوورەکانی نێوان ئەم سێ دەوڵەتە داگیرکەرە بەهۆی ئەم شەڕانەوە هەر لەسەر خاکی کوردستان گۆڕدراون و، هەردەمێک دەسەڵاتی یەکێکیان بەسەر هەندێک ناوچە و هەرێمی کوردستانەوە بووە، بەوچەشنەی کە خۆیان ویستوویانە لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا جوڵاونەتەوە، دانیشتوانەکەیان یان دەرکردووە یان ناچاریان کردوون بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە، بۆ تێکدانی دیمۆگرافیا و ڕەوشی ئەتنیکی و قەوارەی ناوچە و هەندێ لەو هەرێم و ناوچانە بۆ وێنە: قارس، ئەردەهان، خۆی، ماکۆ و سەڵماس...هتد.

سەرچاوە ڕووسییەکان هەتا کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، باسیان لە دابەشبوونی کوردستان بەسەر سێ ئیمپراتۆری ڕووس و ئێران و عوسمانیدا دەکەن و، بگرە گەڕیدە و مێژوونووس و سیخوڕ و پیاوانی لەشکریی و ڕۆژهەڵاتناس و.....هتد تا ساڵی ١٩٣٠، واتە ساڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سوور لەلایەن ڕژێمی ستالینەوە، هەموویان دان بەوەدا دەنێن کە بەشێکی کودستان دەکەوێتە چوارچێوەی ڕووسیا (سۆڤیەت)ەوە.

## ڕووسیا و کورد و جەنگی یەکەمی جیهانی

لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەک چۆن گەلی کورد لەژێر کاریگەری بانگەوازی جیهاد و بەناوی ئیسلامەتییەوە کەوتە پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی عوسمانی، ڕووسەکانیش کەوتنە پشتگیریکردن لە میلیشیا ئەرمەنییەکان بۆ ئەنجامدانی شەڕی قڕکردن لە کوردستان. فەرماندە سەربازییەکانی ڕووس کە لەژێر کاریگەری سەرکردە سەربازییە ڕەگەزپەرست و کوشتارچییەکان و کەنیسەی ڕووسی ئەرسەدۆکسی دابوون، هەربۆیە لە دوای تێکشکاندنی عوسمانییەکان لە کوردستان وێرانکاریی و تاڵان و ئابڕووبردنی»کوردانی کافر و بکوژانی ئەرمەن»یان دەستپێکرد، شەڕی لەناوبردن لە شاری (قامیش)وە دەستپێکرد بۆ وان و بایەزید و بە خۆی و ڕەواندز و خانەقین دا

تێپەڕی، ڕووسەکان خەڵکی ناوچەکەیان ناچاری دەربەدەری کرد، بە تەنها لە بایەزید و دەوروبەری دەیەکی دانیشتوانەکەی مابوونەوە و سەدان گوند وێرانکران، هێزە کرێگرتە ئەمەنی و ڕووسییەکان لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری کۆمۆنیستی و لەکاتی پەڕینەوەیان لە بەرەی ئەرزڕۆم-زەنجان هەزاران ئافرەت و منداڵی کوردیان کوشت، ڕۆژانی ١٤و١٩١٥/٥/١٥ شاری وان گەورەترین قەسابخانەی کوردەکانی بەخۆوە بینی بەدەستی ئەو هێزە ئەرمەنیانەی کە پێشی هێزەکانی ڕووسی کەوتبوون. ڕووسەکان بەڵێنیان دابوو شاری وان بگۆڕن بە پایتەختی ئەو دەوڵەتەی بەڵێن بوو بۆ ئەرمەنەکانی دروست بکات. نزیکەی (٢٥٠)هەزار لەو ئەرمەنانە کۆبوونەوە کە بچنە پاڵ دەوڵەت و لەشکری ئەرمەنی، بە پشتیوانی لەشکری ڕووسی دەوڵەتی ئەرمەنیان ڕاگەیاند و نەخشەی هێرش و پاککردنەوەی ویلایەتی بەدلیس و دیاربەکر ڕاگەیەنرا، بەڵام هێزەکانی ڕووسیا لە بەرامبەر دژە هێرشی عوسمانییەکان تێکشکان.

ڕاپۆرتەکانی ئینگلیز باسیان لە کوشتار و لەناوبردنی خەڵکی خانەقین بەدەستی ڕووسەکان کردووە، بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە نزیکەی (٥٠٠)کەسیان لە خەڵکی خانەقین کوشتووە، ئەوە سەرەڕای قوربانییە زۆرەکانی گوندەکانی دەوروبەری، سەدان کورد لە ترسی کوشتاری بە کۆمەڵ هەڵهاتن بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئینگلیز، ڕەواندزیش بە هەمان دەردی سرێبرینیکای بۆسنە و هێرزەگۆڤینیای ساڵی ١٩٩٧ لێ بەسەرهات کە هێزەکانی سربیا ئەنجامیاندا، (ئەندرانیک) ئەفسەری ئەرمەنی تینوو بە خوێنی کورد نزیکەی (٥بۆ٦)هەزار منداڵ و ئافرەتی ڕواندزی کوشت، بەشێوەیەک لە کۆی (٣٠٠٠) هەزار منداڵ تەنها (٦٠) منداڵ مابۆوە، زۆربەشیان بە گوللە نەکوژراون، بەڵکو فڕێدراونەتە گەلی ڕەواندزەوە، هەروەک لە نزیکەی (٢٠٠٠) خانووبەرەی ناو شاریش تەنها (٢٠) ماڵیان بە سەلامەتی دەرچوون. هەر ئەو هێزانەی ڕووس و ئەرمەن (٣٠) گوندیان لە برادۆست وێرانکرد، هەزاران کەس لە خەڵکی بادینان لە ترسی ئابڕووی خۆیان بەرەو موسڵ هەڵهاتن و بەشێکیان لە شەقامەکانی موسڵ لە برساندا مردن.

مەلا کاکە حەمە(ناری شاعیر) کە لەو دەمەدا ژیاوە، لە خۆڕا نەیگوتووە:

**بە موئمین چی، سەقەر، دۆزەخ، جەهەننەم**

**مەقامی ڕووسیان و ڕووسیانە**

## دامەزراندنی کۆماری کوردستانی سوور

کوردستانی سوور کە پایتەختەکەی شاری(لاچین)بوو، لە ئابی ١٩٢٣دا لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا وەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆم دامەزرا، کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (٤٨٠٠٠)کەس بوو، سەرتاپا لە پێنج ناوچە پێکدەهات کە بریتی بوون لە: لاچین و جبراییل و قووبادلو و زەنگلان و کەڵبەجەر. پێکهاتەی نەتەوەییان (٧٢,٢٪)ی کوردبوون، لە ناوچەی کەڵبەجەر (٩٩,٢٪)ی ناوچەی لاچین (٩٩,٢٪)ی کوردبوون (حسێن گاجییێف)یش وەک سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی (حکومەتی خۆجێیی) کوردستانی سوور دیاریکرا. بێگومان ئەوە بوو بە کەشوهەوایەکی لەبار کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە خۆیان بە کورد بزانن و کوردبوونی خۆیان لەو خاکەی (کوردستان) کە تێیدا دەژین سەلماند.

سنوورەکانی باکووری ناوچەی کوردستانی سوور بە هێڵی سەراورد(خگ الراس) زنجیرە چیاکانی مراڤداغی ئەم ناوچەیە لە ناوچەی گەنجە جیادەکاتەوە (واتە لە باکوورەوە زنجیرە چیاکانی مراڤداغ کوردستان لە ناوچەی گەنجە جیادەکاتەوە، ئەفراسیاو هەورامی)و بە هێڵی سەراورد زنجیرە چیاکانی کانگوور ئالانگیز کوردستان لەگەڵ ناوچەی نور=بائێزدی سەر بە ئەرمینیا هاوسنوورە و لە

باشووری رۆژئاوایشەوە کوردستان هاوسنووری ناوچەکانی شارئورا - دەریلاگیز (دارالگیز)و زەنگەزوری کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتە.

لە باشووری رۆژهەڵاتیشەوە بە رووباری ئاکیردا دەڕوات، تا سنوورەکانی ناوچەی پێشووی جەبرەئیل کە لە گوندی(ئەفەندیلەر)ەوە دەستپێدەکات تا لەو شوێنەی کە لقی لای چەپی ئەم رووبارەوە، واتە میل خیلۆڤ، دەڕژێتە ئەم رووبارە و سەرەنجام کوردستان لەگەڵ ناگورناقەرەباغ هاوسنوورە، لە باشووری رۆژهەڵاتەوە، واتە لەو شوێنەی کە رووباری میل خیلۆڤ دەرژێتە رووباری ئاکیرەوە تا زنجیرە چیاکانی موراڤداغ.

## هۆکاری دروستکردنی کۆماری کوردستانی سوور

بێگومان دروستکردنی کۆماری کوردستانی سووریش لەو ناوچەیەدا ژمارەیەک فاکتەری لە پشتەوە بوو، لەوانە:

١ـ زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە کوردبوون.

٢ـ بانگەشەی بەلشەفیەکان سەبارەت بە یەکسانی و ئازادی گەلان و مافی چارەی خۆنوسینیان، بێگومان کوردیش یەکێک بوو لەو گەلانە.

٣ـ بۆ ڕاکێشانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی باشووری کوردستان کە ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو.

٤ـ ئازەری و ئەرمەنییەکان کێشەیەکی زۆریان هەبوو لەسەر ناوچەی ناگورناقەرەباغ، بە دروستکردنی ئەو کۆمارە کوردییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا تارادەیەک چارەسەر ئەو کێشەیە کرا لەو ماوەیەدا.

٥ـ داواکاری خەڵکی ناوچەکە بۆ دروستکردنی کۆمارێکی کوردی وەک تەواوی گەلانی تری سۆڤیەت.

٦ـ ئەو بەڵێنانەی کە ڕووسەکان هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بە سەرۆک هۆز و کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکەیان دەدا کە ئەگەر بێت و ناوچەکەیان ببێتە بەشێک لە ڕووسیا ئەوا ئەوان جیاواز لە ئێران و عوسمانیەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن و دەسەڵاتی زیاتریان پێ دەدەن.

## هەڵوەشاندنەوەی کۆمار

ڕەگەزپەرستانی تورک بە پلەی یەکەم و دوای ئەوانیش ئەرمەنی و ئازەرییەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە فشارخستنە سەر سۆڤیەتییەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سوور، سۆڤیەتییەکانیش نەیاندەویست پەیوەندی خۆیان لەگەڵ تورکیادا تێکبدەن، چونکە هەبوونی وڵاتێکی وەها بۆ ئەوان دەستی نەدەدا، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئازەربایجانیش نەدەگونجا، چونکە سنووری کوردستانی سوور دەگەیشتە سنووری کوردستانی ئێران. سەرئەنجام کۆمارەکە لە ٢٣ی تەموزی١٩٣٠دا ڕووخێنرا و لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا وشەی (کورد) و(کوردستانی سۆڤییەتی) بە فەرمی قەدەغە کرا. جێگەی خۆیەتی کە بڵێین سیاسەتی میکیاڤیلییانەی میر جەعفەر باقرۆڤ کوردانی ناو سنووری ئازەربایجانی بەرەو شاڵاوی توانەوە برد، بەشێوەیەک بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٥ یەک کورد لە ئازربایجاندا بوونی نیە!! بەوکارەشی خزمەتێکی گەورەی کەمالیستەکانی کرد، بەوشێوەیە لە سەردەمی دەسەڵاتە پڕ ترس و تۆقێنەرەکەی ستالیندا، کوردستانی سوور لەنێوبرا.

فشاری تورکەکان گەیشتە ئاستێک، سۆڤیەتیەکان لە ساڵی ١٩٣٥دا ڕێگرییان لە بەستنی کۆنفرانسی کوردناسی لە باکۆ کرد، دواتریش هەموو قوتابخانە و پەیمانگا و دامەزراوە کلتوورییەکانی کورد لەو وڵاتە داخران. ئەو داخستنە بەشێوەیەک بوو تا ڕووخانی سۆڤیەت ڕێگە نەدرا کە ئەو جۆرە کۆنفراسانە ببەسترێت. تەنانەت بەلشەفیەکان پێیانوابوو هەموو ئەو کۆنفرانسانەی کوردناسی کە لە دەرەوە بەستراون دەستی ئیمپریالیزمیان

لە پشت بووە، بەوهۆیەشەوە رێگەشیان بە هیچ یەکێک لە کاربەدەستانی باڵای وڵات نەداوە کە بەشداری کۆڕ و کۆنفرانسە کوردییەکان بکەن.

سۆڤێتییەکان لە سەرەتادا رێگرییان دەکرد لە ئاڵوگۆڕی بڵاوکراوە کوردییەکان، دواتر هەستان بە داخستنی رۆژنامەکانی (رێیا تازە)و (کوردستانی سۆڤیەت)، ئەمەی دواتریان بە زمانی کوردی لە شاری شوشیێ کە دەکەوێتە نێو پارێزگای قەرەباغی چیایی دەردەچوو کە تیایدا پەیمانگای کوردی بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان کرابوویەوە، رادیۆش بە زمانی کوردی پەخش ئەکراو منداڵانی کوردیش بە زمانی دایک دەیانخوێند و بڵاوکراوە پەروەردەیی و ئەدەبی و سیاسیی و هونەرییەکانیش هەر بە کوردی دەردەچوون، هەروەک دامودەزگا ئیدارییەکانیش لە چوارچێوەی خۆبەڕێوەبەریدا کارەکانیان رادەپەڕاند، بەڵام هەموو ئەمانە لە کۆتایی ساڵی١٩٢٩و سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا وەستێنران.

دواتریش کەوتنە دوورخستنەوەی نوسەران و رۆشنبیرانی کورد بەبیانووی هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتیان یاخود پەیوەندییان بە نوسەرانی کوردی دەرەوە، لەوەش زیاتر پێیان لێناو بواریان نەدا بە هیچ یەکێک لە چاپکراوە سۆڤێتییەکان کە بابەت و وتار لەسەر کورد و ئەلفوبێی کوردی بڵاوبکەنەوە. هەر لەو روانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین بەرهەمی زۆربەی کوردناسەکانی سۆڤیەت بەرلەوەی زانستیانە و مێژوویی و بابەتیانە بن ئایدۆلۆژیانە و بەمەبەست بووە، بەگشتی سۆڤیەت توانی بزووتنەوەی کورد لە پەیوەندی گرتنی بە رۆژئاواوە دابڕێ و دووری بخاتەوە، بێگومان هەموو ئەو کارانەش پێچەوانەی خاڵی(١و٢) ی بەندی سێیەمی پەیماننامەی جینۆسایدە، کە تیایدا هاتووە:

١ـ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی گرووپێک لە ژیانی رۆژانەدا یاخود لە خوێندنگاکاندا یاخود لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان بە زمانی گرووپەکە.

٢ـ وێرانکردنی یاخود قەدەغەکردنی کتێبخانەکان، مۆزەخانەکان، خوێندنگاکان، مۆنۆمێنتە مێژووییەکان، شوێن ئاینی و کلتوورییەکانی تایبەت بە گرووپەکە.

## چارەنووسی کوردانی سۆڤیەت دوای هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستانی سوور

پاش هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور، هەر ناوچە و شارێکی کوردستانیان بەناوی» دابەشکردنی سستەمێکی بەڕێوەبەرایەتی نوێی ئازەربایجان»ەوە، خستە سەر ناوچە یان هەرێم و شارەکانی تری ئازەربایجان. بەم چەشنە ناوی کورد و کوردستان، یا بەواتایەکی تر قەوارەکەیان لە فەرهەنگی سۆڤیەتی و ئازەربایجانی سۆڤیەتیدا سڕییەوە، قوتابخانە و رۆژنامە و بەڕێوەبەرایەتی و، بەگشتی دەستکەوتەکانی گەلی کوردیان نەهێشت و، دانیشتوانی کوردی کەوتنە بەر شاڵاوی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جیاوازی رەگەزی و تواندنەوە، ژمارەیەکی زۆریان لە ترساندا ناو و ناسنامە و نەتەوەی خۆیان گۆڕی، بە ئازەری و کازاغی و نەتەوەکانی تری سۆڤیەت بۆئەوەی دەرنەکرێن، یان لەناو نەچن یان کار و ئیشی خۆیان لەدەست نەدەن یان بتوانن بخوێنن و کاربکەن و لە نیشتمانەکەی خۆیاندا بمێننەوە. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کورد بەم چەشنە هەتا ئەمڕۆش لەبەر نەبوونی قەوارە و بواری خوێندن توێندراونەتەوە، بەڵام ئەمەش واتە بێ دەنگبوون و تواندنەوەیان.

کوردەکانی سۆڤیەت لە کارەساتی تریش نەپارێزراون، لەپێناو نەهێشتن و کەمکردنەوەی کورد لە ناوچەکانی خۆیان پێش و لەکاتی جەنگی

# کوردەکانی قەوقاز دابەشبوون بەسەر وڵاتانی ئازەربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا و کازاغستان و چیچان و ڕووسیا

دووەمی جیهانیدا بەتایبەت لە ساڵی ١٩٣٧و ١٩٤٣و ١٩٤٤دا بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی گەل بۆ کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە کۆمەڵ ڕاگوێزران بۆ کۆمارەکانی تری سۆڤیەت، بیانووشیان بۆ ئەم تاوانە گەورەیە ئەوەبوو» گوایە بەرەی قەفقاس، لەبەر «کۆمەڵانی گومانلێکراو» یان «بڕوا پێ نەکراو»، کە کوردیش خرابووە ئەو خانەیەوە( بە بەهانەی ئاری بوون و هاوهەستییان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا یان هاوئایینییان لەگەڵ تورکیادا)و، لەبەر نزیکبونەوەی هێزەکانی تورکیا و ئەڵمانیا، دەبوو پاکبکرێنەوە و دوربخرێنەوە، نەوەک بە دەستپێکردنی شەڕ یارمەتی ئەڵمانەکان و تورکەکان بدەن.

ئەوەبوو کوردەکانیان لە ئازەربایجان و ئەرمینیاوە گواستەوە، زۆربەیان بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان و ئۆزبەکستان و سیبریا. ئەوانەیان کە بەر شاڵاوی ڕاگواستنەکەی ساڵی ١٩٤٤ کەوتن بۆ جۆرجیا ڕاگوێزران. گواستنەوەکەشیان بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و بێ ئاگاداری پێشوەخت و بەشەو بوو، بە گەمارۆدانی گوند و شارە کوردنشینەکان و بردنیان بە ئۆتۆمبیلی سەربازی بۆ ئێستگەکانی شەمەندەفەر و گواستنەوەیان بە شەمەندەفەری تایبەت بە ئاژەڵ و بارهەڵگر، بەبێ ئەوەی بهێڵن شتومەک و پێویستی ناوماڵ و سامانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. کاتی کۆکردنەوە و ناردن و لە ڕێگا، ژمارەیەکی زۆریان لەبەر ڕەخنە و ناڕەزایی دەربڕین لەلایەن سەربازەکانی سوپای سوورەوە گوللەباران کران، یان خۆیان لە شەمەندەفەرەکان فڕێ داوەتە خوارەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان لە ڕێگا و لەبەر زۆری سەرما و برسێتی و نەبوونی خواردن و... گیانیان لەدەستداوە، بەتایبەت بەساڵاچووان و منداڵان.

کارەساتی ژیانی ئەو کوردە ڕاگوێزراوانە لە شوێنی نوێی نیشتەجێبوونیان، بەهۆی بارودۆخی نامرۆڤانە و ڕانەهاتنەوە لەگەڵ کەشوهەوای بەتایبەتی سیبریادا، ئەوانی ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورە کردەوە، لە تاراوگە و ئۆردووگا زۆرەملێکاندا، دەستبەسەر و لەژێر کۆنترۆڵ دەزگاکانی پاراستنی سۆڤیەتدا بوون، گەشتکردنیان لێ قەدەغەکرابوو، هەروەک پاسپۆرت و ناسنامەشیان لێوەرگیرابوویەوە.

ستالین ڕاستەوخۆ بڕیاری گوللەبارانکردنی دەستگیراوانی نەدەدا، پێویستی بە هێزی کرێکار بوو، پێش مردنیان دەبوو کار بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیزم بکەن، کوشتنی یەکجارەکییان کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو، دەبوو کێڵگە بکێڵن، ئاژەڵ بەخێو بکەن، ڕێگە ڕابکێشن، بیابانە چۆڵەکان ئاوەدان بکەنەوە دواتر بمرن. بۆیە دەتوانین بڵێین میتۆدەکانی ستالین لە هیتلەر و سەدام و ئەتاتورک ژیرانەتر بوون. بەکورتی گوللەباران کردن و برسیکردن و نەخۆشخستن و بێکارکردن و لە سەرمادا سەرق بوونەوە و خۆکوژی و لە خەم و ئازاردا مردن و سوکایەتیکردن بە هەموو شێوەکانیەوە، وەک ناچارکردن بە ڕەفتارکردن وەک ئاژەڵ، بگرە تا دەستدرێژی کردنە سەر شەرەف و ناموس و، ناو و نەتەوە و دابونەریت گۆڕین و دەرکردن و داگیرکردنی نیشتمان و گۆڕینی ناوی گوند و کانی و شاخ و هەرد و ڕووباری وڵات،

## ڕۆژانی ١٤و١٩١٥/٥/١٥ شاری وان گەورەترین قەسابخانەی کوردەکانی بەخۆوە بینی

گۆڕستانی مردووەکان خاپوو بکەن و، سەردانی کەسوکار و ناشتنی تەرمی مردووەکان، هەمووی مۆڵەتی ڕەسمی بێ و نێرینەکان بدزن و بێ سەروشوێنیان بکەن.

بێ دەوڵەتی کورد وای لە ستالین کرد نەک هەر کۆماری کوردستانی سوور هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو ئەو هەموو کارەسات و تراژیدیایانە بەسەر گەلی کورددا بهێنێت بەتایبەتی ڕاگواستنی کوردانی ئەو وڵاتە بۆ کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت. لە ناوخۆدا گوێ بە سکاڵاکانی کوردانی ئەو وڵاتە لەسەر خراپی ڕەوشی ژیانیان نەدەدرا و لە دەرەوەش لەبەرئەوەی کورد دەوڵەتی نەبوو بەوهۆیەشەوە نوێنەری لە نەتەوەیەکگرتووەکان نەبوو نەیدەتوانی نارەزایی دژی سیاسەتەکانی سۆڤیەت دژی کوردانی ئەو وڵاتە دەرببڕێت. بەکورتی ئەو سیاسەتەی کە سەرانی سۆڤێت بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کوردی خۆیان هەر لە سەرەتاوە گرتیانەبەر، بەرامبەر بە هیچ گەلێکی دیکە بەو چەشنە نامرۆڤانە و گڵاونەبووە. سەرانی یەکێتی سۆڤیەت و دواتریش ڕووسیا هەرگیز بواریان نەداوە بە کورد دەستی بە هیچ پۆستێکی گەورە و بچووکی وڵات بگات، ئەم حاڵەتە لە کۆمارەکانی جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازەربایجانیش هەر بەوشێوەیە بوو.

### بارودۆخی کوردان
### هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت

هێشتا بە ڕوونی نازانرێت دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت بۆچی کوردستانی سوور دروست نەکرایەوە، لەکاتێکدا بازاڕی کارێکی لەوجۆرە گەرم بوو، بەڵام دیسانەوە کورد بوونە قوربانی، بەوپێیەی لە دوای ساڵی ١٩٩٠وە تارمایی ڕەوشێکی نوێ ئاسمانی ژیانی کوردی تەنی، ئیدی چەندین کۆماری نوێ هاتنەکایەوە و کەمینە نەتەوەییەکان ڕووبەڕووی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرتانە بوونەوە.

بە هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت میللەتە کەمینەکانی ئەرمەنستان بەتایبەتی کورد کەوتنە دۆخێکی خراپەوە، هەموو نەتەوەکان دەڕۆیشتن بەرەو وڵاتانی خۆیان، بەڵام کورد بێچارە مانەوە، نەژادپەرستە ئەرمەنەکان کاغەزیان دەنووسی و بە دەرگای ماڵە کوردەکاندا هەڵیان دەواسی و دەیان ترساندن بەوەی ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و ڕابکەن. کوردانی مسوڵمان دەستیان پێکرد و بەرەبەرە ڕۆیشتن و ماڵەکانیان بە برێک پارەی کەم بە ئەرمەنەکان فرۆشت و ڕوویان لە ڕووسیا و وڵاتە مسوڵمانەکان دەکرد، بەڵام کوردانی ئێزدی بەبێ خاوەن مانەوە و کەوتنە بەر زوڵم و ستەم. ئەوە لەکاتێکدا زۆربەی کەمەنەتەوەکانی ئەو وڵاتە مافەکانیان بۆ گەڕێنرایەوە لەکاتێکدا زۆرێک لەو نەتەوانە خاوەنی خاک و نەتەوە نەبوون، بەتەنها کورد نەبێ کە ئەو مافەشی پێ ڕەوانەبینرا، دەسەڵاتدارانی ڕووسیاش زۆرباش ئاگاداری کێشەی کوردن لەو وڵاتەدا.

لەوەش زیاتر لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، لەبەرئەوەی کوردستانی سوور دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەی کە ئەرمینیا و ئازەربایجان شەڕی لەسەر دەکەن، کوردانی ئەو ناوچەیە قوربانی یەکەمی ململانێکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانن، ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی

ڕووسیا بوون، بەشێوەیەک لەو یەک ملیۆن و دووسەد هەزار ئاوارەی ناوچەی ناگورناقەرەباغ، نزیکەی (١٨٠-٢٠٠) هەزاریان کوردن.

ئەمڕۆ کوردەکانی قەوقاز دابەشبوون بەسەر وڵاتانی ئازەربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا و کازاغستان و چیچان و ڕووسیادا، سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی ئەو کوردانە زینەیدە کە یەکێکە لەو ئافرەتە کوردانەی کە لە ئازەربایجان دەژی دەڵێت:» سیاسەتی خراپی ستالین و تورکەکان وایانکرد کورد پەرتەوازە ببێت و کۆمارەکەی لە ساڵی ١٩٣٠دا لەناوبچێت». زینەیدە لە درێژەدا دەڵێت:» کوردەکان لەلایەن تورک و ئازەرییەکانەوە بەچاوێکی کەم تەماشا دەکرێن، سیاسەتی شکاندنی کورد و ناوهێنانیان بە دواکەوتوو نەخوێندەوار و چیایی وایکردبوو کوردەکانی ئازەربایجان شەرم لە کوردبوونی خۆیان بکەنەوە، هەمیشە سیاسەتێک هەبووە بۆئەوەی کورد نەخوێنن و بە خەڵکێکی نەخوێندەوار ناوببرێن». تا ئەم ساڵانەی کۆتایش تاکە یەک خوێندنگای کوردی و سەنتەرێکی رۆشنبیری کوردی لە ئازەربایجاندا نەبوو، کوردانی تورکمانستانیش هەمان چارەنووس بوونەوە، ئەوە لەکاتێکدا بەپێی هەندێک سەرژمێری لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا نزیکەی (٢٠)هەزار کورد لەو وڵاتە دەژیان.

## سەرچاوەکان


١. د.ئەفراسیاو هەورامی: کوردستانی پشت قەفقاس، دۆسیەی تاوانەکانی ڕژێمی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردەکانی ئەم وڵاتە، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢. پ.ی. ئەڤیر یانۆڤ: کورد لە جەنگی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و تورکیا، بارودۆخی سیاسی کوردی تورکیا و ئێران و ڕووسیا، و.د.ئەفراسیاو هەورامی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣. فاتیح ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤. د.کوردۆ عەلی: سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.

٥. د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥.


٦. کریستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باکووری کوردستان، وەرگێڕانی. د.یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١١.

٧. حەسەن گۆران: دیوانی تاهیربەگی جاف، چ١، سنندج، ١٣٨١شەمسی.


٨. کاکشار نۆرمار: ڕەوشی کوردی ئەرمەنستان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و.دلاوەر عوسمان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٦٨٩٠)،٥و٢٠١٦/٢/٦.

٩. م.ا.هەسراتیان: کورد الاتحاد السوڤیتی، ت.جبار قادر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٢٥)، ٢٠١٣.

١٠. ژنە کوردێکی ئازربایجان: لە کوردبوونی خۆمان شەرممان دەکرد، سایتی ئاوێنە،
fbid=1333643533322407&id=192698790750226_https//m.facebook.com/story.php?story



# عەقڵ و عەقڵانی بوون



**ئیمداد تەها**

لەدایکبووی ١٩٩٠

بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.

چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

تێگەشتن لە عەقڵ و زانینی تێڕوانین و پێناسەی زانایانی مسوڵمان بۆ عەقڵ و گرنگیی پێدانی، بابەتێکی سەردەمی و پێویستە، چونکە دەروازەیەکە خەڵکانێک لێیەوە تانەیان پێداوە لە ئیسلام و مسوڵمانان، پاشان بابەتی عەقڵانیی بوون و چۆنیەتی عەقڵانی بوونیش گرفتێکی گەورە و گرێ کوێرەیەکە سەدان ساڵە یەکلا نەکراوەتەوە و هەر ڕەوت و گرووپە بە جۆرێک عەقڵانییەتی خۆی وێنا کردووە. بەکورتی لەم توێژینەوەیەدا باس لە عەقڵ و شوێنەکەی و جۆرەکانی دەکەین، پاشان بنەچەی عەقڵانی بوون و ڕەوتە عەقڵانی و جۆەکانیان باس دەکەین، لەگەڵ هۆکاری برەوسەندنی ئەم چەمکە لەم ڕۆژگارەدا.

لە ڕووی زمانەوانییەوە، (ع، ق، ل) سێ پیتن گوزارشت لە هەر شتێک دەکەن، مانای بەستنەوەی تێدابێت، بەم پێیەش عەقڵ بە هەرشتێک دەوترێت، ڕێگری بکات لە مرۆ لە ئەنجامدانی هەر گوفتار و کارێکی ناباو.

عەقڵ پێچەوانەی نەزانینە و کەسێک زانستی پەیدا کرد دەربارەی شتێک یان دەستی لە کارێکی پێشووی هەڵگرت، ئەوا پێی دەوترێت عاقڵ بووە(١).

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر کراوە بۆ عەقڵ، لەوانە: نوورێکە لە دڵدا ڕاست و ناڕاستی پێ دەناسرێت. یان جەوهەرێکی ڕووتە لە ماددە و ئاستی پەیوەندیی لەگەڵ لەشی مرۆڤدا خۆی لە بیرکردنەوە و کرداردا دەبینێتەوە.(٢). کەواتە کەسی عاقڵ ئەو کەسەیە کەوا خۆی دەگرێتەوە لە ئارەزووە خراپەکانی، بۆیە ئەم جەوهەرە ناونراوە عەقڵ، چونکە خاوەنەکەی دەگرێتەوە لە نزیکبونەوە لە تیاچوون، دەی پارێزێت لە هەموو بیرکردنەوە و کارێکی خراپ. سەرەتای دروست بوونی عەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ کاتی لەدایکبوونی مرۆڤ، پاشان گەشە دەکات تاوەکو تەمەنی باڵغ بوون کامڵ دەبێت(٣). بەلای زانایانی مسوڵمانەوە عەقڵ شتێک نییە بتوانێت بەدەستی بهێنێت، بەڵکو شتێکی خوداییە و بە مرۆی دەبەخشێت، مرۆ ناتوانێت عەقڵ بۆ خۆی وەدەست بخات. هەروەها ڕا جیایی و بۆچوونی جیاواز هەیە لە نێوان ئاخۆ عەقڵ لە دڵدایە یان لە مێشکدایە؟ هەندێک لە زانایان وتوویانە عەقڵ لە دڵدایە و، ڕووناکییەکەی بە مێشک دەگات، بە عەقڵ دەگات ئەوەی بە هەستەوەرەکاندا دێت. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و هەندێک لە زانایان فەرموویانە: عەقڵ دەکەوێتە نێو سەری مرۆڤەوە و بەڵگەشیان بۆ وتەی خۆیان بەوە هێناوەتەوە، ئەگەر ئازارێک بەر سەر بکەوێت، عەقڵ لەدەست دەدرێت، بەڵام ئەو زانایانەی دەڵێن عەقڵ لە دڵدایە فەرمایشتی قورئانی دەکەنە بەڵگە بۆ خۆیان و دەڵێن: خودای گەورە فەرمویەتی **(إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ)** ق: ٣٧. شرۆڤەی وشەی (قلب) یان بە عەقڵ کردووە و وتویانە لە زمانی عەرەبیدا هەرگا شتێک هۆکاری هەبوونی شتێکی دیکە بوو دەتوانین ڕووداوەکە بەناوی هۆکارەکەوە بانگ بکەین. بەو پێیەش دڵ هۆکار و شوێنی عەقڵە، بۆیە بەعەقڵ دەوترێت دڵ(٤).

نەوەوی لە شرۆڤەی ئەو فەرموودەیەدا کە دەفەرموێت (ألا وإن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله وإذا فسدت فسد الجسد كله ألا وهي القلب). واتە: لە لەشی مرۆڤدا پارچەیەک گۆشت هەیە ئەگەر بۆ خودا بسازێت ئەوا هەموو لەش دەسازێت و گوێڕایەڵ دەبێت، خۆ ئەگەر نەسازێت ئەوا هەموو لاشە ناسازێت، ئەویش بریتییە لە دڵ. دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا عەقڵ لەناو دڵدایە، نەک لە دەماغدا، ڕێبازی ئێمە–شافیعییەکان و زۆرینەی موتەکەلیمیین ئەوەیە کە عەقڵ لە دڵدایە. ئەبو حەنیفە وتویەتی عەقڵ لە مێشکدایە و فەیلەسووفەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە. دکتۆرەکانیش دەڵێن لە دەماغدایە. بەئاشکرا ڕوون بۆتەوە لەم فەرموودەیەدا هەموولاشە بە دەماغیشەوە پەیوەست و شوێن کەوتەی دڵن، کەواتە عەقڵ لە دڵدایە، ئەگەرنا، شوێنی نەدەکەوت. ئەوانەش وتویانە لە دەماغدایە، بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە ئەگەر دەماغ تێکبچێت و لەکار بکەوێت،

ئەوا عەقڵیش نامێنێت و ئەو کەسە بە مرۆڤێکی ژێر ناناسرێت (٥).

ئیبن تەیمییە بەشێوەیەکی ڕوونتر دەدوێت و کۆکارییەک لە نێوان ئەم بۆچوونانەدا دروست دەکات و تا ئاستێکی باش بابەتەکە لێک نزیک دەکاتەوە و ئەو تێگەشتنەمان پێ دەبەخشێت کە ویست و حەز لە دڵدایە و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن لە مێشکدایە و بەم جۆرەش پەیوەندییەکی توند و تۆل لە نێوانیاندا هەیە. دەڵێت: سەرچاوە و یەکەم شوێنی فیکر و تێڕامان لە دەماغدایە، سەرچاوە و شوێنی ویستیش (الإرادە) لە دڵدایە، لە ڕووی زمانەوانیشەوە عەقڵ هەندێک جار مەبەست پێی زانست و هەندێک جاریش مەبەست پێی کردەی مرۆڤە، بۆ هەردوو واتاکە بەکاردێت، زانستی خوایشتیش بونیادەکەی لە ویستەوەیە و ویستیش لە دڵدایە. هەروەها دەفەرموێت: هەندێک جار مەبەست بە وشەی (القلب) خودی ئەو پارچە گۆشتەیە کە بە دڵ ناسراوە و هەندێک جاریش لە بەکارهێنانیدا مەبەست پێی ناوەوە و کرۆکی مرۆڤە، لەم بارەشدا عەقڵ پەیوەستە بە هەردووکیانەوە(مێشک و دڵ)(٦).

ئیبن عوسەیمین ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم وتانەی ئیبن تەیمیە دەدات و شرۆڤەیەکی زۆر وردی دەکات و دەڵێت: ئەوەی لەلای من بۆچوونی بەهێزە و جەمع کردنە لە نێوان دەقەکان و شرۆڤەکانیان و بۆچوونە جیاوازەکان، ئەوەیە کە شوێنی تەسەورکردن و دەرک کردن بە شتەکان لە دەماغدایە و پاشان ڕەوانەی دڵی دەکات و دڵیش کارەکان جێبەجێ دەکات و فەرمان دەردەکات و ڕەوانەی دەماغی دەکات، دەماغیش ئەندامانی لاشە دەخاتە کار بۆ ئەو کارەی پەسەند کراوە(٧).

پاشان بۆچونی جیاواز هەیە لە نێوان قوتابخانە ئیسلامییەکاندا کە ئایا عەقڵ جۆرا و جۆریەتی هەیە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت یان نا؟ زانایانی وەک بەربەهاری و ئەبی یەعلا و تەمیمی، لە حەنبەلییەکان بۆچوونیان وایە عەقڵی مرۆڤەکان جۆراوجۆری هەیە و هەندێکیان لە عەقڵی هەندێکیان زیاتر و کارا ترە. باشترین پاساویشیان بۆ ئەم وتەیە، ئەوەیە دەڵێن: عەقڵ جۆراوجۆرە، وەک جۆراوجۆری هەستپێکراوان بە عەقڵ، شوێنەوارەکانی عەقڵ و وردبینی و زانستی کەسەکان جۆراوجۆر و جیاوازن، هەموو مرۆڤە ژیرەکانیش لەسەر ئەو وتەیە هاوڕان کە دەوترێت (فیسار کەس ژیر ترە و عەقڵی زیاترە لە فیسار کەس). بەڵام ئیبن عەقیل و ئەشعەرییەکان و موعتەزیلەکان دەڵێن: عەقڵ جۆراوجۆریەتی نیە، چونکە سەرچاوەیەکە هەموو مرۆڤەکان لەکاتی جیاوازیدا دەگەڕێنەوە سەری، بەڵام ماوردی ئەم بابەتەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و بە دابەشکردنی عەقڵ بۆ دوو بەشی سەرەکی: (وەدەست خراو و سرووشتی-غەریزی)، پێمان دەڵێن عەقڵی وەدەستخراو: واتە ئەو عەقڵەی زادە و دەرهاویشتەی عەقڵی غەریزییە، جۆراوجۆریەتی تێدەکەوێت و ئەگەر بەکارهات گەشە دەکات و ئەگەرنا، گەشە ناکات و دەوەستێت، بەڵام عەقڵی غەریزی ئەو عەقڵەیە بەهۆیەوە مرۆی پێ دەکەوێتە ژێر تەکلیفەوە، جۆراوجۆر نییە و زیاد و کەم ناکات(٨).

بەشێوەیەکی گشتی زانایان عەقڵ دەکەن بە سێ جۆرەوە: یەکەم: عەقڵێک خودا بەخشیوەتی و بوە بە ڕووپۆشێک بۆ مرۆڤ و پێی جیا دەبێتەوە لە گیانەوەرانی دیکە و بەهۆیەوە تەکلیفی دەکەوێتە سەر و بەهۆیەوە بیردەکاتەوە و باش و خراپی پێ جیادەکاتەوە. جۆری دووەم: عەقڵی پشتگیری کردنی بیروباوەری ئیسلامی، کە لە عەقڵی پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان پێکدێت و ئەم جۆرەش بەخششێکی خوداییە.

جۆری سێیەم: عەقڵی ئەزموونی و پەند لێوەرگرتنە، بە تێڕامان و بیرکردنەوە و ئەزمونگەرای بەدەست دێت(٩).

گرنگی باس کردنی عەقڵ لە سەرچاوە

ئیسلامییەکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا تەکلیفی شەریعی لەسەر دەوەستێت و بە نەبوونی هیچ حوکمێک نابێت. بەلای موعتەزیلەکانەوە عەقڵ پێویستکاری جێبەجێ کردنی شتەکان و دەست لێ هەڵگرتنیانە، واتە: هەر شتێک عەقڵ پێویستی بکات و بە باشی بزانێت ئەوە پێویستە جێبەجێ بکرێت و هەرشتێکیش عەقڵ بە خراپی هەژمار بکات پێویستە لێی دووربکەوینەوە و بە قەدەغەی بزانین، ئەگەر حوکمی شەرعیش لەبارەیەوە نەهاتبێت و پێش شەریعەتیش مرۆڤ پێویستە بە عەقڵی حەرام و حەڵاڵ بدۆزێتەوە. هەروەها زانایان فەرموویانە مەبەست بە پێویست بوونی باوەڕهێنان و دوورکەوتنەوە لە بێباوەڕی بە عەقڵ، ئەوە نییە کەوا مرۆڤ ئەگەر بە عەقڵی باوەڕی نەهێنا پێش هاتنی بەڵگەی سەمعی ئەوە شایستەی سزا دەبێت، یان بە پێچەوانەوە پاداشت وەربگرێت، بەڵکو مەبەست بەو پێویستییە تەرجیح دانی باوەڕە بەسەر بێباوەڕیدا بە عەقڵ. چونکە سەرباری بەڵگەی سەمعی بەڵگەی عەقڵیشمان نییە ئەوەمان بۆ پشتڕاست بکاتەوە ئیتر چۆن شتی وا بڵێین. وەرگرتنی پاداشت کە چوونە بەهەشتە بە بەڵگە جێگیر دەبێت و وەرگرتنی سزاش کە چوونە دۆزەخە بە بەڵگە جێگیر دەبێت.

هەروەها عەقڵانییەکان وتوویانە لەبەر ئەوەی عەقڵ بۆخۆی پێویستکاری شتەکانە، هەرگا مرۆ عەقڵی هەبوو لە هەر تەمەنێکدا بوو ئەوە پێویستە بە عەقڵی بڕوا بهێنێت و لە نێویشیدا منداڵی عاقڵ کە بانگەوازی پێ نەگەشتبێت، ئەرچی لەسەر شاخێک ژیابێت. جائەر بڕوای نەهێنا بە عەقڵ و خودای خۆی نەدۆزییەوە شایستەی سزا دەبێت و دەبێتە خەڵکی دۆزەخ.

بەڵام بەلای ئەشعەرییەکانەوە عەقڵ ناتوانێت باشی و خراپی (الحسن والقبح)ی شتەکان دیاری بکات و پێویستکار نییە، بەڵکو بە باش یان خراپ هەژمارکردنی شتەکان لەسەر بەڵگەی سەمعی دەوەستێت نەک عەقڵی، بۆیە دەکرێت شتێک بەڵگەی عەقڵی بە خراپ هەژماری بکات و بەڵگەی سەمعی بە باشی هەژمار بکات. ئەشعەرییەکان بڕوای منداڵێک کە شەرع و بانگەوازی پێ نەگەیشتبێت هەڵدەوەشێننەوە و وەک بڕوای منداڵێکی بێ عەقڵ تەماشای دەکەن، بەڵکو پێیانوایە کەوا لەبەر پێ نەگەشتنی بانگەواز و شەریعەت شایستەی دۆزەخ نابێت بە بەڵگەی ئەوەی خودای گەورە دەفەرموێت: **(وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا)**. الإسراء: ١٥. هەروەها کاتێک خودای گەورە دەفەرموێت: **(لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللَّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ)**. النساء: ١٦٥. واتای ئەوەیە کەوا حوججەی خودای گەورە لەسەر خەڵکی کاتێکە کەوا پێغەمبەران بێن، خۆ ئەگەر بە عەقڵ بوایە ئەوە پێش هاتنی ئەوانیش بەڵگەی خودایان لەسەر بوو. هەروەها، خودای گەورە کاتێک باسی دۆزەخمان بۆ دەکات کەوا فریشتەکان سەرکۆنەی دۆزەخییان دەکەن و پێیان دەفەرموون: مەگەر پێغەمبەرێکتان بۆ نەهات، ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: بەڵێ، کەواتە هۆکاری شیاوبوونی مرۆڤ بە دۆزەخ بە وەڵامنەدانەوەی پێغەمبەرانە نەک عەقڵ. خودای گەورە دەفەرموێت: (ألم يأتكم رسل منكم). الانعام: ١٣٠. هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت: (أن لم يكن ربك مهلك القرى بظلم). لەنێوبردنی گەلانی پێش ناردنی پێغەمبەرانی بە ستەم ناوبردووە، خۆ ئەر عەقڵ بەڵگە بوایە ئەوە ستەم نەدەبوو.

هەروەها، لەبەرئەوەی لە نەفسی مرۆڤەکاندا هەوەس و ئارەزوو هەیە و عەقڵ سەرقاڵ دەکات و لە ڕێگەی خۆی لای دەدات، کەسانێکیش هەن نەیان توانیوە عەقڵی خۆیان لەو کۆت و بەندە ڕزگار بکەن، ئەو کەسانەش کەوا عەقڵیان بە بەڵگەیەکی پێویستکار زانیوە ئیستیدلالیان بە وتەی پێغەمبەر ئیبراهیم کردووە کە بە باوکی فەرمووە: (إني أراك وقومك في ضلال مبين). الانعام: ٧٤. ئەم وتەیەی ئیبراهیم لە پێش هاتنی وەحییەوە بووە بۆی، بە عەقڵی خۆی بەو ڕاستییە گەیشتووە، خۆ ئەر عەقڵ بەڵگە نەبوایە نەدەبوو پێیان بفەرموێت:

لەنێو گومڕاییدان و پاساو و بیانوویان بۆ هەبوو. هەروەها، ئیستدلالی بە ئەستێرەکان کرد بۆ دۆزینەوەی پەروەرندەی پێش هاتنی وەحی و خودای گەورەش ئەم کارەی ئەوی بە بەڵگە لەسەر ئەو خەڵکە هەژمار کرد و دەفەرموێت: **(وتلك حجتنا ءَتيناها إبراهيم علي قومه). الانعام: ٨٣.**

هەروەها، لە چەند جێگەیەکیشدا خودای گەورە سەرکۆنەی ئەوانە دەکات کەوا بێ بڕوابوون و نەگەڕاون بەسەر زەویدا و وردنەبونەتەوە لە سەرەنجامی ئەوانەی پێش ئەمان ڕۆشتوون و بێ باوەڕ بوون و فەرموویەتی ئەوانە چاویان کوێرە و دڵیان ڕاستی وەرناگرێت، ئەر ئەوانە بیانوویان بۆ بهێنرایەتەوە ئەوە سەرکۆنە نەدەکران بە پەندوەرنەگرتن بە ڕەهایی. هەروەها، فەرموویەتی: **(سنريهم ءَاياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتي يتبين لهم أنه الحق).** فصلت: ٥٣. نەی فەرمووە: پێیان دەبیستین و وەحییان بۆ دەکەین. هەروەها فەرموویەتی: **(أولم يتفكروا في أنفسهم). الروم: ٨. (أولم ينظروا في ملكوت السموات والأرض). الأعراف: ١٨٥. (وفي الأرض ءَيات للموقنين *وفي أنفسكم أفلا تبصرون). الذاريات: ١٩-٢٠.** بەڵگەی دیکەی لەم جۆرەش زۆرن و ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەنەوە کەوا پێویستبوونی ئیستدلال کردن لەسەر بەڵگەی سەمعی و وەحی نەوەستاوە، بیانووی مرۆڤ دەپچڕێت و نامێنێت بە هەبوونی تەنها عەقڵ و ئەگەر هەبوونی بەس نەبوایە بیانووی پێ نەدەبڕا. لەبەرئەوەشی ناسینی موعجیزە لەسەر عەقڵ دەوەستێت، جا لەبەرئەوەی ناسینی موعجیزەکان لەسەر عەقڵ دەوەستێت، ناسینی خودای گەورەشی لەسەر دەوەستێت و پێی دەستپێردرێت.

گوتەی ڕاستیش ئەوەیە کەوا عەقڵ پێویستکار نییە بە خودی خۆی، وەک دەستەی یەکەم وتییان، لەنێوبراویش نییە وەک دەستەی دووەم وتیان، هەر کەسێک نکۆڵی لە دۆزینەوە و ناسینی پەروەردگار بکات بە تەنها، ئەوە کورتڕەویی کردووە. ئەوەش کەوا دەڵێت پێویستە بە عەقڵ ئیستدلال بکرێت و بڕوا بهێنرێت بەبێ وەحی، بیانووی بۆ ناهێننەوە بە زاڵبوونی هەوەس بەسەر بەعەقڵیدا، لەگەڵ ئەوەی جێگیرە لە بنەمای مرۆڤدا ئەوە زێدەڕۆیی کردووە. بەڵکو عەقڵ شیاویی بۆ وتووێژ لەگەڵ کردن پێ جێگیر دەبێت، وتووێژ بەبێ عەقڵ تێی ناگات. عەقڵ لە بەخششە هەرە گەورەکانە کە مرۆڤی پێ جیا دەبێتەوە لە زیندەوەرانی دیکە، ئامرازێکە بۆ ناسینی پەروەردگار، هەروەها، بۆ زانینی بەرژەوەندییە دینی و دنیاییەکان، لە بنەمای دابەشبوونیشیدا بە جیاواز(کەم و زۆر) دروستکراوە. بەپێچەوانەی بۆچوونی موعتەزیلەوە کە دەڵێن کەم و زۆر دابەش نەکراوە و دروست نەکراوە لە مرۆڤەکانەوە. ئەم وتەیەشیان پێچەوانەی بینراو و هەستپێکراوە، ئێمە دەبینین کەوا جیاوازی هەیە لە زیرەکی و ئاستی تێگەشتنی مندالاندا لە سەرەتای پێگەشتنیاندا، هەروەها لەنێو پێگەیشتوانیشدا بەبێ هەوڵێکی پێشخراو و هەوڵ و فێربوونێکەوە. هەروەها، نکۆڵی کردنی ئەم شتە وەک نکوڵی کردنی جیاوازی مرۆڤەکانە لە باشی و خراپییان، بەهێزی و بێ هێزییان، ترسنۆکی و ئازایەتییاندا.

عەقڵ بە خودی خۆی بێ توانایە، واتە: عەقڵ ئامرازێکە و ئامرازیش کار ناکات بەبێ کارا، بۆیە هیچ شتێک پێویست ناکات بە خودی خۆی، بۆخۆشی باشی و خراپی شتەکان لەیەک ناکاتەوە، بەڵام ئەگەر ڕێگەی تێگەیشتنی پێ ڕوون کرایەوە بۆ کەسی ژیر، ئەوە ڕوون کردنەوە و تێگەیشتن لە خوازراوەکە بە تێگەشتنی ئەو و( عەقڵ) دەبێت. پێگەی عەقڵ لە دڵ یان جەستەی مرۆڤدا وەک پێگەی بینین وایە لە چاودا. چاو شتەکان دەبینێت بەهۆی ڕووناکییەکانییەوە بەبێ ئەوەی چاو بینینی ئەو شتانە پێویست بکات. بەهەمان شێوەش دڵ شتانێک دەزانێت بەبێ هەستەوەرەکان بە ڕووناکی عەقڵ بەبێ ئەوەی عەقڵ ئەو شتە پێویست بکات، یان بەبێ ئەوەی عەقڵ بۆخۆی بە تەنها ئەو شتە ئیدراک

بکات، بەڵکو دڵی مرۆڤ ئەو شتە دەرک پێ دەکات لە پاش پرشنگی ڕووناکی عەقڵ بەویستی خودا.

حەنەفییەکان فەرموویانە: عەقڵ ئامرازێکە بۆ زانینی مەعقولاتەکان هەروەک چۆن گوێ ئامرازێکە بۆ زانینی بیستراوەکان، بەهۆشیەوە باشی و خراپی هەندێک لە شتەکان دەزانرێت، هەروەها پێویستبوونی هەندێک لە شتەکان و قەدەغەبوونی هەندێکیان. جیاوازی وتەی ئەمان لەگەڵ موعتەزیلەکان لەوەدایە، موعتەزیلە دەڵێن: عەقڵ بە خودی خۆی پێویستکارە و ئەم زانایانەش دەڵێن عەقڵ پێویستەکان دەزانێت، بەڵام پێویستکار تەنها خودای گەورەیە، هەروەک چۆن پێغەمبەر پێویستەکان دەزانێت و خودای گەورەش پێویستیان دەکات، بەڵام، لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە درودی خودای لێبێت. هەربەو شێوەیەش پێویستکار خودایە لە ڕێگەی عەقڵەوە دەیگەیەنێتە مرۆڤ، عەقڵ هەرچەندە ئامرازی دۆزینەوە و ناسینەوەیە، بەڵام بەس نییە بۆ ئیستدلال و وەدەستخستنی زانیاری، چوونیەکیشە بەڵگەی سەمعی درابێتە پاڵ یان نا، ئەگەر نەدرابە پاڵی ئەوە بۆخۆی هیچ شتێک پێویست ناکات، ئەگەر درابە پاڵیشی ئەوە پێویستبوونەکە بەڵگە سەمعییەکە کردوویەتی.

هەروەها، ئەگەر بەڵگەی سەمعیشی درابە پاڵ ئەوا توانای وەدەستخستنی زانیاری نییە مەگەر بە ویست و هاوکاری خودای گەورە، چەندین عاقڵ هەن پاش هاتنی شەرع و پێش هاتنیشی سەرگەردانە و ناتوانێت ڕاستی بدۆزێتەوە، کاتێک لە هاوکاری خوای گەورە بێ بەش بوو ناتوانێت ڕێگەکە بدۆزێتەوە بە عەقڵی و لەنێو نەفامی و نەزانی خۆیدا سەرگەردانە.

کەسانێکیش هەبوون مسوڵمان بوون و ڕێگەی ڕاستیان دۆزییەوە، بەڵام دواتر تووشی بێ باوەڕی و لاکەوتن بوون. کەواتە عەقڵ بە تەنها خۆی ڕێگەی ڕاستی پێ نادۆزرێتەوە ئەگەر پشتیوانی و هاوکاری خوای لەگەڵ نەبێت. کەواتە لەبەرئەوەی عەقڵ بۆخۆی بەس نییە، دەڵێین: منداڵی عاقڵ موکەلەف نییە بە باوەڕهێنان، بەپێچەوانەی موعتەزیلەوە کە بە پێویستیان دەزانی.

هەروەها کەسێکی باڵغ کە بانگەوازی پێ نەگەشتبێت، موکەلەف نییە بە باوەڕهێنان بە هەبوونی تەنها عەقڵ، چونکە عەقڵ بۆ خۆی هیچ شتێک پێویست ناکات، ئەگەر بە هیچیش ناوزەند نەکرێت نە بە باوەڕ و نە بەبێ باوەڕیی، ئەوە بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە، بە پێچەوانەی موعتەزیلەوە، خۆ ئەگەر بە بێ باوەڕ ناوزەند بکرێت و باوەڕی پێی هەبێت ئەوە بیانووی نییە و خەڵکی دۆزەخە، بەپێچەوانەی وتەی ئەشعەرییەکانەوە. ئەمە وتەی نێوەندگیرە لە نێوان هەردوو بۆچوونەکەدا: ئەگەر منداڵ بە باوەڕدار یان بێ باوەڕ هەژمار نەکرا و بێ باوەڕ بوو، ئەوە کارەکەی بە پاشگەزبوونەوە دادەنرێت.

هەروەها ئەبو یوسف گێراویەتییەوە لە ئەبی حەنیفەوە فەرموویەتی: پێویستە مرۆڤ بە عەقڵی خوای گەورە بدۆزێتەوە بە تێرامان و وردبوونەوە لە زەوی و ئاسمان و دروستکراوەکان و بیانووی بۆ ناهێنرێتەوە بە نەزانین، بەڵام لە شەریعەتدا بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە و پێویست نییە لەسەری بە عەقڵی شەریعەت بزانێت.

زانایانی حەنەفی شرۆڤەی وتەکەی ئەبوحەنیفەیان بەوە کردووە مەبەست پێی کەسێکە بۆ ماوەیەک خودای گەورە مۆڵەتی بیرکردنەوە و ئیستدلال کردنی پێدابێت و توانایی ئیستدلالی هەبێت و لەبەر کەمتەرخەمی خۆی نەی کردبێت ئەوە بیانووی بۆ ناهێنرێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر خانوویەک ببینێت بزانێت ئەم خانووە بەبێ بەننایەک بنیات نەنراوە ئەوە پێویستە لەسەری بە بینینی دروستکراوەکان ئیستدلال بە هەبوونی خوای گەورە بکات. لە دیاری کردنی ئەو ماوە و مۆڵەتەشدا جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا، هەندێک فەرموویانە بۆ ماوەی سێ ڕۆژە و ئەوانی دیکەش فەرموویانە ماوەکەی دیاری نەکراوە، چونکە

عەقڵی مرۆڤەکان جیاوازە و توانایان لە یەکێکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە خوای گەورە خۆی زانایە بەسەریاندا و دەزانێت کامەیان مۆڵەتی زیاد لە پێویستی وەرگرتووە و کەم تەرخەمی کردووە و ئەم کارە دەدرێتە دەستی خودا.

هەرکەسێکیش بۆچوونی وا بێت کەوا نابێت شتێک لە شەرعدا هەبێت، یان شەرع حوکمێکی هەبێت بە پێچەوانەیەوە ئەوە هیچ بەڵگەیەکی نییە لە بەڵگەی شەرعی و عەقڵی، هیچ بەڵگەیەکی شەرعی یەکلاکەرەوە نییە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کەوا عەقڵ بۆخۆی پێویستکارە، هیچ بەڵگەیەکی عەقڵیش نییە. ئەو ئایەتانەش دەیکەنە بەڵگە بۆ خۆیان لەڕاستیدا نابنە بەڵگە بۆیان، بەڵکو تەئویلیان کردووە و بە خراپ کەڵکیان لێوەرگرتووە(١٠).

## عەقڵانییەت واتای چییە؟

١- هەموو بونەوەرێک لە گەردووندا هۆکارێک هەیە بۆ هەبوونی، شرۆڤە کردنی ئەم هۆکارەش پێویستە عەقڵ قبوڵی بکات، لەم بارەشدا شرۆڤە پەنهانییەکان وەرناگیرێت، ئەگەر لە ڕێگەی نیگاهیشەوە هاتبن.

٢- زانیاری لە ڕێگەی بنەما عەقڵییە پێویستەکانەوە وەردەگیرێن، نەک لە ڕێگەی ئەزموونە هەستپێکراوەکانەوە.

٣- باوەڕبوون بە عەقڵ و تواناییەکانی لە وەدەستخستنی زانستدا.

٤- عەقڵانییەت بەلای کەسە دینییەکانیشەوە بە چەند مانایەکی جیاواز دێت:

أ- بەرگری کردن لە بنەما و بەندە ئاینییەکان لە ڕێگەی عەقڵ و بەڵگە عەقڵییەکانەوە. ئەم جۆرە عەقڵانی بوونە هی مەدرەسەی نەقڵ (ئەهلی حەدیس)ە، کە بەرگرییان لە بنەما ئاینییەکان کردووە، بە بەڵگە عەقڵییە شەرعییەکان، دیارترین زانای ئەم جۆرە عەقڵانی بوونە، ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیمی خوێندکاریەتی.

ب- - پشتکردن لە هەموو بابەتێکی دینی کە عەقڵ پێی هەزم ناکرێت، لە ڕێگەی تەئویل، تەحریف، تەفویز کردنی.

ج- عەقڵ تاکە مەرجی پێوستە بۆ زانینی حوکم و بابەتە دینییەکان، ئەم جۆرە عەقڵانی بوونەش لەلای موعتەزیلەکان و ئەوانە دەردەکەوێت کەوا بە ڕێچکەی ئەواندا دەڕۆن.

گرنگترین ئەو هۆکارانەی موعتەزیلەکانی کرد بەم جۆرە عەقڵانی بوونە:

١- موعتەزیلەکان شتیان لە کەلەپووری فەیلەسووفە یۆنانییە کۆنەکان وەردەگرت، ئاشکراشە فەیلەسووفەکان لەژێر سایەی سرووشی خودایدا نەژیاون و ئەو یاسا عەقڵییانەی خۆیان دایان ڕشتبوو، سەرچاوەی بیرکردنەوە و حوکمدان بوو بەسەر بابەتەکاندا. ئەم زاڵبوون و ئاشنابوونەی موعتەزیلەکانیش بەسەر فەلسەفەی یۆنانیدا لە ئەنجامی ئەو وەرگێڕانە زۆرەی کتێبە فەلسەفییەکانەوە بوو کە لە سەردەمی چەند خەلیفەیەکی عەباسیدا دەکرا بەتایبەتی خەلیفە مەئمون.

٢- موعتەزیلەکان زانستیان زۆر کەم بوو دەربارەی زانستی فەرموودە و ئاگاداری فەرموودە نەبوون بە ئاستی پێویست.

و تەنها پشتیان بە ئایاتەکانی قورئان دەبەست لەگەڵ چەند فەرموودەیەک کە وەک پاساوێک بۆخۆیان بەکاریان دەهێنا، هۆکاری سەرەکییش بۆ پشتکردنی موعتەزیلە لە فەرموودە بڵاوبوونەوەی فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو بوو بەڕێژەیەکی زۆر، ئەمەش موعتەزیلەی بێ ئومێد کرد لە فەرموودە و ئەو بۆچوونەیان بۆ دروستبوو کە ناتوانرێت ڕاستەکان لە ناڕاستەکان لێک جیابکرێنەوە.

٣- پشتیان لە ئامۆژگاریی و وتەکانی هاوەڵان و پێشین کرد و ڕوویان لە وتە عەقڵانییەکان

كرد بۆ سەرخستنی ڕێبازەكەیان(١١). وەک ئیبن حەجەر دەفەرموێت: لە پاش سێ چاخی پیرۆزی ئیسلام و نەمانی هاوەڵان و شوێنكەوتوانیان، كۆمەڵە بابەتێكی بەرفراوان هێنرانە نێو ئیسلام كە پێشەوایان لەوەو پێش بەتوندی ڕەتیان كردووەتەوە، كار گەیشتووەتە ئەوەی فەلسەفەی یۆنانییان تێكەڵ بە بنەماكانی ئایین كردووە و كردوویانەتە سەرچاوەیەک دەگەڕێنەوە لای لەبری بنەماكانی ئیسلام، هەركەسێكیش ڕێچكەی ئەوان نەگرێتە بەر بە كەسێكی ڕەمەک و نەفامی ناودەبەن، بەڵام خۆشبەخت ئەو كەسەیە كەوا لەسەر ئەو ڕێگەیە كە پێشینی لەسەر بووە و خۆی دوورگرتووە لەوەی پاشین دایان هێناوە(١٢).

## ئەنجام

عەقڵ پێگەیەكی گەورەی هەیە لە ئیسلامدا و زانایان گرنگی ئەوتۆیان پێداوە و لە كتێبەكاندا باسیان كردووە لە كۆن و نوێ. جیاوازی و ڕاجیاییان هەیە لەسەر ئەوەی كە عەقڵ لە كوێ دایە، هەندێک دەفەرموون لەسەردایە و هەندێكیش دەڵێن لە دڵدایە. موعتەزیلەكان بۆچوونیان وایە عەقڵ پێویستكارە و لە پێش هاتنی شەریعەتیش پێویستە مرۆڤ بە عەقڵی خوا بناسێت و عەقڵ باشی و خراپی شتەكان دیاری دەكات، بەلای ئەشعەرییەكانیشەوە بە پێچەوانەوەیە و عەقڵ پێویستكار نییە و مرۆڤ موكەللەف نییە لە پێش هاتنی شەریعەت و عەقڵ باشی و خراپی شتەكان دیاری ناكات. ڕێبازی حەنەفییەكانیش نێوەندگیرە و لە نێوان هەردوو بۆچوونەكەدایە بەم شێوەیە: عەقڵ پێویستكار نییە، باشی و خراپی شتەكانیش بژاردە ناكات مەگەر پشتیوانی و هاوكاری لەلایەن خوای گەورەوە بكرێت، ئەر منداڵ بیباوەڕ بێت ئەوە بە هەڵگەڕانەوە و پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام بۆی هەژمار دەكرێن بەهۆی فیترەتەكەیەوە، ئەگەر مرۆڤ بانگەوازی پێنەگەشتبوو، بواری بیركردنەوە و ئیستدلالی بۆ ڕەخسا و عەقڵی لەو ئاستەدابوو بۆ وێنە ئەگەر خانوویەک ببینێت بزانێت ئەمە بەبێ وەستا و بەننایەک بنیات نەنراوە، بەڵام كەمتەرخەمی كرد و نەیكرد و بە عەقڵی خوای نەدۆزییەوە بیانووی بۆ ناهێنرێتەوە و شیاوی سزایە.

هەروەها، عەقڵانی بوونی ئیسلامی بە چەند واتایەكی جیاواز دێت و لەلای هەر ڕەوتە بە جۆرێک وێنا و واتا كراوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

١- معجم مقاييس اللغة، ابن فارس، دار الفكر، ١٩٧٩م، (٦٩/٤)

٢- كتاب التعريفات، الجرجاني، دار الكتب العلميه، بيروت- لبنان، ط١، ١٩٨٣م، (١٣/١).

٣- القاموس المحيط، فيروزآبادي، مؤسسة الرسالة للطباعة، بيروت- لبنان، ط٨، ٢٠٠٥م، ص: ١٠٣٣.

٤- العدة في أصول الفقه، القاضي ابو يعلى، ط٢، ١٩٩٠م، (٨٣/١).

٥- شرح مسلم، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٧م. (٣١/٣) .

٦- الفتاوى، ابن تيمية، مجمع الملك فهد للطباعة، مدينة المنورة- السعودية، ١٩٩٥، (٣٠٣/٩) .

٧- الجواب المختار، (٧١/٦٦) .

٨- شرح الكوكب المنير، ابن نجار، مكتبة العبيكان، ط٢، ١٩٩٧م، (٧٩/١).

٩- الحجة في بيان المحجة، إسماعيل بن محمد الأصبهاني، التح: ربيع المدخلي، دار الراية، الرياض- السعودية، ط٢، ١٩٩٩م، (٣٤٧/١).

١٠- بروانه: كشف الأسرار عن أصول فخر الإسلام البزدوي، علاء الدين عبد العزيز بن أحمد البخاري(٧٣٠هـ)، التح: عبد الله محمود محمد عمر، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ١٩٩٧م، (٣٢٤/٤).

١١- نقض أصوول العقلانيين، سليمان بن صالح الخراشي، دار علوم السنه، كتاب أليكتروني، www.saaid.net ص ٣٨.

١٢- فتح الباري، دارالمعرفة، بيروت – لبنان، ١٣٧٩هـ (٢٦٧/١٣).



# مەلا ڕەشیدبەگی بابان

## ئەو زانا مەزنەی کورد کە پێش ٧٥ ساڵ لە ئەستەمبوڵی دوورە وڵاتەوە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمی کردۆتە کوردی




**عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی.**

لەدایکبووی ١٩٨٢ ، ئەحمەدئاوا. ماستەر لە کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی. خوێندکاری دکتۆرایە لە کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی.

کاتێک که لاپەڕەکانی دیرۆکی گەلەکەمان هەڵدەدەینەوە، دەبینین لە گشت سەردەمەکاندا چەندین زانای بە توانا و کەم وێنە هەڵکەوتوون، بەڵام بە داخەوە زۆریان ڕۆژگار تەپ و تۆزی بێ ڕەحمانەی خۆیی بەسەردا داون و شاردونیەتیەوە، زۆریشیان بەهۆی باری نالەباری لە مێژینەی وڵاتی کوردەوارییەوە پەڕیوەی ناوچە و وڵاتانی تری غەریبی بوون، بەڵام هەندێکیان ئازایانە لە تاراوگەشەوە خەمی نیشتیمان و نەتەوەکەی خۆیان لە بیر نەکردووە، ئەوەی پێیان کرابێت، لە خزمەتی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەیان و تەنانەت زمانی نەتەوەییشیاندا دریغییان نەکردووە، بەم کارەشیان هەم ناوی خۆیانیان بە پارێزراوی لە مێژوودا هێشتۆتەوە و هەم بەشێک لە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان بەرامبەر بە نەتەوەکەیان جێبەجێ کردووە، کە دەچێتە چوارچێوەی بە کوردیکردنی شوناسی زانستە ئیسلامییەکان و گونجاندنیان لە گەڵ ژینگەی وڵاتی کوردەواریدا، لە نێوان ئەو زانایانەدا (مامۆستا مەلا ڕەشیدبەگی بابان) هەیە، کە زیاتر لە (٣٠) ساڵی تەمەنی خۆی لە ئەستەمبوڵی پایتەختی ئەوسای جیهانی ئیسلامیدا بەسەر بردووە، بەڵام شان بە شانی ئازاری غوربەت چەند بەرهەمێکی پڕ بایەخ و مەزن و مێژوویی پێشکەش بە کتێبخانەی نەتەوەکەی کردووە، بەتایبەتی کە ئەم زانا گەورەیە پێش (٧٥) ساڵ لە ئەستەمبوڵی دووره وڵاتەوه هەردوو مەزنە پەڕتووکی صەحیحی بوخاری و موسلیمی کردۆتە کوردی، کە دوو مەزنترین سەرچاوەکانی فەرموودەن لە کەلەپوور و ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا.

## ناو و ڕەچەڵەك و پێگەیشتنی

مەلا ڕەشید بەگی بابان، ناوی مەلا حەمە ڕەشیدبەگی کوڕی فەتاح بەگی کوڕی محەمەد بەگە، باپیرانی دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیی لە ناوچەی پشدەر، ئەم زانایە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٨ لە دایکبووە، دوای کەمێک پێگەیشتنی وەک هەموو فەقێیەکی وڵاتی کوردەواری ڕێگای گوند و شارەکانی کوردستانی گرتۆتەبەر بەمەبەستی دەستخستنی زانست و خوێندنی زانستە شەرعییەکان لەلای مامۆستا پایە بەرزەکانی کوردستان، بەو هۆیەوە چووەتە سەرگەڵوو، سنە، بانە و تەنانەت شاری موسڵیش، تا دواجار بە ئاکامی دڵی خۆی لە دەستخستنی زانست گەیشتووە، لە لایەن زانای پایەبەرز» مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی»یەوە، ئیجازەی علیمیی – مەلایەتی بۆ نووسیوە، کە زۆرینەی وانەکانی لەلای ئەو خوێندووە، پاشان دەستی بە خزمەتی ئایین و گەلەکەی کردووە، گەڕاهوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و بووتە مامۆستای مزگەوتی شێخ سەلام، پاش ماوەیەک خزمەت لەم مزگەوتە و چەند مزگەوتێکی تر، بووەتە مامۆستای مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسکەری هەر لە شاری سلێمانی، لەو کارەی بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩١٢، واتە دوو ساڵ پێش چەنگی یەکەمی جیهانی، لەو مێژووە بە دواوە کوردستانی بەرەو ئەستەمبوڵ بە جێهێشتووە و جارێکی دیکە نەگەڕاوەتەوە، مەلا ڕەشید لە شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی ئەو کاتی جیهانی ئیسلامی بووەتە پارێزەر، دواتر بۆتە دادوەر و لەسەر ئەو کارەی بەردەوا بووە تا لە ساڵی ١٩٣٥دا خانەنشین کراوە.

## خێـزان و نەوەی

مامۆستا مەلا ڕەشیدبەگی بابان، لە ماوەی ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، یەکەمیان دوای ئیجازە وەرگرتنی لە مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی پێنجوێنی، مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمان برازایەکی خۆیی لێ مارە دەکات، لەم ژنە کوڕێک و دوو کچی هەبووە، کوڕەکە ناوی عەبدوڵڵا عەونی بووە، کە مەدرەسەی ڕوشدییەی عەسکەری لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، پاشان چووە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ بووەتە «ئەفسەری دەریاوانی»، یەکێک لە کچەکانیشی دایکی هەریەکە لە:د.کەمال فوئاد

و د.جەمال فوئاد و د.ئیحسان فوئادە، و پاشان لە ژنی دووەمیشی كوڕێكی هەبووە بە ناوی بەهجەت نەوزاد، كە لە توركیا خوێندوویەتی و بۆتە پرۆفیسۆر، لە ژنی سێیەمیشی كە لە توركیا هێناویەتی تاقە كچێكی هەبووە.

پەیوەندی لە گەڵ دۆستەكانی لە ناوەوەی وڵات

مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان، كە كەوتۆتە غەریبی و دوورە وڵات، ئەمە وای لێ نەكردووە دۆستەكانی لە بیر بكات، بەڵكو بەردەوام و بە پێی بۆ لوان لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵیان، بەتایبەتی ئەوانەیان كە هاوڕێی نزیك و هاوفەقێی دەورانی خوێندنی بوون، بۆیە ئەگەر چاوێك بەو نامانەدا بگێڕین كە لە توركیاوە ناردوونی بۆ سلێمانی، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەكەوێت كە چەندە پەرۆشی هەواڵی وڵات و دۆستانی بووە، وەك لە نامەیەكیدا كە بۆ هاوفەقێ و دۆستی خۆی (مامۆستا مەلا حسەینی پیسكەندی) نووسیوە، تیایدا دەڵێت:»... ئیرتیحالی باباعەلی **–غفرالله لە-موجیبی** ئەسەفێكی زۆر بوو، خوا مەلاكانی تر – پیر و جوانیان- سەلامەت بكا، زۆریان بكا و تەوفیقیان بدا لە سەر نەشری عیلم ...... چاوی مەلا سەلام ماچ ئەكەم، خوا سەلامەتی بكا و تەوفیقی بدا، شێخ نوری شێخ باباعەلی چۆنە؟ وا هەیە كە جێی باوكی بگرێتەوە؟ شێخ جەلال چۆنە؟ مەلا سەعید چۆنە؟ مەلای تازە پێگەییون یا نە؟ لوتفەن بۆم بنووسە!».

بە تایبەتی پەیوەندییەكی زۆر قوڵ و دۆستانەی لە گەڵ هاوفەقێ و دۆستی گیانی بە گیانی «مامۆستا مەلا حسەینی پیسكەندی»دا، هەبووە، تەنانەت پەیوەندی وا گەرم لە نێوان دوو برای شیریشدا نییە، نامە و باسەكانی ناو دوو توێی پەرتووكی **(إقتران النيـرين فِي مَجمَع البَحرَين –** كۆكراوەی فەرموودەكانی هەر دوو پەرتووكی بوخاری و موسلیم بە زمانی كوردی) شایەتی ئەم ڕاستییەن.

## هەندێك لە كاروبارەكانی لە وڵاتی توركیا

مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان، لە ساڵی ١٩١٢ ڕۆیشتووە بۆ ئەستەمبوڵ بەمەبەستی ئەوەی كە بكرێتە قازی لە سلێمانی و فەرمانی فەرمی سوڵتان لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە، بەڵام لەكاتی گەشتی ئەمدا جەنگی یەكەمی جیهانی هەڵگیرساوە و ئەمیش كراوە بە ئەفسەر –چاپگ ئیحتیاگی بەشی ئیعاشە- و دوای كۆتایی هاتنی شەڕ كراوە بە دادوەر لە شاری ئەگنە، و تا ساڵی ١٩٣٤ لە سەر ئەو كارە ماوەتەوە، كە خانەنشین كراوە ڕۆیشتووە بۆ شاری بۆرسە و ماوەیەكیش لەوێ مەلا و وتاربێژی مزگەوتی ئەمیر سوڵتانی بوخارا بووە، دوای ماوەیەك لە خزمەت گەڕاوەتەوە بۆ شاری ئەستەمبوڵ و بووە بە مەلا و وتاربێژی مزگەوتی (لالەلی)، ئەمەش ناونیشانی توركیای بووە: (ئەستەمبوڵ، لالەلی، ئاقسەرای جادەسی، نومرە ٢٧ خانەدە، حاكمی موتەقاعید ڕەشیدبەگی بابان!).

## بەرهەمەكانی مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان

یەكەم: پەرتووكی **(إقتران النيـرين فِي مَجمَع البَحرَين** – فەرموودەكانی هەر دوو پەرتووكی بوخاری و موسلیم بە زمانی كوردی)، بێگومان هەردوو پەرتووكی (صەحیحی بوخاری) و (صەحیحی موسلیم) دوو مەزنترین و ڕاستترین سەرچاوەن لە سەرچاوەكانی ئیسلام، لە دوای قورئانی پیرۆز، كە هەزاران فەرموودەی ساغی پێغەمبەریان لەخۆگرتووە، كە تەواوی گەلانی مسوڵمان بەدرێژایی زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ وەك دوو سەرچاوەی بێ خەوش پەسەندیان كردوون، لەم ماوە زۆرەدا كەس بە بیریدا نەهاتووە ئەم دوو سەرچاوە مەزنە بكاتە كوردی، تا دواجار مامۆستا مەلا ڕەشیدبەگی بابان، لە ساڵی ١٩٤٠ بەدواوە، واتە دوو ساڵ پێش كۆچی دوایی، دەستی بە ئەنجامدانی ئەم كارە كردووە و فەرموودەكانی هەر دوو پەرتووكەكەی پێكەوە كۆكردوونەتەوە و دووبارەكانی لابردوون، دواجار (٣٩٦٥) فەرموودە

دەرچوون، هەمووی زۆر سەرکەوتووانە و لە ماوەی (٢٢) مانگدا وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، (٤٣) ڕۆژ پاش تەواوکردنی ئەم کارە پیرۆزەی کۆچی دوایی کردووە! پاشانیش لە نۆ بەرگدا لە چاپ دراوە، خۆشی لەگەڵ ئەنجامدانی کارەکەیدا هەر بەشێکیی کە تەواو کردووە بە پۆستەدا ناردویەتییەوە بۆ شاری سلێمانی بۆ لای هاوفەقێ و دۆستی گیانی بە گیانی خۆی «مامۆستا مەلا حسەینی پیسکەندی» و ئەویش زۆر دڵسۆزانە پاراستوونی.

دوای کۆچی دوایی مامۆستا مەلا حسەین، کەوتووەتە لای مامۆستا مەلا سەلامی کوڕی مامۆستا مەلا حسەین و دیسان ئەویش زۆر دڵسۆزانە یادگارەکەی باوکی و دۆستەکەی باوکی پاراستووە، تا دواجار و لە شەستەکاندا گەیاندویەتییە دەست مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەویش داوا دەکات لە (مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی) کە «بەرگ – بەرگ» ئامادەی چاپی بکات، مامۆستای قەرەداغیش دڵسۆزانە بەم کارە هەستاوە و لە ماوەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا تەواوی پەڕتووکە نایابەکەی **(إِقتِران النیـریْن فِی مَجمَعِ البَحرَیْن)** ی، لە نۆ بەرگدا و بە لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

گرنگی ئەم پەڕتووکە لەوەدایە کە زانایەکی کورد و لە وڵاتی غەریبیدا هەردەم لە خەمی نەتەوەکەی خۆیدا بووە و دواجار توانیویەتی ئەم شاکارە پێشکەش بە نەوەکانی نیشتیمانەکەی بکات، کە بە ڕاستی بەرهەمەکەی لە بابەتی خۆیدا تاقانەیە و تا ئەو کاتە و ماوەیەکی زۆریش دوای ئەو کاتە هیچ زانایەکی کورد بە کارێکی بەرفراوانی لەم شێوازە هەڵنەساوە، و بۆشاییەکی زۆر گەورەی لە کتێبخانەی کوردەواریدا پڕ کردۆتەوە، و تەنانەت کەسانی پسپۆڕی بواری زمانی کوردی ئەگەر بیانەوێت زمانی ئێستای کوردی بەراورد بکەن بە زمانی ڕابردووی کوردی، ئەوا ئەم پەڕتووکە یەکێک لە باشترین سەرچاوەکانە بۆ بواری بەراوردکاری زمانەوانی کوردی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، و پاشان ئەم پەڕتووکە هەم سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر زانایەکی کورد ئەگەر بۆیشی نەلوابێت لە ناوخۆی وڵاتدا بمێنێتەوە و کەوتبێتە غەریبی، ئەگەر مەیلی لێ بووبێت، ئەوا هەر توانیویەتی لە دووریشەوە بێت خزمەتێک بە نەتەوەکەی بکات، و نموونەی لەم جۆرەیش زۆرن، کە بە هیمەمەت ترینیان مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابانە، کە هەم خزمەتی بە نەتەوەکەی گەیاندووە و هەم توانیویەتی ناوی خۆی لە مێژووی گەلەکەیدا بە زیندوویی بهێڵێتەوە، و شایەنی باسە بەرگی یەکەمی ئەم پەڕتووکە لە ساڵی (١٩٧٤) و بەرگی دووەمی لە ساڵی (١٩٨٢) و بەرگی سێیەمی لە ساڵی (١٩٨٥) و بەرگی چوارەمی لە ساڵی (١٩٨٧) و بەرگی پێنجەمی لە ساڵی (١٩٨٧) و بەرگی شەشەمی لە ساڵی (١٩٨٨) و بەرگی حەوتەمی لە ساڵی (١٩٨٩) و بەرگی هەشتەمی لە ساڵی (١٩٩٠) و بەرگی نۆیەمی لە ساڵی (١٩٩٠)دا، چاپکراوە.

و شایەنی باسە، کە بەڕێز مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، لە ساڵی (١٩٩٦)دا، لە (زانکۆی ئیسلامیی جیهانی) لە وڵاتی «پاکستان» سەرقاڵی خوێندنی ماستەر بووە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بۆیە بۆ تێزی ماستەرەکەی بڕیاری داوە کە لە سەر ئەم پەڕتووکەی مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان و میتۆدی نووسەرەکەی تیایدا بنووسێت، و دواجار لیژنەی زانستیی زانکۆکە پێی ڕازی بوون، و بۆیە ئەم ناونیشانەی کردۆتە ماستەرنامەی خۆی، بە ناوی **(العلامه البابانی منهجه فِی إِقتِران النیـریْن فِی شرح الصَّحیحَیْن)**، و بە هۆیەوە پلەی ماجستێریان پێداوە، و لە ساڵی (١٩٩٩)دا، هەر لە وڵاتی پاکستان بە چاپی گەیاندووە.

دووەم: پەڕتووکی (قەواعیدی نەحو و صەرفی کوردی – یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی): ئەم پەڕتووکە پەڕتووکێکی گرنگ و بایەخدار و بە کەڵکە، و دیسان ئەمیشیان نیشانەی خەمخۆری ئەم زانایە بووە بۆ گەلەکەی، کە لە دوور وڵاتیشەوە لە خەمی یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی و زمانی نەتەوەکەیدا بووە، و بەری ڕەنجێکی زۆری ئەم

ماموستا مەزنەیە، و لە مەیدانی خۆیدا بە یەکێک لە نۆبەرەکانی بواری (قەواعیدی نەحو و صەرفی کوردی – یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی) دەژمێردرێت، و سەرچاوەیەکی ڕاست و جێگای بایەخە بۆ هەوڵ و تەقەلا و هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی کە لەو بارەیەوە بدرێت، و ئەم پەڕتووکە تەنها یەک نوسخەی هەیە، کە ئەویش لە ناو دەستنووسەکانی کتێبخانەی (ماموستا شێخ موحەممەدی خاڵ)دا پارێزراوە.

شیاوی باسە کە جەنابی ماموستا مەلا ڕەشید بەگی بابان پەڕتووکێکی تریشی هەیە بە ناوی **(الدّرر النّضیدَة فِي شرح مَنظومَة الفریدَة)** و بەڵام دوور نییە کە ئەم زانا پایەبەرزە چەندەها نووسراوی تری هەبن کە ئێمە هەواڵیان نەزانین، چونکە زانایەکی وا کە خاوەنی ئەو توانا بەرز و قەڵەمە جوان و هەستە ناسکە بێت، بڕوا ناکرێ (٣٢) ساڵ لە ژیانی لە وڵاتی تورکیا بە سەر بردبێت و گەلێ بەرهەمی نایابی تیادا نەنووسیبێت؟! بە تایبەتی کە بزانین توانای ئەم ماموستا مەزنە ئەوەندە زۆر بووە کە توانیویەتی لە ماوەی (٢٢) مانگدا و لە تەمەنی سەروو حەفتا ساڵییەوە هەر دوو پەڕتووکی (صەحیحی بوخاری) و (صەحیحی موسلیم) پێکەوە کۆ بکاتەوە و بیانکاتە کوردی و جگە لە وەرگێڕان تەنانەت کورتە ڕاڤەیەکیشیان لە سەر بنووسێت، و یان بە تەنها حەوت مانگ! ڕاڤەی **(المَن وُمَه الفریدَه)**ی، پێشەوا سیوگی بکات، بێگومان کاروباری زانستییانەی تریشی کردووە، کە ئێمە لێی ئاگادار نین، و هەروەها ئەم ماموستا مەزنە ئارەزووی شیعر و هەڵبەستی هەبووە، و لە ناو دوو توێی پەڕتووکی **(إقتِران النیـریْن فِی مَجمَعِ البَحرَیْن)**دا، شیعری هێناوون، کە شیعرەکانی بریتین لە بە کوردی کردنی هەندێک شیعری ناو کتێبەکە بە شیعر، بۆیە دوور نییە کە شیعر و چامە و شتی نایابی هەبێت، و لەوانەیە تەنانەت دیوانی شیعریشی هەبووبێت، بەڵام ئەم لایەنانە بە ئێستایشەوە هەر شاراوەن، و تەنها بۆچونن و دەبێت بدرکێنرێن.

نموونەیەک لە شیعرەکانی مەلا ڕەشیدبەگی بابان:

خودا عەفـــوم بکە، و ڕەحمت ببێ پێم
لە ژێر سێبەری خۆتا، بـکـــــەی جێم
لـــــە ڕۆژێکا، کە غەیری سێبەری تۆ
پەنا نابێ، لە گەرمیی ئـــــــــاگری تۆ
(حسێن ( )) و من، لــە ژێریا دابنیشین
لە فەزڵی تۆوە، هیچ زەحمەت نەکێشین
لە یەکتر ئێستە هـەرچەنـد کە دوورین
بە ســــــەر پردی صیراتا ڕا ببورین
وەکوو عەکاشە لــــــەو حەفتا هەزارە
بچین داغڵ ببین، بـــەو مێرغ و زارە
قەبووڵ کەی لێم، خودایە، ئەم دوعایە
بە فەزڵ و ڕەحمەتت، لەم دوو برایە( )

کۆچی دوایی: ماموستا مەلا ڕەشید بەگی بابان، دوای بەسەربردنی زیاتر لە (٧٤) ساڵ تەمەن، کە نزیکەی (٣٠) ساڵی لە تاراوگەدا بەسەربردووە، سەرەنجام لە بەرواری ١٩٤٢/٣/١٣ و تەنها (٤٣) ڕۆژ پاش تەواوکردنی هەر نۆ بەرگەکەی پەڕتووکی **(إقتِران النیـریْن فِي مَجمَعِ البَحرَیْن)** کۆچی دوایی کردووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


(١) محەمەد عەلی قەرەداغی: **إقتِران النیـریْن فِي مَجمَعِ البَحرَیْن.**

(٢). ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: **عُلَماءُنا فِي خِدمَةِ العِلْمِ وَ الدین** ، چ١، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٠٧ – ٢٠٨.

(٣) ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ، چ١، بەغدا، ١٩٨٤، ل٤٥٣ – ٤٥٥.

**(٤) مُحَمّد زَكي حسيـن أَحْمَد: إسهام عُلَماء كوُرْدستانِ العِراق فِي الثّقافَةِ الأسلامِيّة، هەولير، ١٩٩٩، ل ١١٨ - ٢٥٦.**

(٥) بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی: مێژووی ناودارانی کورد، و.ماجید مەردۆخ ڕۆحانی، چ١، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٩٧.

(٦) ماموستا مەلا گاهیر بەحرکەیی: مێژووی زانایانی کورد، چ١، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٧٣ – ٣٧٤.

(٧) محەمەد عەلی قەرەداغی: بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٧، ل٢٦٩ – ٢٨٢ .

(٨) بابەتێک بە ناونیشانی جەمال بابان: **إقتِران النیـریْن فِي مَجمَعِ البَحرَیْن**، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٠و ١١)، ١٩٧٤.



# شوناسی ئیسلامی
# و
# دیالێکتیکی مۆدێلسازی و مۆدێلبازی



**خالد محەمەد غەریب**

لەدایکبووی ١٩٦٩، هەڵەبجە، ماستەر لەبواری شەریعەت. چەندین وتار و بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە

ئەو شوناسەی کە زۆرێک لە ئیسلامخوازان کاری لەسەر دەکەن بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە مۆدێلبازی؛ جەختکردنەوەیە لە مۆدێلێک و کردنەدەرەوەی سەرجەم مۆدێلەکانی تری شوناسە لە بازنەی ئیسلام، لەکاتێکدا گەوهەری ئیسلام چ بە تیۆری (لەنێو دەقی ئایەتە پیرۆزەکان و فەرمودە دروستەکاندا) و چ بە پراکتیکی (پراکتیزەکردنی دەق و فەرمودەکان لە لایەن خودی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵە بەڕێزەکانیەوە) لە بواری شوناسدا کار لە سەر مۆدێلسازی دەکات نەک مۆدێلبازی!! ئەمەش دەرهاویشتەی سەرەکیترین سیفات و ئەدگارەکانی ئیسلامە، بە تایبەت هەردوو سیفەتی خواییبوون و جیهانیبوونی ئیسلام، خوای گەورە فەرمویەتی:

**( إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ)آل عمران:١٩**

**(مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ) الفتح ٢٩**

**(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ)** (سبأ:٢٨)

بەڵکو لەوەش زیاتر سەرچاوەی ئیسلام کە پەروەردگاری جیهانیانە تەنها مەبەستی لە ناردنی دواین پەیام و دواین پێغەمبەر، گەیاندنی ئیسلام نیە بە سەرجەم مرۆڤەکان، بەڵکو گشتاندنی ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانیە بە هەموویان: قال تعالى: **(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) الأنبياء ١٠٧)**

یەکێک لە کەناڵەکانی گەیاندنی ئەم سۆز و میهرەبانییە خواییە بە مرۆڤەکان کەناڵی مۆدێلسازییە لە بواری شوناسدا، مەبەست لە مۆدێلسازی لەم بوارەدا داننانە بە دابونەریت و کلتووری گەلانی مسوڵماندا بەمەرجێک لەگەڵ هێڵە پانەکانی گەوهەری ئیسلامدا پێچەوانە و دژ نەبن و هەروەها بەجێهێشتنی مەودایەکی پێویست و گونجاوە بۆ تایبەتمەندی نەتەوە و گەل و میللەتەکان، بە شێوەیەک شوناسە ئیسلامیەکەیان لە یەک کاتدا هەم گشتی بێت و هەم تایبەتیش بێت!! گشتییە، چونکە تایبەت نیە بە نەتەوەی عەرەب، بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتییە، تایبەتیشە، چونکە هەرگیز سیمای نەتەوەیەک (بۆ نمونە نەتەوەی عەرەب) ناسەپێنێت بەسەر نەتەوەکانی تردا و هیچ تایبەتمەندییەکی نەتەوەی عەرەب ناکات بەتایبەتمەندی شوناسە ئیسلامییەکە، ڕاستە لێرەو لەوێ هەندێک ویستویانە و هەوڵیانداوە و هەوڵیش دەدەن ئەو کارە بکەن، بەڵام ئەم کارە لەگەڵ گەوهەری ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە، ئەڵبەتە زمانی عەرەبی لەم بوارەدا جیا کراوەتەوە، چونکە هەر دەبوو مەبەستە خواییەکان لە فۆرمێکدا بگەیەنرێن بە مرۆڤەکان و کۆتاییش بە پرۆسەی ڕەوانەکردنی پێغەمبەر بهێنرێت بۆ مرۆڤەکان، ئەویش بە ناردنی دواین پێغەمبەر(د.خ)، لەو بوارەشدا لە زمانی عەرەبی گونجاوتر و شیاوتر نەبوو کە هەم توانای ئەوەی هەبێت مەبەستە خواییەکان لەخۆبگرێت و هەم لەگەڵ تایبەتمەندی دواین پێغەمبەردا بگونجێت کە هەڵبژاردەیەکی نەخوێندەوار و عەرەب بوو و جگە لە زمانی دایکی هیچ زمانێکی تری نەدەزانی، لەمە زیاتر هیچ شتێکی دیکەی تایبەت بە عەرەب بۆ نمونە پۆشاک، نابێت تێکەڵ بە شوناسە ئیسلامیەکە بکرێت و مۆرکی ئاین و پیرۆزی ببردرێت بە باڵایدا.

بەم شێوە دەرفەتی یەکسان دەخاتە بەردەم سەرجەم میللەت و نەتەوە مسوڵمانەکان هەتا مۆدێلێک لە شوناسی تایبەت بە خۆیان پێشکەش بکەن و خاوەنی مۆرکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و کلتووری خۆیان بن و لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی شوناسە ئیسلامییەکەدا بمێننەوە و هیچ یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تردا نەساز و دژ و پێچەوانە نەبێت.

# مرۆڤبوون

## لە گوتاری قورئاندا






**سەلام ناوخۆش**

لەدایکبووی ١٩٦٦ هەولێر. ماستەر لە زمانی ئینگلیزی. پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سەلاحەددین. نزیکە (٦٠) بەرهەمی چاپکراوی هەیە. ڕاوێژکاری گۆڤاری (خاڵ)ە.

**دەروازە**

مرۆڤ چ باوەڕدار بێ یان بێباوەڕ پانتاییەکی فراوان نزیک لە ڕەهابوون لە گوتاری قورئان پێکدەهێنێت. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر فۆرمەکانی (مرۆڤی باوەڕدار) و (دوور لە باوەڕ) لە گوتاری قورئان دا. لە کۆمەڵگای کراوەی مەدینەدا هەموو فۆرمەکانی مرۆڤبوون هەبوو.

مەبەست لە بەرپابوونی مرۆڤبوون لە حوکمڕانی مەدینەدا (١.١١ک) دەگەڕێتەوە بۆ پەیامی پێغەمبەر و کەسایەتی پێغەمبەر. لە مەدینەدا دۆنادۆنێکی ڕۆحی لەو کەسایەتییە لەگەڵ کارەکتەرەکانی دروست ببوو. مەحوی عاریفناس تەواو دەرکی بەو دۆنادۆنە ڕۆحی و مەعنەوییە کردبوو، بۆیە دەڵێت:

**بە سەریانا، بە سەر باقیی صەحابە و ئال و یارانا**
**ببارێنێ خودا هەر ئان و وەقت و ساعە (رضوانە)**
**بە نوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون**
**غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە**

(دیوانی مەحوی، ل٤٤٠)

ئەو ئینعکاسیەتەی د.عادل باخەوان لە کتێبی (کۆمەڵگەی ڕەش) باسی لێوە دەکات وەک دەق هەردەم لە دەقی قورئاندا ئامادەگی هەیە.

**پێکهاتەکانی گوتاری قورئانی**

ئامادەگی مرۆڤ دوور لە باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا پانتاییەکی مەزن لە دەقی قورئان داگیردەکات، ئەو هەبوون و ئامادەبوونەی مرۆڤ، دەیکاتە خاڵی دەسپێک و کۆتایی دەقی قورئان. د.عوسمان هەڵەبجەیی لە یەکێک لە وتارەکانی ڕۆژی هەینی ساڵی -٢٠١٥ ئاماژە بەوە دەکات کە قورئان بە «الحمدالله رب العالمین» دەستپێدەکات و بە «الناس» کۆتایی دێت.

کێشەی ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕدا لە سورەتی (الکهف)دا یەکلابۆتەوە: مرۆڤ ئازادە کافربوون و شیوعیەت... هەڵبژێرێت هەروەها زۆریشی لێناکرێت مسوڵمان ببێت، بەڵام بۆی نییە لە وڵاتی مسوڵمانشین ئازادی و شوناسی تاکی مسوڵمان بشێوێنی وەک(سەلمان ڕوشدی) و (تەسلیمە نەسرین) و(ئەبوزێد) و (مەریوان هەڵەبجەیی) کردیان، ئەو هێڵە سوورە لە ئیسلام پێی دەڵێن: « ئەمنی دینی و کەسیی...» لە ئەورووپاش « ئەمنی وڵات»، لە ڕۆژهەڵاتیش «ئەمنی قەومی».

ئەو سنوورپارێزییە، مرۆڤبوون دروست دەکات، شارستانی ٢٠١٥ لە ئێوارەی ڕەمەزانی ئەو ساڵ وتی:» هاتنە ناو ئیسلام وەک بوونە شوفێر وایە، کەس زۆری لێنەکردووی ببیە شوفێر، بەڵام کە بوویە شوفێر دەبێ پەیوەست بی بە یاساکانی هاتوچۆ، بەرانبەر هەر پێشێلکردنێک کارەساتێکی مرۆیی (کە جۆرێکە لە ستەم) دژ بە خۆت و مرۆڤی تر هەیە، کەواتە سزا هەیە».

زۆر وشە لە قورئان هەن، گوزارشت لە مرۆڤ دەکەن، دوور لە باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا، لە کۆی ئەو شانە تەنها پێنج وشە بە فۆرمی جودا وەردەگرین، وشەکانیش بریتین لە:

١.الانسان. ٢.الناس. ٣.بنی ادم. ٤.البشر.
٥.عەبد. ٦. النفس- نفس

بەرانبەر ئەو شەش وشەیە چەندەها تێکستی قورئان و کۆنتێکستی زمانەوانی و جیۆگرافی هەن، نەک ڕاڤە و تەئویلی ڕاڤەکاران..

**یەکەم/ الانسان – ئینسان:**

(الانسان) زاراوەیەکە لە (الانس)وە وەرگیراوە، ئەویش لە (نسیان-لەبیرکردن)، لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا ئینسان، مرۆڤ، ئادەمیزاد، مەردووم دانراوە(بڕوانە: قامووسی ئەلمونجیدی کوردی،

ل٩٣، قامووسی سپیرێز -٤٠٧، تەفسیری ئاسان، ل٢٩١). ئەم زاراوەیە هەڵگری چەند مانایەکە لە قورئان لەوانە خودی مرۆڤ وەک لە ئایەتی « لیس للانسان الا ماسعی...»، دیوەکەی تر مرۆڤی پڕ گومانە و کە هەردەم گومان و پرسیاری هەیە. ئەو پرسیار و گومانانە بارگاوی نین بە هیچ ئەرگومێنتێک، بەڵکو دەرهاوێشتەی ئەندێشە و کەڵکەڵەی ڕەوشی دەوروبەری مرۆڤن، ئەو جۆرە مرۆڤە مرۆڤێکە هەردەم مەیلی بەرەو کافربوون دەچێت.

لە ئایەتی (٨٨ و ١٠٠ی سورەتی الاسرا) ئاماژە بەو الانسانە بە (الانس) و(الانسان) کراوە، وەک (لئن اجتمعت الانس و الجن) ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و پەرییەکان کۆببنەوە-(ئایەتی ٨٨) (کان الانسان قتورا)-ئادەمیزاد دەست نوقاو و ڕەزیلە... (ئایەتی ١٠٠).

کەواتە وشەی (الانسان) گوزارشت لە هەردوو جۆری ئینسان، مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی پڕ گومان دەکات:

- **وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ ٢٦ الحجر**
- **خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُبِينٌ ٤ النحل، هەروەها ٦٧مريم، ١٢ المؤمنون...**
- **وَكَانَ الْإِنْسَانُ عَجُولًا ١١ الإسراء**
- **وَكَانَ الْإِنْسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا ٥٤ الكهف**
- **وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ٧٢ الأحزاب**

## کۆنتێکستی وشەکە لە قورئان

لەو هەموو تێکستە قورئانیەدا، کۆنتێکستی زمانەوانی و نا-زمانەوانی ئامادەگیان هەیە بۆئەوەی ئینسانی باوەڕدار و بێباوەڕ خۆیان لە قیامەت ببینەوە، بەڵام ئەوەی قورئان جەختی لە سەر دەکاتەوە هەردوو جۆرەکەی ئینسانە لە یەک دەقدا. لە پرۆسەی بەکرداریکردنی قورئاندا (١ ـ ١١ک) هیچ مرۆڤێکی ئاسایی لە سەر باوەڕەکەی بڕیاری تیرۆر و ئازاردانی نەدراوە.

لەلایەکی دی خوێندنەوەی خودایە بۆ هەردوو جۆری ئینسانەکە لە یەک دەقی ئیلاهیدا، تاکەکانی کۆمەڵگا هەردوو جۆری ئینسان لەخۆدەگرێت و حزووریان هەیە: یەکەم، ئینسان ستەمکار و نەزان (الاحزاب)، دووەم، ئینسانێک لە داواکردنی نزای خێر و خۆشی ماندو نابێت (فصلت).

## دووەم/ وشەی الناس

لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان لە بەرانبەر وشەی الناس وشەی (خەڵک، مەردووم، ڕەعیەت) داناوە. وشەی الناس وشەیەکی ترە لەو وشانەی دەشێت بارگاوی بکرێن یان نەکرێن بە (ئایدیۆلۆژیا) و (باوەڕ). وشەی الناس هێندە گرنگە دوا سورەتی قورئانی پێ قوفڵ دەکرێت.

وشەی الناس لە قورئاندا

قورئان وەک دەقێکی ئیلاهی جەخت لە سەر وشەیەکی دی دەکات، ئەویش (الناس)ی دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا و باوەڕە، کە نە لە شارستانی ئەوروپی و نە لە پەیڕەو و پرۆگرامی تەوژمی توندڕەوی ئەو مرۆیە نادۆزیەوە. ونبوونی شوناسی مرۆبوون و جیاوازبوون لە خودی مرۆڤەکاندایە بە تایبەتی ئەو مرۆڤانەی ئایدیۆلۆژیا ئاراستەیان دەکات. خودا لەم هاوکێشەیە دوورە، چونکە نە منەتی بە مسوڵمانبوونی مرۆڤەکان هەیە وە نە بە کافربوونی ئەوی تر، هەر لەم بارەیەوە وشەی الناس بەپێی زۆربەی ئایەتەکانی سورەتی الحج نا-مسوڵمان و مسوڵمان دەگرێتەوە. ئەوەتە لە ئایەتی ٥ی الحج خوا دەربارەی خەڵکانێک دەفەرموێت:» ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە دەربارەی زیندووبوونەوە...» هەروەها ئایەتی ٨ی هەمان سورەت: « لەناو خەڵکدا کەسانێک هەیە بەبێ هیچ بەڵگە و شارەزاییەک لە زاتی خودا موجادەلە-کێشمە کێش دەکەن... ئەو کەسە حەق (پەیامی

خودا) وەرناگرێت...»

لە ئایەتی ١٨ی سورەتی الحج خودا دەفەرموێ لەنێو دروستکراوەکانی خوادا کەسانێکی زۆر هەن سوجدە بۆ خودا دەبەن...»

خودا لە ئایەتی ١٧ی سورەتی الحج باس لە هەبوونی کۆمەڵێک لە دیندارەکان لەنێو ئاینە جیاوازەکان دەکات. لە دوو ئایەتی سورەتی الکهف دا ئەو مرۆڤانە و هی تری ئازادکردووە ئیمان بە خودا دەهێنن یا نا؟ هەروەها لەو پرۆسەیەشدا لە دنیا هیچ فشارێکیان لێناکرێت، چونکە دینداریی بە زەبر ناکرێت.

جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی خودای ڕاست دەپەرستن یا ئەوانەی بڕیار لە سەر شەریک بۆ خودا دەدەن، ئەو هاوێرکردنە ڕەبانییە لە (ڕۆژی قیامەت) دەبێت، نەک لە (دنیا) بە تۆبزی! خودا لەو ئایەتەی سورەتی الحج دا زۆر بە زەلاڵی و ڕاشکاوی دەفەرموێت ئەو دوانە لە قیامەت لەیەک جیادەکەمەوە نەک دنیا :» لەنێو بەرەی ئادەمیزاددا کەسانێک لە ئاینەکانی ئیسلام و جولەکایەتی و ئەستێرەپەرست و فریشتەپەرست و گاور و ئاگرپەرست و گوێڕایەڵی ماجیەکانی زەردەشتی و هاوبەشپەیدارەکان هەن بەناو سوجدە بۆ خودا دەبەن، خودا لە ڕۆژی زیندووبوونەوە لە یەکتریان جیادەکاتەوە».

(الناس)یش وەک الانسان هەڵگری هەردوو ئەدگاری ئیمانداربوون و بێباوەڕییە، الناس تەواو وەک ئینسان نییە، بەڵکو زیاتر بەرەو لای بێباوەڕییە وەک لەم دەقە جیاوازانەی قورئاندا دەردەکەوێت:

- **إِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ ١٣ البقرة.**
- **يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ ٢١ البقرة.**
- **أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ ٤٤ البقرة.**
- **وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ ١٦٤ البقرة.**
- **وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ ٢١٣ البقرة.**

هەروەها تەنها لە سورەتی (الناس) پێنج جار وشەی الناس هێناوە، خودا لەم سورەتەدا پەروەردگاری، پاشای، خوداوەندی خەڵکە.

### سێیەم/ وشەی بەنی ئادەم لە قورئاندا

وشەی بەنی ئادەم یا نەوەی ئادەم یا ئادەمیزاد، لەم وشەیشدا باوەڕدار و بێباوەڕ ئامادەگیان لە دەقدا (دەقی قورئان) هەیە، لەوانە:

- **يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا ٣١ الأعراف.**
- **وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ ٧٠ الإسراء.**

**و لقد كرمنا بني ادم**

### جیاوازی وشەی الناس و بەنی ئادەم

وشەی (الناس –خەڵک) بیست جار لە قورئاندا هاتووە، کەچی وشەی (بنی ادم – ئادەمیزاد) بەو فۆرم و واتایە زۆر کەمتر هاتووە. دیاردەی ڤۆکەتیڤ – بانگکردن لە بەردەم هەردوو وشەکە جودایە، هەردوو وشەکە لە کوردیدا بەواتای (هەموو) و (بەشێک لە هەموو) پۆلین دەکرێن. هەموو لە ئادەمدا وەپاشکەوتووین، خەڵکیش کەسانێکن باوەڕدار و بێباوەڕ بە پەیامی قورئان، واتە بەشێکن لە ئادەمیزاد.

وشەی بەنی ئادەم و وشەکانی دوای وشەکە پەیوەندییەکی بایۆلۆژی دەخەنە ڕوو، گوتاری قورئان ئاوایە کە بەنی ئادەم دەربارەی دروستکردن و چیرۆکی ئادەم و حەوا بزانن، هەروەها پەند لە هەڵەی باوک(ئادەم) و دایکیان(حەوا) وەرگرن بە شەیتان دەسخەڕۆ نەبن. کۆنتێکستی هەردوو وشەکە جیاوازی زیاتر پیشان دەدات، خودا چۆن ڕێزی لە ئادەم ناوە هەر بەوشێوەیەش ڕێزی لە بەنی ئادەم ناوە، بەڵام ئەفسووس ئەو ئادەمیزادە بۆتە (خەڵک) جیا نە(ڕێز لە خودا دەگرن) نە(لە یەکتر).

### چوارەم/ وشەی بەشەر

وشەی بەشەر وشەیەکی ترە، کە لە قورئاندا دەربارەی مرۆڤ هاتووە. ئەم وشەیەش لە قورئان پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە، کە لە کۆنتێکستی وشەکە ورد دەبینەوە، وشەکە سینۆنیمی تەواوی (هاوواتای ڕەها)ی هەرسێ وشەکەی پێشوو نییە، بەڵکو تاڕادەیەک لێیان جیاوازە، بەڵام ئەو جیاوازییە وشەکە لە مرۆڤبوون جیای ناکاتەوە، لە قورئاندا وشەکە لەم چەند ئایەتەدا هاتووە:

- **قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ٤٧ آل عمران.**
- **قَالُوا إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا تُرِيدُونَ أَنْ تَصُدُّونَا ١٠ ابراهيم.**
- **قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِنْ نَحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ ١١ ابراهيم.**
- **قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ ١١٠ الكهف**

### جیاوازی نێوان (الانسان) و (البشر)

لە هەندێ ئایەتدا ئینسان کائینێکی زەمکراوە – گلەیی ڕەبانی لێدەکرێت بەوەی کافر دەبێ بە گوتاری خودا، هەروەها خەسارەتمەند و پەلەکارە. لەلایەکی ترەوە وشەی بەشەر لە (بشر: مژدە بدە) هاتووە. هەردوو وشەکە قسە لە سەر مرۆڤبوون دەکەن، ئینسان ڕووە نێگەتیڤیەکەیە و بەشەر ڕووە پۆزەتیڤەکەیە. لەلایەکی دی وشەی بەشەر بە زۆری (نەک هەردەم) وشەیەک بووە لە زاکیرەی بێباوەڕ کە لە خودی مرۆڤ گەورەتر بووە، نەک تەنیا ئادەمییەکی وەک ئەوان بێت. وەڵامی پێغەمبەرەکان بۆ بێباوەڕەکان ئەوە بووە (منیش وەک ئێوە بەشەرم ئەوەی جیامدەکاتەوە من هەڵگری پەیامی خودام).

### پێنجەم/ وشەی عەبد لە قورئان

وشەی عەبد وشەیەکی ترە کە لە خولگەی (مرۆڤبوون)دا دەخولێتەوە، ئەم وشەیە لای خەڵک بە کەمی و نزمبوون دێت، بەڵام لای زاتی خودا وشەیەکی زۆر گەورەیە هەندێک جار لە ڕووی زانیاری خودایی لە زانیاری پێغەمبەری زیاترە.

**ئامادەگی مرۆڤ دوور لە باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا پانتاییەکی مەزن لە دەقی قورئان داگیردەکات.**

وشەی عەبد – بەندە لە کۆمەڵگادا نزمبوون و هەم خۆ نزمکردنە وەک لە کوردی دەڵێن: (ئەز بەنی، بەندا تەمە)، کەچی لە قورئاندا پلەیەکە هەموو کەس لە عیبادات و زانیاری خودایی پێی ناگات. بۆ نمونە موسا پێغەمبەر لە پێغەمبەرە ئولول عەزمەکانە، بەڵام لە زانیاری خودایی ناگاتە عەبدەکەی ناو سورەتی کەهف کە لە ئەدەبی کوردیدا بە خدری زیندە ناو دەبرێت، هەروەها عەبدی تر کەراماتیان هەیە، بەڵام ناگەن بە پلەی پێغەمبەرایەتی!

عەبد بە تاک دوو واتای دژبەیەک لەخۆدەگرێت: عەبدی خاوەن ئازادی، ئەویتر عەبدی بێ ئازادی و مەملوک.

### کۆنتێکستی وشەکە لە قورئاندا

واتای وشەکە لە کۆنتێکستە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، ئەو واتا جیاوازانە تەواو لە هەردوو سورەتی یوسف و کەهف بەدەردەکەوێت. یوسف دەکرێتە بەندەی زولەیخا و پیاوەکەی، هەرچی خدری زیندەی سورەتی کەهفە زانیاری لە موسا زیاترە، کەواتە دوو جۆر عەبد هەیە عەبدی خودا و عەبدی مرۆڤ:

أ. عەبدی ئیلاهی، –بەندە – بەرزتر لە پێغەمبەرایەتی لە ڕووی مەعریفەوە وەک نمونەی خدری زیندە و موسا پێغەمبەر لە سورەتی (کەهف)دا.

## ونبوونی شوناسی مرۆبوون و جیاوازبوون لە خودی مرۆڤەکاندایە.

ب. عەبد-کۆیلەی مرۆڤ، لێرەدا ئەوەی (عەبد – کۆیلە) لە کۆمەڵگا دروست دەکات، خودی مرۆڤە، ئەو مرۆڤە: مرۆڤەکەی تر بە کۆیلە دەکات و هێندە بچووکی دەکاتەوە لە کۆمەڵگا هیچ ئازادییەکی نییە. ئەو کۆیلەبوونە چۆن لە کۆندا هەبوو، ئەمرۆش بە فۆرمێکی تر هەیە، ئەوەتە لە فیلمی ڕووت و نیمچە ڕووت: ژن دەکاتە ئامێرێکی چێژ، پاوانی کۆمەڵە پیاوێکە!

واتای دووەمی عەبد، واتای خوداییە، خودا ئەو بەندەیە ئەوەندە بەرز دەکاتەوە دەیگەیەنێتە ئاستی پێغەمبەران!!

لەو هاوکێشەیەدا مرۆڤ مافی مرۆڤ بوون لە مرۆڤەکەی بەرانبەری دەستێنێتەوە و دەیکاتە کۆیلە، کەچی خودا لە مرۆڤبوونی ئاسایی بەرزی دەکاتەوە و دەیکاتە عاریف.

### شەشەم/ وشەی النفس لە قورئان

دوا وشە کە ڕەگێکی یا واتایەکی پەیوەندی بە مرۆڤبوونەوە هەبێت (نەفس)ە، نەفسیش یەکێکە لەو وشانەی کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێت. واتای وشەکە (کەس)ە کە دوور لە ئایدیۆلۆژیایە بەتایبەتی لە ئایەتی ١٢٣ی سورەتی(البقرە)یە: «خۆتان بپارێزن لە ڕۆژێک کە کەس لەبری کەس تۆڵە و پاداشت نادرێتەوە «(بامۆکی، ل ١٩). لە دوا ئایەتی سورەتی بەقەرە کە وشەی نەفسی تیابێت ئایەتی(٢٨١)ە: بترسن لە ڕۆژێک بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە پاشان تۆڵە و سزا بە هەر کەسێک دەدرێتەوە کە کردوویەتی بەبێ ستەم لێکردن».

نەفس – کەس لای خودا زۆر گرنگە، ئەوەتە خودا لە ئایەتی ٣٢ی مائیدە (کەس) و (خەڵک) لە ئایەتێکدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کوشتنی تەنیا کەسێک بە ناهەق ئەوە وەک ئەوە وایە هەموو (خەڵک)ی کوشتبێت، ئەوەش بێتاوانێک ڕزگار بکات، وەک ئەوە وایە هەموو خەڵکی ڕزگار کردبێت.

**بۆ پاڵپشتی قسەکانم، کۆمەڵێک ئایەت دەهێنمەوە:**

- **لا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا ٢٣٣ البقرة.**
- **وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ٢٥ آل عمران.**
- **يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ١ النساء.**
- **مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ٣٢ المائدة.**
- **أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا ٣٢ المائدة.**

جگە لەو شەش وشەیە، ناوی تر و ڕاناو و ئاماژەی تر هەن کە تەواو گوزارشت لە مرۆڤبوون دەکەن لە قورئان.

برای (الناس و ئینسان و بەشەر و....) با هەموو لەژێر یەک چەتری ئینسانی و مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی کۆببینەوە، کوردستان بە دەقی قورئان و هەردوو (وینیگرام) نوسەرانی (کردستان مهد البشریە) لانکەی مرۆڤایەتی دووەمە، مسوڵمان و زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی... لییە، بۆ نمونە لە هەولێر جوو، کاکەیی، مەسیحی هەبوونە کەی باپیرانمان لە گوڵ خراپتریان پێگوتوون؟؟، لە سلێمانی (کەریمی عەلەکە) لە ساڵی برسێتیدا دەرگای ماڵی بۆ مسوڵمانەکان کردەوە، کوردیش بێوەفا نەبوو لە زەمەنی حوکمڕانی شێخدا کردیە وەزیری دارایی حکومەتەکەی، دەرگا گەورەکەی مزگەوتی بن تەبەقی سلێمانی دوکانی ئەرمەنیەک بوو.

باوەڕتان هەبێت ئەوەی لە کوردستاندا هەبوو، لە ئەوروپا و ئەمریکا نییە، بۆ نمونە مسوڵمانی چیچان و بۆسنە... لەبەر چاوی کامیرای مرۆڤدۆستەکانی ئەوروپا وەک مانگا دەکوژرانەوە، ناموسیان هەراج دەکرا، دیموکراسیەت لە کوێ بوو؟؟ دوای ١١ی سێپتێمبەر، بۆش پڕ بە گەرووی هاواری نەکرد ئەوەی لەگەڵمان نەبێت، دژمانە!!، دیموکراسیەت لە کوێ نووستووە؟؟ دوای کارەساتی پاریس، سەرۆکی فەرەنسا هاواری نەکرد کە چیتر(بە ڕەحم) نابن، ئایا کاتێک باپیرانیان ملیۆنێک مرۆڤیان لە جەزائیر کوشت بە ڕەحم بوون؟؟! وەک چۆمسکی دەڵێم: دەبوو مرۆڤی ئەوروپا و ئەمریکا هێندە مەڕ نەبوونایە، تەنیا جارێک لە دەسەڵاتدارانیان بپرسیایە: ئەفغانستان و پاکستان و سوریا و عیراق...چ پەیوەندیان بەوانەوە وەیە؟؟

دیکتاتۆری واتان لەو وڵاتانە چاندووە بە زەبری کوتەک نەبێت واز لە مرۆڤەکان ناهێنن، چۆمسکی لە کتێبی(٥٠١ و الغزو مستمر، ل٦٨) ڕاستی دەکرد ئەوە جۆرج بۆش بوو، نەیهێشت سەدامی کۆنە برادەری بڕوخێت، هەربۆیە هاوکاری کرد تا ڕاپەرینی شیعە و کوردی دەمکوتکرد، عاصفە الصحرا، چ عاصفەیەک؟ عاصفە هەموو شتێکی ڕامالّی بەس دیکتاتۆری عیراق نەبێت!

# چەند ڕێنماییەك بۆ نوسەرانی (خاڵ)

نوسەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە لە ناردنی بابەتەکانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن:

١- نوسینەکانتان بە یونیکورد(Unikurd) و بە سایزی(١٤) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان، یاخود فۆنتی کوردی (Ali k sahifa bold)ی سایزی(١٤) و عەرەبییەکەشی (Ali A sahifa bold) سایزی(١٢) بێت.

٢- تکایە زۆر بە جوانی هەڵەچنی زمانەوانی و خاڵبەندی بکەن، بۆئەوەی هیچ گرێ و گۆڵ و ناڕوونییەک لە بابەتەکانتاندا نەمێنێت کاتێک دەینێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

٣- لەگەڵ ناردنی بابەتەکانتاندا وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلی خۆتانی لەگەڵدا بنێرن.

٤- نوسینەکانتان بەر لە تەواوبوونی وادەی دیاریکراوی خۆی بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن.

٥- بابەتەکان با زانستی و چڕوپڕ بن، هەروەها پابەندیش بن بەو ژمارە وشەیەی کە گۆڤارەکە بۆ هەر بابەتێک دیاری کردووە.

٦- ناونیشانەکان گوزارشت بن لە ناوەڕۆک و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

٧- پێش فاریزە(،) سپەیس نیە، بەڵکو سپەیس دوای فاریزە(،) دادەنرێت.

٨- پێش خاڵ(.) سپەیس دانانرێت.

٩- پێش وشەکانی (بەڵکو، بەڵام، هەروەها، چونکە، لەبەرئەوەی) فاریزە(،) دادەنرێت.

١٠- لە بنەڕەتدا فاریزە(،) لەبری (و)ی ئامرازی پەیوەندی دادەنرێت، ئەو فاریزەیە بۆ وچانی کورتە کە فاریزە دانرا ئیتر پێویست بە (و)ی ئامرازی پەیوەندی ناکات دابنرێت لە پێش یان پاشی فاریزەکە.

١١- (و)ی ئامرازی پەیوەندی با (و)ە ئەسڵییەکەی سەر کیبۆردەکە بێت و لە پێش و لە پاشیشییەوە سپەیس هەبێت.

# با جیاوازی زاراوەکان لێکمان نەترازێنن



تۆفیق کەریم

مرۆڤەکان زۆرجار لە ناوەڕۆکی بابەتێکدا لێکنزیک و هاوڕان، بەڵام لە ڕواڵەتدا ناکۆک و جیاواز دەردەکەون، بە ئەندازەیەک ئەو جیاوازییە ڕواڵەتییە هێندە لەسەری سەختگیرن، دەیان بەڵگە و دەستپێچ دەدۆزنەوە تا بیروڕاکەی خۆیانی پێ بسەلمێنن و مشتومڕی توندی لەسەر دەکەن، جاری واش هەیە تانەدان و تۆمەتبارکردنی ڕاو نیەتی بەرامبەر و زیاد لەوانەش بەرپا دەبن، کەچی ئەگەر لە کەشێکی ئارامدا بە شێنەیی گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە بکرێت، دەبینین هەردوو بۆچوونەکە لە بنەڕەتدا، تەواو لێکنزیکن.

کاتێک زانایان (قیاس)یان بە سەرچاوەی چوارەمی فیقهی دیاریکرد بۆ بەڵگەهێنانەوە لە دوای قورئان و سوننەت و ئیجماع، زانای بەناوبانگ، ئیبن حەزمی ئەندەلووسی، بەتوندی ئەو سەرچاوەیەی ڕەتکردەوە، قسەی زبری بەرامبەر بەکارهێنەرانی دەوت، کەچی وەک زانایان دەڵێن، خۆی لە کتێبی (المحلی)دا، زۆرجار (قیاس) دەکات بە بەڵگە بۆ ئیجتیهادەکانی، بەبێ ناوبردنی.

لە سەدەی بیستەمیشدا، سەعید نورسی پەنای بەخوا دەگرت لە شەیتان و لە سیاسەت، کەچی هەموو لایەک بانگەوازەکەیان بە پرۆسەیەکی سیاسی دادەنا، تەنانەت دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دەیان جار بە زیندانی و ئەشکەنجە و نەفیکردن و چاودێریی و نیشتەجێکردنی ناچاریی سزای دەدا، کە مردیش گۆڕەکەیان بزر کرد، لەمڕۆشدا هەرچەند فەتحوڵلا گولەنی جێنشینی، بانگەوازەکەی بە ڕواڵەت تەواو دوورەپەرێزە لە سیاسەت، کەچی حکومەتی دادوگەشەی تورکیا، بە مەترسیدارترین ڕکابەر لێی دەڕوانێت.

ئەگەر زۆر لە بابەتەکە دوورنەکەوینەوە، ئەو بانگەشەیەی ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامی و کوردستانیش بووەتە جێگەی باس و خواس و دوای نزیکەی سەدەیەک لە کاری ئیسلامی، کۆمەڵێک لە بیرمەند و سەرکردە و ئەزموونداری کاری ئیسلامی پێی گەیشتوون، بریتییە لەوەی: پرۆسەی سیاسیی پرۆسەیەکی ڕۆژانەی گۆڕاوی ئاڵۆزی پڕ لە هەوراز و نشێوە و گەڕانە بە دوای حوکمڕانییەکی گونجاودا، ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و میکانیزمی کارکردن بۆی جگە لە بنەما بنەڕەتییەکانی، جیاوازە لە پرۆسەی کاری بانگەوازی ئیسلامی و کاریی پیشەیی و بواری زانستی و..... نەک دژیانە، یان پێچەوانەیانە، چونکە هەریەک لەوانە خاوەنی تایبەتمەندیی و میکانیزمی خۆیەتی.

کەواتە با لە بانگەواز و سیاسەتدا بابەتەکە قەتیس نەکەین تا لەگەڵ یەکدیدا بگەینە بنبەست، با سەرنجی واقیعی ئەمڕۆی ساحەکە بدەین لە کوردستاندا، دەبینین دەیان و سەدان ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەندیکا و ناوەندی مەدەنی هەریەکەیان لە بوارێکدا کار دەکات، بواری ژینگەیی، گەشەپێدان، مرۆڤدۆستیی، زانستیی، ئایینیی..

ڕەنگە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە مەدەنییانە، زۆریان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەیاندا خەریکی سیاسەت بێت، یان ئامانجی هەریەکێک لەو ڕێکخراوانە نزیک بێت لە ئامانجی لایەنێکی سیاسیی، بەڵام گرنگە خودی ڕێکخراوەکە، ڕێز لە پیشە و تایبەتمەندێتی خۆی بگرێت، دانەشکێتەوە بەلای سیاسەت و حزبێکی سیاسییدا.

کاری بانگەوازیش بەهەمانشێوە کارێکی مەدەنیی و ئەرکێکی شەرعییە، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕەنگە لە ئامانجدا لەگەڵ حزبێکی سیاسییدا لێکنزیک بن، بەڵام نابێت ببێت بە بەشێک یان پاشکۆ بۆ حاڵەتێک، یان حزبێکی سیاسیی.

ئەم بانگەشە نوێیە، بە ستایلێ جیاواز لە کۆنیشدا هەر هەبووە، کارەکانی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، تەریقەتە جیاوازەکان لە سەردەمی خۆیاندا، لەم حاڵەتەوە نزیکبوون.

ئەگەر بەم شێوازە بێت، ڕەنگە زۆربەمان لە ناوەڕۆکدا هاوبیرو هاوڕابین، بۆیە با جیاوازیی ڕواڵەتیی نەکەینە هۆی بەرپاکردنی مشتومڕ و پەرتەوازەیی، دەشکرێت لە دەستەواژە و زاراوەکاندا گونجاوترینیان بەکاربهێنین بڵێین جیاکردنەوەی سیاسەت لە کاری مەدەنی.